حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

ژمارە(١٠)   گەلاوێژ ٢٧٢٤ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

# JKSS

## Journal of Kurdistani for Strategic Studies

No. 10   October 2024

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیییجیی (JKSS)

# (گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

Journal of Kurdistani Strategic for Strategic Studies

(Social Science Journal)

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی (JKSS)

(گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

ژمارە: ١٠ تشرینی یەکەم ساڵی: ٢٠٢٤



**سەرنووسەر**

**پرۆفیسۆر شوان کەمال رەشید**

**سکرتێری نووسین**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر رزگار ئاغا**

| دەستەی نووسەران | دەستگای کارکردن | دەستەی راوێژکاریی | دەستگای کارکردن |
| --- | --- | --- | --- |
| پ ئومێد رفیق فتاح | زانکۆی جیهان | پ شیروان عمر رشید | زانکۆی سلێمانی |
| پ عزالدین جمعة دەروێش | زانکۆی گەرمیان | پ طه صالح امین | زانکۆی سلێمانی |
| پ عمر ابراهیم عزیز | زانکۆی سەلاحەدین | پ ئازاد حەمە عبداللە | زانکۆی سلێمانی |
| پ ماهر عبدالواحد عزیز | زانکۆی سەلاحەدین | پ ی د پاڤێ جمیل احمد | زانکۆی سلێمانی |
| پ رزگار عبداللە جاف | زانکۆی سەلاحەدین | پ ی د علي سعد طه | زانکۆی موستەنسریة |
| پ هیوا عزیز سعید | زانکۆی سلێمانی | پ ی د هیوا کریم حسین | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د هێمن عبداللە محمد | زانکۆی هەڵەبجە | پ ی د حسین شفیق شوانیی | زانکۆی سەلاحەدین |
| پ ی د سازان ظاهر سعید | زانکۆی سلێمانی | پ ی د محمد شوانیی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د ماردین محسوم فرج | زانکۆی سلێمانی | پ ی د عەدنان سەجادیی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د موفق خالد ابراهیم | زانکۆی راپەڕین | پ ی د ئاراس اسماعیل خضر | زانکۆی سەلاحەدین |
| پ ی م محمد کریم بابۆڵیی | زانکۆی سلێمانیی | پ ی د سەروەر محمد عبداللە | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی م بەرهەم ستار عبدالرحمن | زانکۆی سلێمانی | پ ی د کارزان محمد احمد | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانیی |
| پ ی د بەهات عبدالرزاق سعد | زانکۆی کۆیە | م د بێستوون سابووراوایی | ئەکادیمیی و شارەزای ئابووریی |

دەستەی بەڕێوەبردن لە دەستەی کوردستانیی

م ی شۆخان عبداللە — م ی تریفە محمد احمد

تەحسین توفیق — هەڵکەوت حمید



ناونیشان: دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی - سلێمانی - قرگە - شەقامی گوڵان - نزیک نەخۆشخانەی شۆڕش

ئیمەیل: journals@kissr.edu.iq

وێبسایت: https://kissr.edu.iq/english/academic-journals/

**لەم ژمارەیەدا:**

- وتەی ئەم ژمارەیە................ پ ی د رزگار ئاغا سکرتێری نووسین........................................................(١١)
١ - ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا
م.ی. جزا احمد فارس .................................................................................................... (١٣)
٢- سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لە سایەی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی دا
پ. ی. م. کاروان أورحمان إسماعیل بابان ............................................................................... (٣١)
٣- هەل و مەرجی رەهەندە مێژووییەکان لە تایبەتمەندکردنی رەگەزە شارستانێتییەکاندا
م.ی.علی عبدلرحمن خدر - پ ی م مەهدی عثمان حسین ...................................................... .......................... (٥٣)
٤–¬ناوچەی کفری و کەلار لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی دا (١٨٧٠- ١٩١٤ز)
م. ی. سەباح عەلی سلێمان ............................................................................................. (٧٩)
٥- هەلۆیستێ نێڤدەولەتی و هەرێمی ژ جینۆسایدا رواندا یا ساڵا ١٩٩٤
د.کاروان صالح وەیسی* ................................................................................................. (١٠٩)
٦- چەمکە میتافۆرییەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی دا
م.ی. سەروەر سەعدوڵلا سالەح ..................................................................................(١٤٧)
٧- نەرمەگوتار و کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر (هەڵبژاردنی پارێزگاکان- کەرکووک) بە نموونە
م.ی بەهادین محەمەد عەبدولرەحمان - پ.دڵشاد عەلی محەمەد ............................................................... (١٦٧)
٨- هاوسەرگیریی میسار؛ حوکمی شەرعیی و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی «هەرێمی کوردستان بە نموونە»
م.ی. عدنان أحمد فتاح - م.د.سعدون حسین أحمد ....................................................................
(١٩٣)

9-A Hybrid Fuzzy-Markov Chain Model with Weights and its Application in Prediction Fertility Rate in Iraq.
Assist. Prof. Dr.Mohammad Mahmood Faqe Husein .............................................................(221)
10- The Relationship between Sleep Quality, Body Composition, Physical Activity and Depression among Female College Students.
Shokhan Omar Abdulrahman .........................................................................................(239)

وتەی ژمارە

# ئازادیی خودیی و ئازادیی بابەتیی لە توێژینەوەدا

جاری تریش هەبووە لێرە یان لە هەر نووسینێکی ترمدا، ئاماژەم بە ڕەهەندەکانی توێژینە داوە؛ لەو سونگەی پرسیارەوە بۆچیی توێژینەوە زانستییەکان ئامانجی خۆیان ناگەیەنن، یان لە سۆنگەی خستەڕووی بنەما و خواست و مەرجی توێژینەوە زانستییەکان. بۆیە، لێرەدا نامەوێ هەمان ئەو چەمک و ڕەخنانە دووبارە بنووسمەوە.

ئەوەی ئەمەوێ تیشک بخەمە سەر دوو زاراوەی گرنگن کە بۆ زۆر ڕەهەندی تری زانست و بوارەکان ئەشێن ئەویش: ئازادیی «خودیی» و ئازادیی «بابەتیی». ئەم دوو چەمکە، دوو پێکهێنەری بونیادە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسییەکانە لەگەڵ بونیادی ڕۆشنبیریی و زانستییەوە. کێشە لە تێکەڵبوون و نەناسینەوەی ئەم دوانەیە، کێشە لە نەپرسینەوەی ئەم تێکەڵبوونەوەیە، کێشە لە دەسەلاتهەبوونی لایەنێک بە بێ دەسەڵاتیی لایەنێکی ترە بەسەر ئەم دوو ڕەهەندەدا کە ئەگەنە دۆخی مەترسییدار و لە کایەکانی تریشدا ئەم تێکەڵبوونە هەڕەمەکییە یان مەبەستدارە ڕووئەدان.

بچیینە سەر تایبەتمەندیی ئەوم دوو چەمکە لە توێژینەوەی ئەکادیمییدا، کاتێک وەک ئەرکێکی سەپێنراوی ڕشتەی ئەکادیمیی داواکراوە لە هەموو ئەکادیمیاییەک کە توێژینەوە بەشێک بێت لە پلەبەرزکردنەوەی زانستیی، ئیتر کێشەی نەبوونی تایبەتمەندیی ئەم دوو چەمکە زۆر بە مەترسییدارانە هەموو پسپۆڕییەکان داگییر ئەکات.

١.نەبوونی ستراتیجێتیی نیشتمانیی بۆ شرۆڤەی ئەدای حوکومڕانیی و هەموو کەرتە ژیاریی و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان، پەرەپێدان و ئەجێندای نوێی ستراتیجیی داهاتوو لەگەڵ بەرنامە و پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵادا تەریب ئەڕۆن کە هییچ لەوانەی سەرەوە نەگرێتە سەرشانی لە ئاراستەکردنی ڕەهەندی توێژینەوەکان کە بۆ مەبست و ئامانجێکی دیاریکراو بەرهەمیان هەبێت. ڕەنگە بوترێت خوێندنە باڵاکانی ماستەر و دکتۆرا، پێش وەختە بابەتی تێزەکان شەن و کەو ئەکرێن و بڕیاریان لەسەر ئەدرێت و خوێندکاری وەرگیراو ملکەچێ ئەو بابەتانە ئەکرێ بۆ توێژینەوەکردن تیایاندا! بەڵام پرسیار ئەوەیە، کێ ئەم بابەتانە و بە دیاریکراوی کێ ئەو ناونیشانانە دیاری ئەکات و لەسەر کام بنەما و پێوەر؟! بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەیڵێم کە هییچ لەوانە لەڕێی وەزارەتێک یان کەرتێکی تایبەتەوە ئاراستەی هییج زانکۆ و کۆلیجێک نەکراوە کە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، هییچ لەوانە لە ڕێی سەنتەرەکانی توێژینەوەوە شەن و کەو نەکراون و وەرنەگیراون! بەڵکو، پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆرە یاریدەدەرەکانی ئەو پسپۆڕییانەی کە ئەو خوێندنە باڵایەی تیادا ئەکرێتەوە، بە ویست و حەزی کەسیی خۆیان «ئازادیی خودیی» خراوەتە بەردەمیان و بابەتیان پێشکەش کردووە و خوێندکاری وەرگیراو ناچاری ئیش تیا کردنیان بووە، واتە ئازادیی خودیی زۆر کەمتر بۆ خوێندکاری وەرگیراو بەردەست کراوە! دواجار ئەو توێژینەوانە بوون بە تێزە قەبەکانی ماستەر و دکتۆراو پاشان وەککتێب چاپکراون و کاریگەرییەکی کەمیان هەبووە و هەیە لەسەر ڕەوش و ڕەهەند و بوارە ستراتیجییەکان.

بەڵام، بەگوێرەی ئەکادیمیاییەکانەوە، تەواو لە بازنەی «ئازدیی خودیی» دا بیریان کردووەتەوە و توێژینەوەیان کردووە بەبێ هییچ سنوورێکی بابەتییانە. گەڕان بووە بە دوای بابەتێک کەمترین قسەی لەسەر کرابێت، ڕەنگە هەر پێویستیش نەبێت! چونکە داواکراو نییە، کەس مەحتەلی دەستی ئەو دەرئەنجامانە نییە، دەرئەنجامەکان هییچ توانایەکی کارگێڕیی و یاسایی و ئابووریی و حوکومڕانیی نییە، توێژینەوەکان هییچ دۆخ و قۆناغێک لەوی تر جیاناکاتەوە!

بۆیە، «ئازادیی خودیی» ئەو کاتە گرنگە کە بەشداریی کاریگەری هەبێت لەهەر ڕەهەندێکدا کە بەهەند وەربگیرێت، کە ئەو بەشدرییە بەحاڵ نووزەی لێوە دێت! چونکە سەنگی دەستگا ئەکادیمیاییەکان لە حوکومڕانییدا زۆر کەمە و لە ئاستی پرسە

گورگانەشدا نییە! چونکە ئەگەرچی لە دیباجەکانی یاسای خوێندنی باڵادا ئەم بەرپرسیارێتییەی دراوەتێ، بەڵام گەیاندنەکەی دەستنیشان نەکراوە، لێپرسینەوەکەی دەستنیشان نەکراوە، هەڵسەنگاندنەکەی دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو ئەمانە هەمووی لە ئازادیی خودیی دا ترنجێنراوە و هیچ لێپرسینەوەیک یان هەڵسەنگاندن یان پەرپێداانێک نییە و لە یەکەم کابینەی وەزاریی هەرێمی کوردستانەوە گۆڕانکاریی تیا نەکراوە، بەلکو لە سنووری سەپاندنی ئەرکەکاندایە بەبێ ئامانج

٢.ئەم جۆرە بەکارهێنانانە ڕێگەمان پێ ئەدات کە ئازادیی «خودیی» و «بابەتیی» جیابکەینەوە و، هەروەها «پێویستیی خودیی بە ئازادیی» و «پێویستیی بابەتیی بۆ ئازادیی» لە دوو سەنگی تەرازوودا هاوسەنگێکی ستراتیجیی بکرێن. ڕەنگە حاڵەتێک هەبێت کە ویست بۆ گەشەکردن شکستی پێ هێنرابێت یان ڕێگە نەدرا بێت سەرهەڵبدات لە کات و شوێنی خۆیدا (بۆ نموونە بە فشاری ‹بنەمای واقیع›ی سیاسیی کوردستان، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە، بە لای فرۆیدەوە، لەسەر حەز و خواستی مرۆڤ بۆ خۆشیی و بەختەوەریی)ە؛ نیازەکان، چجای ئەوەی بەڕاستیی بن یان تەنها خەیاڵ بن، کەم ئەبنەوە بە جۆرێک ئەترنجێنە ناو توانای بەجێهێنانیەوە، بەتایبەتیی توانای ڕەفتارکردنی ئەقڵانیی - لەگەڵ بەخت و هەلی سەرکەوتندا. لە لایەکی ترەوە، ئەشێت لە ڕێگەی دەستکاریکردنێکی زیرەکانەی ڕاستەوخۆی نیازەکانەوە – جۆرێک لە ‹مێشک شتنەوە-brainwashing- کە مرۆڤ هەرگیز نەتوانێت توانای ‹›ئازادیی بابەتیی›› بۆ کردارکردن تاقی بکاتەوە، نەک هەر بیشزانێت ئەم نیازانە لە ڕاستیدا چیین، بۆیە وا ئەکات کە ئاواتەکانی لە ژێر ئاستی لێکەوتەئەرێنییەکانی «ئازادیی بابەتیی›› ەوە بن. بۆیە مەترسییەکی گەورەی ئازادیی خودیی (یان ئازاکردنێکی بێ لێپرسینەوە، یان ئازادکردنێکی بێ گەورە) بریتییە لە مێشک شتنەوەیەکی بەردەوام (بە ئاگاوە بێت یان بە بێ ئاگایی) و دەرئەنجامی ئەم مێشک شتنەوەیە زەق و زۆپ دیارە لە هەموو چینەکان و خۆی ئەمە چەندین توێژینەوەی ڕاستگۆیانەی»بابەتیی» دەستگایی ئەوێت نەک ویست و حەزی خودیی.

٣. جیاوازی نێوان ئازادیی «خودیی» و ئازادیی «بابەتیی»، سندوقی پاندۆرایەکی-Pandora›s box-*بەهەموو ماناکانییەوە کردەوە، سندووقێکە بابەتگەلێکی وروژێنەری زۆر تیایدا ئەجمێ، کە لە بارەی «دیاردە بەرامبەر جەوهەر»ەوەیە - کە بابەتگەلێکی جیاوازن لەرووی دەلالەتی فەلسەفیی و گرنگیی سیاسیی گەورەوە، لالەی ئێمە بە مەترسیی زۆرەوە هاتوونەتە دەرەوە. مەترسییەکی تر ئەوەیە کە توێژینەوە لە دەستگاکانی کوردستان وەک خەڵەتێنەرێکی دێو ئاسایە؛ ئەوەیە توێژەر و ئەکادیمیاییەکە هەست ئەکات ئەوەی پێی ئەوترێت ئازادیی بێت لە ڕاستییدا ئازادیی نییە. واتە ئەم توێژەرانە کە بڕوانامەکە بەدەست ئەهێنن یان پلەی زانستیی بەرز ئەبێتەوە، بە چارەنووسی خۆیان ڕازیی ئەبن و هەرچەندە ئەگەر ئەو دەستکەوتەش دوور بێ لە پێوەرکانی ڕازیبوونی «بابەتیی» واتە ناوەرۆکێکی پووچەڵی هەیە بەڵام هەم خودی توێژەرەکە یان ئەکادیمیاییەکە بە شانازییەکەوە هەنگاو ئەنێت و لەمە کارەساتتر دەستگاکەشە کە هەمان کارەساتی لی قەوماوە؛ بۆیە ئەم «ئازادیی خودیی»یە ڕازیبوونە بەجۆرێک لە کۆیلایەتیی وەزیفیی و دەستگایی، وا هەست ئەکەن ئازادن بەڵام مەترسییەکی تریش ئەوەیە هیچ ئارەزوویەکیش نییە بۆ ئازادکردنی خۆیان، بەم شێوەیە واز لە دەرفەتی ئازادیی ڕاستەقینە ئەهێنن یان لەدەستی ئەدەن.

**ڕزگار ئاغا**
**سکرتێری نووسین**

------------------------

* سندوقی پاندۆرا، خوازەیە بۆ شتێک کە کێشە یان بەدبەختیی گەورە ئەهێنێت، بەڵام هیواش هەڵئەگرێت. لە میتۆلۆژیای یۆنانییدا، سندوقی پاندۆرا دیارییەک بووە لەلایەن خواوەندەکانەوە بۆ پاندۆرا، یەکەم ئافرەت لەسەر زەویی. هەموو خراپەکارییەکانی دنیا لەخۆ ئەگرێت، کە کاتێک پاندۆرا سندوقەکەی کردەوە هەموو خراپەکارییەکان بڵاو بووەوە.

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە هزری رامیاریی لیبرڕاڵیی دا

**م.ی. جزا احمد فارس**

**زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، بەشی زانستە رامیارییەکان سلێمانی/ کوردستان- عێراق**

jaza.fars@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی بە بەردەوامی بابەتی گفتوگۆ و لێکدانەوەی توێژەران و بیرمەندان بووە، وەک دوو چەمکی گرنگ لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا، کە سەرەتا وەک رێبازێکی هزری لە ئەورووپا سەریانهەڵداوە، لیبراڵیزم چەندین جۆری هەیە بە شێوەیەک هەریەکەیان چەندین لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاوازیان لە بارەیەوە کراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری چییەتیی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا؟ هاوکات هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی داوە بە شرۆڤەکردنی ئازادی نەرێنیی و ئەرێنیی و بەراوردکردنیان، لەم سۆنگەیەوە چەمکی ئازادیی، کە فۆرم و دەرکەوتەی جیاوازی هەیە خراوەتەڕوو. لیبراڵیزمیش وەک رێبازێکی هزریی، کە بەبەردەوامی لە بەرەو پێشچوون و خۆنوێکردنەوەدا بووە شرۆڤەکراوە، لە چەندین رەهەند و دیدگای جیاوازەوە. کارێکی ئاسان نییە کارکردن لەسەر چەمکی ئازادیی لە هزری رامیاریی لیبراڵییدا بەو پێیەی لە لایەکەوە دیدگا و تێڕوانینەکان زۆرن، لە لایەکی ترەوە بەراوردکاری نێوان چەمکی ئازادیی ئەرێنی و نەرێنی پێویستی بە وردبوونەوە و هەڵوەستەکردنی قووڵ هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە سوودمان لە هەریەکە لە میتۆدەکانی مێژوویی، شیکاریی، وەسفیی و بەراوردکاریی بینیوە، لەم توێژینەوەدا گەشتووین بەو ئەنجامەی کە ئازادیی ئەرێنیی و ئازادیی نەرێنیی وەک دوو بایەتیی بایەخدار لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا هەریەکەیان هاوتەریبە لەگەڵ جۆرێک لە جۆرەکانی لیبراڵییزم، ئازادیی نەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ لیبراڵیزمی کلاسیك، بەڵام ئازادیی ئەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ لیبراڵیزمیی نوێ.

**کلییلە وشەکان: ئازادیی، لیبراڵیزم. ئازادیی ئەرێنیی، ئازادیی نەرێنیی**

Recieved: 3/9/2024
Accepted: 12/10/2024

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

زۆرێـکـمان کاتێـك چەمکـی ئازدیـی ئەبیسـتین وا تێئەگەیـن کـە لێکدانەوەمـان بـۆی هەیـە، بـەڵام لـە راسـتیدا ئـەم چەمکـە قووڵایـی هەیـە پێویسـتی بـە هەڵوەسـتەکردن و وردبوونـەوەی قـووڵ هەیـە بـۆ تێگەیشـتن لێـی، ئازادیـی بنەمایـەکی بنەڕەتیـی هـزری رامیاریـی لیبراڵییـە ئەگـەر هەمـوو بیرمەنـدە لیبراڵـەکان لێکدانەوەیـان بـۆی نەبووبێـت بێگومـان زۆرینەیـان گرنگییـان پێـداوە و لـە نوسـینەکانیاندا لەسـەری هەڵوەسـتەیان کـردووە، لیبرالیـزم وەك رێبازێـکی هزریـی، کـە یەکێکـە لـە بنەمـا بنەڕەتیـەکانی ئازادییـە ئەکرێـت بنەمـا هزرییـەکانی لـە مێژوویـی دێرزەمـانی هەندێـك لەگەلانیـی کۆنـدا بدۆزینـەوە، بـەڵام وەك رێبازێـك دەرکەوتـەکانی ئەگەرێتـەوە بـۆ نوسـینەکانی سـەدەی حەڤدەهـەم لـە ئەورووپـادا، ئـەم رێبـازە هزرییـە بـڕوای تـەواوی بـە ئازادیـی ئابووریـی و سیاسـیی هەیـە، ئازادیـی ئابووریـی بـووە هـۆکاری بـەرەو پێشـچوونی بازرگانیـی و ئازادیـی سیاسـییش لـە دەرئەنجامـدا بـووە هـۆکاری کۆتایهێنـان بـە دەسـەڵاتی رەهـای پاشـاکان لـە ئەورووپـادا.

هـەردوو چەمـکی ئازادییـی نەرێنیـی و ئەرێنیـی لـە بەشـێکی زۆری نوسـینەکانی بیرمەنـدانی هـزری رامیاریـی رێبـازی لیبرالیـزم ئاماژەیـان پێکـراوە، رێبـازی لیبراڵیزمـی کلاسـیکی هاوتەریبـە لەگـەڵ ئازادیـی نەرێنیـی و هەروەهـا رێبـازی لیبراڵیزمـی نـوێ لەگـەڵ ئازادیـی ئەرێنیـی.

بـە پێـی تێروانینی بیرمەنـدانی بـواری ئازادیـی نەرێنیی نابێـت دەوڵـەت دەسـت وەربداتـە کاروبـاری ئابووریـی و بازرگانیـی و بـازاڕەوە، لەبەرئـەوەی هـەر دەسـتێوەردانێکی دەوڵـەت ئەبێـت بـە هـۆی تێکچوونـی بارودۆخـی بـازاڕ، لەنووسـینەکانی (ئـادەم سـمس، فردریـش فـۆن هایـک) ئەمـە بـە روونیـی دەرئەکەوێـت، بـەڵام بەپێـی بیرمەنـدانی بـواری ئازادیـی ئەرێنیـی دەسـتێوەردانی دەوڵـەت یـان حکومـەت بـە شـێوەیەکی سـنووردار بـە مەبەسـتی فەراهەمکردنـی زۆرتریـن ئازادیـی کارێـکی پەسـەند و رەوایـە.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە لـەوەدا خـۆی ئەبینێتـەوە کـە شـیکاری بـۆ هەریەکـە لـە چەمـکی ئازادیـی نەرێنیـی و ئەرێنیـی ئـەکات لـە هـزری رامیاریـی لیبراڵیـدا کـە بەشـێکی بنـەڕەتی مێـژووی هـزری رامیاریـی لیبراڵیزمـە، کـە بریتیـی بـووە لـە لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی ئـەم دوو چەمکـە، چونکـە بنـەڕەتی سـەرەکیی درووسـتبوونی رێبـازی لیبرالیـزم بریتیـە لـە ئازادیـی تـاك. هەروەهـا ئـەم توێژینەوەیـە هەریـەك لـە چەمـکی لیبراڵیـزم وەك رێبازێـکی هـزری کاریگـەر ناسـاندووە و شـیکردنەوەشی بـۆ چەمـکی ئازادیـی کـردوە کـە پەیوەسـتە بـە ژیـانی هەمـوو مرۆڤەکانـەوە و لـە دێرزەمانـەوە بابەتێـکی گرنگـی کایـەی زانسـتیی رامیاریـی و بـە تایبـەت هـزری رامیاریـی بـووە. هەروەهـا ئـەم توێژینەوەیـە ئەکرێـت دەروازەیـەک بێـت بـۆ خوێنەرانـی کـورد، کـە ئـارەزووی تێگەیشـتن و شـیکردنەوە بـۆ چەمـکی ئازادیـی ئەرێنیـی و نەرێنـی ئەکـەن.

### گرفتی توێژینەوە:

گرفتـی توێژینەوەکـە خـۆی ئەبینێتـەوە لـە کۆمەڵـە پرسـیارێك، کـە لەمیانـەی ئـەم توێژینەوەیـەدا هەوڵـی وەڵامدانـەوەی دراوە، پرسـیارەکانیش ئەمانـەن:

چەمکی لیبراڵیزم چییە؟

چەمکی ئازادی چییە بە شێوەیەکی گشتیی؟

چەمکی ئازادیی نەرێنیی چییە لە هزری رامیاریی لیبڕاڵیی دا؟
چەمکی ئازادیی ئەرێنیی چییە لەهزری رامیاریی لیبڕاڵیی دا؟

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفیی و مێژوویی بەکارهێنراوە، بە مەبەستی خستنەڕوو و وەسفکردنی هەریەکە لە چەمکی لیبڕالیزم و چەمکی ئازادیی، هەروەها سوودمان لە میتۆدی بەراوردکاریی و شیکاریش بینیوە بۆ خستنەڕووی هەر یەکە لە ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی لە دیدگا و ڕەهەندی جیاوازەوە وەك دوو چەمکی بنەڕەتیی توێژینەوەکەمان.

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گریمانەیەکی سەرەکیی لەخۆ ئەگرێت، کە بە بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەی زانستیی و بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوەی ئەکادیمیی هەوڵی سەلماندنی دراوە، گریمانەکەش ئەوەیە «ئازادیی ئەرێنیی ونەرێنیی بابەتێکی بنەڕەتی هزریی رامیاریی لیبڕاڵییە کە زۆرێك لە بیرمەندان لە ڕەهەندی جیاجاوە خستوویانەتەڕوو».

## توێژینەوەکانی پێشوو:

لە میانەی گەڕانەکانی ئێمەدا گەشتیینە ئەو دەرئەنجامەی کە چەندین توێژینەوە هەیە کە لە هەندێک لە چەمکەکاندا نزیکە لەم توێژینەوەی ئێمەن، بەڵام توێژینەوەیەکەی ئێمە لەچەندین دیدگاوە جیاوازە لەوانە:
سەعید، ستەم کامیل،(٢٠١٦)، چەمکی ئازادی لای جۆنستیوارت میل لە کۆنتێکستی کۆمەڵگەی کوردیی دا، سلێمانی: ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە.
ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی کورتە، کە جەخت لەسەر ناسینی ئازادیی ئەکاتەوە لەلای جۆن ستیوارت میل، ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە لەم توێژینەوە جیائەکاتەوە بریتییە لەوەی کە ئێمە بە شێوەیەکی فراوانتر چەمکی ئازادییمان ناساندووە لە دیدگای جیاوازەوە واتە تەنها دیدگای جۆن ستیوارت میل مان وەرنەگرتووە، ئەمە جگە لەوەی لە پاڵ چەمکی ئازادیی، چەمکی لیبڕاڵییەت و هەریەکە لە ئازادی ئەرێنیی و نەرێنیمان خستووەتەڕوو.
Heywood, Andrew, (٢٠٠٣), UK, Political Ideologies an Introduction, 3rd edition.
ئەندرو هیود لەم کارەیدا ئایدیۆلۆژیاکانی جیهانمان پێ ئەناسێنیت، کە لیبڕاڵیزم یەکێکە لە ئایدیۆلۆژییەکان، ئێمە سوودمان لەم کارەی هیود وەرگرتووە لە ناساندنی لیبڕاڵیزمی کلاسیکیی، ئەوەی کە کارەکەی ئێمە جیائەکاتەوە لەم کارە بریتییە لەوەی کە ئێمە لە ئایدیۆلۆژییەکان تەنها لیبڕاڵیزم مان مەبەستە بۆیە ئەم توێژینەوە کار لەسەر لیبڕاڵیزم ئەکات، لە ناو لیبڕاڵیزمیش کاری تەنها لە سەر چەمکی ئازادی ئەرێنیی و نەرێنیی کردووە.

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دەرئەنجام و دوو باسی بنەڕەتی پێکهاتووە باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان، کە دابەشمانکردووە بۆ دوو تەوەرەی سەرەکیی، تەوەرەی یەکەم بەناونیشانی چەمکی لیبڕاڵیزم، تەوەرەی دووەم بەناونیشانی چەمکی ئازادیی، باسی دووەمی توێژینەوەکەشمان بە

ناونیشانی چەمکی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی، ئەم باسەشمان دابەشکردووە بۆ دوو باس، باسی یەکەم بەناونیشانی چەمکی ئازادیی نەرێنیی، باسی دووەم بە ناونیشانی چەمکی ئازادیی ئەرێنیی.

## باسی یەکەم :چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان

لیبراڵیزم یەکێکە لە رێبازە هرزییەکان، کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە ژیرەکانە، بنەمای سەرەکیی لیبرالیزم ئازادییە، کە یەکێکە لەو چەمکانەی زۆرترین بیرمەندانی هزری رامیاریی لیبراڵیی گرنگییان پێداوە چونکە ئازادیی پەیوەندییەکی لێك جیانەکراوە و بنەڕەتی بە جەوهەری مرۆڤەوە هەیە. لیبرالیزم وەك رێبازێکی هزری هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و خۆنوێکردنەوەدا بووە بە پێی قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی ژیان و پێویستییەکانی مرۆڤ، هەروەها چەمکی ئازادییش بەردەوام لێکدانەوە زۆری لە دیدگای جیاوازە بۆ کراوە بەپێی بارودۆخ و ئەو قۆناغانەی کە رەورەوەی ژیانی مرۆڤایەتی پیایدا تێپەڕیووە، ئەم باسەی توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ دوو تەوەرەی سەرەکیی لە تەوەرەی یەکەم ماندا چەمکی لیبراڵیزم مان خستووەتەڕوو و شرۆڤەمانکردووە، لە تەوەرەی دووەم دا چەمکی ئازادییمان خستووەتەڕوو شیکارمان بۆ کردووە.

## تەوەرەی یەکەم: چەمکی لیبڕالیزم

بنەمای بنەڕەتی لیبراڵیزم لەسەر (ئازادیی تاك)ە وشەی (Liberalism ) لە وشەی لاتینیی (Liber) هاتووە کە بە واتای (ئازادیی) دێت ئەکرێت بڵێن لیبراڵیی بە واتای (بانگکردن بۆ ئازادیی)، لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوە لە لیبراڵیزم واتە لێکۆلینەوە کردن لە ئازادیی (زرشناس، ٢٠١٧، ١١)

لیبراڵیزم چەمکێکی بیانییە لە زمانی ئینگلیزیی دا (Liberalism) بەکار دێت. هەروەها لە زمانی فەرەنسیی (Liberalisme) بەکاردێت، کە بە واتای (ئازادبوون) دێت، هەندێک ئەم چەمکە ئەگەڕێننەوە بۆ وشەی (Liberty) ئینگلیزیی و وشەی (Liberte) کە واتای (ئازادیی) دێت(بن عائش، ٢٠١٦، ٦٣٢)

بە هۆی ئەو لێکدانە جیاوازانە و بەرەوپێشچوونانەی، کە لە هزری رامیاریی لیبراڵیی دا روویداوە فەرهەنگی عەرەبیی جیهانیی ئاماژە بەوە ئەکات «لیبراڵییەت چەمکێکی ناڕونە، لەبەرئەوەی واتا و پێداگیرییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەپێی ساڵ و بەرەو پێشچوونەکانی»( السلمي، ٢٠٠٠، ٤)

لە سیاسەتدا سەرەتا دەستەواژەی لیبراڵیزم لەساڵی (١٨١٤) بۆ ئەندامە لیبراڵەکانی کورتیس (پەڕلەمانی ئیسپانیا) کە داوای حوکمی دەستووری و گێڕانەوەی ئازادییە عورفییەکانیان ئەکرد بەکارهاتووە، بە هەمان شێوەش لە ساڵی (١٨٣٠) لە فەڕەنسا لیبڕالەکان "un libéral" بۆ هەر کەسێك بەکارئەهات، کە دژی گێڕانەوەی سیستەمی کۆن بوو و لەگەڵ حکومەتی دەستووری هاوڕابوو (Freeman, ٢٠١٧,٤).

ئەکرێت ئاماژە بەوە بدەین «لیبراڵییەت پێکدێت لە کارلێکی تاکەکان لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ماف کە وا ئەخوازێت کە مرۆڤ رێز لە ئازدیی و یەکسانی ئەوانی تر بگرێت»( Charvet and Nay, ٢٠٠٨, ٣)

پرۆفیسۆر جیفری فرانکل (Jeffrey Frankel) لە زانکۆی هارڤارد پێی وایە لە ئەورووپا لیبراڵیزم بەکارئەهێنرێت بە واتایەك، کە نزیکە لە واتای ئینگلیزیی کلاسیکیی سەدەی نۆزدەهەم بۆ ئەم چەمکە، کە بە واتای ئەوە دێت تاکەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی بژاردەکانیان بە بێ بوونی زۆر لێکردن لێیان لە رێگەی ئەو دامەزراوە بە هێزانەی کە هەن جا (پاشایەتیی، دەرەبەگایەتیی، دیکتاتۆریی، ئەرستۆکراتیی یان ئۆلیگارشیی)بێت، لیبراڵیزم بە واتای ئازادیی

تاك بۆ گەڕان بەدوای بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی و ئازادیی بڕیاردان لەوەی کە لە کوێ ئەیەوێت بژی و بۆ کێ کاربکات و چیی بکات و چی بەکار بهێنێت.(Frankel, ٢٠١٥, ١).

لیبراڵیزم لە ئەورووپای رۆژئاوا لە دایك بووە لە سەدەی هەژدە لە بزوتنەوەی رۆشنگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە، گەشەکردنی رۆشنگەری، کە دەرئەنجامی نووسینی کتێب و لێکۆلینەوەی بیریاران و بەرەوپێشچوونی ئەدەب بووە، بە تایبەت لە فەرەنسا ئەندامانی بزوتنەوەی رۆشنگەری بروایان بە مەبەدەئی عەقلانیی و بەرەوپێشچوون و ئازادیی تاکڕەویی و لێبوردەیی ئاینیی و کۆمەلایەتیی هەبوو، بزوتنەوەیی رۆشنگەریی داوای جیاکردنەوەیی لە نێوان کلێسە و دەوڵەت ئەکرد، کە هەموو ئەمانە لەرووداوەستانەوەیەک بوو بۆ دەسەڵاتی رەهای پادشایەتی و کلێسای کاسۆلیکی، کە چەندین سەدە بوو جڵەوی تەواوی ئەورووپایان کردبوو، لێرەوە رۆژئاوا ئەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو شۆڕشە زانستییەی کە لە سەدەکانی (١٦-١٧) دا لە ئەورووپا سەرهەڵئەدەن لەوانە تیۆرەکانی (نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس،گالیلۆ گالیلی و ئیحساق نیوتن) هەروەها فەیلەسووفە ئینگلیزیی و هۆڵەندییەکان (بی کۆن، جۆن لۆك، باروخ سپینزا و رینیە دیکارت)، هزرەکانی ( جان جاك رۆسۆ، فرانسوا ڤۆلتیر) لە فەرەنسا، (دەیڤد هیوم، ئادەم سمس) لە ئینگلتەرا، (دنیس دیدرۆ، شارل مۆنتسکیۆ) لە فەرەنسا، (ئیمانیۆل کانت) لە ئەڵمانیا (Frankel, ٢٠١٥, ١)

لەرووی مێژووییەوە لیبراڵیزم سەرەتا درێژکردنەوەیەك بوو لە بەرامبەر باڵادەستی ئایین دواتر لە بەرامبەر باڵادەستی سیاسیی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان دا، دژایەتیکردنی کلێسە بووە هۆی ئاوێتەکردنی لیبراڵیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی، بەڵام لیبراڵیزم هاوکات دژی ستەمکاریی دەسەڵاتدارە مۆدێرنیست و ناسیۆنالیستەکان بوو، گرنگترین خواست و ویستی لیبراڵەکان لە هەمبەر دەسەڵاتدارە ستەمکارەکاندا سنووردارکردنی دەسەڵات بوو لە چوارچێوەی یاسادا، کە زۆرترین کات لە رێگەی شۆڕشەکانەوە بەدەست هاتووە لە بەڵگەنامە گرنگەکان وەك میساقی یاسای شۆرشی مەزنی (١٦٨٨) لە بەریتانیا راگەیەندراوی سەربەخۆی (١٧٧٦) ئەمریکا، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و هاوڵاتیی لە ئەنجوومەنی شۆرشگێری فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩) رەنگیدایەوە(بەشیرییە، ٢٠١٢، ١٥).

هەرچەندە دیدگا و تێڕوانینی جیاواز هەیە دەربارەی چەمکی (لیبراڵیزم) بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئازادیی تاك خاڵی بنەرەتیی و جەوهەری لیبراڵیزمە، سەرەڕای ئەوەی کە دەربارەی ئەم ئازادییەش بیریاران لەگەڵ یەکتریدا کۆک نین.

لێرەدا پێمان باشە، کە بە شێوەیەکی کورت و پوخت ئاماژەیەك بە لیبراڵیزمی کلاسیك و نوێ بدەین ،لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەم دوو جۆرەی لیبراڵیزمەدایە:

## یەکەم:لیبڕالیزمی کلاسیك

لیبراڵیزم وەك ئایدیایەك لە ئەورووپا دەست بە گەشەکردن ئەکات پاش هەرەسهێنانی سیستەمی فیوداڵیزم و تێکشکاندنی دەرەبەگایەتیی و دەرکەوتنی چینی ناوەند کە بەکاری بازرگانییەوە خەریك بوون و، هەروەها ئامانجەکانیان لەگەڵ ئایدیای لیبراڵیزم یەکی ئەگرتەوە، کە بەرژەوەندیەکانیان ناکۆك بوو لەگەڵ دەسەڵاتی رەها(Heywood, ٢٠٠٣, ٢٠)

لایەنگرانی لیبڕالیزمی کلاسیکی بە تایبەت لە بەریتانیا لایەنگیری ئەوە بوون ،کە ئازادییەکانی تاك لەبوارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی زیاد بکرێت، واتە گریمانەکەیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تاك بوو

ئـەم ڕەوتـە بڕوایـان بـەوە هەبـوو کـە ئازادیـی بنەمایـەکی گرنگـی پێشـکەوتنە و ئەبێـت دەسـەڵات دەسـت وەرنەداتـە کاروبارەکانیانـەوە کـە ئەمـەش بـە شـێوەیک لـە شـێوەکان هاوشـێوەی دیـدگای ئایدیالیزمـە(Butler, ٢٠١٥ ,٥)

لەپاڵ ئـەوەی کـە بیریـارانی لیبڕاڵیزمـی کلاسیکی هەندێـك دیـدگای جیاوازیـان هەیـە، بـەڵام لەسـەر ئـەو بنەمایـە کۆکـن، کـە مەبەسـتی سـەرەکیی دەوڵـەت بریتییـە لـە پاراسـتنی مافەکانیـان کـە ئەبێـت تاکـەکان پارێـزگاری لـە ئازادیـی خۆیـان بکـەن دژی دەسـتوەردان یـان هەوڵـدان دەوڵـەت یـان دەسـەڵات لەکاروبارەکانیـان((Butler, ٢٠١٥, ٩٠ ئـەم دیدگایـە هۆکارێـک بـوو بـۆ درووسـتبوونی چەمکی دەوڵەتـی پاسـەوان.

## دووەم:لیبڕاڵیزمی نوێ

لیبرالیزمـی نـوێ بنەڕەتەکـەی لـە رووی تیۆرییـەوە ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم (یـان هەندێـك بـۆ کۆتاییـەکانی سـەدەی نـۆزدەی ئەگێڕنـەوە). بـەڵام دەرکەوتـەکانی بـە شێوەیەکی حەقیقـی ئەگەڕێتـەوە بـۆ نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم، لـە کۆتـای حەفتاکانـدا وەك ئایدۆلۆژیایـەکی زاڵ لـە هـزری رامیاریـی رۆژئـاوادا دەرکـەوت و ئێسـتا تیـۆری پێشـەنگی فەرمانڕەواییکردنـە لـە جیهاندا(زرشـناس، ٢٠١٧، ١٣)

لیبڕاڵـەکان پابەنـدی بونیاتنـان و پاراسـتنی کۆمەڵـگای ئـازاد و دادپـەروەر و کـراوەن ئـەو کۆمەڵگایانـە بریتیـن لەوانـەی، کـە لیبڕاڵـەکان لـە ڕێگایانـەوە هـەوڵ ئـەدەن بـۆ گەیشـتن بـە هاوسـەنگی لـە نێـوان بەهـا بنەڕتییـەکان، کـە خـۆی لـە ئازادیـی و یەکسـانی و پەیوەنـدی بەردەوامـی نێـوان تاکـەکانی کۆمەڵـگادا بەرجەسـتە ئەکات(ڕۆبێرتـس و ئیـدواردس، ١٩٩٩، ٢٤٤-٢٤٥)

لیبڕاڵیزمـی نـوێ تێڕوانینـی وا بـوو لـە مومارەسـەکردنی سیاسـەت و ئابووریـی دا، باشـتر وایـە کۆتـەکانی سـەر ئازادیـی و کارامەییـەکانی تـاك لابرێـن لـە چوارچێـوی دامـەزراوە گشـتییەکاندا کـە هەڵئەسـن بـە پارێزگاریکـردنی مـافی موڵکایەتیـی و هەروەهـا فەراهەمکـردنی (ئازادیـی بازرگانیـی، ئابووریـی ،بـازاڕ) دەوڵـەت ئـەرکی لـە پـاڵ بەرگرییـدا ئەبێـت ئاسایش فەرهـەم بـکات لەسـەرجەم بوارەکاندا.(هـارڤی، ٢٠٠٨، ١٣).

لـە پـاش باسـکردن و خسـتنەڕووی چەمـکی لیبڕاڵیـزم لـە چەندیـن دیـدگا و ڕەهەنـدی جیـاوازەوە بەپێـی دیـدگای ئـەو بیرمەندانـەی کـە ئاماژەمـان پێـدا ئەگەینـە ئـەو دەرئەنجامـەی، کـە لیبڕاڵیـزم لـە ڕووانگـەی سیاسـییەوە لەگـەڵ دەسـتوەرنەدانی دەوڵەتـە لـە ژیـانی گشـتیی تـا ئـەو ئاسـتەی ئەتوانرێـت، بەپێـی لیبڕاڵیـزم داوا ئەکرێـت، کـە سیسـتەم لەسـەر بنەمـای دیموکراتیـی و پەرلەمـان حکومـەتی هەڵبژێـراو دیـاری بکرێـت لەلایـەن خەڵکـەوە، هەروەهـا جیاکرنـەوەی نێـوان دەسـەڵاتەکان لـە دەولەتـدا لەسـەر بنەمـای سـەروەریی یاسـا فەرمانـڕەوای بکرێـت، لەکاتێکدایـە لـەڕووی هزرییـەوە لیبراڵییـەت ڕۆحـی لێبوردەیـی و بەرژەوەنـدی نێـوان تاکـەکان و بڕوابـوون بـە تـاك و تاکگەرایـی و بنەمـای پەیوەندیکـردنی مرۆڤـەکان بـە کۆمەڵگاکانیانـەوە ئەخاتـەڕوو، لـە بـواری ئابووریشـەوە لیبڕاڵـی ئابووریـی تەرکیـز ئەخاتـە سـەر دوو بنـەڕەت ئەوانیـش سـامان و موڵکیـەت (خاوەندارێتـی) کـە نابێـت لـە لایـەن دەوڵەتـەوە ئاراسـتە بکرێت(عثـمان، ٢٠١٣، ١٣)

بـە شـێوەیەکی کـورت ئەکرێـت ئامـاژە بـەوە بدەیـن، کـە «لیبڕاڵیـزم واتـای بەرەوپێشـبردنی ئازادیـی بـە جۆرێـك کـە لـە پێـش هەمـوو بەهـاکانی تـرەوە بێـت و لەهـەر کات و سـاتێکدا و لـە هەربوارێکدا(محەمـەدی، ١٩٩٨، ١٠٨).

لیبڕاڵیـزم وەك ڕێبازێـکی هـزری ڕۆڵـی کاریگەریـی هەبـووە لـە ئازادکـردن و بەرەوپێشـچوونی مـرۆڤ بـەو پێیـەی بنەمـای سـەرەکیی ئـەم ڕێبـازە بریتییـە لـە ئازادیـی لەسـەرجەم ڕەهەندەکانـەوە، ئەمـەش یارمەتیـدەر بـووە بـۆ کۆتایهێنـان بـە

فەرمانڕەوای رەها و هەروەها ئازادیی ئابوورییش بووەتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و بەرەو پێشچوونی بازرگانیی.

## باسی دووەم:چەمكی ئازادیی

بەپێی فەرهەنگی (GOVERNMENT DICTIONARY OF POLITICS AND) ئازادیی بە واتای دۆخی ئازادبوون یان رانەگیران لە زیندان و كۆیلەنەكردن دێت و بە واتایەكی تر واتە كردنی شتێك بە بێ دانانی سنوور بۆی(Collin, ٢٠٠٤, ١٠٠) ئەمە لە كاتێكدایە بە پێی فەرهەنگی سیاسیی ئارەش «ئەم زاراوەیە هاوتای لیبرتەی (Liberte) فەرەنسییە و سەرچاوە لاتینیەكەی (Libertas) كە بە واتای نەبوونی كۆت و بەند و زۆرەملێ دێت، هەروەها ئازادیی رەوش و هەل و مەرجێكە، كە مرۆڤ لەو رەوشەدا، هەست بە قورسایی دەسەڵات ناكات، هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێت بەربەست لە بەردەم جموجۆڵی خودیی و سرووشتی مرۆڤەكاندا دابنێت»( حمەمەدی و حاجی زادە، ٢٠٠٦، ٣٦ ).

لێرەدا باشتر وایە زیاتر لە رەگە زمانەوانییەكەی (ئازادیی) بدوێین بەر لە پێناسەكردنی، لە زمانی ئینگلیزیی دا هەردوو وشەی (Liberty-Freedom)ی بۆ بەكارئەهێنرێت، كە هەریەك لەم وشانە هاو واتا و هاومانایە بۆ وشەكەی تر، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان بە واتای (ئازادیی) دێت، كە ئاماژەن بۆ نەبووونی زۆركردن و زۆرداریی لە هەڵبژاردن و بڕیاردان(حنفی، ٢٠٠٩، ٧).

لە زمانی كوردییشدا بۆ چەمكی (ئازادیی) لە «فەرهەنگی كوردستان» دا بە واتای «سەربەستیی و سەربەخۆیی و لە ژێر دەستی دوژمنان و رزگارهاتن دێت»( موكریانی، ١٩٩٩، ٦) لە راستییدا لە زمانی كوردیی دا، ئەم چەمكە بەستراوەتەوە بە چەمكی رزگارییەوە ئەمەش بە خوێندنەوەی ئێمە پەیوەندی بەوەوە هەیە كە كورد میلەتێكی ژێردەستە بووە لەزۆربەی قۆناغە مێژووییەكاندا لەسەر ئەم بنەمایەش لە رووی زمانەوانییەوە لەزمانی كوردیی دا، واتاكەی لە بنەڕەتیی ئەم وشەیە دوور ئەكەوێتەوە بە بەراورد بە واتا رۆژئاواییەكەی.

زۆربەمان پێمان وایە (ئازادیی) لە رۆح و هەناسە و هزرماندایە بۆیە هەمیشە وەك بەشێكی دانەبڕاو لەخۆمان ئەیبینین، بەڵام ناشتوانین بە دیاریكراویی بڵێین ئازادیی چییە؟ جگە لەوكاتەی كە لێمان زەوت ئەكرێت، ئیتر ئەو كاتە ئێمەش لێی تێئەگەین، هەڵوێست ئەنوێنین، بەڵام ئازادیی پەرچەكردارێك لەوەی كە لێمان ئەبرێت و هەوڵی گەڕانەوەی ئەدەین نییە، بەڵكو ئەوە سەربەخۆییە، ئازادیی واتە من ناچار نەبم بەكردەیەكی ئەرێنیی یان نەرێنیی، ئەگەر ئازادییم زەوت كرا من بەرگریم كرد ئەوە ناچارییە نەك ئازادیی.

لێرەوە ئازادیی راستەقینە زەوت ناكرێ، نابرێ و لێ ناسێرێت، ئەگەر هەموو دنیاش كۆت و بەند و جەندرمە و پۆلیسی بیروباوەڕ بێت. ئازادیی هۆشمەندییەك، ئاگاییەكی ئۆنتۆلۆجیی و رۆحییە وەك دەریایەكە كە كێوێكی بەرز و سەخت دای ئەپۆشێت یان كڵپەی ئاگرێكی نەگریس ئەكوژێنێتەوە(جەمال، ٢٠٢٤).سرووشتی مرۆڤ سەرچاوەی ئازادییە، ئەمەش وا ئەكات لە ناخی هەر مرۆڤێكدا ئازادیی بوێت(Bush Institute ٢٠٢٣,)

ئازادیی یەكێكە لەو چەمكانەی، كە لێكدانەوە و پێناسەی زۆر جیاوازی بۆ كراوە، لەبەرئەوە پێناسەكردنی ئەم چەمكە لە هەریەكە لە رەهەندەكانی (فەلسەفیی، سایكۆلۆژیی، كۆمەلایەتیی و سیاسیی) تێگەیشتنی جیاواز هەیە بۆی، د.كامەران مەنتیك پێی وایە كە بە شێوەیەكی گشتی ئەكرێت دوو جۆر لە ئازادیی دیاری بكەین (ئازادیی جێبەجێكردن، ئازادیی هەڵبژاردن) مەبەست لە ئازادیی جێبەجێكردن هەبوونی توانای كردنی یاخود نەكردنی كارێكە، بەبێ ئەوەی ملكەچ بۆ هیچ فشارێكی دەرەكیی بكرێت، واتە بەبێ ئەوەی بكەوێتە ژێر

کاریگەریی هێزێکی دەرەکییەوە. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی ئازادییەکی سرووشتیی (فیزیکیی) ئەبینەوە، کە دەستەواژەیە بۆ سەربەخۆبوون، ئەمەش ئەو واتایەیە، کە یاسا بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئازادیی دائەنێت، کەواتە ئازادیی بەم واتایە بریتییە لە هەبوونی توانایەك، لەگەڵ نەمانی هیچ بەزۆر پێکردنێکی دەرەکیی، هەرچی ئازادیی هەڵبژاردن، واتە هەبوونی توانای کردنی کارێکە بەبێ ئەوەی ملکەچ بۆ کاریگەری هێزی ناوخۆ بکرێت(مەنتیك، ٢٠٠٥، ٢٥).

لەپاڵ ئەوەی، کە هەمیشە جۆرێك لە دژیەکی لە نێوان دەسەڵات و ئازادییدا هەبووە، بەو پێیەی ئامانجی هەندێك لە دەسەڵات کەمکردنەوە و کۆنترۆلکردنی ئازادییە هەروەها ئازادیش دژی دەسەڵاتە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەرگومێنتێکی ترمان هەیە کاری لەسەر ئاشتکردنەوەی چەمکی دەسەڵات و ئازادیی کردووە جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە، کە ئازادیی بریتیییە لە کۆتایهێنان و نەهێشتنی دەسەڵات هەروەها دەسەڵات ئامانجی نییە کە کۆتای بە ئازادیی بیەنێت(Dai, ٢٠٠٩, ٤).

لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوە و ڕەهەندی هزری ڕامیارییدایە پێمان باشە لەسەر چەمکی ئازادیی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بوەستین و شیی بکەینەوە، هەرچەندە لە چەندین دیگا و ڕەهەندی جیاوازەوە ئەم چەمکە خراوەتەڕوو، باروخ سپینۆزا یەکێکە لەو بیرمەندانەی، کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە پێناسەی چەمکی ئازادیی کردووە، پێی وایە شتێك کە ئازاد بێت بەپێی پێویستی سروشتی ڕەفتار ئەکات، هەروەها ناشیرین ئەبێت کە شتێکی تر هەڵیسوڕێنێت و بەگوێرەی یاسایەکی دیاریکراو رەفتار بکات(زەکەریا، ١٤٠،٢٠٠٧-١٤٦).

ئازادیی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بریتییە لە توانای هەڵبژاردن لەنێوان کۆمەڵێك شتدا یان کۆمەڵێك چارەسەردا یان گریمانە و ئەگەردا، کە هەندێك وای ئەبینن کە ناتوانین تەماشای مرۆڤ بکەین وەك مرۆڤێك بە بێ ئازادیی و ناشتوانین لێی جیابکەینەوە، ئازادیی بوونی مرۆڤە (مرۆڤە واتە ئازادیی) کە ئەم بوونە ناتوانین دیاری بکەین(الجاسر، ٢٠٠٤، ١٦٧).

ئێریك فۆنەر (Eric Foner) لەشیکردنەوەی بۆ مێژووی بەکارهێنانی وشەی ئازادیی ئاماژە بە پێنج توخم ئەکات(Chanley, ٢٠١٥ ):.

١- ئازادیی سیاسیی : بە واتای مافی بەشداریکردنی خەڵك لە کاروباری گشتیی دێت.

٢- ئازادیی مەدەنیی: ئەو مافەیە کە تاکەکان دەتوانن دژ بە دەسەڵات بی چەسپێنن.

٣- نموونەی مەسیحیی: مەبەست لەمە بریتییە لە توانای کردنی کارەکان بەپێی ستانداردە ئەخلاقییەکان.

٤- ئازادیی کەسیی: واتە تاکەکان بە شێوەیەکی ئازادانە بژاردەکان هەڵدەبژێرن بەبێ بوونی هیچ زۆرلێکردنێك.

٥- ئازادیی ئابووریی: زۆر واتای هەیە، بە واتای ئابووریی ئازاد و ئازادیی ئابووریی، ئازادیی لە بەستنی گرێبەست و ئازادیی لە بواری پیشەسازیی.

هەروەها سەبارەت بە ئازادیی (جۆن ستیوارت میل) پێی وایە«ئەبێت مرۆڤ ئازاد بێت لە درووستکردنی راوبۆچونەکانیدا و گوزارشت کردن لێیان بە بێ خۆپارێزیی (میل، ٢٠٠٨، ٢٧١) .

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئازادیی فۆرم و دەرکەوتەی زۆری هەیە، لەوانە: ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی و بڵاوکردنەوە، ئازادیی خاوەنداریتیی و مامەڵەپێکردن، ئازادیی کار و بازرگانیی و بازاردارییی، ئازادیی کۆبوونەوە و حیزبایەتیی و ڕێکخستن و کاری سەندیکا و ئازادیی ژن و بیروباوەڕی ئاینیی و دونیای و ڕێگەدان بە سرووتەکان، ئەبێت هەموو ئەو ئازادییانەش بۆ هەمووان دەستەبەر بکرێت، چونکە کۆمەڵێك مافی تەواوکاری یەکترن و نابێت جیابکرێنەوە، بەڵام هیچ کام لەم ئازادییانە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕەها نەبووە و نابێت، بەڵکو ئەبێت ڕێکخەرێك لە دامەزراندن و کارپێکردنیدا هەبێت. مافی

تاکەکان دەستەبەربکات، لە بەرقەرارکردنی ئەو ئازادییە و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان بەپێی جۆرێك بنەمای ئەو ڕێکخستنە یەکڕیزی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەت و نیشتیماندا تا دابەش نەبوون و بە دوژمن نەبوونی کۆمەڵگا و گرووپەکان زامن بکات، لەو چوارچێوەشدا ئەم ئازادییانە بە بوونی دەستورێکی دیموکراسی و چەسپاندنی پێوەرەکانی دامەزراوەی و سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەهێزکردنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان(حەسەن، ٢٠١٢، ١٥).

لێرەدا ئەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئازادیی مافێکی بنچینەییە لە مافەکانی مرۆڤ و ئەبێت سیستەمە سیاسییەکان هەر لە ستەمکاریی و دادپەروەرییەوە تا ئەگاتە سیستەمی کۆماریی و دیموکراسییە هاوچەرخەکان پەرۆشی چەسپاندنی ئەو مافە بن و ئەوەش گرنگترین بنەمایە لە بنەما دەستورییەکانی تیۆری سیاسیی هاوچەرخ، هەروەها ئازادیی بنچینەیەکی گرنگیشە بۆ پەیمانی کۆمەڵایەتیی. ئازادیی تاك (هاوڵاتیی) لەم سەردەمەدا یەکێکە لە هاندەرەکانی بەشداریکردنی کارایانەی تاك لە کردەی گەشەسەندن و یەکێکیشە لە گرنگترین ئاماژەکانی تواناداریی بۆ پرۆسەی گەشەسەندن (حەسەن، ٢٠١٢، ١٣).

بەرجەستەترین و دیارترین بەها و ئامانجی لیبراڵیزم ئازادییە، ئەگەر لەسەر بنەمای بەرەوپێشچوونی لیبراڵیزم چەمکی ئازادیی بخەینەڕوو، ئەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە لیبراڵیزمی کلاسیك هاوتەریبە لەگەڵ چەمکی (ئازادیی نەرێنیی) و لیبراڵیزمی نوێش لەگەڵ چەمکی (ئازادیی ئەرێنیی) (پۆلادی، ٢٠٠٧، ١٠٣-١٠٤).

ئازادیی وەك چەمکێکی گرنگی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکان لە زۆرێك لە زانستەکاندا بەکارهاتووە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراووە، ئەم چەمکە بەشێکی بنەڕەتی فەلسەفە پێك ئەهێنێت و لە هزری رامیاری لیبراڵیی دا دیالەکتیکێکی بەردەوام و لێکدانەوەی جیاوازی لەسەرجەم قۆناغەکاندا بۆ کراوە، ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە لە هزری رامیاریی لیبراڵییدا بریتییە لە چەمکی ئازادیی ئەرێنیی و نەرێنیی کە دوو چەمکی بنەڕەتیی و گرنگن لە ڕێبازی لیبراڵیزمدا.

## بەشی دووەم:چەمکی ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی

ئازادیی بنەمایەکی سەرەکیی هزری ڕامیاریی لیبراڵییە، ئازادیی نەرێنیی و ئەرێنیی ١* ماوەی چەندین سەدە بەشێکی دانەبڕوا و بووە لە دیالەکتیکی نێوان بیرمەندانی ئەم ڕێبازە، بە شێوەیەکی گشتیی ئەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە لیبراڵیزمی کلاسیکیی لەگەڵ چەمکی (ئازادیی نەرێنیی)دایە هەروەها لیبراڵیزمی نوێش هاوئاڕاستەیە لەگەڵ چەمکی (ئازادیی ئەرێنیی(.

ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی چەمکی (ئازادیی نەرێنیی) و (ئازادیی ئەرێنیی)، باسی یەکەم مان بە ناونیشانی چەمکی (ئازادیی نەرێنیی) لەپاڵ خستنەڕووی دیدگای (ئایزایا بێرلین) هەر لەم باسەدا دیدگای هەریەکە لە (ئادەم سمس و فردریك فۆنهایك)مان وەرگرتووە، لە باسی دووەم دا کە بە ناونیشانی (ئازادیی ئەرێنیی) لەپاڵ باسکردن و ناساندنی ئەم چەمکە لە ڕوانگەی (ئایزایا بێرلین) دیدگای هەریەکە لە (جۆن ستیوارت میل و تۆماس هیڵ گرین)مان خستووەتەڕوو.

١ * زۆر بیرمەندمی هزری رامیاریی لیبراڵیمان هەیە کە بە روونیی ئاماژەیان بە هەر یەکە لە چەمکی (ئازادیی نەرێنیی) و (ئازادیی ئەرێنیی) کردوە، یەکێك لەو بیرمەندانە بنیامن کۆنستانە ئەم دوو چەمکە وەك ئازادیی رابروو و ئازادیی نوێ ناودەبات لەدوای ئەمیش ئایزایا بێرلین بە روونیی ئەم دوو چەمکە شیدەکاتەوە کە لەم بەشەدا گرنگی تایبەتمان بە هزرەکانی دراوە، بۆ زیاتر خوێندنەوە دەربارەی بنامن کۆنستان بگەڕێرەوە بۆ: سیانی، ئێستێڤانۆ پترۆ، وەرگێرانی:فەرەجی، ئەردەڵان (٢٠٠٤)، سێ چەمك دەربارەی ئازادیی (لیبراڵن دیموکراتیك، سۆسیالستیی)، سلێمانی گۆڤاری نوێبوون، ژمارە(٩).

## باسی یەکەم:چەمکی ئازادیی نەرێنیی

(ئایزایا بێرلین) ئازادیی نەرێنیی ئەبەستێتەوە بە قوتابخانەی کۆنی لیبراڵیزم، بە شێوەیەك، کە لەسەدەی حەڤدە تا بەرایی سەدەی نۆزدەیەم لە بەریتانیا و فەڕەنسا دەرکەوت(بێرلین، ٢٠١٦، ٢٨) ئازادیی نەرێنیی بە واتای بوارێك لە کارکردن و چالاکی تاك کە دەسەڵاتداران و یاساش مافی ئەوەیان نییە رێی لێ بگرن لەو کارەی کە خۆی حەزی لێیەتی بیکات یان ناچاری بکەن بە کردنی کارێك کە خۆی پێی خۆش نییە بیکات. بەگوێرەی دیدگای زاڵ لە نەریتی لیبراڵیی دا (ئازادیی) و (دەسەڵات) دوو چەمکی دژ بەیەکن و هەریەك سەروکاری بە بوارێکی جیا لەوەی تروە هەیە، لەبەرئەوە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن. لەو دیدگایەدا و لەمەڕ پەیوەندیی دوو تاکدا، زیادبوونی دەسەڵاتی هەریەکێکیان بە مانای کەمکردنەوە و داشکاندنی ئازادیی (ئازادیی نەرێنیی) ئەویتریان دێت، بە پێچەوانەشەوە تا یەکێکیان ئازادیی خۆی زیاتر پەرەپێ بدات و فراوانتری بکات ئەوە دەسەڵاتی ئەوەکەی دیکە بەرتەسك و کەمتر ئەبێتەوە(بۆبیۆ، ٢٠١١، ٢٦).

بەرلەوەی کە تێڕوانینی هەریەکە لە (ئادەم سمس) و (فریدریك فۆنهایك) سەبارەت بە چەمکی ئازادیی نەرێنیی بخەینەڕوو پێمان باشە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئایزایا بێرلین لەگەڵ ئازادیی نەرێنیی هاوڕابووە و پشتگیریی ئەکات، چونکە پێی وایە کە ئازادیی ئەرێنیی سەرئەکێشێت بۆ تۆتالیتاریزم و فاشیزم(محەمەد، ٢٠٢١، ٢٥٠).

لێرەدا پێمان باشە تێڕوانینی ئادەم سمس وەربگرین سەبارەت بە رۆڵی حکومەت کە یەکێکە لە دیارترین بیرمەندانی بواری (ئازادیی نەرێنیی) یان باشترە بڵێین لیبراڵیزمی کلاسیك، سمس لە باسکردنی رۆڵی حکومەت لە دەستخستنهناو کاروبارەکانی تاك ئاماژە بەوە ئەدات» لەگەڵ سنووردارکردنی دەستێوەردانی حکومەتە لەکاروباری بازاڕدا لەبەرئەوەی، تاکەکان خۆیان کاروبار و ئامانج و ئارەزوەکانیان باشتر لە هەرکەسێکی تر یان حکومەت ئەزانن، سمس داوا ئەکات تاکەکان ئەبێت ئازاد و بەرپرسیاریەتییان هەبێت کە بڕیار بدەن چۆن مامەڵەکانیان بکەن و کاڵاکانیان بە کێ بفرۆشن»( Otteson, ٢٠١٨, ٦٥).

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە بنەمای هزری ئابووریی ئادەم سمس و بیریارانی لیبڕالیزمی کلاسیك سەبارەت بە ئەرك و رۆڵی دەوڵەت لەم (٣) خاڵە تێ ناپەڕێت:

١- پاراستنی هەر تاکێکە لە ناو کۆمەڵگادا لەتاکەکانی تر یان هەر گروپێك کە بیەوێت هێرش بکاتە سەری، لێرەدا دەوڵەت دەستوەردان ئەکات بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی( Otteson, ٢٠١٨, ٦٥).

٢- پاراستنی دەوڵەت لە هەر دەستدرێژییەکی دەرەکیی و بەرگرییکردن لێی(وزنە، ٢٠٢٠، ٦٢).

٣- پێویستە دەوڵەت گەشە بە کاڵا گشتییەکان بدات و دامەزراوە و پرۆژە گشتییەکان بونیات بنێت و پارێزگاریشیان لێ بکات، چونکە کەرتی تایبەت توانای گرتنەئەستۆی تێچوونی زۆری ئەو پرۆژانەی نییە(عەلی، ٢٠٢٠، ٨٩).

هەروەها لە دوو حاڵەتدا لیبراڵیی کلاسیکی ئابووریی لایان ئاساییە دەوڵەت دەست لە ئابووریی وەربدات ئەو دوو حاڵەتە بۆ کەمکردنەوەی هاوردە و هاندانی هەناردەکردنە کە ئەمانەن(عەلی، ٢٠٢٠، ٨٩):

ا- هەندێك پیشەسازیی تایبەتیی هەن، بۆ ئاسایشی دەوڵەت گرنگن(پیشەسازیی چەك) لەبەر بەرژەوەندی باڵای ئابووریی دەبێ رێگیری لە هەناردەکردنیان بکرێت.

ب- بەرژەوەندی ئابووریی نیشتمانی ئەخوازێت رەسمی گومرگی بەسەر هاوردەی دەوڵەتانی تردا بسەپێنرێت، کاتێك دەوڵەتانی تر بەسەر هەناردەی ئێمەدا ئەیسەپێنن، ئەمە بە مانای هاندانی قۆرخکاریی بازاڕی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بۆ هاوتاکردنی توانای پیشەسازیی ناوخۆیی و بیانییە.

بە شێوەیەکی گشتیی سمس بڕوای بە سیاسەتی بازرگانی ئازاد هەبوو، بڕواشی وابوو کە ئەبێت سیاسەتی دەستێوەردانی حکومەت لە بابەتی ئابووریدا دابەزێت بۆ نزمترین پلە، سوودی تاکەکەسی ڕێنومایی مرۆڤ ئەکات، ئەگەر ڕێگەی بەن ئازادبێت بۆ ئەوەی بە دوای سوودی خۆیدا بگەڕێت ئەوە بۆ کۆمەڵگاش زۆرترین سوودی ئەبێت، بەپێی ئەم بیردۆزە مرۆڤ لە چالاکییەکانی خۆی مەبەستی کردنی کارێکی بێبەرامبەری نییە بۆ هاوڕەنگەکانی خۆی، بەڵام لە سیستەمی ئابووریی جۆرێك هاوئاهەنگی سرووشتیی هەیە، بەڵام وەك ئەوەی دەستێکی شاراوە ڕێنمایی بکات. هاتنەناوەوەی حکومەت تاڕادەیەک لە هەموو بوارەکان ئەم هاوئاهەنگییە تێك ئەدات ئەم بابەتە نەك تەنها کاروباری ناوخۆی وڵاتان ئەگرێتەوە بەڵکو بازرگانی دەرەکیش ئەگرێتەوە. بازرگانیی ئازاد باشترە لە بازرگانیی حکومی بۆ قازانجی هەمووان، سیاسەتی بازاڕی ئازاد یارمەتییدەر ئەبێت بۆ گەیشتن بە لوتکەی سامانی گەلان(بایرس، ٢٠١٨، ٨).

فۆن هایك یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە ئەکرێت ئازادیی نەرێنیی لەبەشێکی زۆری هزرەکانییدا هەستی پێ بکەین، فۆن هایك «دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریی بۆ عەدالەتی دابەشکاریی بە پێچەوانەی بنەماکانی لیبراڵیزم زانیووە، بە شتێکی بێ ئاکامی داناوە« بەشیریە، ٢٠١٢، ١٧٠).

بەپێی تێڕوانینەکانی فۆن هایك بەبێ ئازادیی، تاك سنووردار ئەبێت بەو ڕێگەو ڕێوشوێنانەی کە تەنها لە ڕێگەی حکومەت و دەسەڵاتەوە ڕێگەیان پێدراوە هەر لەبەرئەوەشە خەڵکی نا ئازاد مەودا و توانایان کەمترە لە خەڵکی ئازاد، کە ئەتوانن بگەڕێن و کردارەکانیان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە بێت کە هەیانە لێرەوە تێ ئەگەین، کە مەبەستی هایك ئەوەیە کە سنووردارکردنی ئازادیی تاك ئەبێتە هۆی ئەوەی کەتوانا و لێهاتوەکانیان لەناوبرێت و تەنها لە چوارچێوەیەکی داخراودا بن و نەتوانن بەرەو پێشەوە بڕۆن و گەشە بکەن، هایك ئاماژەشی بەوەشداوە چاوەڕوانی ئەوە ئەکەین کە خەڵك بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان مامەڵە بکەن، مامەڵەکردنی خەڵك بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کۆتاییدا سوودی ئەبێت بۆ هەموو تاکەکان(Boudreaux, ٢٠١٤, ٢٣).

هەروەها هایك جەختیشی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئەو کۆمەڵگانەی کە لەگەڵ ئازادیی ڕاهاتوون زەحمەتە ئامادەبن کە ئاسایش بە و نرخە زۆرەی کە هەیەتی قبووڵی بکەن(Hayek, ٢٠٠٦, ١٣٢)

هایك پێشی وایە «چەندێك زیاتر هەوڵ بدەین کە ئاسایشی تەواو بۆ بازاڕ دابین بکەین بە دەستوەردان لە سیستەمی بازاڕ ئەوەندە کاریگەری ئەبێت بە زیادبوونی نائارامی»(Hayek, ٢٠٠٦, ١٣٤). مەبەستی هاك لەم دەربڕینە ئەوەیە کە دەسەڵات بەهەر بیانوویەك بێت، تەنانەت بە بیانووی دابینکردنی ئاسایش دەست وەرنەدات لە کاروباری بازاڕ لەبەرئەوەی دەستوەردان لە کاروباری بازاڕ وا ئەکات کە نائارمیی درووست ببێت.

هایك لە تێڕوانینەکانی سەبارەت بە ئابووریی بازاڕ جەختیش لەوە ئەکاتەوە کە بەرهەمهێنەرەکان ئەیانەوێت کە ببن بە دەوڵەمەندترین بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێت کە کێبڕکێی یەکتریی بکەن، لەم پرۆسەیەشدا سەرکەوتووەکان دڵخۆش ئەبن و دۆڕاوەکان سزا ئەدرێن بە لە دەستدانی ئابوورییەکەیان و ئەم پرسەش ناوئەنێت سەروەری یاسا (rule of law) کە سیستەمێکی یاساییە کە بێلایەنە و بە یەکسانی بەسەر هەمووواندا جێبەجێ ئەکرێت تەنانەت بەسەر کارمەندانی حوکومەتیشدا هەروەها ئەگەر هەموو کەسێك پابەندی ئەو ڕێسایانە بێت کەس ناتوانێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێت(Boudreaux, ٢٠١٤, ٢٣).

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، کە هایك تێگەیشتووە کە پرسی ئازادیی و ئازادیی بازاڕ پێویستە بە بەردەوامیی نوێ بکرێتەوە دووبارە بونیاد بنرێتەوە، مەبەست لەم تێگەیشتنە ئەوەیە کە بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەکان پرسی ئازادیی گۆڕانی بەسەردا دێت(Boudreaux, ٢٠١٤, ٧٠).

ئازادیـی نەرێنیـی بەشـێکی گرنگـی تێڕوانینـە هزریـەکانی بیرمەنـدانی لیبرالیزمـی کلاسـیك پێـك دەیەنێـت و بـە درێـژای مێـژووی لیبرالیزمیـی کلاسـیك مشـتومڕ و لێکدانـەوەی جیـاواز و تێگەیشـتنی جیاوازیـان هەیـە بـۆ ئـەم چەمکـە بەپێـی بیرمەنـدان و ئـەو بارودۆخـەی کەتیایـدا ژیـاون، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتیی ئەکرێـت ئامـاژە بـەوە بدەیـن کـە چەمـکی (ئازادیـی نەرێنیـی) بەواتـای رەتکردنـەوە یـان رێگرییکـردنی حکومـەت دێـت لـە دەسـتوەردان لەکاروبـارەکانی بـازاڕ و ژیـانی تاکـەکان ئەمـەش لەسـەر ئـەو بنەمـای کـە لیبراڵیـزم لەسـەر بنەمـای تاکگـەرای ئـازاد درووسـتبووە.

## باسی دووەم: چەمکی ئازادیی ئەرێنیی

تێڕوانینـی جیاوازمـان هەیـە سـەبارەت بـە چەمـکی (ئازادیـی ئەرێنیـی) کـە چەمکێـکی بنـەڕەتی هـزری رامیاریـی لیبرالیزمیـی نوێیـە، هەندێـك پێیـان وایـە کـە مەبەسـت لـە ئازادیـی ئەرێنیـی ئەوەیـە کـە دەوڵـەت ئەبێـت بـە دەسـتێوەردانی ئەرێنیـی ئـەو دەرفەتـە بـۆ تاکـەکانی کۆمەڵـگا بڕەخسـێنێت تاوەکـو دەسـتیان بـە ئازادیـی بـگات، هەڵبـەت لـە بۆچـوونی لیبراڵەکانـدا نابێـت تاڕادەیـەك بێـت کـە هەڵسـوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیـان چییـەتی سیسـتەم بگـۆڕێـت، بەپێـی ئـەم تێڕوانینـە کاری دەوڵـەت پێشکەشـکردنی خۆشـبەختییە بـە تاکـەکان نیـە بەڵکـو تەنهـا درووسـتکردن یـان پێکهێنـانی بارودۆخێکـە کـە تاکـەکان بتوانـن تیایـدا بـە لێوەشـاوەیی ولێهاتوویـی خۆیـان بـە دوای خۆشـبەتی خۆیانـدا بگەڕێن(پۆلادی، ٢٠٠٧، ١٠٥) ئـەم جـۆرە دەسـتوەردانە دەسـتوەردانێکی سـنووردارە، بـەڵام بەپێـی تێڕوانینـی (ئایزایا بێرلیـن) واتـای (ئەرێنیـی) بـۆ وشـەی (ئازادیـی) لەسـەر بنەمـای خواسـتی (تاکـە) بەواتـای ئـەوەی کـە تـاك خـۆی گـەورەی خـۆی بێـت و ژیـان و بڕیـارەکانی لـە دەسـتی خۆیـدا بێـت، نـەك هێزێـکی دەرەکیـی، بـە شـێوەیەکی تـر خـۆی بڕیـار لەسـەر کارەکانی خـۆی بـدات نـەك کەسـێکی تـر، ئەمـەش پەیوەنـدی هەیـە بـەوەی، کـە تـاك کەسـێکی عەقڵانییـە و عەقـڵ لـە بوونـەوەرەکانی تـری جیائەکاتـەوە (بیرلـن، ٢٠١٥، ٢٤١)هـەر بەپێـی تێڕوانینـەکانی بێرلیـن لەبەرئـەوەی کـە تـاك کەسـێکی عەقڵانییـە ویسـتی ئـەوەی هەیـە کـە لەسـەر پێکانی خـۆی بوەسـتێت دژی ئەوانـی تر(خەڵـك) ئەگـەر ویسـتیان دەسـتوەردان بکـەن لـە کاروبـارەکانی بۆیـە لـەم روانگـەوە خـۆ دسـپلینکردن توخمێـکی سـەرەکییە لـەلای تـاك(Harrison and Boyd, ٢٠١٨, ٩٣ )

بۆئـەوەی بمانەوێـت بـە شـێوەیەکی زانسـتیی لـە (ئازادیـی ئەرێنیـی) تـێ بگەیـن پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ نووسـینەکانی جـۆن سـتیوارت میـل٢* لەبەرئـەوەی نووسـینەکانی بناغـە داڕێـژەری ئازادیـی ئەرێنییـە، بەپێـی هـزری رامیاریـی میـل بـە تەنهـا پاراسـتنی تـاك لـە رەفتـارەکانی فەرمانڕەوا (خـاوەن دەسـەڵات) لـە کۆمەڵگادا بـەس نییـە بەڵکـو پێویسـتە لـە هەسـتی هاوبـەش و رای گشـتیی پارێـزراو بێـت، پارێـزراو بێـت لـە مەیلـی کۆمەڵـگا بـۆ ناچارکـردنی ئەوانـەی لەگـەڵ رای ئـەودا نیـن، تـا بـاوەڕەکانی پەسـەند بکەن(میـڵ، ٢٠٢١، ٣٠-٣١) . میـل دانـانی سـنوور بـۆ تاکـەکان و کۆمەڵـگا لـە پێنـاو پاراسـتنی ئەوانـی تردایـە بۆئـەوەی کـە زیانیـان بەرنەکەوێـت، دەرئەنجامـی کـردەوەکانی ئـەوانی تـر یـان کۆمەڵـگا(Harrison and Boyd, ٢٠١٨, ٩٣).

کاتێـك کـە ئەڵێیـن دەسـەڵات مـافی ئـەوەی هەیـە کاروبـارەکان رێـك بخـات ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە دەسـەڵات شـتێکی

---

٢ * جـۆن سـتیوارت میـل یەکێکـە لـەو بیرمەندانـەی کـە مشـتومڕێکی زۆر هەیـە لەسـەر ئایدیـاکانی سـەبارەت بـە (ئازادیـی) بەتایبـەت کتێبـە بەنـاو بانگەکـەی (لەبارەی ئازادییـەوە) هەرچەنـد ئـەوە یەکلاکراوەتـەوە کـە جـۆن سـتیوارت میـل بـە بناغـە داڕێـژەری هـزرەکانی ئازادیـی ئەرێنـی هەژمـار ئەکرێـت، بـەڵام مشـتومڕێکی زۆریـش هەیـە لـە سـەر ئـەوەی کـە ئەکرێـت ئازادیـی نەرێنییـش لـە هزرەکانیـدا لەهەمـان کاتـدا هەبێـت، ئایزایـا بێرلیـن یەکێکـە لەوانـەی کـە لێکدانـەوەی زۆری بـۆ ئەمـە کـردووە، بـۆ زیاتـر خوێندنـەوە لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان هـزری رامیاریـی بـە ئازادیـی ئەرێنیـی و نەرێنییـەوە بگەڕێـەوە بـۆ :

Habibi, Don A Negative Liberty Distinction and J.S. Mill's Theory of Liberty, Archives for Philosophy of Law and Social Philosophy, (١٩٩٥), Vol. ٨١, No. ٣, pp. ٣٤٧-٣٦٨.

نەگۆڕ و هەتاهەتایی بێت میل پێی وایە« گەل ئەتوانێت لێپرسینەوە لە فەرمانڕەوا بکات، هەرکات ویستی لەسەر تەخت لای ببات «(میل، ٢٠٢١، ٢٤) بۆ لابردنی خاوەن دەسەڵات میل یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە مافی شۆڕش و دژ وەستانەوەی بەگەل داوە «ناچارکردنی فەرمانڕەوا تا پەیمان بدا بە ناوی ئازادییەکانەوە چەند مافێکی سیاسیی بپارێزێت و دان بەوەدا بنێت پێشێلکردنیان لادانە لە سنوورەکانی ئەرکی فەرمانڕەوایی، ئەگەر فەرمانڕەوا ئەو سنوورانەی بەزاند، ئەوا خەڵك بۆی هەیە بەرەنگاری ببێتەوە، یاخود لێی راپەڕێت و یاخیی بێت»(میل، ٢٠٢١، ٢٤).

هەرچەندە ئایزایا بێرلین ئەو تێروانینەی جۆن ستیوارت میل کە جەختی لەسەر پاراستنی تاکەکان و سەربەخۆبوونیان و دەستوەرنەدان لە کاروباریان وا لێکدایەوە، کە لە ئازادیی نەرێنیە وە نزیك بێت لە رێڕەوی لیبراڵیزمی کلاسیکی (Rodríguez And Muñiz, ٢٠٠٩, ٧٧) بەڵام میل جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەکرێت دەوڵەت دەستوەردان بکات لە هەندێك کاروباری تاکەکاندا، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش میل دوو جۆر رەفتار بۆ تاکەکان دیاری ئەکات(سەعید، ٢٠١٦):.

١- رەفتاری پەیوەست بە خود

٢- رەفتاری پەیوەست بە ئەوی تر

لێرەدا مەبەستی میل ئەوەیە کە ئەو رەفتارانەی کە پەیوەستن بەتاکەوە ئەوە (تاك) مافی رەهای لە ئازادیی و سەروەریی تەواوی هەیە بەڵام ئەو رەفتارانەی، کە پەیوەستن بە ئەوی تر؛ واتە جگە لە تاکەکە کاریگەریی لەسەر ئەوانی تر هەبوو ئەوە حوکومەت یان کۆمەڵگا شەرعیەتی ئەوەی هەیە کە دەستوەردان لە ئازادیی تاکدا بکات بۆ پاراستنی ئەوانی تر.

لە پاش جۆن ستیوارت میل تۆماس هیل گرین کە سەرچاوەی سەرەکیی زۆرێك لە داهێنراوەکانی بەرنامەی لیبراڵییە. یەکەمجار، بە شێوەیەکی رادیکاڵ ئازادیی نەرێنیی و ئازادیی ئەرێنیی لێك جیاکردەوە(ئودارد، ٢٠١٨، ٢٣).

(گرین) لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی (هیگڵیزم)دا بوو هەروەها یەکێك بوو لە دیارترین بیریارانی قوتابخانەی ئایدیالیستی یاخود (هیگڵیزمی نوێ) سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەش لە بنەماکانی رێبازی لیبراڵیزمدا روویاندا ئەم رۆڵی دیار و کاریگەریی هەبوو، گرین ئەو تێگەیشتنەی هیگڵی سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ ئەکاتە بنەمایەك تا بڵێت: ( تاکە کەس کاتێك بوونی خۆی ئەسەلمێنێت کە رۆڵی لەناو کۆمەڵگادا هەبێت) لێرەشەوە ئەگاتە ئەوەی کە ئامانجی رێکخراوی سیاسیی ئەوەیە دەرفەت لە بەردەم هەموو تاکە کەسێکدا بکاتەوە بۆ ئەوەی تا شوێنی گونجاوی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی دا بدۆزێتەوە(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٢٣٠).

هەروەها گرین رەخنەی فراوان لە رێبازی لیبرالیزمی ئابووریی ئەگرێت و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بازاڕ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە وەك هەموو ئەو دامەزراوانەی تر، پێویستە رێك بخرێت و یاسای بۆ دابنرێت تاوەکو بەجۆرێك کار بکات، کە بەرژەوەندی هەمووانی تیادا بێت نەك کەمینەیەك، گرین لە هەزری رەخنەی کۆمەڵایەتیی خۆیشیدا هەنگاوی دوورتری هەڵگرت و گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە رەوایەتیی بداتە دەستوەردانی دەوڵەت، بۆیە ئەو بەمافی دەوڵەتی ئەزانێت، کە یاسا و رێنماییەکان لە بوارەکانی فێرکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئازادیی تاك دابنرێت(ئودارد، ٢٠١٨، ٢٤).

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە گرین رەخنەی لە جۆن ستیوارت میل هەبووە؛ ئەوەی کە (میل) پێشکەشی کردووە زیاتر بەرەو پێشەوەی بردووە، گرین وەك جۆن ستیوارت میل پێی وا نەبوو ئازادیی تەنها بریتی

بێت لەوەی کە ڕێگە بە دەوڵەت نەدرێت دەست لە کاروباری تایبەتیی هاوڵاتیان وەربدات، ئەو ئەمە بە (ئازادیی نەگەتیڤ) وەسف ئەکات ئەمەش بە (ئازادیی پۆزەتیڤ) ئەگۆڕێت کە لای ئەو بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانجێك بۆ مرۆڤ گرنگ بێت و کەڵکی هەبێت. بەم پێیە کۆمەڵگای لیبراڵیی ئەو کۆمەڵگایە کە ئەندامەکانی ئەتوانن بەشی زۆری ئامانجە ڕەواکانیان بێننەدی چ سوودێکی هەیە بە مرۆڤ بڵێین تۆ ئازادییت و پاشان هەڵوێستێکی تەواو سلبی لێ وەرگرین، لە کاتێکدا تێکڕای ئەو هەل و مەرجەی کە لە ئارادایە ئەبن بە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی لەو ئازادییە بەهرەمەند بێت. لەبری ئەمە پێویستە کۆمەڵگا هەلومەرجی لەبار بڕەخسێنێت تا ئازادیی مانایەکی ڕاستەقینەی هەبێت(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٢٣٠-٢٣١).

(گرین) ئەو بۆچوونە کۆنەی ڕێبازی لیبڕالیزمی سڕیەوە کە پێی وابوو دەوڵەت بۆی هەیە دەست وەربداتە بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، بەڵام بۆی نییە لە بواری ئابوورییدا ئەو کارە بکات ئەم دێت دەستکاری ئەم تێزە ئەکات و دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەر بوارێکدا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئازادیی ئەرێنیی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا، بەکارێکی گونجاو دەزانێت ئەمەش هاتنە ئارای دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی٣* لێکەوتەوە(ئیبراهیم، ٢٠٠٧، ٢٣١).

ئەکرێت بۆ ئازادیی ئەرێنیی لێکدانەوەی جیاوازمان هەبێت چەمکی ئازادیی ئەرێنیی بەلای هەندێکەوە ببێت بە هۆی ئەوەی کە تاکەکان خۆیان بە گەورە ببینن، چونکە لێرەدا تاك بە سەنتەر وەرگیراوە وەك لە تێروانینی بێرلین خستمانەڕوو، لە هەمان کاتدا ئەکرێت ئاماژەبەوەش بدەین کە ئەم جۆرە لە ئازادیی یارمەتی تاکەکان ئەدات بۆئەوەی، کە ببنە داهێنەر و خۆیان بەرپرسیاری ڕەفتارەکانیان بزانن وبەرپرسیارێتی هەڵەکانیشیان هەڵگرن.

## دەرئەنجام

لەپاش خستنەڕووی چەمکی لیبڕالیزم و چەمکی ئازادیی بە شێوەیەکی گشتیی و شیکارییکردن بۆ هەریەکە لە چەمکەکانی ئازادیی ئەرێنیی و ئازادیی نەرێنیی لەم توێژینەوەدا گەشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- ئازادیی تاك مافێکی سرووشتیی هەموو کەسێکە و بنەمایەکی سەرەکیی لیبڕاڵییە، بیریارانی ڕێبازی لیبڕاڵیزم بە سەرجەم قوتابخانە و ڕەهەندەکانییەوە گرنگییان بەم چەمکە داوە چونکە ئەمە کرۆکی هزری ڕامیاریی لیبڕاڵیزمە.

٢- چەمکی ئازادیی یەکێکە لەو چەمکە فراوانەی کە ئەکرێت لە دیدگاو ڕەهەندی جیاوازەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت و بخرێتەڕوو.

٣- ئازادیی ئەرێنیی و ئازادیی نەرێنیی دوو بابەتی گرنگن لەهزری ڕامیاریی لیبڕالییدا کە بایەخ و گرنگی زۆریان پێدراوە.

٤- ئازادیی نەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای ڕێبازی لیبڕالیزمی کلاسیکیی کە باوەڕیان بە ئازادیی ئابووریی هەیە و پێیان وایە یارمەتیدەرەوە بۆ گەشەسەندن و زیادبوونی بەرهەمی نەتەوەی نەتەوەکان.

٥- ئازادیی ئەرێنیی هاوتەریبە لەگەڵ هزری ڕامیاری ڕێبازی لیبڕالیزمی نوێ کە دەستێوەردانی حکومەتی لە کاروبارەکاندا دەوستوەردانێکی سنوورداره لە پێناو فەراهەم کردنی ئازادییدایە بۆیە بە کارێکی پەسەند دائەنرێت.

٦- لیبڕالیزم کاریگەری هەبووە لەسەر کرانەوەی عەقڵ و بەرەو پێشچوونی مرۆڤ و شکستپێهێنان بە دەسەڵاتی ڕەها لە ئەورووپادا.

٣ * مەبەست لە دەوڵەتی خۆشگوزەران» واتە سیستەمێکی سیاسی کە دەوڵەت بەرپرسە لە پشتگیریی و پێشکەوتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی ئەزانێت .دەوڵەتی خۆشگوزەران تێیدا ئاسایشی سیاسیی، ئازادیی، تەندرووستیی و کۆمەڵایەتیی پارێزراوە، حکومەت بەرپرسیارە و هەڵدەستێ بە دابینکردنی پێداویستیەکان و ئەرك و بەرپرسیارێتیی ئەگرێتە ئەستۆ..» بۆ زیاتر زانیاریی لەسەر ئەم چەمکە بڕوانە: سدیق، شوان، (٢٠٢٣)، دەوڵەتی خۆشگوزەران چییە، بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٩/١٩: ماڵپەری ئاوێنە، بەردەستە لەسەر بەستەری: https: //
٢٧١٢=auther&٢٠٥٩١=www.awene.com/article?no

## Abstract

Negative and positive freedom have always been the subject of discussion and interpretation by researchers and thinkers, as two important concepts in liberal political thought, which first emerged as an intellectual movement in Europe.This study attempts to answer the question of what negative and positive freedom is in liberal political thought. At the same time, an attempt has been made to answer this question by explaining negative and positive freedom and comparing them. In this context, the concept of freedom, which has different forms and manifestations, has been presented. Liberalism has been interpreted as an intellectual movement that has been constantly improving and renewing itself, from many different perspectives.It is not an easy task to work on the concept of freedom in liberal political thought because on the one hand there are many views and on the other hand the comparison between the concept of positive and negative freedom requires deep analysis , seen descriptive and comparative, In this study, we have concluded that positive freedom and negative freedom as two important elements in liberal political thought are each parallel to some kind of liberalism. Negative freedom is parallel to classical liberalism, but positive freedom is parallel to neo-liberalism.

**Keywords: freedom, liberalism. Positive freedom, negative freedom**

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

فەرهەنگ:

محەمەدی، زاهیر، حاجی زادە، یاسین ، (١٩٩٩)، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

موکریانی، گیو، (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان،چ٢، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

کتێب:

بەشیرییە، حوسێن، (٢٠١٢)، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم(بەرگی دووەم لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم)، و:ناسر ئیبراهیم زادە، چ١، هەولێر: خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

حەسەن، سەمیر ئیبراهیم، (٢٠١٢)، دیموکراسی ئازادی تاك و کۆمەڵگا، سلێمانی: دەزگای والا.

عەلی، فەیسەڵ، (٢٠٢٠)، دەیڤد ریکاردۆ تێڕوانینە ئابورورییەکانی لەمەڕ ئابووریی بازاڕ، دەزگای ڕۆشنبیری جەما عیرفان: چاپخانەی تاران.

مەنتیك، کامەران، (٢٠٠٥)، ئازادی لەنێوان فەلسەفە و یاسادا توێژینەوەیەکە لە فەلسەفەی یاسا و سیاسەت، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

## کتێبی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی:

ئودارد، کاترین ، وەرگێڕانی : محەمەد ،(٢٠١٨)، هاوار و ئەوانی تر لیبرالیزم و نیۆلیبراڵیزم ، سلێمانی، دەزگای ئایدیا :

چاپخانەی حەمدی.

ئیبراهیم، موسا ، وەرگێڕانی : ئەحمەد، شوان، فکری سیاسی خۆرئاوا، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

بایرس، تیرینس، وەرگێڕانی: ئەفشین، ئاگری، (٢٠١٨)، ئادەم سمس، ماڵتۆس، مارکس، ، زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان.

بۆبیۆ، نۆربێرتۆ، وەرگێڕانی: مستەفا، ڕێباز، (٢٠١١)، لیبراڵیزم و دیموکراسی، ، سەنتەری لێکۆڵینەوە و فکری و ئەدەبی نما، چ٢، سلێمانی : چاپخانەی شەهاب.

بێرلین، ئایزایا، (٢٠١٦)، ئازادی و خیانەت لە ئازادی شەش دوژمنی ئازادی مرۆڤ، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی : چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

بەشیریە، حسەین ، وەرگێڕانی: موحەمەدزادە، حسین، دیموکراسی بۆ هەمووان، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

پۆلادی، کەمال ، وەرگێڕانی: خوندل، مەهدی،(٢٠٠٧)، مێژووی ئەندێشەی سیاسی لە ڕۆژئاوا، بەرگی سێیەم، هەولێر : چاپخانەی منارە.

زەکەریا، فواد ، وەرگێڕانی: لەتیف، حسین، تیۆری ئاکار لە لای سپیونزا وەرگیراوە لە کتێبی کۆمەڵێك نوسەر، (٢٠٠٧)، سلێمانی : دەزگای ئایدیا.

میل، جۆن ستیوارت، وەرگێرانی: چیا، محەمەد، (٢٠٠٨)، بنەماکانی لیبرالیزمی سیاسی، سلێمانی : مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان(ی.ن.ك).

میڵ، جۆن ستیوارت، وەرگێڕانی: سوڵتان، (٢٠٢١)، ئاوات ئەحمەد، لەبارەی ئازادییەوە، چ١، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە : چاپخانەی تاران.

وزنە، کامل ، وەرگێڕانی: عەلی، فەیسەڵ، (٢٠٢٠)، ئادەم سمس خوێندنەوەیەکی ئابوری بازاڕ، دەزگای ڕۆشنبیری جەما عیرفان : چاپخانەی تاران.

گۆڤار:

سیانی، ئێستێڤانۆ پترۆ، وەرگێڕانی:فەرەجی، ئەردەڵان (٢٠٠٤)، سێ چەمك دەربارەی ئازادیی (لیبراڵن دیموکراتیك، سۆسیالستی)، سلێمانی، گۆڤاری نوێبوون، ژمارە(٩).

محەمەد، نەبەز، (٢٠٢١)، ئێزایا بێرلین و ئازادی خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ لۆژیانە بۆ ئایدیۆلۆژیای کوشتار، گۆڤاری ئایدیا والا، ژمارە (٣٦)،ساڵی نۆیەم.

محەمەدی، مەجید ، وەرگێرانی: مەعروفی، عەلی،(١٩٩٨)، لیبرالیزم، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە٩، ساڵی دووەم.

ماڵپەڕ:

جەمال، نەوزاد ، ئازادی و بەرپرسیارێت لەدیدی (هێر بێرت مارکۆز)ەدا، ماڵپەری ئەکادیمیا، بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٥/١، بەردەستە لەسە ربەستەری٣uFYIgV/https://bit.ly.

سدیق، شوان، (٢٠٢٣)، دەوڵەتی خۆشگوزەران چییە، بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٩/١٩: ماڵپەری ئاوێنە، بەردەستە لەسەر بەستەری : ٢٧١٢=auther&٢٠٥٩١=https://www.awene.com/article?no

سەعید، ستەم کامیل ،(٢٠١٦)، چەمکی ئازادی لای جۆنستیوارت میل لە کۆنتێکستی کۆمەڵگەی کوردیدا، ناوەندی میلەت بۆ توێژینەوە، بەرواری سەردان ٢٠٢٤/٥/٢٠، بەردەستە لەسەر بەستەری: ٣oWHJF١/https://bit.ly

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

### فەرهەنگ:

الجاسر، ناظم عبدالواجد، (٢٠٠٤)، موسوعة علو السياسة، ط١، بغداد: مركز الدراسات الدولية-جامعة دار مجدلاوى للنشر والتوزيع.

رۆبیرتس، جیۆفر، ئیدواردس، ئلیستار ، ترجمة: الجلبى، سمير عبدالرحيم، (١٩٩٩)، القاموس الحديث للتحليل السياسى، ط١، بيروت : الدار العربية للموسوعا.

### کتێب :

السلمي، عبدالرحيم بن صمايل، (٢٠٠٠)، الليبرالية نشأتها ومجالاتها: مكتبة السلفيون.

عثمان، تارا طه، (٢٠١٣)، النظرية الليبرالية والعلاقات الدولية، السليمانية : مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

کتێبی وەگێردراو بۆسەر زمانی عەرەبی:

بيرلين، ايزايا، الحرية : منشورات دار الكتاب.

زرشناس، شهريار ، ترجمة: الصراف، حسن، الليبرالية، ، ط١ : لمركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية.

هارفى، ديفد ، ترجمة: الامام، معين ،(٢٠٠٨)، الليبرالية الجديدة موجز تاريخي، السعودية : مكتبة العبيكان.

### گۆڤار:

بن عائش، خالد ، (٢٠١٦)، الاتجاه الليبرالي في المملكة العربية السعودية: دراسة نقدية في مقرر مذاهب فكرية معاصرة، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد( ١٦٩ )، الجزء الثاني.

کۆنفرانسی زانستیی:

حنفى، حسن ،(٢٠٠٩)، حرية ام تحرر؟، فى كتاب فلسفة الحرية، اعمال الندوة الفلسفية السابعة عشرة التى نظمتها الجمعية الفلسفية المصرية بجامعة القاهرة، ط١، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

### فەرهەنگ:

Collin, P.H., (2004), DICTIONARY OF POLITICS AND GOVERNMENT, Third edition, London: Bloomsbury Publishing Plc.

Freeman, Samuel,( 2017), Liberalism, Oxford Research Encyclopedia of Politics, Oxford :University of Oxford.

کتێب:

Boudreaux, Donald J, (2014), The Essential Hayek, Canada: Fraser Institute.

Butler, Eamonn, (2015), Classical Liberalism – A Primer, UK: The Institute of Economic Affairs.

Harrison، Kevin and Boyd, Tony , Freedom,(2018) Understanding political ideas and movements A guide for A2 politics students, uk : Manchester University Press.

Hayek, F. A, (2006), The Road to Serfdom, UK :published by Routledge.
Heywood, Andrew, (2003), Political Ideologies An Introduction, 3rd edition, UK.
James,Otteson: (2018), The Essential Adam Smith, Canada: Fraser Institute.

**گۆڤار:**

Dai, Jianzhong,(2009), Discussing on Relationship between Freedom and Authority Comments on the History of Liberalism and John Stuart Mill's, Asian Social Science, Vol. 5, No. 8.
Habibi, Don A.,(1995), Negative Liberty Distinction and J.S. Mill's Theory of Liberty, Archives for Philosophy of Law and Social Philosophy , Vol. 81, No. 3.
Rodríguez, Joaquín And Muñiz, Toubes, FREEDOM OF EXPRESSION FROM THE STANDPOINT OF J. S. MILL'S ON LIBERTY, (2009), Revista Iberoamericana De Estudios Utilitaristas, Vol. XVI/2.

**توێژینەوە:**

Charvet, John and Kaczynska-Nay, Elisa, (2008), Introduction: what is liberalism?, The Liberal Project and Human Rights The Theory and Practice of a New World Order : Cambridge University Press.
Frankel, Jeffrey,(2015), Liberalism, USA : Harvard University.

**ماڵپەڕ:**

Chanley, Jesse and Chanley, Sharon, (2015), What does Freedom Mean?, researchgate, Date of visit: 102024/5/, Avilabile on:
https://www.researchgate.net/publication/278019802_What_does_Freedom_Mean.
The Bush Institute, Freedom Matters WHAT IS FREEDOM?, Gorge w. Bush Presidential center ,Date of Visit 12024/5/ Available on: http://www.freedomcollection.org/news/wp-content/uploads/201503//U1L1_Complete_32615.pdf.

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لە سایەی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی دا

**پ. ی. م. کاروان أورحمان إسماعیل بابان**

**یاسای گشتیی- زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی**

karwan.ismail@uhd.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە باس لە سیستەمی هەڵبژاردن ئەکات لە هەرێمی کوردستان دا. ئەم توێژینەوەیە لەوە ئەکۆڵێتەوە تا چەند دابەشکردنی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ژمارەی شارەکان بەسەر چوار بازنەدا کاریگەریی ئەبێت لەسەر گۆڕینی نەخشەی سیاسیی، تا چەند ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی حزب و لایەنی سیاسیی تازە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفیی و شیکاریی بەکارهێنراوە بۆ وەسفکردنی کاریگەریی سیستەمی یەک بازنەیی لە رابردوودا و شیکاریی یاسای هەڵبژاردن و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی لەسەر هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە هاوشێوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ بە سیستەمی فرەبازنەیی کرا وئەزموونێکی سەرکەوتوی پێشکەش کرد، بە هەمان شێوە ئەم سیستەمە فرە بازنەییە بۆ هەرێمی کوردستانیش گونجاوە، لەبەر ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان هەمان باروودۆخیان هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەم سیستەمی فرە بازنەییە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنی سەربەخۆکان و پارتە بچووکەکان بۆ پەرلەمان بەهۆی ئەوەی دەنگدەر مافی دەنگدانی هەیە لە بازنەیەکی دیاریکراودا لە سنووری پارێزگاکەی خۆی.

**کلییلە وشەکان: پەرلەمان، فرەبازنەیی، سیستەمی هەڵبژاردن، دادگای فیدراڵیی، هەرێمی کورستان.**

Recieved: 18/9/2024
Accepted: 12/10/2024

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی:

بنچینـەی رەوایەتـی بـۆ حوکمداریّتـی و حوکمڕانـی وڵات بریتییـە لـە خواسـت و ئیرادەی گـەل، بۆیـە گـەل بـە شـێوەیەک ئەبێـت ئـەو ئیرادەیـە دەرببڕێـت کـە ئەویـش لـە رێگـەی دەنگـدان و هەڵبژاردنـی نوێنەرەکانـی خۆیـەوە ئەتوانێـت بەرجەسـتەی بـکات. هـەر بۆیـە هەڵبـژاردن بـە یەکێـک لـە دیارتریـن و سـەرەکییترین سـیماکانی هـەر سیسـتەمێکی دیموکراسـیی دائەنرێـت، وە لـە هەمـان کاتـدا هۆکارێـک و ئامرازێکـی گرنگیشـە بـۆ بەشدارییکردنی راستەقینەی گـەل لـە بڕیـاردان و بەڕێوەبردنـی وڵات لـە رێگـەی نوێنەرەکانیانـەوە.

دەسـتووری وڵاتـان هەڵبژاردنیـان وەک یەکێـک لـە پایـە گرنگەکانـی ژیانـی دیموکراسـیی وێنـا کـردووە و بـە بایەخـەوە باسـیان لـێ کـردووە بـە جیـاوازی سیسـتەمەکان و ئەبێـت لـە کاتـی دیاریکـراوی خۆیـدا هەڵبـژاردن بـە رێکارە یاساییەکانی نـاو دەسـتوور یـان یاسـاکان بەرێـوە بچێـت. کـە زۆرینـەی وڵاتـان هـەر خولێکـی هەڵبژاردنیـان بـە چـوار سـاڵ دانـاوە بـۆ دووبـارە کردنـەوەی هەڵبـژاردن. لـە عێـراق دا نوێنەرایەتـی بـە ٤ سـاڵ دیاریکـراوە وەک لـە مـادەی ٥٦ ی دەسـتووری عێـراق دا هاتـووە.

رەنگـە هەندێـک لـە وڵاتـان هەڵبـژاردن تەنیـا بـۆ رووکـەش بکـەن، بـە واتایەکـی تـر تەنیـا بـۆ سـپییکردنەوەی رووی فەرمانـڕەواکان بێـت ئەگینـا هیـچ گۆڕانکارییەکـی جەوهـەری روونـادات، چونکـە پێشـوەختە بڕیـار لەسـەر ئەنجامـەکان دراوە و هەڵبـژاردن تەنیـا پرۆسـەیەکی رووکەشـی بـێ ناوەرۆکـە، هـەر بۆیـە خەڵـک متمانـەی بـەم جـۆرە هەڵبژاردنـە نییـە و هیـچ هیـوا و ئومێدێکـی لەسـەر هەڵناچـن و ناچـن بـە پیـر سـندووقەکانی دەنگدانـەوە و رێـژەی بەشدارییکردنی هاووڵاتیـان زۆر کەمـە.

بـەڵام لـە بەرانبـەردا هەڵبژاردنـی راستەقینە پرۆسـەیەکی هیـوا بەخشـە بـۆ هاووڵاتیـان چونکـە دەسـەڵات دەسـتا و دەسـتی پێدەکرێـت و ئـەو نوێنـەرەی نەیتوانیـوە خزمەتـی خەڵکەکـەی خـۆی بـکات متمانـەی خـۆی ئەدۆڕێنێـت، جارێکـی تـر دەنـگ ناهێنێتـەوە و متمانـەی گـەل بەدەسـت ناهێنێتـەوە، گـەل دەنـگ ئـەدات بـەو کەسـانەی جێـی هیـوا و متمانـەن، هـەر بۆیـە ئەبینیـن لـەم جـۆرە هەڵبژاردنانـەدا خەڵـک بـە ئومێدێکـی زۆرەوە و بـە رێژەیەکـی زۆر بەشـداریی لـە هەڵبژاردنەکانـدا ئەکـەن، چونکـە ئەزانـن چارەنـوس و ئاینـدەی خۆیـان و وڵات لـە رێگـەی سـندوقەکانی دەنگدانـەوە دیـاری ئەکرێـت، گـەل سـندوقەکانی دەنگـدان بـە دادگایـەک ئەزانـن بـۆ دادگاییـک ردنـی ئـەو کەسـانەی کـە جێگـەی ئـەو متمانەیـە نـە بـوون لـە جیاتـی چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتەکانـی هاووڵاتییـان لـە خەمـی خۆیـان و دەورووبەریـان بـوون.

بایەخـی توێژینەوەیـە: بایەخـی ئـەم توێژینەوەیـە تیشـک خسـتنە سـەر جـۆری سیسـتەمی هەڵبژاردنە لـە هەرێمی کوردسـتان هەروەهـا گرنگیـدان بـە یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان ژمـارە (١) سـاڵی ١٩٩٢ و هەموارەکانـی، هەروەهـا بایەخـدان بـە بڕیـاری دادگای بـاڵای فیدراڵیـی ژمـارە (٨٣ / ١٣١ و١٨٥/ فیدراڵیـی/ ٢٠٠٣) لەسـەر بابەتیـی هەڵبژاردنـی هەرێمـی کوردسـتان و یاسـای هەڵبـژاردن، کـە جێگـەی گفتوگـۆ و مشـتومڕێکی زۆرە. وە کاریگەریـی ئـەو بڕیـارە لەسـەر پرۆسـەی هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، دوای ئـەوەی بڕیاریـدا هەڵبـژاردن بـە فـرە بازنەیـی بکرێـت.

کێشـەی توێژینـەوە: یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان کاری بـە سیسـتەمی یـەک بازنەیـی کـردووە، وە هەروەهـا سیسـتەمی کۆتـای کەمینـەکان کـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر کارپێکـراوە بـە هـۆی ئـەم بڕیـارەی دادگاوە گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، هەرێمـی کوردسـتان لـە سیسـتەمی یـەک بازنـەوە بـووە بـە فرە بازنـە، ئەژمارکردنی دەرئەنجامـەکان بـۆ کاندیـدەکان لـەم سیسـتەمەدا بەپێـی زۆرینـەی دەنگـەکان ئەبێـت. بۆیـە کێشـەی توێژینەوەکـە خـۆی لـەوەدا ئەبینێـت کـە ئایا ئـەم سیسـتەمە دوای بڕیارەکـەی دادگا بـەو بنەمـا جیاوازانـەوە تاچەنـد دەتوانێـت گۆڕانـکاری لەدەرئەنجامـی پرۆسـەی

هەڵبـژاردن بـكات، بەئاراسـتەیەك كـە لەسـایەیدا پرۆسـە سیاسـییەكەش نەخشـەیەكی جیاوازتـری لـێ بكەوێتـەوە لـەوەی كـە ئێسـتا هەیـە، یاخـود لەژێـر سـایەی ئـەم سیسـتەمەدا لیسـتی نـوێ سـەرهەڵبدەن كـە بتوانـن دەنگـی خەڵـكی بـەلای خۆیانـدا رابكێشـن جیـاواز لـە حزبەكانـی پێشـوو كـە بـراوەی هەڵبژاردنـەكان بـوون.

ئامانجـی توێژینـەوە: گەیشـتنە بـەو دەرئەنجامـەی ئایـا ئـەم هەڵبژاردنـە بەپەیرەوكـردنی ئـەم سیسـتەمە تازەیـە بـە فـرە بازنەیـی و نەمانـی كۆتـاكان بـەو شـێوەیەی لـە رابـردودا هەبـوو تـا چەنـد كاریگەریـی ئەبێـت لەسـەر نەخشـەی پێكهاتـەی پەرلەمانـی كوردسـتان و لەسـەر پرۆسـەی سیاسـیی لـە هەرێمـی كوردسـتاندا، بـە ئاراسـتەی داهێنـانی نەخشـەیەكی جیاوازتـر لـەو پێكهاتـەیـەی كـە پێشـتر هەبـوو لـە نـاو پەرلەمـان و رەنگدانـەوەی لـە حكومـەت و سیسـتەمی سیاسـیی لـە هەرێمـی كوردستاندا.

گریمانـەی توێژینـەوە: سیسـتەمی نوێـی هەڵبـژاردنی پەرلەمانـی كوردسـتان گۆڕانكاریـی درووسـت ئـەكات لـە نەخشـەی سیاسی هەرێمـی كوردسـتاندا، بـە گریمانـەی ئـەوەی یاسـاكە وەكـو خـۆی جێبەجـێ بكرێـت و دوور بێـت لـە دەسـتێوەردانی حزبیـی و گزییكـردن.

میتـۆدی توێژینـەوە: لەئامادەكـردنی ئـەم توێژینەوەیـەدا سـوود لـە میتـۆدی شـیكاریی و وەسـفیی (المنهـج التحليـلي والوصفـي) وەرگیـراوە بـۆ شـیكردنەوەی ئـەو بڕگـەو مادانـەی نـاو دەسـتووری عێـراق كـە پەیوەندیـدارن بـە بابەتەكەمانـەوە و بـە یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی كوردسـتان ژمـارە (١) سـاڵی ١٩٩٢ و هەمـوارەكانی، هەروەهـا سـوودمان وەرگرتـووە لـە میتـۆدی بەراوردكاریـی (المنهـج المقـارن) بـۆ بەراوردكـردنی بابەتـەكانی نـاو ئـەم یاسـایە بـە یاسـاكانی تـری هەڵبژاردنـەكانی پەرلەمانـی كوردسـتان لـە پێشـوودا.

نەخشـەی توێژینـەوە: وە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـی توێژینەوەكـە هەوڵئەدەیـن بـە پێـی ئـەم نەخشـەیە كار بكەیـن، توێژینەوەكەمـان دابـەش ئەكەیـن بـۆ دوو باسـی سـەرەكیی، لـە یەكەمیانـدا تیشـك ئەخەینـە سـەر گەشـەكردن و پێگـەی هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی كوردسـتاندا ئەویـش لـە دوو تـەوەردا تاوتوێـی مێـژووی سـەرهەڵدانی هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی كوردسـتان و چەمكـی سیسـتەمی هەڵبـژاردن ئەكەیـن، بـەڵام لـە باسـی دووەمـدا چۆنێتـی دابەشـكردنی بازنـەكان و كاریگەریـی لەسـەر پرۆسـەی هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی كوردسـتاندا روون ئەكەینـەوە، تیایدا باسـی سیسـتەمی هەڵبژاردنـی یـەک بازنەیـی و فـرە بازنەیـی و دەرئەنجامەكانـی ئەكەیـن و، بڕیـاری دادگای فیدراڵیـی لەسـەر سیسـتەمی هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی كوردسـتاندا تاوتـوێ ئەكەیـن.

## باسی یەكەم: گەشەكردن و پێگەی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان

هەڵبـژاردن لـە هەرێمـی كوردسـتاندا مێژوویەكـی زۆر دوور و درێـژی نییـە، چونكـە پێـش راپەڕینـی كۆمەڵانـی خەڵكـی كوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٩١ دا لـە عێراقـدا هەڵبژاردنـی راسـتەقینە بوونـی نەبـوو، ئـەوەی هەبـوو تەنیا متمانەدانـەوە و بەیعەتـدان بـوو بـە سـەرۆكی ئـەو كات و حكومەتەكـەی، لـە ژێـر فشـاردا خەڵكیـان ناچـار ئەكـرد بـڕوات بـۆ دەنگـدان و تاكـە حـزب و تاكـە سـەركردە كـۆی دەنگەكانـی بەدەسـت ئەهێنـا، بـەڵام لـە دوای سـاڵی ١٩٩١ گۆڕانكاریـی روویـدا لـە باروودۆخـی عێـراق بـە گشـتیی و هەرێمـی كوردسـتان بـە تایبەتیی. لـەم روانگەیـەوە ئـەم باسـە دابـەش ئەكەیـن بـۆ دوو تـەوەر لـە یەكەمیـان دا بـاس لـە سـەرهەڵدان و خولەكانـی پەرلەمـان و هەڵبژاردنـەكان ئەكەیـن وە لـە تـەوەری دووەمیشـدا بـاس لـە سیسـتەمی هەڵبـژاردن ئەكەیـن لـە كوردسـتاندا.

تەوەری یەكەم: مێژووی سەرهەڵدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان

لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی نێوان عێراق - ئێران، شاڵاوە سەربازییەكانی سوپای عێراق بۆ ناوچە ئازادكراوەكان بە فراوانی دەستی پێ كردەوە، پرۆسەی سەربازیی ئەنفال لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێكردبوو هەتا وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێران لە هەمان ساڵدا بە شێوەیەكی دڕندانەتر و لەو ناوچانەی كوردستان كە هێشتا هێزی پێشمەرگە بەرگریی لێ ئەكرد وەكو ناوچەكانی دەشتی هەولێر و بادینان هەڵمەتەكانیان چڕتركردەوە و زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندی كوردستانییان وێرانكرد و زیاتر لە ١٨٠٠٠٠ خەڵكی سڤیلی كوردیان بێ سەر و شوێنكرد.

پاشان سوپای عێراق لە ٢/ ٨/ ١٩٩٠ كوەیتی داگیركرد و بە بڕیارێك وەكو پارێزگایەك لكێنرا بە عێراقەوە، بەمەش هەلومەرجێكی سیاسیی نوێ لە ناوچەكەدا سەریهەڵدا. بۆ یەكەمجار لە مێژووی خەباتی گەلی كوردستان لە عێراقدا، بەرەی كوردستانی بەپشتیوانیی و بەشداری ی جەماوەری كوردستان توانیان لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشێكی زۆری خاكی كوردستانی عێراق ڕزگار بكەن.

ماوەی مانگێك هەموو شارە گەورەكانی كوردستان لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەڕیوودا بوون، بەڵام ڕژێمی عێراقی هێرشی هێنایەوە سەر كوردستان و شارە گەورەكانی كەركوك و سلێمانی و هەولێر و دهۆكی بە زەبری هێز داگیركردەوە. بۆرزگار بوون لەو شاڵاوە گەلی كوردستان بە هەموو پێكهاتەكانیەوە، لەكۆڕهوێكی ملیۆنییدا بەرەو ناوچە سنووریەكانی ئێران و توركیا كۆچییان كرد. دواتر لەسەر پێشنیازی فەرەنسا و بەپشتیوانی ئەمریكا و بەریتانیا، بڕیاریان دا بە جێگیركردنی هێزێكی ١٣٠٠٠ كەسیی لە هێزی هاوپەیمانان بۆ ئەوەی كارە مرۆییەكەیان لە كوردستانی عێراق بكەن، كە بریتی بوو لە گەیاندنی فریاگوزارییەكان بۆ ئەو كەسانەی پێویستییان پێیەتی لە ئاوارەكان و ڕێخۆشكردن بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و زێدی خۆیان. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بڕیاری ٦٨٨ی دەركرد، هەروەها سەرۆكی ئەوكاتەی ئەمریكا جورج بوش، لە ٢٢/ ٨/ ١٩٩٢ بڕیاری ناوچەی ئارامی لە خوارووی عێراق بۆ پاراستنی دانیشتوانی شیعە ڕاگەیاند، هەریەكە لە واشنتۆن و پاریس و لەندەن، ناوچەی دژە فڕینیان ڕاگەیاند. ناوچەی پەناگەی ئارام (Safe Haven) لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٩٢ بۆ كورد درووست كرا، لە ئەنجامدا هێزەكانی عێراق بە پێی بڕیارەكە دوورخرانەوە بۆ خوار هێڵی پانیی ٣٦ وە ناوچەی دژە فڕین (No Fly Zone) ڕاگەیەنرا لە سەرووی هێڵی پانیی ٣٦.

لە كۆتایی مانگی تشرینی یەكەم ساڵی١٩٩١ دوای ئەوەی حكومەتی عێراق بڕیاریدا بە كشانەوەی هەموو یەكە كارگێرییەكانی خۆی لە ناوچە كوردییەكاندا، بەرەی كوردستانیی وەكو دەسەڵاتێكی دیفاكتۆ جێگای گرتەوە وەك دەسەڵاتێكی شۆڕشگێڕ (كە بە شێوازی دەستووریی و یاسایی نەهاتبووە سەركار) وە بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییی دەسەڵاتە كارگێریی و یاساییە، پێویست بوو لەسەری باسی هەڵبژاردن بكات و شەرعییەتەكە بگۆڕێ بۆ شەرعییەتی یاسایی، لەسەر ئەم بنەمایە یاسای هەڵبژاردنی دەركرد و كردیو، هەروەكو ئەوەی دەسەڵاتەكانی هاوپەیمانان دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق هەیانبوو لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی عێراق.

لە ڕۆژی ١٩ ئایاری ساڵی ١٩٩٢ بە چاودێریی نێودەوڵەتیی هەڵبژاردنێكی گشتیی جێبەجێ كرا و دەسەڵاتێكی خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆ لە كوردستان پێكهێنرا، هەرسێ دەسەڵاتەكەی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەریی دامەزراند، دەسەڵاتی یاسادانان بەشێكی زۆری یاساكانی ڕژێمی عێراقی هەڵوەشاندەوە وكۆمەڵێك یاسا و ڕێنمایی تازەی دەركرد. بەپێی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندییە یاساییەكان لە نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی ناوەندا ڕێكخرا. كە دواتر لە یەكەم دەستووری عێراقی دوای ڕوخانی ڕژێمی

پێشوو جەختكرایەوە لەسەر ئەوەی كورد مافی نەتەوەیی خۆی هەبێت لە ناو عێراقدا، ئەویش بە پێی مادەی ٥٣ یاسای كارگێڕیی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤.
لە هەرێمی كوردستاندا پێنج خولی هەڵبژاردن جێبەجێ كراوە، بە پێویستیی ئەزانین لەم كورتە مێژووییەدا باسێك لە سیستەمی هەڵبژاردن بكەین لە هەر پێنج خولەكەی پەرلەمانی كوردستان:

١- خولی یەكەمی پەرلەمان (١٩٩٢ - ١٩٩٤).
هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان و رابەری گشتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان، لەرێگای دەنگدانی گشتی ونهێنی و راستەوخۆ سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی، لە ١٩/ ٥/ ١٩٩٢ بەبەشداری نزیكەی یەك ملیۆن دەنگدەر، كە نوێنەرایەتی زیاتر لەسێ ملیۆن و نیو هاولاتیان دەكرد كرا.
لەم هەڵبژاردنەدا ٧ لیست بەشداریی هەڵبژاردنەكانیان كرد. بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەر حزبێك ئەبوایە ٧٪ دەنگەكان بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی كورسیەكی پەرلەمان مسۆگەر بكات.
بە پێی یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان، ٥ كورسیی بۆ مەسیحییەكانی كوردستان تەرخان كرا، كە چوار ئەندامیان لە لیستی بزوتنەوەی دیموكراتی ئاشووریی و یەک ئەندامیش بۆ لیستی یەكگرتووی مەسیحییەكانی كوردستان و، پێنج كورسیی بۆ توركمان تەرخان كرا، كە پاڵێوراوانی توركمان كێبڕكێی لەسەر ئەكەن، هەروەها یەک كورسیی بۆ ئەرمەن تەرخان كرا.
لە یەكەم هەڵبژاردنی كوردستانەوە رەچاوی رێژەی ژنان كراوە بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان، هەر كیانێكی سیاسیی لە هەرێمدا بۆی هەبوو لیستێكی تایبەت بە ناوی پاڵێوراوەكانی خۆی هەبێت بەو مەرجەی رێژەیەک لە ژنانی تێدا بێت كە لە (٣٠٪) كەمتر نەبێت، وە ناوی پاڵێوراوەكان بە شێوەیەک ریزبەندكرابن كە نواندنی رێژەی ژنان لە پەرلەماندا مسۆگەر بكات، بە مەرجێک ژمارەی پاڵێوراوەكان لە هەر لیستێكدا لە (٣) پاڵێوراو كەمتر نەبێت. وە لە حاڵەتی نەهاتنە دی ی ئەو رێژەیەی كە دانراوە بۆ ژنان ئەوا ژمارەی پێویستیی ژنان لە نێوان براوەكاندا بە پێی زۆرینەی دەنگ كە بەدەستیان هێناوە ژنان پێش ئەخرێن بۆ تەواوكردنی ئەو رێژەیە.
خولی هەڵبژاردنی یەكەم لە رووی دەستورییەوە پێی ناوترێت ( دەسەڵاتی دامەزرێنەر) تەنیا خولی هەڵبژاردنی یەكەمە، (دەسەڵاتی دامەزرێنەر) ئەوەیە كە یەكەمجار دەستوور دائەنێت، بەڵام ئەگەر وای دابنێین كە یاسای هەڵبژاردن یاسایەكە سرووشتی دەستووریی هەیە لەم روانگەیەوە ئەشێ بە (خوازەیی) پێی بوترێت دەسەڵاتی دامەزرێنەر نەک بە شێوەیەكی راستەقینە.
جێی سەرنجە لە ساڵی ١٩٩٤ بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆوە پەرلەمانی كوردستان نەیتوانی درێژە بە كارەكانی خۆی بدات.
پێمان وایە دیاریكردنی ئەو رێژەیە بۆ ژنان گۆڕانكارییەكی جۆری بوو لە پرۆسەی سیاسیی و دیموكراسیی هەرێمی كوردستاندا، كە پێشتر و لە ناوچەكەدا ئەو رۆڵ و گرنگییە نەدرابوو بە ژنان.

٢- خولی دووەمی پەرلەمان (٢٠٠٥ – ٢٠٠٩).
شەڕی ناوخۆ لە ٢/ ٥/ ١٩٩٤ هەڵگیرسا بەو هۆیەوە نەتوانرا هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان لە كاتی خۆیدا بكرێت. تەشەنەسەندنی گرژیی و ئاڵۆزییەكانی ناوخۆ و زیاد بوونی مەترسیەكان بۆ سەر سیستەمی

سیاسیی کوردستان سەرەنجام پەرلەمانیش بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ و بۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانی ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. خولی یەکەمی پەرلەمان بەهۆی لێکەوتەکانی ئەو شەڕەوە، سێ جار تەمەنی درێژکرایەوە، تا لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥دا هەڵبژاردنی خولی دووەم ئەنجامدرا.

ڕۆژی ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥، هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کرا کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

لەم هەڵبژاردنەکەدا ١٣ لیست و قەوارەی جیاواز بەشدارییان کرد کە بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەڕێوە چوو دەنگدان بە لیستی داخراو بوو، وە هەرێمی کوردستان بە یەک ناوچەی دەنگدان دانرا. تیایدا یەك ملیۆن و ٧٥٣ هەزار و ٩١٩ کەس لە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و موسڵمان و مەسیحیی و ئێزدیی بەشدارییان کرد و ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانیش لە ١٠٥ کەسەوە بەرزکرایەوە بۆ ١١١ ئەندام، لێرەوە سەرەتایەکی نوێ لە هاوکێشەی هێز لە هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، بە شێوەیەك هەردوو پارتی دەسەڵات زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانی کوردستانیان گرتەدەست (٨٩٪ی دەنگەکانیان بەدەست هێنا) کە ئەیکردە ١٠٤ کورسی پەرلەمان، لە ئەنجامدا ٣ لیست لە کۆی ١٣ لیست توانییان بگەنە پەرلەمان، ئەوانیش لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان کە (١٠٤) کورسیی و لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان عێراق (٦) کورسیی و لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەربەخۆکان (١) یەك کورسییان بەدەست هێنا.

پێمان وایە زیادکردنی کورسییەکان بۆ ١١١ کورسیی لەسەر بنەمایەکی زانستیی یان ژمارەی دانیشتوان زیاد نەکرا و، نەیتوانی لە پەرلەمانی کوردستاندا بەشداریی ڕاستەقینە بۆ پێکهاتەکان بهێنێتە دیی.

٣- خولی سێیەمی پەرلەمان (٢٠٠٩ - ٢٠١٣).

ڕۆژی ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٩ هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو کە تێیدا ٢٤ لیست و قەوارەی جیاواز بەشدارییان تێداکرد بۆ کێبڕکێ لەسەر ١١١ کورسیی پەرلەمان، تیایدا ١١ لیست توانییان ڕێژەی یاسایی بە دەستبهێنن و ببنە خاوەنی کورسی پەرلەمانی، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی سێیەمدا، هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێمیش بەڕێوەچوو. هەروەها ١١ کورسیی بۆ کۆتان تەرخانکرا. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق نوسراوێکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە و تیایدا ڕاستاندنی کۆتایی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە کردووە. لەم هەڵبژاردنەدا ئۆپۆزسیۆن ژمارەیەکی بەرچاو کورسیی پەرلەمانی بە دەستهێنا.

لەم هەڵبژاردنە سیستەمی هەڵبژاردن بە لیستی داخراو بوو هەر وەکو هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥. هەر حیزبێکیش ئەبوو ٣٠٪ پاڵێوراوەکانی ژن بن. وە مەرجی تەمەن بۆ خۆپاڵاوتن ٢٥ساڵی بوو، ئەبوو پاڵێوراو بە چاکی خوێندن و نووسین بزانێت. هەروەها کورسیی کۆتاکان بە ١١ کورسیی دیاریکرا هەر یەکە لە تورکمان ٥ کورسیی و کلدان و سریان و ئاشوور پێکەوە ٥ کورسیی، کورسییەکیش بۆ ئەرمەن. وە هەرێمی کوردستان لە رووی بازنەی هەڵبژاردنەوە بە یەک بازنەیی و ژمارەیەک ناوەندی دەنگدان دانرا.

پێمان وایە لەم خولەی پەرلەماندا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر پێکهاتە و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەماندا هات، یەکەمجار بوو ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بچێتە پەرلەمانەوە و ڕۆڵ و کاریگەریی هەبێت لەسەر گۆڕانی ژمارە و ڕێژەی دەنگەکان و کورسیی لیستەکان بە گشتیی، هەروەها کورسیی کۆتاکانیش بە گۆڕانکارییەکی تر دائەنرێت کە کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی پەرلەمان هەبوو. بەڵام لە رووی سیستەمی هەڵبژاردنەوە هەر هەمان شێوەی هەڵبژاردنی پێشوو

بـوو، لـە رووی بازنـەی هەڵبـژاردن و کورسـیی کۆتاکانـەوە.

٤- خولی چوارەمی پەرلەمان (٢٠١٣ - ٢٠١٨).

بـە فەرمانـی هەرێمـی ژمـارە (٥٠) لـە رۆژی (١٨/ ٤/ ٢٠١٣) سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان رۆژی ٢١/ ٩/ ٢٠١٣ دیاریکـرد وەك کاتـی سـازدانی هەڵبژاردنـی خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان – عێـراق و هەڵبژاردنـی سـەرۆکی هەرێـم چونکـە ویلایەتـی سـەرۆکی هەرێمیـش لەهەمـان وادە کۆتـای ئەهـات وە بـە پێـی یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم هاووڵاتیانـی کوردسـتان – عیـراق، سیسـتەمی هەڵبژاردنـی سـەرۆک بـە دەنگدانێکـی گشـتیی و نهێنیـی و راسـتەوخۆ، سـەرۆکێک بـۆ هەرێـم هەڵدەبژێـرن کـە لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆ و ئاسـتی دەرەوەش نوێنەرایەتییـان دەکا و بـە ناویانـەوە دەدوێـت و هەماهەنگـی لـە نێـوان دەسـەڵاتە فیدراڵییـەکان و دەسـەڵاتەکانی هەرێمـدا دەکات.

لـە ٢١/ ٩/ ٢٠١٣ پرۆسـەی هەڵبژاردنـی خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـە پێـی یاسـای ژمـارە (١٥) سـاڵی ٢٠١٣ یاسـای هەموارکـراوی پەرلەمانـی کوردسـتان ژمـارە (١) سـاڵی ١٩٩٢ هەموارکـراو بەسیسـتەمی نیمچەکـراوە بـە دەنگدانـی نهێنیـی و راسـتەوخۆ بـە سیسـتەمی نوێنەرایەتـی رێژەیـی بەرێوەچـوو، بـە سیسـتەمی یـەک بازنەیـی، کـە تیایـدا (٣١) لیسـت بەشـداری پرۆسـەکەیان کـرد و سـەرەنجام (١٧) لیسـت توانیـان سـەرکەوتن بەدەسـتبێنن.

پێـمان وایـە لـەم خولـەدا گۆڕانکارییەکـی بەرچـاو روویـەدا، ئۆپۆزسیۆن چونـە دەسـەڵاتەوە، ژمارەیەکـی کـەم دەنگـی نـاڕازی لەپەرلەمـان هەبـوو، ئارامییەکـی رێژەیـی لەپەرلەمـان بـە دیـی ئەکـرا، بـە بـەراورد بـە خولـی پێشـووی پەرلەمـان.

٥- خولی پێنجەمی پەرلەمان (٢٠١٨- ٢٠٢٢)

بـە پێـی مـادەی یەکـەم برگـەی یەکـەم لـە یاسـای ژمـارە (٢)ی سـاڵی ٢٠١٧ ی یاسـای دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکایەتی هەرێـم بەسـەر دامـەزراوە دەسـتورییەکانی هەرێـم، سـەرۆک وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان بـە مەرسـومی ژمـارە ١ ی سـاڵی ٢٠١٨، رۆژی ٣٠/ ٩/ ٢٠١٨ دیاریکـرد بـۆ بـە رێوەچونـی هەڵبژاردنـی خولـی پێنجەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان.

بـە پێـی راگەیەنـراوی کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسـیی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا (٣٠٨٥٤٦١) هاوڵاتـی مافـی دەنگدانیـان هەبـوو. لـەو ژمارەیـە ١٨٤٥٩٧٩ هاوڵاتـی بەشـداریی پرۆسـەی دەنگدانیـان کـرد کـە رێـژەی بەشـداریی هاوڵاتیـان ئەیکـردە ٥٩٪. لـەو هەڵبژاردنـەدا ٢٩ لیسـت بەشـداریی هەڵبژاردنییـان کـرد، لـە ئەنجامـدا ١٦ لیسـت توانیـان کورسـیی پەرلەمـان بەدەسـتبهێنن. ئـەم هەڵبژاردنـە بـە پێـی یاسـایەك ئەنجـام درا کـە لـە سـاڵی ٢٠١٣ دا هەمـوار کراوەتـەوە (یاسـای ژمـارە ١٥ی سـاڵی ٢٠١٣) کـە ئەمـە حەوتـەم هەموارکردنـەوەی یاسـای هەڵبـژاردن بـوو. پشتبەسـت بـە یاسـاکە هەڵبـژاردن بـە پێـی سیسـتەمی لیسـتی کـراوەی سـنووردار بەڕێـوە چـوو، لـە یـەک بازنـەی هەڵبژاردنـدا.

بـە رێوەچونـی ئـەم هەڵبژاردنـە بـە پێـی یاسـایەک کـرا کـە حـەوت جـار هەمـوار کراوەتـەوە، پێـمان وایـە ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو یاسـایە نەیتوانیـوە بـە پێـی پێویسـتەکان و باروودۆخـی کوردسـتان هەنـگاو بنـێ. چونکـە پێنـج هەڵبژاردنـی پـێ کـراوە بـەڵام حـەوت هەمـواری بـە خۆیـەوە دیـوە ئەمـەش نیشـانەیە لەسـەر هەنـگاو نەنـان پـێ بـە پێـی گۆڕانکارییـەکان.

هەڵبژاردنـی خولـی شەشـەم ئەبوایـە لـە سـاڵی ٢٠٢٢ بکرێـت بـەڵام نەکـرا و لـە مـاوەی دوو سـاڵی رابـردودا سـەرۆکی هەرێـم چەندیـن کاتـی جیـاوازی دیاریکـرد بـۆ ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن بـەڵام بـە هـۆکاری جیـاواز و ناکۆکیـی سیاسـیی نێـوان لایەنـەکان لەسـەر یاسـای هەڵبـژاردن و گۆڕانکاریـی لـە ژمـارەی کورسـییەکانی پەرلەمـان و کۆتـاکان هەڵبـژاردن نەکـرا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێنج جار مەرسومی دەرکردووە و وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیی دیاریکردووە.

## تەوەری دووەم: چەمکی سیستەمی هەڵبژاردن

لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا دەستوورێکمان نییە کە سیستەمی هەڵبژاردنی دەستنیشان کردبێت، تەنها یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢) هەیە کە پشتی پێ ببەسترێت بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، دیارە ئەویش بێ کەموکوڕی نییە هەر بۆیە چەندین جار هەموارکراوەتەوە. دواجار دادگای باڵای فیدراڵیی بڕیاری هەڵوەشانەوەی هەندێک لە هەموارکردنانەی دەرکرد.

مەبەست لە سیستەمی هەڵبژاردن هەموو ئەو یاسایانە ئەگرێتەوە کە پرۆسەی هەڵبژاردن رێکئەخات، هەر لە یاسای حزبەکان بۆ رێگای ئەژماری دەنگەکان و وەرگێڕانی بۆ کورسیی پەرلەمانی، وە شێوازی کارتی دەنگدان. هەروەها سیستەمی هەڵبژاردن بە ئامرازێکی سیاسیی دائەنرێت کە یارمەتیدەرە بۆ دانانی پەیکەری سیستەمی سیاسیی وە لەو رێگایەوە ئەتوانرێت کاریگەریی لەسەر نەخشەی حزبەکان و ژمارەی حزبەکان دابنرێت. بۆ نموونە سیستەمی زۆرینە هاندەرە بۆ دەرکەوتنی سیستەمی دوو حزبیی وەکو بەریتانیا و ئەمریکا، لە کاتێکدا سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی یارمەتییدەرە بۆ فراوانکردنی نەخشەی حزبیی و دەرکەوتنی هاوپەیمانێتیی، ئەو هاوکێشەیەی بەکاردێت لە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی بۆ دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان ئەکرێت وا ئاراستە بکرێت بۆ بەرژەوەندی یان لە دژی حزبە بچووکەکان یان حزبە گەورەکان. هەر لەو سیستەمی هەڵبژاردنەدا چۆنێتی نوێنەرایەتی کەمینەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران دیاری ئەکرێت، تەنانەت هەر بەو سیستەمە بێ بەش ئەکرێن لەم مافە ئەویش لە رێگەی فێڵێکی یاساییەوە وەکو دیاریکردنی رێژەیەکی بەرزی دەنگەکان کە ئەبێت بیهێنن بۆ ئەوەی بچنە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە.

سیستەمی هەڵبژاردن بە بنەمای پرۆسەی هەڵبژاردن دائەنرێت، بەڵام جیاوازە لە مافی هەڵبژاردن، مافی هەڵبژاردن و رێکخستنی پرۆسەیەکی پێشوەختەی سیستەمی هەڵبژاردنە کە پەیوەندیی هەیە بە مافی دەنگدان و بەکارهێنانی ئەو مافە دەستوورییەوە، بەڵام سیستەمی هەڵبژاردن هەر لە سەرەتاوە رێوشوێنی هەڵبژاردن و ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دیاری ئەکات، پرۆسەیەکی هونەرییە بۆ رێکخستنی مافی تاک لە پیادەکردنی ئەو مافەی هەیەتی بۆ هەڵبژاردن. سیستەمێکی هەڵبژاردنی نموونەیی نییە بۆ هەموو سیستەمە سیاسییەکان بگونجێت تا سیستەمی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی جیهان دیاری بکرێت، ئەو سیستەمە هەڵبژاردنەی لە وڵاتێکدا سەرکەوتووە ئەوەیە کە بۆ ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی کۆمەڵگاکەی گونجاوە و لە ئاستی چاوەڕوانی دەنگدەرەکانیەتی مەرج نییە هەمان نموونە لە وڵاتێکی تر هەمان سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

رەنگە سیستەمێك بۆ دەوڵەتێك گونجاو بێت و رێژەیەکی گونجاو لە دیموکراتێتیی یان سەقامگیریی سیاسیی مسۆگەر بکات بەپێی بارودۆخی بابەتیی و خۆیی دەوڵەتەکە. بە پێچەوانەوە پەیوەندیی نییە بە برگەکانی یاسای هەڵبژاردنەکان و رێگاکانی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن و نوێنەرایەتییکردن، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە پێکهاتەی کۆمەڵگە و سایکۆلۆجیای رەفتاری هەڵبژاردنی خەڵکەوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە سیستەمی هەڵبژاردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، تەنانەت لەناو وڵاتێکیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی تر جیاوازە.

پرۆسەی هەڵبژاردن بەپێی چەند سیستەمێك بەڕێوە ئەچێت، مەبەست لەو سیستەمە جیاوازانە رێکخستنی

پرۆسەی هەڵبژاردنە لە بوارەکانی دیاریکردنی دەنگدەر و پاڵێوراوان و جیاکردنەوەی دەنگەکان و دیاریکردنی براوەی پرۆسەی دەنگدان.

سیستەمەکانی هەڵبژاردن گوزارشت لەو ڕێگایانە ئەکەن کە بە هۆیانەوە دەنگدەر را و بۆچونی خۆی دەرئەبڕێت لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیدا، ئەمەش ئەو ڕێگەیەیە کە ژمارەی دەنگەکان لە هەڵبژاردندا ئەگۆڕێت بۆ کورسیی لە دامەزراوە هەڵبژێراوەکاندا.

جۆراوجۆری لە پێکهاتەی هەرێمی کوردستان لە رووی رۆشنبیریی وئایینیی و ئاینزایی و نەتەوەیی هەروەها کاریگەریی عەشرەتگەرایی لەسەر کۆمەڵگا، هۆکارن و کاریگەریی گەورەیان لەسەر ژیانی کۆمەلایەتیی و سیاسیی هەرێمی کوردستان هەیە، دیاریکردنیی هەر سیستەمێکی هەڵبژاردن پێویستە ڕەچاوی ئەو بارووذۆخ و فرە رەنگییە بکرێت تا پرۆسەی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بێت. هەروەها پێویستە ڕەچاوی هەموو ڕەنگە جیاوازەکان بکرێت بۆ مسۆگەرکردنی رەوایەتیی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە تا سەرکەوتوو پەسەندکراوبێت لای هەموان.

سیستەمی هەڵبژاردن کە پەیڕەو ئەکرێت و پشت ئەبەستێت بە شێوازێکی ئەژمارکردن بە پێی یاسایەک، ئەوە بڕیارێکی سیاسییە لە لایەن ئەو دەسەلاتدارە سیاسییانەوە دائەنرێت کە زاڵن بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردندا خاوەن بڕیارن لە ناو دەوڵەتدا، تا بەرجەستەی کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفیی و ئایدۆلۆجیی و بەرژەوەندی سیاسیی بکەن کە بە دەقی یاسا و حوکمی یاسا دایانڕشتووە و بە هۆیەوە دەسەلاتیان گرتۆتە دەست، نەک بە هۆی رۆڵی هاونیشتیمانیان لە بەشداریی سیاسیی چالاک و کاریگەر کە ڕەگەزەکانی حوکمی دیموکراسیی بچەسپێنێت، بۆیە ئەوترێت خەوشی گەورەی سیستەمی هەڵبژاردن ئەوەیە کە گەمەیەکە بە دەستی حزبە گەورەکانەوە وبەکاریئەهێنن بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەردەسەلات، هەر بۆیە زۆرینەی هاونیشتمانییان بێ هیوا بوون لە بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن و گۆڕانکاریی، ئەوەش بۆتە هۆی کەم بوونەوەی ڕێژەی بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، بۆیە گرنگە هیوا بگەڕێنرێتەوە بۆ خەڵک و گۆڕانکاریی لە سندوقەکانی دەنگدانەوە رووبدات، ئەویش لە ڕێی دانانی سیستەمی هەڵبژاردنی باشترەوە.

لە عێراقدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کار بە سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کردووە، ئەم سیستەمە ڕێخۆشکەرە بۆ هەموو حزب وهاوپەیمانێتییەکان چەند کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنن بە پێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردن بەدەستیانهێناوە، وە ڕێگەی داوە بە حزبە بچووکەکان بتوانن لە هەڵبژاردندا سەربکەون، ئەم سیستەمە بە (سانت لیگۆ) ناسراوە کە لە داهێنانی زانای نەرویجی سانت لیگۆیە، یەکەمجار ساڵی ١٩٥١ لە نەرویج و سوید جێبەجێکرا، بۆ ئەژمارکردنی دەنگەکان لەم سیستەمەدا ژمارەی دەنگەکانی قەوارە سیاسییەکان دابەشئەکرێت بەسەر ژمارە تاکەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١... تادوایی بە پێی ژمارەی کورسییەکان) لەو قەوارە سیاسییەوە دەستپێئەکرێت کە زۆرترین دەنگی هێناوە پاشان ئەو قەوارەیەی دوای ئەو کە دەنگی کەمتری بەدەستهێناوە و بەو شێوەیە تا کۆتایی.

ئەتوانین بە نموونەیەکی گریمانەیی شی بکەینەوە، چوار قەوارەی بەشداربوو ئەم دەنگانەیان بەدەستهێنا:

قەوارەی یەکەم: ٧٠٠٠٠

قەوارەی دووەم: ٣٥٠٠٠

قەوارەی سێیەم: ٢٦٠٠٠

قەوارەی چوارەم: ١٨٠٠٠

ئەو دەنگە بەدەستهاتووانە دابەش ئەکەین بەسەر ژمارەکانی ١، ٣، ٥... دا

| | | |
|---|---|---|
| قەوارەی یەکەم: ٧٠٠٠٠ | ٢٣٣٣٣ | ١٤٠٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| قەوارەی دووەم: ٣٥٠٠٠ | ١١٦٦٦ | ٧٠٠٠ |
| قەوارەی سێیەم: ٢٦٠٠٠ | ٨٦٦٦ | ٥٢٠٠ |
| قەوارەی چوارەم: ١٨٠٠٠ | ٦٠٠٠ | ٣٦٠٠ |

ژمارەکان لە زۆرەوە بۆ کەم ریزئەکرێت، تا ئەگات بە ژمارەی کورسییەکان کە لێرەدا (٥) کورسییە، خۆمان وامان داناوە کە ٥ کورسیی بێت.

١- ٧٠٠٠٠

٢- ٣٥٠٠٠

٣- ٢٦٠٠٠

٤- ٢٣٣٣٣

٥- ١٨٠٠٠

هەردوو ژمارەی (١ و٤) سەر بە قەوارەی یەکەمن، واتە (٢) کورسیی بەرئەکەوێت.

ژمارەی (٢) سەر بە قەوارەی دووەمە، کەواتە (١) کورسیی ئەبات.

ژمارەی (٣) سەربە قەوارەی سێیەمە، ئەولیستەش یەک کورسیی ئەبات.

ژمارەی (٥) سەربە قەوارەی چوارەمە ئەویش کورسییەکی بەرئەکەوێت.

ئەم شێوازی سیستەمە لە هەڵبژاردنی ٢٠ نیسانی ساڵی ٢٠١٣ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا تاقیکرایەوە و بەهۆیەوە ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی قەوارە سیاسییە بچووکەکان بوو. بۆ کەمکردنەوەی ئەو دەرفەتەی قەوارە بچووکەکان هەیان بوو دەستکاریی ئەم شێوازە کرا بە سیستەمی (سانت لیگۆی هەموارکراو) کە مەبەست لێی دابەشکردنی ژمارەکان بوو بەسەر (١,٤، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١... تادوایی بە پێی ژمارەی کورسییەکان).

ئەتوانین هەر نموونەکەی پێشوو لە سانت لیگۆی هەموارکراودا جێبەجێ بکەین و جیاوازییەکە ببینین.

قەوارەی یەکەم: ٧٠٠٠٠

قەوارەی دووەم: ٣٥٠٠٠

قەوارەی سێیەم: ٢٦٠٠٠

قەوارەی چوارەم: ١٨٠٠٠

ئەو دەنگە بەدەستهاتووانە دابەش ئەکەین بەسەر ژمارەکانی ١,٤، ٣، ٥ دا

| | | |
|---|---|---|
| قەوارەی یەکەم: ٥٠٠٠٠ | ٢٣٣٣٣ | ١٤٠٠٠ |
| قەوارەی دووەم: ٢٥٠٠٠ | ١١٦٦٦ | ٠٠٠٧ |
| قەوارەی سێیەم: ١٨٥٧١ | ٨٦٦٦ | ٥٢٠٠ |
| قەوارەی چوارەم: ١٢٨٥٧ | ٦٠٠٠ | ٣٦٠٠ |

ژمارەکان لە زۆرەوە بۆ کەم رییز ئەکرێت، تا ئەگات بە ژمارەی کورسییەکان، کە ٥ کورسییمان داناوە.

١- ٥٠٠٠٠

٢- ٢٥٠٠٠

٣- ٢٣٣٣٣

٤- ١٨٥٧١

٥- ١٤٠٠٠

ژمارەی (١ و٣ و٥) سەر بە قەوارەی یەکەمن، (٣) کورسیی بەرئەکەوێت.

ژمارەی (٢) سەر بە قەوارەی دووەم، کەواتە (١) کورسیی ئەبات.

ژمارەی (٤) سەربە قەوارەی سێیەم، ئەولیستەش یەک کورسیی ئەبات.

قەوارەی چوارەم بە پێی ئەم سیستەمە هیچ کورسییەک نابات و بێ بەش ئەبێت، لە کاتێکدا پێش هەموارکردنی سیستەمەکە کورسییەکی بەرئەکەوت.

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لە ١٢/ ١٢/ ٢٠١٢ بە پێی هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠٠٨، ئەو سیستەمەش گۆڕانکاریی بەسەردا هات و شێوازێکی تازە جێی سانت لیگۆی هەموارکراوی گرتەوە کە ژمارەی دەنگەکان دابەش ئەکرا بەسەر ژمارەکانی (١,٦، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١...) واتە لەجیاتی (١,٤) گۆڕا بە (١,٦)، بەمەش زیانی زیاتر بەر حزبە بچووکەکان کەوت.

پێمان وایە ئەم بەرزکردنەوەی ژمارەیە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە قەوارە و لیست دەرئەچون، بەمەش جۆرێک لە ئاڵۆزی و دابەشکردنی درووست ئەکرد، وە ئەو حزب و قەوارە بچووکانەش بەوە ئەناسرێن کە سەقامگیر نین و جێگۆڕکێی

زۆر ئەکەن و بە پێی بەرژەوەندی خۆیان هاوپەیمانێتی درووست ئەکەن و لە ماوەیەکی کورتدا ئەیگۆڕن، بەم شێوەیە رێگە بگیرێت لەو نا سەقامگیرییە.

## باسی دووەم: ژمارەی بازنەکان و کاریگەریی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا

لە دوای تەواو بوونی وادەی یاسایی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ دا ئەبوایە هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرایە، بەڵام نەیتوانی لە کاتی یاسایی خۆیدا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی رۆژی (٩/ ١٠/ ٢٠٢٢) یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیی دەرکرد و لە یاساکەدا هاتووە کە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی ٢٠٢٣، لە سەرجەم کار و ئەرکەکانی، بەردەوام ئەبێت.

ئەم بابەتەش مشتومڕێکی زۆری لە ناوەندی سیاسیی شەقامی کوردی و عێراقیدا درووستکرد و ناڕەزایی لێکەوتەوە و هەندێک زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەو درێژکردنەوەیەی تەمەنی پەرلەمان بوون و بە نا یاساییان لەقەڵەمدا. بۆ ئەو مەبەستەش پەنا برایە بەر دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکە و بڕیاری هەڵوەشانەوەی ماوەی درێژ کردنەوەکە درا بەمەش کوردستان توشی قەیرانی بۆشایی یاسایی بوو.

جێی ئاماژەیە یاسای بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان خۆی بە مەبەستی رێگریکردن لە درووستبوونی بۆشایی یاسایی و بەرجەستەکردنی پرەنسیپی بەردەوامی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانیی - عێراق دەرچێنرا، بەڵام هەرێمی کوردستان توو شی بۆشایی یاسایی بوو.

هەوڵ ئەدەین لە دوو تەوەردا گفتوگۆ لەسەر ئەم باسە بکەین هەم لە رووی بازنەکانی هەڵبژاردنەوە، هەم لە رووی هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە لە لایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە و دەرئەنجامەکانی.

### تەوەری یەکەم: سیستەمی هەڵبژاردن یەک بازنەیی یان فرە بازنەیی و دەرئەنجامەکانی

مەبەست لە بازنەی هەڵبژاردن ئەو ناوچە جوگرافیەیە کە بۆ مەبەستی هەڵبژاردن سنوورەکەی دیاری ئەکرێت کە ژمارەیەکی دیاریکراو دەنگدەری هەیە و کورسییەک یان چەند کورسییەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەنجوومەنە هەڵبژێراوەکان، رووبەر و ژمارەی کورسییەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن بە پێی سیستەمی هەڵبژاردنی دەوڵەتان و بنەما یاساییەکانی، دابەشکردنی کورسییەکان ئەگۆڕێت.

لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەوە ساڵی ١٩٩٢ هەرێمی کوردستان بە یەک ناوچەی دەنگدان دائەنرێت و دابەش ئەکرێت بەسەر چەند ناوەندێکی دەنگداندا. ئەم شێوازی دابەشکردنە لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لە خولەکانی هەڵبژاردندا و هەر بە یەک بازنەی هەڵبژاردن دانراوە، بەڵام لە ئێستادا داوای گۆڕینی ئەو سیستەمە کراوە بۆ فرەبازنەیی.

ئەگەرچیی ماوەیەکی زۆرە هەڵبژاردن دواکەوتووە، یەکێک لە گرفتەکانی نێوان لایەنەکان ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردنە، بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر بازنەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەک بازنەییدایە و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و زۆربەی پارتەکانی تر وەکو بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی دادگەری کوردستان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەگەڵ سیستەمی فرە بازنەیین. دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق ئەم پرسەی یەکلایی کردەوە و بڕیایدا هەرێمی کوردستان بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن.

هەندێک لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە بە یەک بازنەیی و پێیان وایە:

١- یەک بازنەیی لە بەرژوەندیی هەموو لایەکدایە و ئەندام پەرلەمانەکانیش نابنە نوێنەری تەنها ناوچەیەک و ئەبنە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان.

٢- گرنگی یەک بازنەیی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوەیە کە ئەوانەی ئەبنە ئەندام پەرلەمان ئەبنە نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان نەک تەنها ناوچەیەک.

٣- یەک بازنەیی لە بەرژوەندیی هەموو حیزبەکانە بە گشتیی و بەتایبەتییش لە بەرژەوەندی حیزبە بچووکەکان کە دەنگەکانیشیان کۆئەبنەوە.

٤- ئەگەر هەڵبژاردن یەک بازنەیی بێت دەنگی هەموو حیزبەکان لە هەموو ناوچەکان کۆ ئەکرێنەوە و لەو ناوچانەی کەمن و لەو ناوچانەی زۆریشن، بۆیە دەنگیان بەفیڕۆ ناچێت، بەڵام لە فرەبازنەییدا بەو شێوەیە نییە، مەگەر هاوپەیمانی درووست بکەن.

هەروەها لایەنگرانی یەک بازنەیی رەخنە لە سیستەمی فرە بازنەیی ئەگرن و پێیان وایە:

١- فرەبازنەیی ئەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگی دەنگدەران، وە حزبەکان لەم سیستەمەدا زەرەرمەند ئەبن، چونکە ژمارەی دەنگەکانیان هاوتای ژمارەی کورسییەکان نابێت.

٢- ئەم سیستەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر فرە حزبی ئەبێت و پارتە بچوکەکان زەرەرمەندی یەکەمن، ئەگەر پارتە گەورەکان و مام ناوەندەکان پەیڕەوی رێگای زانستیی نەبن کاریگەریی بۆ ئەوانیش بەقەد پارتە بچوکەکانە، چونکە ژمارەی ئەو پاڵێوراوانەی کە پارتێک لە بازنەکەدا دەست نیشانیان دەکات، کاریگەریی لەسەر ژمارەی ئەو کورسییانە ئەبێت کە پارتەکە بە دەستیان دێنێت، ئەو دەنگانەی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراواندا دابەشئەبن، ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەری بردنەوەی کاندید کەم بێت.

٣- لە فرەبازنەییدا دەنگدەر بۆی هەیە تەنها دەنگ بە پاڵێوراوی شار و ناوچەکەی خۆی بدات، بەم هۆیەشەوە دەنگدەر بە رێژەیەکی زۆر بێ بەش ئەبێت لە گەیاندنی دەنگەکەی بە پاڵێوراوی دڵخوازی خۆی.

٤- پارتەکان ناتوانن دەنگەکانی بازنەیەک ببەن بۆ بازنەیەکی تر، واتا ئەگەر نرخی کورسیی لە بازنەیەک ٢٠ هەزار دەنگ بێت و پارتێک لەو بازنەیە ١٨ هەزار دەنگ بهێنێت ئەوا ئەم ١٨ هەزار دەنگە ئەفەوتێت، چونکە دەنگەکان ناگوێزرێنەوە بۆ بازنەیەکی تر بۆ هەمان پارت.

ئەو پارتانەی لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بەردەوام لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا کورسییەکانیان بە جۆرێك مسۆگەر بوو وە دە بوونە براوەی هەڵبژاردن، لە هەڵبژاردنی ٢٠٢١ دا بە سیستەمی فرەبازنەیی جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێی لەلا دروستکردن، هەر بۆیە پەنایان بردە بەر هاوپەیمانێتی جا چ بە ئاشکرا بێت وە یان ڕێکەوتنی ژێر بەژێر بۆ مسۆگەرکردنی کورسییەکان. هەڵبژاردن بە فرەبازنەیی هەرێمی دەوڵەت دابەشئەکرێت بەسەر چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا کە هەڵبژاردنی تیادا ئەنجام بدرێت، بە بازنەی هەڵبژاردن ناوئەبرێت. لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لەروی بازنەکانی هەڵبژاردنەوە یاسای نوێ وڵاتی دابەشکرد بەسەر چەند بازنەیەکی هەڵبژاردندا، ڕەنگە ئەمە خاڵێکی ئەرێنی بێت چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێت، ئامانجی سەرەکی لێی ئەوەیە لە لایەك بە ئاسانی دەنگەکان ئەژمێرێت، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی بەهێز لە نێوان دەنگدەر و پاڵێوراودا دروستئەبێت و دەرفەتی زیاتریش لەبەردەم حیزبەکان و کەمینەکاندا ئەکرێتەوە کاتێك بیانەوێت بەسەربەخۆ خۆیان بپاڵێون.

## لایەنگرانی فرەبازنەیی ئەم دابەشکردنە بە پرۆسەیەکی باش و گرنگ ئەزانن لەبەرئەوەی:

١- پاڵێوراو لەناوچەکەی خۆیدا یان لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا کە لێی دەژی خۆی ئەپاڵێوێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەبێت لەگەڵ دەنگدەرەکانیدا و دەنگدەر ئازادییەکی تەواوی هەیە بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کە دەنگی پێئەدات.

٢- هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن لەسەر بنەمایەکی بابەتیی ئەبێت، ئەو پاڵێوراوە هەڵئەسەنگێنرێت کە تاچەند شیاوە بۆ دەنگ پێدان لەڕوی بەرنامە و بابەتەوە، بۆیە وا پێشبینیی ئەکرێت لەسایەی ئەم سیستەمەدا کەسانی بە ئەزمون و لێهاتوو بە توانای خۆیان سەربکەون، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لە نەخشەی سیاسی پەرلەماندا.

٣- لە سیستەمی فرەبازنەییدا دەرفەتێکی باش بە هاووڵاتیان ئەدرێت، ئەو کەسانە بە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن کە خەڵکی سنوورەکەی خۆیانن و ئەیانناسن. هەروەها حزبەکان ناتوانن بە دەنگی ناوچەیەک پاڵێوراوی ناوچەیەکی تر بنێرنە پەرلەمانەوە، وەک کەسێک لە هەڵەبجە بە دەنگی زاخۆ بچێتە پەرلەمانەوە.

بەڵام لە سیستەمی یەك بازنەییدا حزب باڵادەستە کێ ئەکاتە نوێنەری خۆی، بۆ نموونە حزب ئەتوانێت کەسێك بکاتە نوێنەر لە دهۆک کە خەڵکی گەرمیان بێت، ئەوکاتە دەنگدەری حزبی ناچار ئەبێت دەنگی پێبدات، لەگەڵ ئەوەی هیچ جۆرە شارەزاییەکیان لەسەر توانا و لێهاتویی ئەو کەسە نییە و نازانن تا چەند دڵسۆز و خاوەنی بەڵێنی خۆی ئەبێت. هەروەها لە سیستەمی یەک بازنەییدا پەیوەندیی نێوان دەنگدەر و پاڵێوراو ئەپچڕێت، بۆ نموونە یەکێک لە لیستەکان ١٠ کورسیی بەدەست ئەهێنێت، هەموو ئەو ئەندامانەش لە یەک ناوچە ئەبن. لێرەدا لایەنگرانی ئەو لیستە هەست بەوە ئەکەن نوێنەریان نییە لەسەر ئاستی ناوچەکەیان، چونکە هیچ کامێک لە پاڵێوراوانی ناوچەکەیان لە ناو ئەو لیستە سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵبژاردن.

لەسەر ئەم بابەتە لەهەرێمی کوردستان دوای ئەوەی لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتنە ڕێکەوتنێک بۆ چارەسەرکردنی سیستەمی بازنەکان ئەم کێشەیە خرایە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق، ئەویش لە نێوان هەردوو سیستەمی

تاک بازنەیی و فرە بازنەییدا، هەروەک هەڵبژاردنەکانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ بڕیاریدا سیستەمی فرەبازنەیی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێبکرێت.

## تەوەری دووەم: بڕیاری دادگای فیدراڵی لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا

پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی لە وادەی یاسایی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بدات، بۆیە بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژەی دا بە تەمەنی خۆی، کە ئەم کارە پێچەوانەی مانا و چەمکی متمانە پێدانە، چونکە دەنگدەران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو متمانە ئەبەخشنە کاندیدەکان تا بزانن لەو ماوەیەدا توانیویانە بەڵێنەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن کە داویانە بە دەنگدەران جێبەجێی بکەن یان نا، بۆیە مافی دەنگدەرە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە دەنگ نەداتەوە بە کاندیدەکە، بەڵام درێژ کردنەوەی ماوەی پەرلەمان پێچەوانەی ئەم بنەمایەیە بێ رەزامەندی خاوەن مافەکە ماوەکە زیاد ئەکرێ، ئەو مافەی لێ زەوت ئەکرێت.

لەم روانگەیەوە ناڕەزایی درووست بوو لە بەرانبەر درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان و هەروەها سیستەمی هەڵبژاردن لە کوردستاندا و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان، لە بەردەم دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقدا داوای یاسایی لە دژی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکرایەوە.

رۆژی ٢١/ ٢/ ٢٠٢٤ دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق لەسەر ئەم پرسە دانیشتنی خۆی کرد، و بڕیاری لەسەر چەند بابەتێکی گرنگدا بە بڕیاری دادگای فیدراڵیی ژمارە (٨٣) و یەکخراوەکانی ژمارە (١٣١ و ١٨٥).

هەوڵئەدەین لە بەر رۆشنایی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بە چەند خاڵێک تیشک بخەینە سەر گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناو بڕیارەکەدا هاتووە و کاریگەرییەکانی لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا چیی ئەبێت؟

یەکەم: هەروەک لە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقدا ئاماژەی بۆکراوە، لە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: (پەرلەمانی کوردستانیی عێراق لە سەد و یازدە ئەندام پێکدێت)، گرنگە ئەم ژمارەیە بە پێوەرێک بێت، دادگا نەگەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ئەم ژمارەیە لەسەر بنەمایەکی زانستی دانرابێت و پشت بە پێوەرێکی بابەتیی نەبەستراوە هەروەک لە دەستووری عێراقدا هاتووە کە: ئەنجوومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت بە رێژەی یەک کورسیی بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەسیی عێراق، کە نوێنەرایەتی تەواوی گەلی عێراق ئەکەن. ئەوان بە دەنگدانی راستەوخۆ و نهێنی گشتیی هەڵئەبژێردرێن و نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی تێدا لە بەرچاو ئەگیرێت، بەو پێیەی دەستووری عێراق پشتی بە پێوەرەکانی دانیشتوان بەستووە لە دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەماندا، کە ئەو پێوەرەش گونجاوە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان. ئەم پرەنسیپە لە دیاریکردنی هەموو ئەنجوومەنەکاندا رەچاوکراوە وەک ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ئەنجوومەنی پارێزگاکان، تەنیا پەرلەمانی کوردستان نەبێت رەچاوی ئەم بنەمایەی نەکردووە.

ئەگەر بە پێی ئەو بنەمایە و بە گوێرەی مادەی (٤٩/ یەکەم)ی دەستووری عێراق کاربکەین ئەوا کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەبێتە ٤٤ کورسیی، بەڵام لە کاتی جێبەجێکردنی مادەی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ١١١ کورسیی دانراوە بەم شێوەیە: (٤٥) کورسیی بۆ پارێزگاری سلێمانی، (٣٩) کورسیی بۆ پارێزگاری هەولێر، (٢٧) کورسیی بۆ پارێزگاری دهۆک. ئەمەش مانای وایە هیچ پێوەرێکی بابەتیی بەکارنەهێنراوە، بۆیە ئەبوو یاسادانەری کوردستان لەم رووەوە دەستووری عێراقی بکردایەتە پێوەر. هەرچەندە

دادگا پێی وایە کە هەتا ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان زیاتر بێت نوێنەرایەتیکردن بەرفراوانتر و وردتر و بەرهەمدارتر ئەبێت، بەڵام نابێت زیادەڕەوی بکرێت لە ژمارەکەدا. بۆیە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بڕیاریدا بە نادەستووری بوونی ژمارەی ١١١ ئەندام، دەقەکەی گۆڕی بە (پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە ١٠٠ ئەندام پێکدێت). بە واتایەکی تر وەکو پێشتر ١١ کورسیی کۆتاکان لابرا و دواتر لە ناو ١٠٠ کورسییەکەدا کورسیی کۆتاکان دانرایەوە.

بە بڕوای ئێمە کورسیی کۆتاکان زیادەڕەوی تیادا کراوە. بۆ بەشداریی پێکهاتەکان و ڕەنگا و ڕەنگ بوونی پەرلەمانی کوردستان فرەیی پێویستە، بەڵام دوو تێبینی ئەخەینە ڕوو لەم بوارەوە:

١- تورکمانەکان کە نەتەوەی دووەمن لە هەرێمی کوردستاندا و بانگەشەی گەورەیی قەبارەی خۆیان ئەکەن، هەق وایە ڕێگەیان پێبدرێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن تا مافی هەڵبژاردنی خۆیان چەندە وەربیگرن و قەبارەی خۆشیان بزانن، هەروەک چۆن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشدار ئەبن و هیچ کورسییەکی کۆتایان بۆ تەرخان نەکراوە.

٢- ئەگەر بەراوردێک بکەین بە دەوڵەتی عێراق ئەبینین لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەی کۆتاکان زۆرە و ئەگاتە ٤ ئەوەندەی ڕێژەی کۆتاکان لە عێراقدا بەم شێوەیە:

ڕێژەی دانیشتوانی عێراق بە زیاتر لە ٤٦ ملیۆن کەس مەزەندە ئەکرێت، وە ژمارەی کورسیی پەرلەمانی عێراق ٣٢٩ کورسییە تەنیا (٩) «کورسیی کۆتا»ی هەیە بۆ مەسیحییەکان و ئێزدیی و شەبەک و سابیئە و فەیلیی، کە ئەکاتە ڕێژەی (٢,٧ ٪)ی پەرلەمان.

بەڵام لە هەرێمی کوردستان کە دانیشتوانی نزیکەی ٦ ملیۆن کەس ئەبێت، پەرلەمانەکەی ١١١ کورسییە، بەڵام ژمارەی کورسیی کۆتا (١١) کورسییە، واتا بە ڕێژەی (٩,٩٪)ی دانراوە بۆ پێکهاتەکانی تر.

دووەم: لە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا دەقیداوە لەسەر: هەرێمی کوردستان - عێراق دابەش ئەکرێت بەسەر چەند ناوچەیەکی دەنگداندا کە لە چوار ناوچە کەمتر نەبێت. بەڵام ئەو مادەیە هەڵوەشایەوە بە مادەی چوارەمی هەمواری سێیەم ژمارە ٤٧ ساڵی ٢٠٠٤ دەقەکە گۆڕا و ئەم مادەیە جێگەی گرتەوە: هەرێمی کوردستان – عێراق بە یەک ناوچەی دەنگدان دائەنرێت و دابەشئەکرێت بەسەر چەند ناوەندێکی دەنگداندا. دادگای باڵای فیدراڵیی بڕیاری دەرکرد بە نا دەستووریی بوونی ئەم مادەیە و گەڕانەوە بۆ ڕەسەنی مادەی ٩ کە هەرێمی کوردستان بکرێت بە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، بۆ ئەو مەبەستە ڕای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیان وەرگرت، پشتبەست بە ڕێژەی کورسییەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی کورسییەکانی دیاریکرد، سلێمانی (١٨) کورسیی واتە ڕێژەی ٤١٪ و هەولێر (١٥) کورسیی واتە ڕێژەی ٣٤٪، وە دهۆک (١١) کورسیی واتە بە ڕێژەی ٢٥٪) وە بەو ڕێژانە لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان کورسییەکان دیاری بکرێت سلێمانی (٤١) کورسیی و هەولێر (٣٤) کورسیی و دهۆک (٢٥) کورسیی.

دادگا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە سیستەمی یەک بازنەیی نەیتوانیوە سیستەمێکی گونجاو بێت، هەر بۆیە دادگا دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بڕیاریدا بە فرە بازنەیی لە هەرێمی کوردستاندا کە لە چوار بازنەی هەڵبژاردن کەمتر نەبێت، دواتر کۆمسیۆن هەر پارێزگایەکی کرد بە یەک بازنەی هەڵبژاردن، کورسییەکانی بەم شێوەیە دابەش کرد: هەولێر (٣٤) کورسیی (ئەبێت لەو ژمارەیە کورسییەک بۆ مەسیحییەکان وکورسییەک بۆ تورکمانەکان بێت)، وە (٣٨) کورسیی بۆ سلێمانی دانرا، (ئەبێت لەو ژمارەیە کورسییەک بۆ پێکهاتەی مەسیحی و کورسییەکیش بۆ پێکهاتەی تورکمان بێت). وە بۆ دهۆک (٢٥) کورسیی بۆ تەرخانکرا (لەو ژمارەیە کورسییەکیان بۆ پێکهاتەی مەسیحی ئەبێت)، وە هەڵەبجەش بە بازنەیەکی هەڵبژاردن دانراو ٣ کورسیی بۆ تەرخانکرا.

هەرچەندە هەڵەبجە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە ١٠/ ١٠/ ٢٠٢١ بازنەیەکی هەڵبژاردن بوو لە بازنەکانی سلێمانی، بەڵام پێشتر پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرکرد بوو بە ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥ یاسای کارگێڕیی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە پێی ئەو یاسایە هەڵەبجە بە پارێزگایەکی هەرێم دائەنرێت و ئەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆ.

سێیەم: دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بڕیاریدا بە هەڵوەشانەوە و نادەستووری بوونی ئەم برگەیە: (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەچێتە جێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆسەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی بە پێی حوکمەکانی برگەی ٤ لە مادەی ٢ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧ تا پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی لە کوردستان – عێراقدا). دیارە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە لە دوای بەسەرچونی ماوەی دەستەکە، لایەنە سیاسییەکان نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک بۆ دانانی رێوشوێنی گونجاو بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەو دەستەیە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لە دانیشتنێکی پەرلەماندا بڕیاری ژمارە ١٠، دەرکرد لە رۆژی ٢٢/ ٥/ ٢٠٢٣ کە بڕیاریدا بە کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە رێکەوتی ٢٣/ ١٢/ ٢٠١٩. واتە بە گەڕانەوەی یاساکە بۆ رابردوو. وە دادگای باڵا بە پێی بڕیارەکە ئەم هەنگاوەشی بە نایاسایی ناساند و رەتی کردەوە. هەروەها گۆڕانکاریی بەسەر مادەکەدا هاتووە دەستەواژەی (دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان) ئەگۆڕێت و (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) جێگەی ئەگرێتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیی عێراق کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێکراوە بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پەرلەمان. لە هەمان کاتدا ئەم برگەیەش هەڵئەوەشێنێتەوە و بە نادەستووری لە قەڵەمی ئەدات کە ئەڵێت: (دەستەیەکی دادوەریی لە دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستانیی عێراق، لە سێ دادوەری نا تەرخان پێکئەهێنرێت بۆ سەیرکردنی ئەو تانانەی لە لایەن دەستەی هەڵبژاردنەکان یان لە لایەن تاکە تاکەی خەڵک یان قەوارە زەرەرمەندەکانەوە بۆی دائەنرێت و تانەیان لە بڕیارەکانی کۆمسیۆن داوە، بڕیارەکانیش بنبڕ ئەبن).

چوارەم: دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق مادەی سێیەمی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠١٣ بە نادەستووری لەقەڵەمدا یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیی عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢، کە بە گوێرەی ئەو یاسایە مادەی حەڤدەی یاسای پێشوو هەڵوەشایەوە، دادگای باڵا داوای گەڕانەوە و کارکردنی بە هەمان مادەی حەڤدەیەمی یاساکە کردووە کە تێیدا هاتووە: (بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی کارتی دەنگدان ئەدات بە هەر هاوڵاتییەک کە تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێت، بە شێوەیەکی وا کە وەسف و شێوەی بە پێی بەیاننامەی دەستەی باڵا دیاریکرابێ بە مەرجێ دەنگدەر لە کاتی دەنگداندا کەسایەتی دەربخات). لەبەر ئەوەی ئەم مادەیە کۆک و گونجاوە لەگەڵ ناوەرۆکی دەستووری عێراقدا کە تیایدا هاتووە: هەموو هاووڵاتییەک بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی و شاد بوون بە مافە سیاسیەکانی هەیە لەوانە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن. بۆیە حوکمی دا بە نادەستووری بوونی مادەی سێیەم لە هەموارەکە و گەڕانەوە بۆ کارکردن بە مادەی ١٧ لە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

پێنجەم: تایبەت بە رێژەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان پێشتر ئاماژەمان پێدا کە یاساکە ٣٠٪ کورسییەکانی ترخان کردووە بۆ ژنان، لەو بارەیە لە یاساکەدا هاتووە: (هەر کیانێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان – عێراق بکات کە رێژەیەک ئافرەتی تێدابێت

لە (٣٠٪) کەمتر نەبێت و ناوی پاڵێوراوەکانیش بە شێوەیەک ریزبەندکرابن کە نواندنی رێژەی ناوبراوی ئافرەتان لە پەرلەماندا مسۆگەر بکات، بە مەرجێ ژمارەی پاڵێوراوەکان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردندا لە (٣) پاڵێوراو کەمتر نەبن.

## بەڵام دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق تێبینی لەسەر ئەم بڕگەیە هەیە:

یەکەمیان: نادەستووری بوونی دەستەواژەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەمیان: دەستەواژەی (بە مەرجێک ژمارەی کاندیدەکانی هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەس کەمتر نەبێت).

بۆیە بە پێی بڕیاری دادگا ئەبێت دەقەک بگۆڕێت بەم شێوەیە: (هەموو قەوارەیەکی سیاسیی لە کوردستانیی عێراق مافی ئەوەی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەشبکات کە ناوی کاندیدەکانی لە خۆبگرێت، ژمارەی کاندیدە ژنەکانی لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت، هەروەها ناوی کاندیدەکان بە شێوەیەک رێکخرابێت نوێنەرایەتی ئەو رێژەیەی کە باسکراوە لە ژنان لە پەرلەمان مسۆگەر بکات). لە خوێندنەوەی ئەم بڕگەیە مەبەست لە زامنکردنی رێژەی کۆتای ژنانە.

بە رای ئێمە ئەمە کارێکی باشە هەر گۆڕانکارییەک مەبەست لێی داکۆکیکردن و چەسپاندن و مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان بێت کە لە یاساکەدا و لە دەستووری عێراقیشدا هاتووە جێگەی بایەخ پێدانە.

بە پێی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ساڵی ٢٠٢٠ پێویستە بەشداریی ژنان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ٢٥٪ کەمتر نەبێت. لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا ساڵی ٢٠٢١، بە پێی ژمارەی ئەو کاندیدانەی کە خۆیان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کاندید کردبوو، ژنان توانیان ٩٧ کورسیی بەدەستبێنن، لەو ژمارەیەش ٥٧ یان بە دەنگی خۆیان و بە بێ کۆتا بوونە ئەندامی پەرلەمان، لە کاتێکدا سیستەمی کۆتا ٢٥٪ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بۆ ژنان دیاریکردبوو، کە ئەکات ٨٣ کورسیی لە کۆی ٣٢٩ کورسیی ئەنجوومەنەکە، بەڵام کاندیدانی ژن توانیان ٩٧ کورسیی، واتا رێژەی ٢٩,٤٪ی کورسییەکان بەدەستبێنن.

کاندیدەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە کۆی ١٤٦ کاندید ٤٧ ژن بوون، پارێزگای هەولێر ٥٣ کاندیدی هەبوو لەو ژمارەیە ١٨یان ژن بوون، لە پارێزگای سلێمانی لە ٦٥ کاندید ٢٤یان ژن بوون، و لە پارێزگای دهۆک لە ٢٨ کاندید ٧یان ژن بوون.

بە پێی ئەم ئامارەش ٣٣٪ کاندیدەکان ژن بوون، لە پارێزگای هەولێر رێژەی ٣٣٪، لە پارێزگای سلێمانی رێژەکەی٣٧٪، وە لە پارێزگای دهۆکیش رێژەکەی ٢٥٪.

وە لە کۆی ٦٣ کاندیدی دەرچووی هێزە کوردییەکان لەسەر ئاستی عێراق، ٢٣ ژن دەرچوون، کە ئەکاتە رێژەی ٣٦٪، ئەوەش یەکەمجارە پەرلەمانتارانی ژن بەو رێژە فراوانە لەناو هێزە کوردیەکاندا دەربچن.

لە کۆتاییدا پێمان وایە بناغەی دیموکراسیی بریتییە لە بەشداریی کردنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی ژیان و کاروباری گشتییدا، هەروەها لە رێزگرتن لە ماف و ئازادییە گشتییەکاندا وە یەکێک لە رێگاکان یان ئامرازەکانی دەربڕینی دیموکراسیی بریتییە لە هەڵبژاردن، بۆیە پرۆسەی هەڵبژاردن بە باڵاترین شێوەی سیستەمی دیموکراسیی ئەزانین، ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە سیستەمێکی هەڵبژاردن هەبێت نوێنەرایەتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بکات لە پەرلەماندا دەنگ و رەنگی هەموو لایەک و هەموو جیاوازییەکان بێت.

دیموکراسییەت ئەوە ئەخوازێت کە سیستەمی هەڵبژاردن بێ کەم وکوڕی بێت، هەوڵی بنەمای یەکسانی دادپەروەری و بەرژەوەندی باڵای گەل رەچاو بکرێت نەک بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی.

ئەتوانین بڵێین: ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان ئەگوزەرێ بەرهەمی کەموکورتی ئەو سیستەمەیە کە نەیتوانیوە شێوازی گونجاو بەدی بهێنێت، نەتوانراوە بەرژەوەندی گەل بخرێتە پێش بەرژەوەندی حزبەکانەوە، لایەنە سیاسییە ناکۆکەکان کێشەکانیان چارەسەر بکەن تا سیستەمێکی هەڵبژاردنی گونجاو لە کوردستاندا هەبێت، هەر لە ژمارەی کورسیی پەرلەمان و ژمارەی بازنەکان و پابەند بوون بە ماوەی یاسایی پەرلەمان، هەروەها هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان. هەر بۆیە لە ماوەی ٣٢ ساڵی رابردودا لە هەرێمی کوردستان تەنیا ٥ هەڵبژاردن ئەنجامدراوە کە بە پێی یاسای هەڵبژاردنەکان ئەبوو ٨ جار هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە، بەڵام لە عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ماوەی ١٩ ساڵدا ٥ هەڵبژاردن ئەنجامدراوە.

ئەوەی رووئەدات دەرئەنجامی ئەو کەمتەرخەمیی و بەهەند وەرنەگرتنی ئیرادەی گەلە هەر بۆیە نەتوانرا لە ماوەی پێشوودا هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان دیاری بکرێت و رێکەوتن بکرێت لەسەر سیستەمی بازنەکان، نەتوانرا کێشەی کۆتاکان چارەسەربکرێت، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیی هەرێمی کوردستان کارابکرێتەوە و رێکەوتنی لەسەر بکرێت. نە بوونی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان کە یەکلاکەرەوەی هەموو پرسەکان بێت، کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر کاری پەرلەمانی و پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆیە هەموو پرسەکان خرانە سەرمێزی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق و ئەنجامەکەی ئەو بڕیارانەی لێ کەوتەوە.

ئەمانە بە گشتیی کاریگەریی نەرێنی ئەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی و دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستان و ئەبێتە هۆی ناجێگیری و نا ئارامی لە هەرێمی کوردستاندا، هەر لە ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا (٧) یاسا و (١) بڕیاری دەرچووە کە بە پێی بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق، پەرلەمان لەو رۆژەوە کە کۆتایی هاتووە ناتوانێت هیچ کارێك بکات، هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەو یاسایانەی لە دوای ئەو مێژووەوە دەرچوێنراون پوچەڵن و ناکرێت کاریان پێ بکرێت. بەڵام کەسانێکی زۆر سوودمەند یان زەرەرمەند بوون بەو بڕیار و یاسایانە، ئەکرێت سوودەکانیان لێ وەربگیرێتەوە یان زیانەکانیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە؟! بە بڕوای ئێمە ئەمانە ئەبێتە هۆی نا ئارامی یاسایی و نەمانی متمانە بە دام و دەزگا شەرعییەکانمان لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەماندا گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک و چەند راسپاردەیەک ئەخەینە روو:

## دەرئەنجامەکان:

١- لە هەرێمی کوردستاندا بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراوە و تا ئێستا پێنج خولی پەرلەمان هەڵبژێرراوە، دواجار لە ساڵی ٢٠١٨ هەڵبژاردن کراوە.

٢- ژمارەی بازنەکان بە پێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان هەر یەک بازنەیی بووە، بەڵام پشتبەست بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی وا بڕیارە هەڵبژاردنی خولی شەشەم بە فرە بازنەیی (٤ بازنە) ئەنجام بدرێت.

٣- هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە رابردوودا بە سیستەمی تاک بازنەیی کراوە، ئەوەش وایکردووە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ روونەدات و حزبە گەورەکان هەمان دەنگەکان بهێننەوە، لەبەرئەوە جۆرێک بێ متمانەیی بە گۆڕانکاریی درووستکردووە لە لای دەنگدەر، بۆیە رێژەی بەشداربوون لە هەر خولێکیی هەڵبژاردندا کەم ئەبێتەوە.

٤- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی ٢٠٢١ بە سیستەمی فرەبازنەیی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو و، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو، بۆ هەرێمی کوردستانییش سیستەمێکی گونجاوە، لەبەر ئەوەی عێراق و هەرێم هەمان

باروودۆخیان هەیە، بە تایبەت لەو رووەوە کە فرەیی لە هەردولادا بەرجەستەیە.
٥- سیستەمی فرەبازنەیی یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنی سەربەخۆکان و پارتە بچووکەکان بۆ پەرلەمان بە هۆی ئەوەی دەنگدەر مافی دەنگدانی هەیە لە بازنەیەکی دیاریکراودا لە سنووری پارێزگاکەی خۆی.

## راسپاردەکان:

١- پێشنیار ئەکەین یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بە شێوەیەک سیستەمی هەڵبژاردن دابڕێژرێت کە لەگەڵ پێویستییەکان و باروودۆخ و پێکهاتەی کوردستاندا بگونجێت بێلایەنیی و سەربەخۆیی تیا پارێزراو بێت، بەرژەوەندیی گشتیی تیا رەچاوبکرێت.
٢- هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا بکرێت، چاودێریی چڕ بکرێت (ناوخۆیی و دەرەکیی) بۆ رێگریکردن لە هەر جۆرە گزییکردن و دەستوەردانێک بە مەبەستی گۆڕینی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.
٣- رێکخستنەوەی لیستی دەنگدەران لەسەر بنەمای زانیاریی ورد لەسەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، لەم بوارەدا سوود لە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت کە لەم چەند ساڵەدا دەستیکردووە بە داتاکردنی زانیارییەکان.
٤- پێویستە پشت ببەسترێت بە پێوەر و بنەما نێودەوڵەتییەکان سوود وەربگیرێت لە هەر یاسایەک و سیستەمێکی هەڵبژاردن لە پێناوی دووبارە نە بوونەوەی کەموکوڕیی و خەوشی هەڵبژاردنەکانی پێشوو.
٥- لە پێناو چەسپاندنی سیستەمی هەڵبژاردنی کارپێکراودا، زۆر گرنگە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن لە لایەنگیریی، کەسانیی حزبیی نەبن تا دەستێوەردانیی سیاسیی روونەدات وگومان نەکەوێتە سەر پاکیی و بێ گەردیی و روونیی کارەکانیان.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان:


أمين فرج شريف، الحكم الصالح في اقليم كوردستان، مطبعة هيفي، أربيل، ٢٠١٩.
ئارام جمال، دەرباز محەمەد، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان. چاپی یەکەم، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی، ٢٠١٤.
حيدر موسى منخي القريشي، التدخل العسكري وآثاره في العلاقات الدولية، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٨.
خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتیی یاسای دەستووری و سیستەمی دەستووری لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
سرهنك حميد البرزنجي، الأنظمة الانتخابية والمعايير القانونية الدولية لنزاهة الانتخابات، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان، ٢٠١٥.
عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لأقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، مؤسسة موكرياني للطباعة، أربيل، ٢٠٠٢.
فرسەت سۆفی علی، پێگەی یاسایی هەرێمە بەنێودەوڵەتیی کراوەکان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

فريد أسسرد، المسألة الكوردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤.

## بڵاوکراوەکان:

أزهار عبدالله حسن و شيماء جمال محمد، آليات اصلاح النظام الانتخابي في العراق، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ١١، العدد ٤٢، جامعة كركوك، ٢٠٢٢.

أياد خضر عباس، أثر النظام الانتخابي على التمثيل النيابي في العراق، مجلة جامعة تكريت للحقوق السنة (٧)، المجلد (٧)، العدد (٢)، الجزء (٢)، ٢٠٢٢.

إرواء فخري عبداللطيف، مبادئ النظام الانتخابي في العراق لعام ٢٠١٠، مجلة جامعة تكريت للحقوق، المجلد ٢، العدد ٥، ٢٠١٠.

سەردار قادر محی الدین. مەیسون حەوێز محەمەد، تایبەتمەندییەکانی ئاستی بەشداریی سیاسیی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم و چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، گۆڤاری پۆلیتەکنیک بۆ زانستەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٣ ژمارە ١ ساڵی ٢٠٢٢، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

شۆرش حسن عمر، کاروان أورحمان إسماعیل، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠ و کاریگەریی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە عێراق، گۆڤاری زانکۆی تیشک، ساڵی شەشەم، هەولێر، ٢٠٢١.

لقمان عثمان أحمد و الفاروق عبدالرحمن عباس، تطور النظام الانتخابي في العراق (٢٠٠٥ – ٢٠١٤) مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية، السنة ٦، العدد ٢٣، ٢٠١٤.

مهند عبدالوهاب مرموص، أثر استخدام قانون سانت ليغو المعدل على التمثيل النيابي في العراق، مجلة السلام الجامعة، مجلة فصلية محكمة للعلوم الانسانية، العدد ١٧، العراق، ٢٠٢٤.

هيوا علي حسين، سليمان كريم محمود، ضرورة وضع الدستور لإقليم كوردستان وتداعيات إستئخار إقراره، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، جامعة كركوك، المجلد ٥، العدد ١/١٨، ٢٠١٦.

وەقائعی کوردستان ژمارە ٣٠٥ لە رۆژی ٢٣/ ٥/ ٢٠٢٣.

دۆخی سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، ژمارە ١٠١، هەولێر، ٢٠٢٤.

## دەستوور و یاساکان:

دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو

یاسای ژمارە ١٥ ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە ٩ ساڵی ٢٠٢٠.

یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**بڕیارەکان:**

بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ئەنجوومەنی ئاسایش

بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی (٨٣) و یەکخراوەکانی ژمارە (١٣١ و ١٨٥).

مجلس القضاء الأعلى، الهيئة القضائية للانتخابات، العدد: ٣٥٥/ الهيئة القضائية للانتخابات/ ٢٠٢٤ في ٢٠/ ٥/ ٢٠٢٤.

قرار مجلس المفوضين رقم (٢) للمحضر الاستثنائي (٣٢) المؤرخ في ٣/ ٦/ ٢٠٢٤.

دەقی ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە لەندەن ساڵی ٢٠٠٢.

چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن لەگەڵ حاکم شیخ لەتیف ئەمین، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق. (١٠/ ٩/ ٢٠٢٤)

پێگە ئەلکترۆنییەکان:

فارس كمال نظمي، قانون الانتخابات الجديد في العراق: تجميع الهوية الوطنية أم تشظيتها؟، مقالة منشورة على شبكة الالكترونية العربية نت، (٢٠٢٤/٧/١٥) https://www.alarabiya.net/politics/١٦/١١/٢٠٢٠

لە مێژوی حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا هیچ هەڵبژاردنێك لە وادەی خۆیدا نەکراوە، بابەتێکی بڵاوکراوە لە پێگەی ئەلکترۆنیی کەرکوک ناو https://kirkuknow.com/ku/news/٦٩٣٢١

هۆگر ئیبراهیم حەکیم. سیستەمی هەڵبژاردن و هاوکێشەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان شێواز و سیناریۆ ئایندەییەکانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی. https://www.centerfs.org/electoral-system-and-power-equations-in-the-kurdistan-region/

عومەر نورەدینی، وادەی تازەی هەڵبژاردن، پێگەی ئەلکترۆنیی ڕوانگەی پەی. https://payinstitute.org/٢٠٢٤/٠٦/٢٠٢٤-٠٦-٢٦١٣١٣٥٥.html

سەربەست مستەفا، گرنگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ، پێگەی ئەلکترۆنیی هەرێم نیووز. https://haremnews.com/details/٢٩١٠٧

علاء إبراهيم محمود الحسيني، قانون انتخابات مجلس النواب العراقي الجديد في الميزان، الموقع الالكتروني شبكة النبأ المعلوماتية. https://annabaa.org/arabic/rights/٢١٧٠٢

دائرة تمكين المرأة تهنئ المرشحات الفائزات بانتخابات مجلس النواب الجديد، الأمانة العامة لمجلس الوزراء الموقع الرسمي.

https://cabinet.iq/ar/category/E٨٧٥-٦١D-٧٧٣٠٣٦١D-٤C٩١-A١F١-BB٢E٩٠F١F٢٥٨/E٨٧٥-٦١D-٧٧٣٠٣٦١D-٤C٩١-A١F١-BB٢E٩٠F١F٢٥٨

پێگەی ئەلکترۆنیی ڕۆژ نیووز. https://rojnews.news/?p=٢٣٧٥٦٤

## Abstract

Election System in KRI in Light of the Iraqi Federal Court Decision

This study discusses the electoral system in the Kurdistan Region, especially in terms of the Region's

orientation to one or more electoral divisions/wards. The two main political parties are divided over the issue; one of them supports a one-division system, which was followed for five consecutive general elections, and the other party supports multi-division system with the aim of changing the power balance in Kurdistan. The dispute between the two parties on this issue has led to the extension of the parliament's term in the past as well as its dissolution. The multi-division is now the rule of the game due to the decision of the Federal Supreme Court of Iraq.

This study examines the extent to which the division of the Kurdistan Region based on the number of cities into four constituencies will affect the change of the political map and to what extent it will lead to the emergence of new political parties and electoral lists.

In this study, descriptive and analytical methods have been used to describe the impact of the one-division/ward system in the past, and an analysis of the electoral law and the decision of the Federal Supreme Court on the elections of the sixth term of the parliament. It concludes that the election for the Iraqi Parliament in 2021 presents a successful experience and it will be useful and suitable for the Kurdistan Region. This is because Iraq and the Kurdistan Region have the same situation, except for the following: the multi-division system helps independents and smaller parties gain access to the parliament because voters have the right to vote in a particular constituency within their provincial boundaries.

**Keywords: Parliament, Multi-Circle, Electoral System, Federal Court, Kurdistan Region.**

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە

م.ی.علی عبدلرحمن خدر
aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

پ. ی. م. مەهدی عثمان حسين
aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

## پوختە:

م توێژینەوەیە دەستنیشانی هەل و مەرجەکانی ڕەهەندە مێژووییەکان ئەکات لە تایبەتمەندکردنی ئەو ڕەگەزانەدا کە شارستانێتییەکان لە یەکتری جیا ئەکاتەوە. ئەمەش پەیوەستە بە هۆکاری گرنگی بابەتیی کە ڕەهەندی مێژوویی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی لە ڕوانگەیەکی زانستییانەوە شەنوکەو ئەکرێت، بە تایبەتی وەک خواستێکی هەنووکەیی بۆ ئاگاداربوون لە چۆنییەتی سەرهەڵدانی چەمکەکە و ڕەگەزەکانی ، لەم سۆنگەوە لە تەوەرەی یەکەمی توێژینەوەکەدا سەرەتا بۆ گەیشتن بە واتاو مەبەستی چەمکی شارستانییەت، شیکردنەوە بۆ واتای چەمکەکە کراوە بە پێی بەکارهێنانەکانی لە ڕێگەی فەرهەنگەکانی زمان وبە پێی زمانە جیاوازەکان و شوێنگەی سەرهەڵدانی چەمکەکە، دواتر دید و بۆچوون و تێگەیشتنی زانایان و بیرمەندان و شارەزایانی بوارەکە سەبارەت بە چەمکی شارستانییەت خراوەتە ڕوو، ڕەهەندی مێژووی سەرهەڵدان و شیوەی بەکارهێنانی چەمکەکەش بە پێی مێژووی سەرهەڵدانی و بەکارهێنانی شرۆڤەی مێژوویانەی بۆ کراوە، بە هەمان شێوە ڕەگەزەکانی شارستانییەتیش بە پێی بەکارهێانی جیاواز لە زمانەکان و شوێنگەی بەکارهێنانیان شیکراوەتەوە.

لە دەستپێکی تەوەرەی دووەمدا دید و بۆچوونی زانایان و فەیلەسوف و بیرمەندان دەربارەی ڕەگەزەکانی شارستانیەت ڕوونکراوەتەوە، کە لە سەر هەندێ لە ڕەگەزەکان کۆدەنگیان هەیەو لەسەر هەندێکیشیان جیاوازن، ئەمەو ڕوانگەی جیاوازی چەندێتی ڕەگەزەکانیش ڕوونکراوەتەوە ، دواجار جیاوازی ڕەگەزەکان بە پێی شارستانییەتە جیاوازەکان ڕاڤەکراوە، هەرچەندە لە توێژینەوەکەدا ڕەگەزەکان بە پێی ئەو جیاوازییانە پۆلێن نەکراون، بەڵکو بە پێی دیدی زانایان فەیلەسوف و بیرمەندان باسیان لێوە کراوە.

**کلیلە وشەکان: شارستانییەت، ڕەگەزەکان، ڕەهەندە مێژووییەکان.**

Recieved: 1/8/2024
Accepted: 3/9/2024


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

شارستانییەت لە مێژووی دوورودرێژی خۆیدا لە ڕەوڕەوەی خۆی نەوەستاوە و سات دوای ساتیش بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و بە تێپەڕبوونی کات مرۆڤ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر و باڵاتر دەگوازێتەوە، هەر لەو کاتەوەی مرۆڤ پەی بەوە بردووە کە دەتوانێ هەردوو قۆڵەکانی و جەستەی بە هاوکاری ژیری و کارامەیی خۆی بەکار بهێنێ، بۆ نموونە سەرەتا لە هەڵگرتن و بەکارهێنان و هاویشتنی بەردێک وەک کەرەستەیەک سوودی وەرگرتووە دواتر سات دوای سات گۆڕانکاری لەو کەرەستەیەدا کردووە تا گەیشتووە بەو ئامێرە پێشکەوتووانەی کە ئەمرۆ ئێمەی مرۆڤ دەیانبینین و جێگرەوەی ئەو بەردە سەرەتاییەن، بەڵام بە هۆی کاری ژیری مرۆڤ لەسەر کەرەستەکە لە ڕووی توانایی و جۆرییەوە وەک گوتراوە تەنها خودایان یەکە، ئەمەو هەموو کەرەستەوە ئامێر و لایەنەکانی دیکەی ژیانیش هەر بەهەمان شێوە، ئەو پێشکەوتنە شارستانییەی مرۆڤ بە درێژایی چاخە مێژووییەکان بەدەستی هێناوە هەنگاوی زۆر گەورەو جۆری ناوە تا گەیشتووە بەو ئاستە باڵایەی ئێمە دەیبینین، ئەمەش لە سۆنگەی گەڕانی مرۆڤ بە دوای پێویستییەکانی ژیان و ململانێی لەگەڵ سروشت و دیاردەکانی و ڕوووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو مەترسییانەی بووبوونە هەڕەشە لەسەری و ململانێی خوودی مرۆڤ لەگەڵ یەکتری و وێڵبوونی مرۆڤ بە دوای هۆکارەکانی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و چەندین پاڵنەری کاریگەری دیکە هاتووەتە ئاراوە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشان:

بە هۆکاری ئەوەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە شارستانییەت و ڕەگەزانی کەمترین توێژینەوەی لەبارەوە کراوە، بە تایبەتی بە زمانی کوردی هەر یەکجار کەمە، بە تایبەتتر لەسەر خودی ڕەگەزەکانی شارستانییەت ئەگەر بڵێین هەر نەکراوە ڕەنگە هەڵە نەبین، لەم سۆنگەوە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە بە پێویست زانراو ئەو پیویستییەش ئەم بەرهەمەی هێنا ئاراوە.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە، ئەوەیە کە هەوڵێک بێت بۆ شیکار و لێکۆڵینەوەی وردو زانستی و بابەتییانە لەسەر پرسی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی، ئەمەو لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕەهەندە مێژوویەکانی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی بکرێت، جگە لەوە فەرهەنگی کوردی پێ دەوڵەمەند بکرێت و خوێنەری کوردیشی لێ بەهرەمەند بێ.

### گرنگی توێژینەوە:

شارستانییەتیش لە هەر کات و لەهەر شوێنێکدا دەرکەوتبێ لەسەر کۆمەڵێک بنەما بەرپا بووە و کۆمەڵێک هۆکارو پەڵنەریش هەبووە بۆ سەرهەڵدانی، جگە لەمەش کۆمەڵێک ڕەگەزیش بوونەتە کرۆک و ناوکەپێکهێنەری، کە بە کۆی ڕەگەزەکان شارستانییەتەکەیان پێکهێناوەو وێنایان کردووە، ڕەگەزەکانیش هەندێکیان هاوبەشن لە نێوان شارستانییەتەکان و هەندێکیشییان تایبەتن بە شارستانییەتێکی دیارییکراوەوە، کە ئەم توێژینەوەیە تایبەتکراوە بە لێکدانەوەی چەمکی شارستانییەت و ڕەهەندی مێژوویی چەمکەکەو ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی.

### پرسی توێژینەوە:

پرسی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە، بە دواداچوونە بۆ ئەو پرسە کە ئایا چەمکی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی چ واتایەک لە خۆ دەگرن و ڕەهەندو لایەنە جیاوازەکانیان چین، لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو دیدو بۆچوونە جیاوازانەی کە لەسەر ئەو پرسە هەیە، لەگەڵ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی بابەتەکە بە تێڕوانینێکی زانستییانەو بەڵگەی زانستی لە ڕێگەی سەرچاوەی زانستی منمانە ێکراوەوە.

### میتۆدی توێژینەوە:

دیارە لە تویژینەوەی زانستی بە پێی سروشتی ئەو بابەتەی کە هەبژێرداراوە، میتۆدی گونجاو بۆ بابەتەکە هەڵدەبژێردرێ، هەر لەم سۆنگەشەوە توێژەر میتۆدی شیکاری بۆ ئەم توێژینەوەیە پیادە کردوەو بە گونجاوترین میتۆدی زانیوە لەم بارەوە.

### پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە پێشەکیی و دوو تەوەرەی سەرەکی و چەند خاڵێک پێکهاتووە، کە لە تەوەرەی یەکەمدا چەمک و رەهەندی مێژوویی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی بە جەند خاڵێک باسکراوە، خاڵی یەکەم: شارستانییەت چەمک و رەهەندی مێژوو، خاڵی دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت چەمک و ناساندن. تەوەرەی دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی دیدوبۆچوون و شارستانییەتە جیاوازەکان، کە ئەویش لە دوو خاڵ پێکهاتووە، خاڵی یەکەم: لە دید و بۆچوونی زانایان و بیرمەندان و توێژەراندا، خاڵی دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی جیاوازی شارستانییەتەکان.

### گرنگترین سەرچاوەی بەکار هاتوو:

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە سەرچاوەی زۆر و جۆراوجۆر بەستووە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی زۆرترین سوودمان لێ بینیون، لەوانە: (توفيق يوسف الواعي، الحضارة الاسلامية مقارنة بالحضارة الغربية) و (عامر علي النعيمي، مفهوم الحضارة وعناصر تكوينها- دراسة تحليلية ومُقارنة)، Fadi K.S. Zatari, The (Construction of a Theory of) Civilization Through the Works of al-Māwardī

## تەوەرەی یەکەم

### چەمک و ڕەهەندی مێژوویی شارستانییەت و ڕەگەزەکانی

### یەکەم: شارستانییەت چەمک و ڕەهەندی مێژوو:

کاتێ مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایی گواستییەوەو کەوتە سەر شارێگەی مرۆییبوون و کۆمەڵگای پێکهێناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی لەسەر ئەو بنەمایە ڕێکخست، بەمەش زانی کە ناتوانێ بە تەنها بژیێت و دەبێ ژیان و بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دابەش بکا، لەم دابەشبوونی ژیان و بوونەشدا، دەبوو لەگەڵ کەسی بەرابەردا بەشداری بکا لە هەر زیانێک کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو لەگەڵیشییدا ئاڵوگۆڕی سوودو قازانج بکات، ئەمەو هەوڵی وەدیهێنانی هەموو ئەو خواستانەش بدەن کە ئەو پەیوەندییانەی لە پێناودا گرێدراون و لەسەر ئەو بنەمایەش کۆمەڵگە

هاتۆتـە ئاراوە، بەمـەش کۆمەڵایەتـی بـوون و شارنشـینی (المدنیـة)ی سـەلماندووە، هـەر لێرەشـەوە شارسـتانیی بوونـی خـۆی هێناوەتـە ئاراوە،(بـو فضـة، ٢٠٠٨م، ص٨)، ئەمـەو سـەبارەت بـە مێـژووی سـەرهەڵدانی چەمکـی (المدنیـة)، لەبـەر ئـەوەی لـە بەکارهێنانـە ڕۆژئاواییەکانـدا بـۆ (المدنیـة) هەمـان چەمکـی (Civilization) کـە بـا واتـای شارسـتانییەت دێـت بەکارهاتـووە، کـە ڕەگ و ڕیشـەی وشـەکەش دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی لاتینـی (Civic us-Civil is) دەگەڕێتـەوە، ئەویـش بـۆ وشـەی ( Cite) دەگرێتـەوە کـە بـە واتـای وشـەی شـار یـان خەڵکـی شـار بـەکار هاتـووە، ( صلیبـا، ١٩٨٢م، ج٢، ص٣٦٠)، جـا بـە هـۆکاری ئـەوەی چەمکەکـە هەمـان واتـای چەمکـی شارسـتانییەتی هەیـە، بۆیـە مێـژووی دەرکەوتنـی چەمکی(المدنیة)یـش هەمـان مێـژووی دەرکەوتنـی چەمکـی شارسـتانییەتە کـە دواتـر ئاماژە بـە مێـژووی دەرکەوتنـی دەدەیـن.

## ١- شارستانییەت چەمک و ناساندن:

چەمکـی شارسـتانییەت لـە زمانـی عەرەبییـدا هـەردوو چەمکـی ( الحَضـارَة ) و( الحِضـارَة)ی بـۆ بەکارهاتـووە، کـە یەکەمیـان بـە سـەر(الفَتْحَة) هاتـووەو واتـای پێچەوانـەی بـەداوەت دەگەیەنـێ و دووەمیشییان بـە ژێـر (الكَسْرَة) بـە واتـای نیشـتەجێبوون لـە شـار بەکارهاتـووە، کـە ئەمیـش هـەر پێچەوانـەی بەداوەکـە دەگەیەنـێ( اعلمـي، ١٩٦٦م، ج١٦، ص٢٩٠)، بنچینـەی وشـەکەش دەگەڕێتـەوە بۆ(حَـضَرَ)( الفراهیـدي، ج٣، صـص١٠١-١٠٢؛ الشرقـاوي، ١٩٨٥م، ص١٢) هـەروەک گوتـراوە ( حَـضَرَ، يَحْـضُرُ، حُضُـوراً وَحَضـارَةً: ضِـدُّ غـابَ) ( ابـن منظـور، ٢٠٠٨م، ج٤، ص١٤٨؛ معلـوف، ١٩٩٦م، ص١٣٩)، کـە بـە واتـای ئامادەبـوون هاتـووە کـە پێچەوانـەی دیارنەمانـە، بـۆ نموونـە کەسـێکی دیارنەبووهاتبێتـەوەو ئامـادە بوویێـت و دەرکەوتبێتەوە دوای ئـەوەی کـە دیـار نەمابـوو( الفیومـي، ١٩٨٧م، ص٥٤؛ نیزامەدیـن، ٢٠٠٧ز، ل٥١٧)، ئەمـەو (ابـن فارس)گوتوویەتـی:» حَـضَرَ: الحـاء والضـاد والـراء ايـرادُ الـشَّيء، وَوُرُودُه وَمُشـاهَدَتُهُ» واتـە:( حَـضَر: کـە پێکهاتـووە لـە پیتەکانـی الحـاء والضاد والـراء، بـە واتـای هێنانـی شـتێک و هاتـن و بینینـی هاتـووە)( ١٩٧٩م، ج٢، ص٧٥)، ئەمـەو( الحَـضَر) پێچەوانەیـە لەگـەڵ ( البَدْوي)( الـرازي، ص١٠٧) کـە یەکەمییـان بـە واتـای شـوێنی نیشـتەجێبوون یـان شـاری و شارنشـین هاتـووە، بـە واتـای شـار و شـارۆچکەو گوندیـش هاتـووە، ئەمـەو بـە مرۆڤـی نیشـتەجێبوو لـە شـارو شـارۆچکەو گوندیـش گوتـراوە، دووەمیشـییان بـە واتـای سـاراو دەوارنشـینی هاتـووە( معلـوف، ١٩٩٦م، ص١٣٩؛ نیزامەدیـن، ٢٠٠٧ز، ل٥١٧؛ گەلاڵـی، ٢٠١٠ز، ب١، لل٤٧٤-٤٧٥)، لـە زمانـی عیبرییـدا وشـەی hasar (حاصَرْ) لـە بەرامبـەر وشـەی ( حَـضَرَ) بـەکار هاتـووەو واتـای کۆبوونـەوەی گەیانـدووە ( محـروس وآخـرون، ٢٠٠٠م، ج٥، ص ٤٢٦).

وشـەکانی ( الحـاضِر) و ( الحـاضِرَة )ش پێچەوانـەن لەگـەڵ ( البـادي) و ( البادِيَـة)، کـە بـە واتـای شـار و ئاوەدانـی و گونـد هاتـوون، پێچەوانەکەشـیان واتـای بیابـان یـان سـارا یـان دەشـت و چۆڵەوانـی دەگەیەنێـت، هـەر لەبـەر ئەوەشـە گوتـراوە فـڵان کەسـە شارنشـینەو فلانیـش سارانشـینە)( الـرازي، ص١٤١؛ أنیـس وآخـرون، ١٩٩٠م، ص١٨١؛ الجوهـري، ٢٠٠٥م، ص١٤١)، شـایانی ئاماژەپێکردنـە وشـەی ( الحـاضِر) لـە فەرمـوودەی پەیامبـەر(د.خ)دا هاتـووە، وەک فەرموویەتی:»لايَبيـعُ حـاضِرٌ لِبـادٍ» واتـە:( شارنشـین شـت نەفرۆشـێت بـۆ سارانشـین).

بـەر لـە زمانـی ئینگلیـزی چەمکـی (Civilization) بـە زمانـی فەرەنسـی دەرکـەوت، دواتـر لەپـاڵ چەمکـی (Culcure) لـە لای ئەوروپـی و ڕۆژئاواییـەکان (Civilization) یـان (Civilisation) لـە بەرامبـەر وشـەی شارسـتانییەت بەکارهـات، کـە چەمکەکـە بنچینەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی لاتینـی (Sivis) کـە بـە واتـای شارنشـینی یـان هاوڵاتـی لـە شـاردا هاتـووە( الواعـي، ١٩٨٨م، ص٢١) و چەنـد واتایەکـی لەخۆگرتـووە، لەوانـە بـەرزی و باڵایـی، بیـر، چێـژ، مامەڵـەی جـوان، بـە واتـای ڕۆشـنبیری، توانـای مرۆیـی، هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتیـش هاتـووە و ئاوڵناوەکەشـی (Civil)ە( Philip D, P١١٨, ٢٠٠١AD؛

Person Education Limited, ٢٠٠٩AD, p١٧٢؛ البعلبكي و البعلبكي، ص٢٢٦) ، كە واتای هاوڵاتی دەگەیەنێت و هاوڵاتیش بەو كەسانە دەگوترێ كە لەیەک شار یان یەک وڵاتدا بەیەكەوە دەژین، مەبەست لە هاوڵاتیش كەسانی مەدەنی و ناسەربازین، ئەمەو (Civilian)یش گوزارشتە لە كەسێكی شاری و شارنشین( ئەحمەد، ٢٠٠٦ز، ل١٦٧؛ Oxford university, ٢٠١٠AD, p٢٦).

(شارستانییەت) و (ژیار) ئەو دوو چەمكەن كە لە زمانی كوردییدا لە بەرامبەر وشەی (الحضارة)ی عەرەبییدا بە كار هاتوون، كە یەكەمییان لە دوو برگە پێكهاتووە ئەوانیش (شار) و (سان) ن. (شار) هەم بە واتای ماڵی مێروولەو زەردەواڵە هاتووە، هەمیش بە واتای ئاوەدانی گەورەی پڕ لە بازاڕ و دوكان هاتووە، باژێڕیشی پێگوتراوە، دووەم وشەش كە (سان)ە پاشگرێكە بە واتای جێگەو شوێن هاتووە نموونە وەک (عەجەمستان)، كەواتە بەهەر وشەیەكەوە لكابێت واتای شوێنی ئەو شتەی گەیاندووە بۆ نموونە (كێوسان، گوڵسان، كوردستان) واتا جێگەی كێوو گوڵ و كوردی زۆر(خاڵ، ١٩٧٦ز، ج٢، ل٢٥٠-٢٥١؛ هەژار، ١٣٨٤هـ ل٤٦٣،٤٠٩)، ئەمەو وشەی (سان) واتای سوڵتانیشی گەیاندووە، كە لە ڕووی بە گەورەدانانەوە بۆ هەندێ پیاو بەكارهێنراوە، لە نێو كاكەییەكانیش وشەی یارسان هاتووە، كە بە واتای دۆستانی سوڵتان بەكارهاتووەو خۆشیان حەز دەكەن لە جیاتی (كاكەیی) یان (ئەهلی حەق) بە ناوی (یاری و یارسان) بناسرێن، ئەمەو وشەكانی (ژیار) و (ژیاری)یش لە بەرامبەر (حضارة)و(حضاري) بەكارهاتوون، كە بە واتای ژیانی شارستانییانە هاتوون (هەژار، ١٣٨٤هـ ل٤٦٣،٤٠٢؛ خدر، ٢٠١٥ز، ل١٥).

توێژەرێک پێی وایە لە میانەی پێناسەی زمانەوانی بۆ چەمكی شارستانییەت لە فەرهەنگەكاندا ، بۆمان دەردەكەوێت لە ڕووی ناوەڕۆكەوە جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوان پێناسەكاندا نییە، چونكە تاكە ئەنجام كە فەرهەنگەكان تێیدا بەیەک گەیشتوون، ئەوەیە كە شارستانییەت پێچەوانەی سارانشینییەو پاشان چەمكەكە بە تێپەڕبوونی كات گەشەی كردووە، تا وایلێهاتووە واتای نیشتەجێبوون لە شار و هەموو ئەو دیاردانەی گەیاندووە كە لەگەڵییدا پەیدا بوون، لە پێشكەوتن و خۆشگوزەرانی و هونەر و پەرەسەندن ( سعیفان، ٢٠٠٦م، ص٥٨).

## ٢- شارستانییەت لە دیدی بیرمەندان و توێژەراندا:

خستنە ڕووی پێناسەیەكی دیاریكراو بۆ لە ڕووی زاراوەوە بۆ چەمكی سارستانییەت، كارێكی ئاڵۆزو دژوارە، چونكە دیدوبۆچوونی جیاوز كاری لەسەر كردووەو لە سۆنگەیەشەوە جەندین پێناسەی لە یەكتر جیاواز خراونەتە ڕوو بۆ چەمكەكە، لە ڕێگەی بە گەورە دانانی عەقڵ و عەقڵگەراییان شارستانییەتیان كردووە بە هاوواتای عەقڵ یان كردوویانە بە بەرهەمی عەقڵ، چونكە پێیان وایە هەرچی دیاردەی مرۆیی هەیە هەمووی لەسەر پێوەری عەقڵ و ئەندازەگیرییەكانی عەقڵ بینا كراوە و عەقڵ زاڵە بەسەر هەموو ڕووەكانی ژیاندا، هەیە پێی وایە شارستانییەت ئەو زانستەیە كە وەستاوە لەسەر ئەو دۆزینەوە نوێیانەی كە یارمەتی مرۆڤ دەدەن ژیانێكی باشتر بژی، ئەمەش لە ڕێگەی سوود بینین لە ژینگەی دەوروبەری، بەپێی ئەمەش شارستانییەت گوزارشتە لە شتێ كە پیی دەڵێن تەكنۆلۆژیا، هەیە پێی وایە ژیان پشت دەبەستێ بە ڕەگەزە ئابوورییەكان كە لە كۆتاییدا شارستانییەتی لێ وەبەرهەم دێ، كەواتە شارستانییەت ئابوورییە ( ضناوي، ١٩٨٠م، ص١١). هەندێ پیان وایە بیروباوەڕو ڕەوشت و هەڵسوكەوتێكە، كە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ فەراهەم دەكا. هەیە هەندێ تری وەک شتی دیكەی وەک گەشەی ئابووری و دەستپێشخەری ئاوەدانی و پێشكەوتنی پیشەسازی و سیستەمی كۆمەڵایەتی و یاساییشی خستۆتە پاڵ. بۆچوونی دیكە هەیە بە پێچەوانەوە پێی وایە شارستانییەت بەرەڵاییەكی ڕەهاو دەسەڵاتێكی داپڵۆسێنەر و هێزێكی پڕ زەبروزەنگە

( الواعي، ١٩٨٨م، ص٢٥).

ئەمەو شارستانییەت لە هەردوو رەهەندی ماددی و رۆحییەوە ناسێنراوە، لە رووی رەهەندی ماددییەوە شارستانییەت بریتییە لە ئاستێکی دیاریکراو لە پسپۆڕی و پێشکەوتن، کە چەندین دەستکەوت و ئامانجی زانستی و ماددی هەیە، وەک: بیناکاری و پیشەسازی و کەرەستەکان. هەروەها هەمەچەشنەیی لە خۆشگوزەرانی و جۆراوجۆریتی چێشتخانەکان و تەلار و پۆشاک و ڕاخەر و قاپ و تەواوی پێداویستییەکانی ماڵ ( لوبون، ١٩٦٩م، صص٤٣٣-٥٦٣؛ عبدالنور، ١٩٨٤، ص٩٤؛ ابن خلدون، ٢٠٠٤م، ج١، ص٣٣٨) لەگەڵ هەموو ئەو شتانەش کە مایەی خۆشگوزەرانی ژیان و چێژ و خۆشی دنیاو جوانییەکانین و رەنگدانەوەی کۆی چالاکی مرۆییە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری زانستی و سیاسیی و ئابووری و سەربازی، سیستەمێکی کۆمەڵایەتییشە یارمەتی مرۆڤ دەدات لەسەر زیادکردنی بەرهەمی رۆشنبیری لە هەموو خولێک لە خولەکانی بوونییدا، کە لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتییدا بە چەندین قۆناغدا گوزەری کردووە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستا دەیبینین(Durant, part one, p١, ١٩٥٤AD؛ حلاق، ١٩٩١م، ص٩؛ العتيق، ٢٠٠٣م، ص١٦؛ مەندەلاوی ٢٠٠٩ز، ل٧٨-٨٣).

هەرچی ڕوانگەی رەهەندی رۆحیشە، شارستانییەت بیروباوەڕی ئایینیی و بەرزکردنەوەی مرۆڤبوونی مرۆڤە بەسەر ماددەداو زاڵبوونی ئەو بەها مرۆییانەیە کە گەشە بە مرۆڤبوونی مرۆڤ دەدەن و دووری دەخەنەوە لە بەهاو ئاکارە ئاژەڵییەکان. ئەمەو ناساندنی تاکە بە کۆمەڵێک بنەماو بەهاو رەوشتی جوان، قۆناغێکی باڵاشە لە گەشەی مرۆیی، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی نەزانی و کێوییتییدا( لوبون، ١٩٦٩م، صص٤٣٣-٥٦٣؛ الواعي، ١٩٨٨م، ص٢٦؛ ابن نبي، ٢٠٠٠م، ص٤٣).

ئەمەو شانبەسانی چەمکی شارستانییەت ( الحَضَارَة) چەمکی شارنشینی ( المَدَنيَّة)ش بەکارهێنراوە، کە شارەزایانی ئەو بوارە دابەش بوون بۆ دوو بۆچوونی جیاواز، کە هەندێکیان پێیان وایە هەردوو چەمکەکە هاوواتان بەڵام بۆچوونی بەرامبەر پێی وایە واتای جیاوازیان هەیە،( فؤاد زكريا، ٢٠١٨م، ص١٣)، بەڵام بە سەرنجدان لە کۆی بۆچوونەکان بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو بۆچوونەی لە هەموویان لە راستییەوە نزیکترە ئەوەیە کە شارستانییەت گشتگیرترو فراوانترە لە مەدەنییەت، چونکە شارستانییەت هەموو چالاکییە کۆمەڵاتییەکان دەگرێتەوە لە تەواوی لایەنە رۆحی و ماددییەکان، بەڵام شارنشینی تەنها ئەو چالاکییە ماددیانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە واقیعی ژیانی خۆیدا لە ڕێی ئەزموونی زانستیی خۆیەوە پێی هەڵدەستێ لە ناو کۆمەڵگەدا، بەمەش دەتوانین هەردوو چەمکەکە بەیەکەوە کۆ بکەینەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە شارستانییەت بەڵگە بێت لەسەر کۆی لایەنەکان (خدر، ٢٠١٥، لل١٩-٢٠).

بە پێویستمان زانی ئاماژەیەکیش بدەین بە چەمکێکی دیکە کە پەیوەندی بە چەمکی شارستانییەت ( الحَضَارَة) ەوە هەیە، ئەویش چەمکی رۆشنبیری ( الثَّقافَة) کە لە ئەوروپا ( Culture)ی پێ گوتراوە، سەبارەت بە پەیوەندییان بەیەکەوە بیرمەندان و توێژەران دیدو بۆچوونی جیاوازیان خستۆتە روو، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە بیرمەندان و توێژەران و دید و بۆچونەکانیان بڕوانە( بينوش، ٢٠١٣م، صص٤١٢-٤٢٢)، بەشێک پێیان وایە رۆشنبیری تەنها قۆناغی یەکەمی شارستانییەتی نواندووە، چونکە بەبەرهەمی زانیاریی و هەڵسوکەوت و خونەریتەکانی گەلانی سەرەتایی گوتراوە، کە بەردەوام بەرەو بەرزی و باڵایی چوون تا گەیشتوونەتە ئاستی شارستانییەت. زانایانی بواری کۆمەڵناسی پێیان وایە شارستانییەت شێوەیەکی ئاڵۆزی رۆشنبیرییە، چونکە چەمکی رۆشنبیری سیماکانی ژیانی هەموو کۆمەڵگایەکە، جا پێشکەوتوو بێ یان دواکەوتوو، لە کاتێکدا شارستانییەت هەمان سیماکانی ژیانە بەڵام لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و ئاڵۆزدا، باشترین هۆکارێکیش بۆ دیاریکردنی واتای هەر یەکێکیان ئەوەیە کە بڵێین: چەمکی رۆشنبیری سیماکانی

پێشکەوتنی عەقڵی گرتۆتەوە بە تەنهاو مۆرکێکی تاکی هەڵگرتووە، بەڵام شارستانییەت سیماکانی پێشکەوتنی عەقڵی و ماددی گرتۆتەخۆ و مۆرکێکی کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە، ( جبور عبدالغفور)یش شارستانییەتی بە لاشە و ڕۆشنبیریشی بە ڕۆح وێنا کردووە، هەشە پێی وایە ڕۆشنبیری قۆناغی بەرەو باڵاچوونە، بەڵام شارستانییەت ڕووەو تیاچوونە، بەمەش دەگەین بەو ئەنجامەی کە چەمکی ڕۆشنبیری چوارچێوەکەی بەرتەسکترەو کورتهەڵاتووە لە بوارەکانی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکان، پەیوەندی نێوانیشیان پەیوەندییەکی تەواوکارییە، بەوەی شارستانییەت ئەو ئەنجامەیە کە نەتەوە پێی گەیشتووە لە بوارەکانی بیری و بیروباوەڕی و ڕەوشتییەکاندا (خدر، ٢٠١٥، لل٢٤-٢٥).

## ٣- ڕەهەندی مێژوویی دەرکەوتنی چەمکەکە:

لە ڕوانگەی مێژووییەوە عەرەبەکان هەر لە کۆنەوە بەراوردی نێوان نیشتەجێبوون و کۆچکردنیان کردووە کە بریتیی بووە لە گواستنەوەو گەڕان، ئەو کەسەی کە ناگوازێتەوەو پەنا نابا بۆ گەڕان بە دوای لەوەڕگادا پێیان گوتووە نیشتەجێبوو(قَراري)، ئەمەو پێشیان گوتراوە ( أَهْلُ الْمَدَرِ) کە بەوانە گوتراوە نیشتەجێبوون و خانوویان لە خشتی قوڕین دروستکردووە، یان پێیان گوتراوە (أَهْلُ الْحَجَر) چونکە لە ماڵی بەهێز و جێگیردا نیشتەجێ دەبوون، بە پێچەوانەی ئەوانەی پێیان دەگوترا ( أَهْلُ الْوَبَر)، کە مەبەست پێی لەوانە بوو لەو خێوەت و ڕەشماڵانەدا نیشتەجێ دەبوون کە لە تووکی حوشترو خوری مەڕوو مووی بزن دروست دەکران ( الندوة العالمية للشباب الاسلامي، ١٩٨٥م، مج٢، ص٧٤)،

هەرچی چەمکی ( الحَضارَة)یە سەرەتا لە نێو بەکارهێنانە زمانەوانییە عەرەبییەکاندا بەربڵاو نەبووە، تەنانەت بە درێژایی ساڵانی فتوحاتی ئیسلامیش بوونی نەبووە، لەم ڕوانگەوە بیرمەندێک پێی وایە ڕەنگە ( ابن خلدون ) یەکەم کەسێک بوو‌بێت ئەو چەمکەی بە ناوی ( العُمران البَشري) بەکارهێنابێ ، کە بە واتای ( الحَضارَة الْبَشَرِيَّة) هاتووە، ئەمەو جیاوازی کرد لە نێوان ئاوەدانی بسارانشینیی و ئاوەدانی شارنشینی ( خليل، ١٩٨١م، ص١٤٧؛ صليبا، ١٩٨٢م، ج١، صص ٤٧٤-٤٧٥) . ( عبدالمنعم الحنفي) ئاماژەی بەوە داوە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٧٠٤ز) وشەی (الحَضارَة)ی بە واتای شارنشینی ( التَّمَدُّن) بەکارهاتووە، کە بە واتای گرتنەبەری ڕەوشتی خەڵکی شار و پۆشاکپۆشین و قسەکردن و هەڵسوکەوت بە پێی نەریتی خەڵکی شار هاتووە (الحنفي، ٢٠٠٠م، ص٣٠١).

بەو سەرنجدانەشمان لە ڕەوتی مێژوویی گەشەی چەمکەکە بۆ مان دەردەکەوێت کە بەو واتایەی ئێمە مەبەستمانە مێژوویەکی دووری نییە، بەڵام لە زمانی عەرەبی و زمانە ئەوروپییەکانیش چەمکەکە وەک واتاو لە مێژوویەکی دوورەوە زانراوە، بەڵام بەو واتا دیاریکراوەی ئێستا بۆی کراوە دەرنەکەوت تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەرکەوت بە ناوی مێژووی شارستانییەت، دوای ئەمە چەمکەکە زۆربەی واتاکانی دیکەی لێ دوورخرایەوە( فؤاد زكريا، ٢٠١٨م، ص١١) بۆ نموونە چەمکی (Culcure) کە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Culune)ی لاتینی ئەویش بنەچەکەی دەگەڕێتەوە سەر ( Colere)، کە بە واتای کێڵای یان گەشەی کرد هاتووە، ئەمەو وشە بنچینەییە لاتینییەکەش لە قۆناغی مێژووی کۆن و ناوەڕاستدا بە واتای گەشەی زەوی و داهاتەکانی هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ( شیشرۆن) بە واتای خوازراو بە ( Culturametris)ی بەکاریهێناوە، کە با واتای کشتیاری عەقڵ( گەشەی عەقڵ) هاتووە، ئەمەو دواتر لە سەدەی هەژدەیەم بە دواوە چەمکی (Culcure) وردە وردە واتاکەی لە گەشەی عەقڵییەوە گۆڕاوە، تا لە کۆتاییدا لە ناوەندە زانستییەکاندا ئەو واتاو چەمکەی وەرگرتووە، کە بە واتای شارستانییەت بێت و بریتیی بێت لە کۆمەڵێک ڕەگەزی ژیان و شێوەو دیاردەکانی لە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکان( الواعي، ١٩٨٨م، ص١٩؛

ناوخـۆش، ٢٠٠٨ز، ل٦٢).

لـە ئەوروپـاو ڕۆژئـاواش بـە سـەرنجدان لـە ڕەگ و ڕیشـە یۆینانـی و لاتینییەكـەی چەمكەكـە، بۆمـان دەردەكـەوێ چەمكـێ شارسـتانییەت نوێـترە كـە لـە فەڕەنسـا لـە سـەدەی (١٨) دەركـەوت، ئەمـەو لـە وشـەی شـاری (civilized) و شارنشـینی ( to civilize) پێكدەهـات، كـە هەردووكیـان لـە ئەوروپـا هـەر لـە سـەدەی شـازدەوە بوونیـان هەبـوو و بـەكار دەهاتـن، لـە زمانـی ئینگلیزییشـدا چەمككـە سـەرەڕای نەریتـە كەلتوورییـە ڕۆژئاواییەكـەی، واتاكانـی خـۆی هـەر لـە ڕەگ و ڕیشـە یۆنانیـی و لاتینییـەكان وەرگرتـووە (لحسـن، ٢٠٢١م، ص١٦١).

ڕەنگـە یەكـەم كەسـێكیش چەمكـی (Civilization)ی لـە كتێبێكـی بڵاوكراوەدا بەكارهێنابـێ ( ماركیـز دی میرابـۆ) بووبـێ كـە لـە یەكێـك لـە كتێبەكانییـدا لـە سـاڵی (١٧٥٧ز) هێناویەتـی (عـارف، ١٩٩٤م، ص٣٣). ئەمـەو لـە سـاڵی (١٩٧٢ز) كاتـێ (جونسـون) فەرهەنگێكـی نوسـیوە داوای لێكـراوە چەمكـی (Civilization) بخاتـە نێـو فەرهەنگەكـەی بـەڵام ئـەو ڕەتـی كردۆتـەوەو لەجیاتـی ئـەو وشـە كۆنەكـەی هەڵبـژاردووە، كـە (Sivility)ە و خسـتویەتییە نێـو فەرهەنگەكـەی، كـە وەك وشـەی (Urbanety)یـەو واتاكـەی ڕەنگدانـەوەی بـە سـووك سـەیركردنی لادێنشـینەكان و ئەوانەیـە كـە پێیـان گوتـوون بەڕیـەڕ بـە بـەراورد لەگـەڵ خەڵكـی شـار و شارنشـینەكان ( النـدوة العالميـة للشـباب الاسـلامي، ١٩٨٥م، مـج٢، ص٥٨١).

بـەم شـێوەیە چەمكەكـە گەشـەی كـردووەو جەندیـن لێكۆڵینـەوەی هەمەلایەنـەی چەمكەكـە كـراوە تـا گەیشـتووە بـەوەی كـە بۆچـوون هەیـە پێـی وایـە دەتوانـرێ چەمكـی شارسـتانییەت هێنـدە فـراوان ببـێ ببێتـە ئاسـتی چەمكـی جیهانگەرایـی (Globalization)، كـە مەبەسـت لەوەیـە هەمـوو گـەل و نەتـەوەكان ببنـە خاوەنـی یـەك شارسـتانییەت، هەرچەنـدە كەلتـوور و دابـو نەریتیشـیان لەیـەك جیـا بێـت (الحنفـي، ٢٠٠٠م، ص٣٠٢).

لـە ڕاسـتییدا ئێمـە پێمان وایە واتاو گەشـەی چەمكەكـە بـە پێـی زمانـەكان و ژینگـەو ناوچـەو سـەردەمە مێژوویەكانـی جیـاواز بـووە، كـە دەتوانیـن بـە چەنـد خاڵێـك ڕوونـی بەكەینەوە:

١-لـە بنچینـەی وشـەكەدا بـە پێـی زمانـەكان و ژینگـەو شـوێنەكان جیـاوازی هەیـە لـە چەمكەكـەدا بـۆ نموونـە بنچینـەی وشـە عەرەبییەكـە كـە ( حَضَرَ)ەیـە بـە واتـای ئامادەبـوون هاتـووە، بـەڵام بنچینـەی وشـە ئەوروپییەكـە (Culcure) یـان (Civilization)ە جیـاوازی هەیـە، چونكـە ( Culcure) لـە بنچینـەدا كـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ( Colere)بـە واتـای كێـڵان و گەشـەكردن هاتـووە، (Civilization)یـش دەگەڕێتـەوە بـۆ وشـەی لاتینـی (Sivis) كـە بـە واتـای شارنشـینی یـان هاوڵاتـی لـە شـاردا هاتـووە، كـە زۆر جیـاوازە لـە واتـای چەمكـە عەرەبییەكـە كـە بەواتـای ئامادەبـوون هاتـووە، ئەمـەو چەمكـە كوردییەكـە لـە واتـا بنچینەییەكەیـدا لـە هەردووكیـان جیـاوازە، چونكـە بنچینـەی چەمكـی (شارسـتان)ی لـە زمـان و فەرهەنگـە كوردییەكانـدا، كـە لـە بنچینـەدا بـە شـوێنی كۆبوونـەوەی شـتێك هاتـووە وەك (گوڵسـان) یـان (كێوسـان)، بـۆ شارسـتانییەتی مرۆڤیـش بـە واتـای ئاوەدانـی گـەورەی پـڕ لـە بـازاڕ و دوكان هاتـووە.

٢- لـە ڕووی خـوودی واتـای وشـەكەش بـە بـێ گەڕانـەوە بـۆ بنچینـەی وشـەكە جیاوازییەكـی ڕێژەیـی هـەر هەیـە، ئەگەرچـی لەیـەك نزیكـن، بـۆ نموونـە چەمكـی (الحَضـارَة) لـە زمانـی عەرەبییـدا بـە شـارو ئاوەدانـی و شارنشـین گوتـراوە بـە شـێوەیەك كـە پێچەوانـە بـێ لەگـەڵ دەشـت و سـاراو دەوارنشـینی، لای ئەوروپییـەكان چەمكـی (Civilization) زیاتـر گوزارشـتە لـە ژیانێكـی هاونیشـتیمانی و هاوڵاتـی بـوون كـە مەدەنـی بـن و سـەربازیی نەبـن. بـەڵام لـە فەرهەنگـە كوردییەكانـدا تـا ڕاددەیـەك لـە واتـا عەرەبییەكـە نزیكـە كـە بـە واتـای ئاوەدانـی گـەورەی پـڕ لـە بـازاڕ و دوكان هاتـووە، باژێڕیشـی پێگوتـراوە، ئاماژەشـە بـۆ ئـەو كەسـانەی شارسـتانییانە دەژیـن، بـەڵام وەك عەرەبییەكـەی بـەراوردی پـێ نەكـراوە لەگـەڵ ژیانـی لادێـی

و سارانشینی.

٣- پێمان وایە هەر یەکێ لەو ناساندنانە بەشێکی واتاکەی خستۆتە ڕوو و دەتوانین هەرسێ بۆچوونەکە بەیەکەوە کۆبکەینەوە بەوەی کە شارستانییەت بە واتای شارو ئاوەدانی و شارنشین دێت، شارنشینییەک کە زیاتر مەدەنییانە بێت و شارنشینییەکیشە کە ئاوەدانییەکی پڕ لە بازاڕو دوکان بێت.

## دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت چەمک و ناساندن:

لە زمانی عەرەبییدا لە بەرامبەر چەمکی ڕەگەز چەمکی (عُنْصُر) یان (عُنْصَر)بە کارهێنراوە کە یەکێک لە واتا دیارەکانی بە واتای بنەچە و ڕەچەڵەک بە کارهاتووە، هەر بۆیە لە زمانی عەرەبییدا گوتراوە:» لَهُم عَناصِرٌ تُثْنى بِها الْخَناصِر» )( الفراهیدي، ج٢، ٣٣٢؛ ابن درید، ١٩٨٧م، ج١، ص١١٥٣؛ الأزهري، ١٩٧٨م، ج٣، صص٣٣٠-٣٣١؛ الزمخشري،١٩٩٨م، ج١، ص٦٨١)واتە:( ڕەچەلەکگەلێکیان هەیە، شایستەی نمونە پێ هێنانەوەیە)، ئەمەو بە واتای چاپوکی و پێویستیش هاتووە، گوزارشتیش بووە لە زیرەکی و بلیمەتی، لەگەڵ وشەی ( عُنْقَر)بە هاوواتا هاتووە، هەر بۆیە کە دەگوترێ:»عُنْصَرُ الرَّجُلِ وَ عُنْقَرَهُ» واتا بنەچەو ڕەچەکی کەسەکە (الأزهري، ١٩٧٨م، ج٣، ص٣٣١)، هەروەها بە واتای ڕەگەزو نەژادیش هاتووە وەک نەژادی نەتەوەکان بۆ نموونە نەژادی (سامی) ( عمر، ٢٠٠٨، مج١، ص١٥٦٣).

دیارە کە کۆی (عُنْصُر) (عَناصِر)ە کە بەشی هەرە سادەو ساکارو سەرەتایین، بە شێوەیەک ناتوانرێ بۆ بەشی لەوە سادەتر بکرێتەوە، پێکهاتەکانیش لەو بەشە سادەو سەرەتاییانە پێکهاتوون، واتە ئەو ڕەگەزە بنچینەییە لە هەموو بابەتەکان، بۆ نمونە ژمارە یەک ئەو ڕەگەزو سەرەتاییە کە ژمارەی لێ پێکهاتووە، پێتیش بە هەمان شێوە کە ئاخاوتنی لێ پێکهاتووە ( الحنفي، ٢٠٠٠م، ص٥٦٨).

(إبْنُ سینا) گوتوویەتی:» {العُنْصُر} بنچینەی یەکەمی بابەتەکانە، هەر بۆیە بە یەکەم شوێنگە گوتراوە { عُنْصُر} کە کاتێک دەگۆڕێت شێوەگەلێک وەردەگرێ بە هۆیەوە بوونەوەرەکان جۆراوجۆر دەبن، بەڵام بە ڕەهایی کەرەستەی سەرەتاییە)» (الخوّارِزْمي)یش گوتوویەتی:» ئەو شتە ساکارو سەرەتاییەیە کە پێکهاتەکانی لێوە پێکدێن، نموونە وەک: بەردو وخشت و قەدە دار کە بینای لێ پێک دێت، وەک پیتەکانیش کە ئاخاوتنیان لێ پێک دێت، یان وەکو ژمارە یەک کە ژمارەی لێ دروست دەبێت» ئەمەو ( عُنْصُر) لە ژیربێژی (المنطق)دا دانەیەکە لە جۆر یان چەشن، واتای هەموو ئەمەش ئەوەیە کە ڕەگەزی شتەکان بەشە سەرەتایی و ساکارەکانییانە، جا ڕەگەزی زمان بێژەکانییەتی و ڕەگەزی زانین بنەماکانییەتی و ڕەگەزی سێگۆشە هێڵەکانی و گۆشەکانییەتی، رەگەزەکانی کۆمەڵگاش تاکەکانییەتی (صلیبا، ١٩٨٢م، ج٢، صص١١١-١١٢؛ زقزوق، ٢٠٠٣م، ص١٠١٨).

لە زانستی کیمیاشدا توخمێکە یان ئەو ماددە سەرەتاییە ، کە ناتوانرێ لەو سادەتر هەبێ، جا چ ڕێژەیی بێ یان ڕەها بێ، بۆ نموونە گەردیلە لە زانستی کیمیادا ڕەگەزێکی سادەیە، بەلام لە زانستی فیزیادا ئاوێتەیە، جا هەر شتێ بچێتە نرەگەزێکی سادەیە، بەلام لە زانستی فیزیادا ئاوێتەیە، جا هەر شتێ بچێتە نو پێکهاتەی شتێک، ئەوە پێی دەگوترێ توخم یان ڕەگەز نموونە وەک ( هایدرۆجین) و ( ئۆکسجین ) لە پێکهاتەی ئاودا، بیر وگەڵاڵەکان لە داڕشتنی وتارێکدا، پارچەکان لە پێکهێنانی ئامێرێکدا، دەستەیەک لە پێکهێنانی سوپایەکدا، ئەمەو ڕەگەزەکان لە کۆندا بە چوار شت دەگوترا ئەوانیش:» ئاگر و هەواو ئاوو خاک بوون» (صلیبا، ١٩٨٢م، ج٢، صص١١١-١١٢).

لە زمانی عیبرییدا چەمکەکە بە ( عَنْصَر) هاتووە، کە لە پەیمانی کۆن(تەورات) دا بە واتای کۆبوونەوە یان شوێنی تایبەتی ئاهەنگگێڕانی گەل هاتووە، کە لە ئاهەنگ و بۆنە ئایینییەکاندا تێیدا کۆدەبوونەوە (دُوزِي،

١٩٩٦م، ج٧، ص٣٢٨)، لەسەردەمی پەیامبەر یوسف (س.خ) جەژنەکە چەند ناوێکی هەبووە لەوانە ( عید العَنْصَرَة، عید الخَمْسین، عید الحَصاد)، هەمان ئە واتایەش لە (تەلمود)دا هاتووە، لای جولەکە جەژنی ( العَنْصَرَة) یادکردنەوەی دابەزینی شەریعەتەکەیانە بۆ سەریان لە سەر کێوی (سەیناء)، هەمان جەژن لای گاورەکانیش هەیەو بە جەژنی (الخَمیس)یش ناسراوە لایان، پێیان وایە لەو ڕۆژەدا گیانی ( روح القدس) ئاوێتەی گیانی خوێندکارەکانی مەسیح (س.خ) بووە، بەم هۆیەشەوە بە هەموو زمانەکان قسەیان کردووە، دوای ئەمەش هەریەکەیان گڕاوەتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە بەو زمانەی ئەو قسەیان کردووە، ئەمەش لە پێناو بانگەوازکردنی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ ئایینی مەسیح (س.خ) ( مسعود، ١٩٩٢م، صص٥٦٦-٥٦٧؛ دُوزِي، ١٩٩٦م، ج٧، ص٣٢٨، الخطیب، ١٩٩٦م، ١٩٩٦م، ص٣٢٧)، لای (قیبتی)یەکانیش بە ( عید الخَمْیس، عید الحَصاد) هاتووە، ئەمەو لە چەندین وڵاتی دیکە هەمان چەمک بۆ چەندین بۆنەو یادی تر بەکار هاتووەو یادی دەکرێتەوە ( دُوزِي، ١٩٩٦م، ج٧، ص٣٢٨).

(عَنْصَرَة) جۆرێکی میوەشە کە لە مانگی حوزەیراندا پیدەگا، مەبەستیش لە ( عُنْصُريّ) شتی بنچینەیی و بەراییە، کە دەگوترێ ( عُنْصُرُ الزَّمَن) بە واتای ئەو شتە دێ کە کاتی پێکهێناوەو بونەتە کرۆک و پێکهێنەری کات ئەوانیش شەوو ڕۆژن و شەوو ڕۆژ دوو ڕەگەزی پێکهێنەری کاتن، ئەمەو (عُنْصُر) گوزارشتیشە لە گەردو تۆزی بەر با ( مسعود، ١٩٩٢م، ص٥٦٦؛ دُوزِي، ج٧، ص٣٢٨، عمر، ٢٠٠٨م، مج٢، ص١٥٦٣)، چەمکی (العُنْصُريّة)یش هاتووە کە واتای دەمارگیری دەگەیەنێ، هەر بۆیە کە دەگوترێ (التَّمییزُ العُنْصُريّ) واتە جیاوازی کردن لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی تردا بە پێی نەژاد و ڕەچەڵەک و ڕەنگ، ئەمەو دەمارگیری بیروباوەر و ڕاوبۆچوونێکی دیاریکراویش دەگرێتەوە(، العُنْصُريّ) یش کە ناویکی تاکەو پاڵ دەدرێتە لای (عُنْصُر) بە کەسێک دەگوترێ دەمارگیرو ڕەگەزپەرست بێ بۆ نەژادێک یان نەتەوەیەکی دیاریکراو( مسعود، ١٩٩٢م، صص٥٦٦-٥٦٧؛ عمر، ٢٠٠٠م، ص٦٤٣؛ عمر، ٢٠٠٨م، مج٢، ص١٥٦٣)، پاڵنەری ئەو دەمارگیری و ڕەگەزپەرستییەش ئەوەیە کە پێیان وایە تاکەکانی سەر بە نەژادو ڕەچەڵەکییان لە ڕوانگەی ژیری و ڕەوشت و کەلتوور و ڕۆشنبیری بەرزو باڵاترن لە تاکەکانی نەژادو ڕەچەڵەکەکانی تر، بەمەش پێیان وایە لە پێشترن لەڕووی مافەوە جیاوازترن ( مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزیع، ١٩٩٩م، ج١٦، صص٦٩٠-٦٩١)

لە فەرهەنگە کوردییەکاندا چەمکی (عُنْصُر) بە واتای ڕەچەڵەک و نەژادو وەجاغزادەیی هاتووە، بە واتای بنچینەو بناغەو بنەماو ڕیشەو بنەڕەت و ڕەگیش هاتووە، ئەمەو گوزارشتیشە لە توخم و ڕەگەز و جۆر ( موکریانی، ٢٠٠٥ز، ل٢٧١؛ نیزامەدین، ٢٠٠٧ز، ل١٢١٦).

لە لای ئەوروپییەکان لە بەرامبەر چەمکی ڕەگەز( عُنْصُر)، بە فەڕەنسی ( Element) و بە ئینگلیزی ( Element) و بە لاتینی ( Elementun)بەکارهاتووە (مسعود، ١٩٩٢م، ص١١١؛ الحنفي، ٢٠٠٠م، ص٥٦٨؛ غەریب، ٢٠٠٣ز، ل٨٧٣)، لە زمانی ئینگلیزییدا، کۆیەکەی (Elements)ە، ئەمەو جەژنێکیش ناوی ( العَنْصَرة/feast of Pentecost) لێ نراوە ( ولیم، ١٩٨٤م، ص٤٤٣)، هەر لە زمانی ئینگلیزییدا چەند وشەیەکی دیکەمان هەیە هاوواتای چەمکی (Element)ن ئەوانیش وشەکانی ( component, constituent, and ingredient)ن ( فرح وآخرون، ٢٠٠٣م، ص٦٣١)، هەروەها چەمکی (Element) بەواتای ئەو خاڵ و هێڵ و ڕووانەش هاتووە کە شێوەی ئەندازەییان لێ پێک دێت، بەواتای هۆکاریش لێکدراوەتەوە، وە کە دەگوترێ ( Elemental) واتای توخم و کرۆکی هەر شتێک دەگەیێنێ، چەمکی (Elementary) یشمان هەیە کە بە واتای سەرەتایی بەکارهاتووە ( البعلبكي و البعلبكي، ص٣٨٩؛ ئەحمەد، ٢٠٠٥ز، و٣٢٩)، وەک ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤیش چەمکەکانی ( Race,Gender,Sex) بەکارهاتوون، کە ڕەگەزناسی (Ethnology)شی پێی دەگوترێ ( ناوخۆش، ٢٠٠٨ز، ل١٠٠).

لـە میانـەی ئـەو زانیارییانـەی خستمانە ڕوو دەربـارەی چەمکەکـە، بۆمـان دەرکـەوت کـە چەمکەکـە واتـای جۆراوجۆر لـە خـۆ دەگـرێ بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی واتـاکان دەچنـەوە سـەر چوارچێـوەی ئـەو واتـاو مەبەسـتەی ئێمـە دەمانەوێـت و بـە ئامانجـمان گرتـووە، کـە بـە چەنـد خاڵێـک دەیخەینـە ڕوو:

١-ئەگەرچـی چەمکـی (عُنْصُر) لـە زمانـی عەرەبیـدا بـەو واتایانـە هاتـووە لەوانـە:( ڕەچەڵـەک، نـەژاد، پێویسـتی، لێهاتوویـی، چالاکـی، زیرەکـی...هتـد)، یـان لـە کۆنـدا بـۆ چـوار ڕەگـەزە سـەرەتاییەکانی پێکهێنەرەکانـی وەک ئاگـر ئـاوو خـاک و هـەوا بەکارهاتـووە، بـەڵام ئـەوەی بابەتـی ئێمەیـەو خزمـەت بـەو توێژینەوەیـە دەکات، ئـەو واتایەیـە کـە بەڵگـە بـێ لەسـەر یەکـەو کـرۆک و پێکهێنـەری شـتێک.

٢- ئەوەی لە فەرموودەکان دەخوێندرێتەوە زیاتر ئەوەیە کە چەمکەکە زیاتر بە ڕێژگەو سەرچاوەو چاوگ هاتووە.

٣- لـە چەنـد گۆشـە نگایەکـەوە خوێندنـەوە بـۆ چەمکەکـە کـراوە بۆنموونـە لای (ابـن سـينا) (عُنْصُر) ئـەو سـەرەتاییە کـە بەهـۆی گۆڕانـی شـێوەگەلێک دروسـت دەبـێ و بـەو هۆیەشـەوە بوونـەوەری جۆراوجـۆر پەیـدا دەبـن، بـەڵام لای (الخوارزمي) شـتێکی سـادەی سـەرەتاییە کـە پێکهاتەکەنـی لـێ پێـک دێـن. لـە زانسـتی کیمیـادا توخمێکـی سـەرەتایی کـە ناتوانـرێ سـادەتر بکرێتـەوە، بـەڵام لـە زانسـتی فیزیـا ئـەو توخمانـەن یـەک دەگـرن و ئاوێتـە پێـک دەهێنـن.

٤- لـە زمانـی ئینگلیزیشـدا زیاتـر ئاماژەیـە بـۆ ڕوانگـە زانسـتییەکەی کـە بـە خـاڵ هێـڵ و ڕووی پێکهێنـەری شـێوەیەکی ئەندازەیـی یـان بـە توخـم و کـرۆک و یەکـەی پێکهێنـەری هـەر شـتێک گوزارشـتی لـێ کـراوە.

کاتێ لـە چەمکـی (العَنْـصَرَة) ورد دەبینـەوە کـە یەکێـک لـە واتاکانـی شـوێنیکی دیاریکـراو بـۆ کۆبوونـەوەو بۆنـە ئایینیەکانـە، کەواتـە شـوێنگەی ئەنجـام دانـی ئـەو بۆنانەیـە، دەتوانیـن بڵێیـن ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەتیش گۆڕەپـان و مەیدانـی نمایشـی شارسـتانییەتن، لـە لایەکـی دیکـەوە وەک چـۆن چەمکـی ( العُنْـصُريّ) دەمارگیـری و ئەنجامدانـی دۆسـتایەتیی و خۆبەرییکردنـە لەسـەر بنەمایـەک کـە هۆزگەرایەتییـە یـان نەژادگەرێتییـە، شارسـتانییەتیش دەگەڕێتـەوە بـۆ بنچینـەو بنەماگەلێـک کـە ڕەگەزەکانـی و پێکهێنەرەکانییەتـی.

ئـەوەی لـە فەرموودەکانـی پەیامبەر(د.خ)شـدا هاتـووە کـە چەمکـی (عُنصُر) بـە سـەرچاوەو ڕێژگـەی ئـاو لێکدراوەتەوە، سـەرچاوەو ڕێژگـەی شارسـتانییەیش ڕەگەزەکانییەتی.

ئـەو بۆچوونـەش کـە ڕاڤـەی چەمکـی ڕەگەز(عُنْصُر) بـە سـەرەتایەک کـردووە کـە بـە گـۆڕانـی بوونـەوەری جۆراوجـۆری لـێ پەیـدا بـووە، یـان سـەرەتایەکو بـووە بـە بنەمـا بـۆ شـتێک وەک ووشـە بـۆ ڕسـتەو یـەک بـۆ ژمـاردن و بـەرد وخشـت بـۆ بینـا، یـان لـە ڕووی زانسـتی توخمـەکان پێکهێنـەری ئاوێتەکانـن، دەتوانیـن بڵێیـن ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەتیش سـەرەتایەکن بـۆ گۆڕانـە شارسـتانییەکان و توخمـو کـرۆک و ناوکـە پێکهێنـەری شارسـتانییەتن.

# تەوەرەی دووەم

## ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی دیدوبۆچوون و شارستانییەتە جیاوازەکان

لـەم تـەوەرەدا دەمانـەوێ ڕەگەزەکانـی شارسـتانییەت بـە پێـی دیـدو بۆچوونـی فەیلەسـوفان و بیرمەنـدان و توێـژەران بخەینـە ڕوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەنـد نموونەیـەک لـە بۆچوونـەکان وەردەگریـن:

یەکەم: لە دید و بۆچوونی زانایان بیرمەندان و توێژەراندا:

١- ( الماوَرْديّ: ٣٦٤-٤٥٠ک /٩٧٤-١٠٥٨ز):

توێژەرێـک لـە تێـزی دکتۆراکەیـدا کـە لەسـەر (المـاوَرْدي) نوسـیوەیەتی، ئامـاژەی بـە شـەش ڕەگـەزی شارسـتانی داوە

لە دیدی ( الماوَرْدي)دا، کە ئەو وەک ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵایەتی جیهانی ناوی بردوون کە ئەمانەن:

- ئایینێکی پەیڕەوکراو: کە ڕەگەزی یەکەم لە ناونیشانەکەیدا بە ( پابەندبوون بە بنەمایەکی ئەندازەیی) هێناویەتی بەڵام لە میانەی شیکردنەوەکەیدا ئەوەی خستۆتە ڕوو کە مەبەستی لە ئایینێکی پەیڕەوکراوە. ( Fadi, ٢٠٢١AD, P١١٨).

- سیستەمێکی سیاسی کارا.

- دادپەروەری هەمەلایەنە: مەبەستی لە دادگەری هەمەلایەنە دوو جۆری دادگەرییە دادگەریی یەکەم رەوشتی و کەسی کە کەسەکان دادگەر بن لەگەڵ خۆیان و دەورودەریان، دادگەری دووەم مەبەست لە دادگەری دەسەڵات و دامودەزگای دادوەرییە لە کێشەو بابەتە جۆراوجۆرەکاندا. ( Fadi, ٢٠٢١AD, P١٢١-١٣٢).

- ئاسایشی گشتی: سەبارەت بە ئاسایشی گشتیش ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ئاساییشی گشتی لەسەر سێ ئاستە، ئاستی یەکەم مەبەستی ئاسایشی ناوخۆو دەرەوەی دەوڵەتە، ئاستی دووەم ئاسایشی تاکە لەڕووی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاستی سێیەم ئاساییشی کەسییە کە ناوی لێناوە ئاساییشی بوونگەری، کە مەبەست لێی ئاساییشی باوەڕە. ( Fadi, ٢٠٢١AD, P١٣٣).

- خۆشگوزەرانی ئابووری گشتی: خۆشگوزەرانی ئابووری گشتی ئەوەیە کە خەڵکی بێ جیاوازی لە زیندەگییەکی خۆشدا بژین و دوور بن لە ستەم و چەوسانەوە. ( Fadi, ٢٠٢١AD, P١٣٥).

- گەشبینی قووڵ، گەشبینی قووڵیش ئەوەیە خەڵک لە ڕێی ئومێد بوون بە بەزەیی و میهرەبانی خوا، زۆر گەشبین بن بۆ داهاتوویان ، بۆ زانیاری لەسەر تەواوی وردەکاتییەکانی (Fadi, ٢٠٢١AD, P١١٨-١٣٧).

توێژەر بە تێروتەسەلی بە جیا هەریەک لە ڕەگەزەکانی شرۆڤەکردووە، بەڵام چونکە لێرەدا دەرفەتی خستنەڕووی شرۆڤەکانمان نییە، بۆیە تەنها هەوڵماندا زۆر بە کورتی شیکردنەوە بۆ ئەو ڕەگەزە شارستانییانە بکەین خستوونیەە روو ورەنگە لای خوێنەر نارۆشن بن.

٢- (إبْنُ خَلْدون: ٧٣٢-٨٠٨ک/ ١٣٣٢-١٤٠٥ز):

(إبْنُ خَلْدون) وەک یەکێک لە شارەزایانی بواری شارستانییەت، چەند پێکهێنەرێکی شارستانی خستۆتە ڕوو و وەک ڕەگەزەکانی شارستانییەت گوزارشتی لێ کردوون، لەوانە ( دانیشتووان، سامان، بازرگانی، پیشەسازی، زانست، هونەر، جوگرافیا، شارنشینی، ئایین، دەمارگیری) (Akbarian, ٢٠١٨AD, p٢٩).

- شارنشینان ( دانیشتووان): دیارە (إبْنُ خَلْدون) لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی مرۆیی باسی لەو ڕەگەزە کردووە، ئامژەی بەوەداوە کە لە بەپێی وتەی دانایان کە گوتوویانە ( مرۆڤ بە سروشتی شارنشینە)، جونکە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنها کاروبارەکانی خۆی ڕایی باکات، لەم سۆنگەشەوە ئاماژەی بەوە داوە کە لە کاتێک مرۆڤ پێویستی بە خۆراکە بەلام ناتوانی ئەو خۆراکە بە تەنها بۆخۆی دابێنی بکە بۆ نموونە لە پێویستی بۆ گەنم و بەرهەمهێنانی ئامادەکردنی بۆ خواردن پێویستی بەوە هەیە گەنمەکە بچێنرێت و بدووریتەوەو بکرێ بە ئارد و دواتر بە هۆی تەنوورەوە بکرێ بە نان، ئەو ئامادەکردنەش پێویستی بە کۆمەڵێک کەلوپەل هەیە کە دروستکردنی ئەو کەلوپەلانەش پێویستی بە چەند پێشەیەک هەیە وەک: (ئاسنگەری، ئەشەوانی، دارتاشی، گڵکاری)، ئەمەو مرۆڤ بە تەنها ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە بێتەو کە دێنە ڕێگای، لێرەوە پێویستی بە کۆبوونەوەو هاوکاری کەسانی دیکە هەیە، بۆ ئەوەی بە کۆی تواناکانیان پێویستییەکانی یەکتری پڕ بکەنەوە، بەمەش کۆبوونەوەی مرۆیی هاتۆتە ئاراوە کە چەمکێکە(إبْنُ خَلْدون) بەکاری هێناوەو لە جێگەی چەمکی شارستانییە (ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص١٣٧-١٣٨؛ خدر، ٢٠١٥ز، لل٥٨-٥٩).

- سامان: سامان لە سۆنگەی گواستنەوەی کۆمەڵگاوە لە سارانشینییەوە بۆ شارستانی و دامەزراندنی دەوڵەتەوە دێتە ئاراوە، لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵگا ڕووەو خۆشگوزەرانی هەنگاو دەنێت و بەمەش هەمە چەشنەیی لە خۆشگوزەرانی و باشکردنی شێوەو حاڵەتەکانییدا دێتە دی، هەروەها هەوڵ و خەرجی ئەو پیشەگەرییانەیە کە جوانکاری دەکرێت لە جۆرەکانی و تەواوی لایەنە هونەرییەکانییدا، وەک لایەنە هونەرییەکانی ئامادەکردنی خواردن و جلوبەرگ و خانوبەرەو ڕاخەر و قاپ و قاچاغ و تەواوی شتەکانی دیکەی نێو ماڵ، کاتێکیش ئەو گوشادییە لە زیندەگی و هونەرکارییە لە حاڵەتەکانییدا هاتە دی، ئەوا دەگەن بە ئامانجەکانیان و حاڵ و بارودۆخیان بە ئاڕاستەی گوزەرانخۆشی شارستانییەت دەگۆڕێت ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٣٣٨، خدر، ٢٠١٥ز، ل١٢٤)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (ابن خلدون) ڕەگەزە ئابوورییەکان و سەرچاوە ئابوورییەکانی کردووە بە هۆکاری گواستنەوەی کۆمەڵگە لە سارانشینییەوە بۆ شارستانییەت ( النعيمي، ٢٠١٣م، ص٦٠٩).

- کشتوکاڵ : کشتوکاڵ لای ( إِبْنُ خَلْدون) یەکەم ڕێگەو ڕووکاری ژیانە، کە بەلای ئەوەوە شێوەی هەرە سەرەتایی و ساکارییەتی و پێویستی بە تێڕامان و زانست نییە، ئەمەو پێی وایە ئادەم (س.خ) یەکەم کەس و مامۆستاو فێرکاری یەکەمی ئەو ڕێگەیەیە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٨).

- پێشەسازی: پێشەسازی لای ئەو بە دووەم ڕێگەی زیندەگی و ژیان دانراوە دوای کشتوکاڵ دواتر دەرکەوتووە، ئەو ڕێگەیە پێویستی بە وردبوونەوەو تێڕامان بووە بۆیە پێی وایە لە قۆناغی شارنشینی کە دوای قۆناغی سارانشینی هاتووە دەرکەوتووە و سەرەتاکەشی گێڕاوەتەوە بۆ پەیامبەر ئیدریس (س.خ) ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٩).

- بازرگانی: (إِبْنُ خَلْدون) بازرگانی لە ڕیزی پیشەسازی و کشتوکاڵکردن داناوە، کە پێی وایە ئەمانە ئەو شتانەن ژیانی مرۆڤی لەسەر وەستاوەو دەسمایەی هەرە سەرەکی مرۆڤ ژیان و زیندەگییەکەیەتی، ئەمەش بە هەوڵدان لەو ڕێگایانەوە وەگیر دەکەوێ کە یەکێکیان بازرگانییە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص٦٩).

- جوگرافیا: لە ڕووی جوگرافییەوە ئەو بە پێی ئەو تێڕوانینە جوگرافییەی لە سەردەمی ئەو دا باوبووە، دیدو بۆچوونەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، کە بە تێڕوانینە جوگرافییەکە زەوی دابەش کراوە بۆ سەر حەوت هەرێم. ( إِبْنُ خَلْدون ) پێی وایە لەو حەوت هەرێمە هەرێمی باکوور زۆر ساردو هەرێمی باشوور زۆر گەرمن، کە هەرێمەکانی حەوت و یەک دەگرێتەوە، جا لەو گۆشەنیگا جوگرافییەوە پێی وایە ئەو هەرێمەی کەوتۆتە ناوەڕاست کە هەرێمی چوارە مامناوەندترین هەرێمە لە ڕووی کەشوهەواوە، ئەمەو کەنارەکانی نزیک لە هەرێمی چوار لە هەردوو هەرێمی سێ و پێنج لە هەرێمەکانی تر مامناوەندترن، دوای ئەوانیش هەرێمەکانی دوو و شەش دێن، دوورترین هەرێمیش لە کەشوهەوای مامناوەند هەرێمەکانی حەوت و یەکن، ئەمەو پێی وایە بە پێی ئەو دابەشکارییە جوگرافییە خەڵکیش لە ڕووی شارستانییەوە دابەش دەبن، کە پێی وا یە زانستەکان و پیشەکان و دەرکەوتنی بیناکاری و پۆشاک و تەنانەت دانەویڵەو میوەو ئاژەڵەکانیش چەقی دەرکەوتن و کۆبوونەوەیان هەرسێ هەرێمی چوارو سێ و پێنجن، دانیشتوانیشیان مامناوەندترینن لە ڕووی لاشەو ڕەنگ و ڕەوشت و ئایینەوە، تەنانەت پێی وایە هەر بەو هۆیەشەوەیە کە زۆربەی پەیامبەرانیش هەر لەو هەرێمانە دەرکەوتوون ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص ١٨٩؛ النعيمي، ٢٠١٣م، ص٦٠٩).

- زانست: دەربارەی زانستیش ئاماژەی بەوە داوە کە زانست و فێرکردن سروشتین لە ئاوەدانکاری مرۆییدا، پێی وایە مرۆڤ لە ڕوانگەی هەست و جوڵەو خواردن جیاوزی نییە لەگەڵ زیندەوەرانی دیکە، بەڵام ئەوەی جیایدەکاتەوە بیرو ژیرییەکەیەتی، ئەو بیرو ژیرییەش بنچینەو بنەمای زانستەکان و پیشەکانە، ئەمەو پێی وایە زانستەکان هاوشێوەی پیشەکانن لە جوراوجۆریتی و لقی جیاجیادا، ئاماژەی بەوەش داوە کە هاوشانی گەشەی شارستانی زانستەکانیش

ئاوێزانی شارستانییەتن و لەگەڵییدا گەشە دەکەن ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج٢، ص١٦٥-١٧٠).

- هونەر: دیارە کە باسی هونەر دەکرێ پێناسەگەلی جۆراوجۆری بۆ کراوە کە لێرەدا دەرفەتی خستنە ڕووی پێناسەکانمان نییە، لە دیدی (إِبْنُ خَلْدون) دا بەو واتاو ناساندنە نەهاتووە کە لە دوای ئەوو تا ئەمڕۆ بۆ چەمکەکە کراوە، لێرەدا تێکەڵییەک ڕوویداوە لە نێوان هەردو پیشەی هونەر و هونەرمەندان، وە لە نێوان هونەرمەندان و پیشەوەران لە لایەکی دیکەوە، کە نەکرا لێک جیا بکرێنەوە تا سەردەمی بوژانەوەی ئەورووپی ( لعیبي، ٢٠١٠م، ص١٢)، (إِبْنُ خَلْدون)یش بەهەمان شێوە هونەری لە چوارچێوەی پیشەگەرییەکاندا وێنا کردووە بۆ نموونە کاتێ باسی هونەری گۆرانی کردووە، بە پیشەی گۆرانی (صناعة الغنا) ناوی بردووە ( ابن خلدون، ٢٠٠٤ز، ج١، ص١٣٠). کەواتە ئەو مەبەستی لە هونەرو هونەرکارییە لە چوارچێوەی پێشەکانی وەک: (نەخشاندن، ئەندازیاریی ناوەکی، نەخشەکێشانی خانوبەرەو ڕازاندنەوەی، دارتاشی، لێدانی دراو، پۆشاک: چنین و دوورین، هونەرەکانی نوسینی عەرەبی، گۆرانی...هتد) (لعیبي، ٢٠١٠م، ص١٢).

- دەمارگیری : دەمارگیری بنچینەو بناغەی دەوڵەتە، شارستانییەتیش لای (إِبْنُ خَلْدون) وابەستەی دەستەڵاتەو خەڵکە شارستانییەکەش دەستوپێوەندەکانی دەوڵەتە لە قۆناغی هەرەسییدا ( الجابري، ١٩٩٤م، ص٢٨٨)، کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین دەمارگیری ڕەگەزی شارستانییەتە، چونکە لە دەمارگیرییدا گەورەیەک سەرۆکایەتی خێزانێک یان تیرەیەک دەکات و سوود لە هێزیان وەردەگرێ ( خدر، ٢٠١٥ز، ل ٨٩)، ئەمەو چەند دەمارگیرییەک یەک دەگرن و لە نێویاندا کامە دەمارگیرییە بەهێزتر بوو زاڵ دەبێت بەسەر هەموویاندا و لە چوارچێوەی دەمارگیرییەکی گەورەدا کۆیان دەکاتەوە، لێرەدا سەکەوتن و دەسەڵاتگرتنەدەست تەنها بە زاڵبوون دێتە دی، زاڵبوونیش تەنها بە دەمارگیری وەدی دێت ( ابن خلدون، ٢٠٠٤م، ج١، ص٢٦١، ٣٢٩؛ النعیمي، ٢٠١٣م، ص٦٠٩-٦١٠). بەم شێوەیە دەمارگیری دەبێت بە ناوکە پێکهێنەری شارستانییەت کە خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەبینێتەوە لە دیدی ئەو بیرمەندەدا.

- ئایین: لای ئەو هەرچەندە زاڵبوون بە هۆی دەمارگیرییەوەیە، بەڵام گوتوویەتی:»ڕێککەوتن و بەیەکەوە گونجانی ئارەزووەکان لەسەر خواستەکانیان و کۆکردنەوەی دڵەکان هۆگربوونییان بەیەکەوە، ئەوە بە یارمەتی خوا دەبێ لە ڕێی جێبەجێکردن و بەرپاکردنی ئایینەکەی،... چونکە دڵەکان کاتێک مەیلییان بەلای هەواو ئارەزوو وشتە بێبایەخەکان و دنیادا کرد، دەکەونە ململانێ و کێبرکێ و جیاوازییەوە، بەڵام کاتێک ڕوویان کردە راستی و شتە بێبایەخەکان و دنیایان وەلا نا و ڕوویان کردە خوا، ئەوا یەکدەگرن و کێشەو ململانێکانیان و جیاوازییەکانیان نامێنێت، بەرەو باشی دەچن لە هاوکاری یەکترکردن و پشتییەکترگرتن، بەمەش چێوەو سنووری یەک وتەبوونیان فراوانتر دەبێت و دەوڵەتەکەشیان و دەسەلاتیشییان گەورە دەبێ» ( ابن خلدون، ٢٠٠٤م، ج١، ص٣١٣)، کەواتە دەمارگیری بە پاڵپشتی ئایین دەتوانێ ببێتە ڕەگەزی کارای شارستانییەت و ئایینیش بە هاوکاری دەمارگیری هەمان ڕۆڵی ئەو ڕەگەزی شارستانیبوونە دەگێڕێ.

٣،٤- : ( ئیمێل دۆرکهایم- Émile Durkheim) و ( ماکس ڤیبەر – Max Weber):

هەریەک لەم دوو زانایە ئاماژەیان بە ڕەگەزەکانی شارستانییەت کردووە، کە (دۆرکهایم) پێی وایە ڕەگەزەکانی شارستانییەت بریتیین لە: ( ئایین، ئابووری، زمان، هونەر زانست)، بەڵام لای (ڤیبەر) بریتیین لە: ( یایین، ئابووری، سیاسەت، هونەر، زانست)، ئەوەی تێبینی دەرکرێ لێرەدا ئەوەیە کە هەردوو کیان لەسەر ڕەگەزەکانی ( ئایین، ئابووری، هونەر زانست) هاوران،بەڵام لە لیستی ڕەگەزەکانی شارستانییەت لای (دۆرکهایم) ڕەگەزی سیاسەتی تێدا نییە، لە لیستەکەی (ڤیبەر)یش ڕەگەزی زمانی تێدا نییە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (دۆرکهایم) سیاسەتی بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی شارستانییەت نەزانیوە و زمانی بە یەکێک لە ڕەگەزەکان داناوە، بەڵام (ڤیبەر) بە

پێچەوانەوە سیاسەتی بە ڕەگەزێکی شارستانی داناوە، لە کاتێکدا( زمان)ی وەک ڕەگەزێک ڕەت کردۆتەوە ( Richard, ٢٠١٠AD, P٢٧).

٥- (تایلۆر- Tylor) :

ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە کەلتوور یان شارستانیەت، ئەو کۆیە ئاڵۆزەیە کە لە (زانین، باوەڕ،هونەر، ئەخلاق، یاسا، داب و نەریت، ئەو خووانەی کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بەدەستی هێناوە) پێک هاتووە (Tylor, ١٨٩١AD, p١).

٦- (گوستاڤ لوبون – Lebon):

پزیشک و کۆمەڵناسی فەرەنسی (لوبون) ڕەگەزەکانی شارستانییەت لە چوارچێوەی بەراوردی نێوان عەرەبەکان کە لە ئیسپانیا بوون پێشتر لەگەڵ مەسیحییەکان کە عەرەبەکانیان دەرکرد کردووە، ئاماژەی بەوە داوە کە ئیسپانیا ئەو کات دوو نەوەی لە وەچەکانی ئادەم بەخۆوە بینییوە، یەکەمیان مەسیحیە گاورەکان بوون دەستییان بە جڵەوی سەربازییەوە گرتبوو، دووەمیشییان عەرەبەکان بوون کە دەستییان بە لایەنی شارستانیی ماددییەوە گرتبوو، لەم ڕوانگەوە گوتوویەتی:» بوونی ئەو دووە پێویست بوو، چونکە ئەگەر دەسەڵاتی سەربازی بەس بێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک، ئەوە بە تەنها ناتوانێ بەردەوامی بدا بە دەوڵەتەکە، چونکە گەشانەوەو بەرەو پێشەوەچوونی ئەو دەوڵەتە بە پاڵپشتی و هاندانی هەندێ ڕەگەزی شارستانییەوە نەبێ نایەتە دی، پەیوەستبوون و یەکگرتوویی ئەو دەوڵەتەش زۆر درێژە ناکێشێ بە مانەوەی ئەو ڕەگەزانەوە نەبێ، ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە تووشی ئیسپانیا بوو دوای دەرکردنی عەرەب لێی، کە هەڵوەسانەوەو پەرتەوازەیی جێگای باڵادەستی گەشانەوەی گرتەوە،...ئەمەو لە سۆنگەی ئەوپەرتەوازەییەی کە دوای پێچۆڵکردن و کوشتنی عەرەب بەسەر ئیسپانیادا هات، وای لێکردین بتوانین بڵێین مێژوو هەواڵی نەتەوەیەکی وەک ئیسپانییەکانی بۆ نەگێڕاینەوە کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆ هەرە پلەکانی خوارەوە دابەزی، چونکە (زانستەکان، هونەرەکان، کشتوکاڵ، پیشەسازی) نەمان و لەچاو ون بوون و هەموو ئەو شتانەی زۆر پێویست بوون بۆ نەتەوەی وڵاتی (ئیسپانیا) بە خێرایی ون بوون و نەمان، بە شێوەیەک دەگای کارگە گەورەکان داخران و کشتوکاڵ فەرامۆش کراو لادێکانی بوون بە چۆلگەو، بە هۆی ئەوەش کە شارەکان بە بێ پێشەسازی و گشتوکاڵ گەشە ناکەن، ئەمە وای کرد شارەکانی ئیسپانیا بە شێوەیەکی خێراو مەترسییدارچۆڵ بوون لە دانیشتووان ( لوبون، ١٩٦٩م، ص٥٨٤)

٧- (ڕالف لینتون - Ralph Linton) :

ئەو زانایە بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو لە کتێبەکەیدا باسی لە ڕەگەزەکانی شارستانییەت و جیاوازیان بە پێی شارستانییەتەکان و کاریگەرییان کردووە، کە هەندێ لەو ڕەگەزانەی ئاماژەی پێداون ئەمانەن: ( ئایین، هونەر، سیستەمی حوکم، پیشەسازی، کشتوکاڵ) ( رالف، ٢٠١٠م، ج١، صص٧٥، ٧٨، ٨٨، ١٤٩).

٨- (مالِکُ بْنُ نَبِيَ):

(إِبْـنُ نَبِيَ) گوتوویەتی: « هەر کاتێ بمانەوێ بیر لە بنیاتنانی شارستانییەت بکەینەوە یەکەم شت کە پێویست بێ لەسەرمان ئەوەیە، کە دەبێ بیر لە ڕەگەزەکانی بکەینەوە وەک چۆن کەسێکی کیمیازان بیر لە ڕەگەزەکانی ئاو دەکاتەوە، کاتێک دەیەوێ پێکهاتەکانی بزانێت، چونکە ئەو بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوە بۆ ئاو دەکات، دەبینێ پێکهاتووە لە دوو ڕەگەز کە {هایدرۆجین} و { ئۆکسجین}ن، پاشان لێکۆڵینەوە لەو یاسایە دەکات کە بە هۆیەوە ئەو دوو ڕەگەزە یەکیان گرتووە بۆ ئەوەی ئاومان پێ بدەن...کاتێک ئێمەش شیکردنەوە بۆ بەرهەمەکانی شارستانییەت

دەکەین ... دەبینین پێکهاتووە لە سێ ڕەگەز...» (٢٠٠٢م، ص١٧٠)، جا وەک چۆن {هایدرۆجین، ئۆکسجین} دوو ڕەگەزی پێکهێنەری ئاون، ڕەگەزەکانی پێکهێنەری شارستانیش{ مرۆڤ، خاک، کات}ن ( إبن نبي، ٢٠٠٠م، ص٥٧):

-مرۆڤ: ڕەگەزی یەکەمی هەر بەرهەمێکی شارستانی مرۆڤە، چونکە ئەو بەرهەمە شارستانییە سەرەتا بە بیری مرۆڤدا هاتووەو دواتریش هەر بە دەستی ئەو مرۆڤە هاتۆتە بەرهەم و مرۆڤ لەهەردوو ڕێگەی بیر و دەستەوە ڕەگەزە بۆ پێکهاتنی بەرهەمە شارستانییەکان، چونکە بەرهەمەکە هی مرۆڤە بە هۆی ئەوەی مرۆڤ خۆی دروستکەری هەموو داکەوتە کۆمەڵایەتییەکانە، سەرەتاش پەروەردەکەرو پێگەیەنەری خودی خۆیەتی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ( إبن نبي، ٢٠٠٠م، ص٥٥؛ إبن نبي، ٢٠٠٢م، ص١٧٠).

- خاک: دەربارەی ئەو ڕەگەزە گوتوویەتی:» لێرەدا خاک بەو واتایە نییە کە بە بیرمان دادێ، بەڵام بە ئەنقەست چەمکی خاکم بەکارهێناوە لە بری مادده لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە مرۆڤ بە دوو شێوە پەیوەستە بە خاکەوە، شێوەیەکییان خاوەندارێتییە لە ڕوانگەی ئەو یاسای خاوەندارێتییەی کە بۆ تاک گرێنتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکا، چونکە خاک لێرەدا شتێکی زیندەکییە لە کۆمەڵگەدا لە ڕوانگەی یاساگەرییەوە، شێوەی دوەمییان ڕوانگەی زانستی خاک و ئەو زانیارییانەی پەیوەستن پێیەوە وەک زانستی کیمیاو هی دیکەش، جا لێرەدا مەبەستمان لە خاک ئەو دوو ڕوانگەیە: ڕوانگەی یاساگەری و ڕوانگەی زاڵبوونی هونەری و بەکارهێنانی هونەری (إبن نبي، ٢٠٠٢م، ص١٧٠-١٧١).

- کات: ئەو ماوەیەیە کە پێشکەش دەکرێ بۆ ئەو بەدوایەکدا هاتنانەی پەیوەستە بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە، واتە ئەو درێژبوونەوە کاتییەی کە پێویستە بۆ گەشەکردن و تیروتەواو بووونی بەرهەمە شارستانییەکە ( إبن نبي، ٢٠٠٠م، ص٥٥.

(إِبْنُ نَبِيَ) هەر سێ ڕەگەزەکەی لەسەر دوو لە بەرهەمە شارستانییەکان جێبەجێکردووە، یەکەمییان دروستکرن و بەرهەمهێنانی کاغەزە لە شارستانی ئیسلامییدا و دووەمیشییان داهێنانی گڵۆپی کارەبایە لەشارستانی ڕۆژئاوادا و ڕوونی کردۆتەوە کەچۆن ئەو بەرهەمە شارستانییانە بە پێی ئەو ڕەگەزانە هاتوونەتە بەرهەم (٢٠٠٠م، ص٥٤-٥٥؛ ٢٠٠٢م، ص١٧٠-١٧١).

شیکردنەوەی هاوکێشەکەش لای ئەو بیرمەندە بەم شێوەیە لە بەرهەمهێنانی کاغەزدا:

بەهەمی شارستانی ( لێرەدا کاغەزە)= مرۆڤ + خاک + کات .

بۆ بەرهەمە شارستانییەکانی دیکەش بە هەمان شێوەیە:

بەهەمی شارستانیی یەکەم = مرۆڤ + خاک + کات .

بەهەمی شارستانیی دووەم = مرۆڤ + خاک + کات .

بەرهەمی شارستانیی سێیەم = مرۆڤ + خاک + کات .

ئەمەو پێی وایە بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی شارستانی هاوکێشەکەی بەهەمان شێوەی هاوکێشەی کەسێکی کیمیازانە کەتێک هاوکێشەی پێکهاتنی ئاو بەم شێوە دەخاتە ڕوو:

ئاو = هایدرۆجین + ئۆکسجین .

لە کۆتاییدا هاوکێشەی کۆی بەرهەمهێنانی شارستانییەت بەم شێوەی لێ هاتووە:

شارستانییەت = مرۆڤ + خاک + کات . ( إبن نبي، ٢٠٠٢م، ص١٧١).

شتیکی گرنگی تر ماوە لە دیدی ئەو بیرمەندە، ئەویش ئەوەیە کاتێک (هایدرۆجین) و ( ئۆکسجین) یەک دەگرن و ئاوێتەی ئاو پێک دەهێنن، بەڵام چ شتێک پاڵنەرو هۆکارە بۆ یەکگرتنی ئەو دوو توخمە بۆ ئەوەی ئاوێتەی

ئاو پێک بهێنن، بێگومان یاسایەکی دیاریکراو دەبێتە پێکهێنەر و بە پێی ئەو یاسایە ئەو ئاوێتەیە پێک دێت، بە هەمان شێوەش دەبێ پێکهێنەرێک هەبێ بۆ ئەوەی لە ڕەگەزە شارستانییەتییەکانی (مرۆڤ، خاک، کات) شارستانییەت پێک بهێنێت، دەنا خۆ هەموو کاتێک ئەو ڕەگەزانە هەبوون بەڵام چونکە پێکهێنەرەکە نەبووە ڕۆڵی سەرەکی خۆیان وەک ڕەگەزی شارستانی نەگێڕاوە، ئەو پێکهێنەرەش بیری ئایینییە، کە ئەو ناوی لێناوە پێکهێنەری شارستانیی ( مُرَكِّبُ الْحَضارَة) و کاریگەری هەیە لەسەر تێکەڵکردنی سێ ڕەگەزەکان و وایان لێ دەکا ڕۆڵی سەرەکی ڕەگەزی شارستانییەت بگێرن، هەر بۆیە دەبێ ئەو پێکهێنەرە شارستانییە کە بیری ئایینییە کارا بێ بۆپێکهێنانی ئاوێتەی شارستانییەت لە هەر سێ ڕەگەزەکەی تر ( إبن نبي، ١٩٨٦م، صص٤٥-٤٦).

بۆچوونی دیکە هەیە کە ئەو سێ ڕەگەزەی بەم شێوە هێناون ( مرۆڤ، ژیان، گەردوون) ئەو بۆچوونە لەگەڵ (إبْنُ نَبيَ) زۆر لەیەک نزیکن کە هەردووکیان مرۆڤیان بە ڕەگەزیکی شارستانی داناوە بەڵام یەکێک لە ڕەگەزەکان لای (إبْنُ نَبيَ) خاکە بەڵام لە بۆچوونی ئەو توێژەرەدا گەردوونە کە ئێمە پێمان وایە نزیکن لەیەکەوە، چونکە خاک لای (إبْنُ نَبيَ) مەبەست لە خاوەنداریێتی زەوی زانیاری زانستە بە خوودی خاکەکە، لێرەشادا گەردوون ئەو ژینگەو دەوروبەرەیە کە ئێمە تێیدا دەژین و کاری لەسەر دەکەین شارستانییەتی تێدا بەرپا دەکەین، کەواتە بۆچوونەکان زۆر لێک دوور نین، هەرچی دوو ڕەگەزەکەی ترە کە لای (إبْنُ نَبيَ) کاتەو لای ئەم توێژەرە ژیانە کە مەبەست لە ژیان لای ئەم هەموو ئەو هەوڵ و خزمەت و کارانەیە کە لە سەرەپای ژیانی گرتۆتەوەو تەواوی کایەکانی ژیانیشی گرتۆتەوە، کە پێمان وایە کاتیش هەر خۆی واتە ژیان چونکە ژیانی مرۆڤایەتی لە چرکەو خولەک و کاتژمێرانەی کات پێک هاتووە ، بۆیە دەتوانین بڵێین بۆچوونەکان لێک دوور نین. (صالح، ٢٠١٥، صص١٧٣-١٨٠)

لە ڕوانگەی کردارییەوە توێژەرێک هەستاوە بە شرۆڤەکردن و شەنوکەوکردنی قۆناغی دەرەبەگایەتی لە وڵاتی یابان بە جێبەجێکردنی بۆچوونەکانی (إبْنُ نَبيَ) لەسەر قۆناغەکە و ڕۆڵی هەرسێ ڕەگەزی ( مرۆڤ، خاک، کات) لەو قۆناغەی وڵاتی یاباندا ( یوسف، ٢٠١٥م، ص١١٤-١٣٠).

دەتوانین بڵێین پوختەی بۆچوونی ئەو بیرمەندە بۆ ڕەگەزەکانی شارستانییەت ئەوەیە، کە یەکەم ڕەگەزی بەرهەمهێنی شارستانییەت مرۆڤە، کە بە هێزی بیری و توانای بازوو و جەستەی بەرهەمی دێنێ، خاکیش ئەو زەمین و شوێنەیە کە شرستانیی تێدا گەشە دەکات و کاتیش ئەو ماوە مێژووییەیە کە پێویسە بۆ بەرهەمهێنان و گەشەی شارستانییەت.

٩- ( ویل دیوڕانت - Will Durant):

لە لای ئەم فەیلەسوف و مێژوونووس و نوسەرە ئەمریکییە ڕەگەزەکانی شارستانییەت لە چوار شت خۆیان دەنوێنن ئەوانیش: ( سەرچاوە ئابوورییەکان، سیستەمە سیاسییەکان، خونەریتە ڕەوشتییەکان، شوێنکەوتنی زانستەکان و هونەرەکان) ( Durant, P١,AD١٩٥٤).

١٠- (سامۆیل هنتنگتۆن – Samuel p. Huntington ):

ئەو کاتێک پێناسەی شارستانییەتی خستۆتە ڕوو گوتوویەتی» شارستانییەت بە ڕەگەزە بابەتییە گشتییەکانی وەک:{ زمان، مێژوو، ئایین، نەریتەکان، دامودەزگاکان، ساخکردنەوەی خودی بۆ خەڵک} دەناسرێتەوەو پێناسە دەکرێ، مەبستیش لە ساخکردنەوەی خودی بۆ خەڵک بە ڕای ئێمە مەبەست لەوەیە کە ساخبکرێتەوە ئەو کەسەی هەڵگری پێناسی شارستانییە کێیەو لە چ ئاستێکدایە، چونکە هەر دوای خستنە ڕووی ڕەگەزەکان ئاماژەی بەوە داوە کە لە لای مرۆڤ چەند ئاستیک بۆ پێناسی کەسی هەیە، بۆ نمونە دانیشتووی ڕۆما خۆی بە چەند پلەیەکی جیاوازلە ڕوانگەی

فراوانی کەسێتی دەناسێنێ، چونکە ئەو ڕۆمانییە، کاسۆلیکییە، مەسیحییە، ئەوروپییە، ڕۆژئاواییە، هەر لەبەر ئەمەشە پێی وایە شارستانییەت بریتییە (ئێمەی گەورە)، چونکە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ناخی خۆماندا هەست بەوە دەکەین کە ئەوە ئێمەین لە ماڵی خۆماندا، لەبەرامبەر (ئەوان)ێک کە لەدەرەوەن.( هنتنجتون، ١٩٩٩م، ص٧١).

١١- ( كابوي عثمان سليمان ):

ئەم توێژەرە لە توێژنەوەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە باسکردن لە شارستانییەت بەبێ ڕوونکردنەوەی ڕەگەزەکانی باسێکی ناتەواوە، کە لە توێژینەوەکەیدا چەند ڕەگەزێکی شارستانی خستۆتە ڕوو و شیکردنەوەی بۆ کردوون ڕەگەزەکانیش ئەمانەن:

- خەڵک: شارستانییەت بەبێ خەڵک بوونی نییە، هەر بۆیە مرۆڤ ڕەگەزی هەرە سەرەکی ماددیە، کە گرنگترین ڕەگەزە لە پێکهاتەی شارستانییدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕاستییەی کاتێک زانایان پێناسەی شارستانییەت دەکەن کورتی هەڵدێنن لەوەی کە شارستانییەت بریتییە لە کۆمەڵگەو پێکهاتەکانی، یان سیستەمی ئابووریی و یاسایی و ڕەوشتییە، یان کۆمەڵگا، بەم پێیەش ڕۆڵی خەڵک هەر دیارترین و کاریگەرترینە، چونکە کە دەگوترێ کۆمەڵگە مەبەست کۆمەڵگەی مرۆییە، ئەمەو پێکهێاتەکانیشی هەمووی هەوڵ کۆشس و بەرهەمی دەستی مرۆڤە، مرۆڤیش ئەو بوونەوەرەیە کە هەموو ئەوەی لە دەوروبەرییەتی لە زەوی و ڕووەک و زیندەوەران تەنانەت بەشێک لە ئاسمانیش لەژێر دەسەڵاتی خۆیدایە. ( ٢٠١٦AD, P ,٣٠Sulaiman-٣١).

- کەلتوور( ڕۆشنبیری): ئەمیش یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شارستانییەت وێنایەکی تایبەت و گەشاوە بە شارستانییەت دەدات، کە وەک شارستانییەت ئاڵۆزەو دابەش بووە بۆ ڕەگەزە بیتراوەکان و نەبیتراوەکان، ڕەگەزە بیتراوەکان مەبەست لە ڕەگەزە ماددییەکانە وەک: ( خانوبەرە، پیشە دەستییەکان، مادده خۆراکییەکان، کەلوپەلەکان، تەکنۆلۆجیا، پۆشاک، قاپوقاچاغ، ئاهەنگ و بۆنەکان)، بەڵام ڕەگەزە نەبیتراوەکان مەبەست لێ: ( هێماکان، زمان، بەهاکان، نەریتەکان، جوانیینییەکان، مۆسیقا، بیروباوەڕەکان، هەڵوێستەکان). ( ٢٠١٦AD, P٣ ,١Sulaiman).

- ئایین: ئایین بە بەردەوام ژیانبەخشە بە کۆمەڵگا، بەهۆی ئەو ڕۆڵانەی کە دەیبینێ، لە ڕاستییدا ئایین کۆڵەکەی پێشکەوتن و ڕۆشنبیرییە لە شارستانییەتدا، کە ڕۆڵی زۆر گرنگ دەبینێ لەوانە: ( ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و زۆرێک لە بنچینەکانی هەڵسوکەوتی ڕەوشتی ئەگەر نەڵێین پشت دەبەستن بە ئایین، پێدانی واتا بە ژیان، دابینکردنی ساغی دەروونی، بەهێزکردنی ئۆباڵداریتی کۆمەڵایەتی، بەهێزکردنی کاری چاکەخوازی، بەهێزکردنی داهێنان لە هونەر و ئەدەب و زانستەکان، پێشکەشکردنی وەڵامەکان بۆ پرسیارە کۆتاییەکان، پرسیارە بنچینەییانەکان دەبارەی خواو گەردوون و بەهاکان و بوونی خوا. ( ٢٠١٦AD,P٣١ ,Sulaiman-٣٢).

- زانینی نوسین و خوێندنەوە: خوێندنەوەو نوسینەوە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ فیربوون و زانست، زانستیش هۆکارە بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا لە وەستان و مانەوە لە قۆناغی سەرەتاو کۆنەپارێزی و ژیانی گوندنشینی ونزمی ئاستی بژێوی بەرەو جوڵەی شارستانی و پێشکەوتن و سارنشینیی و ئاستی بەرزی بژێوی بە دوای یەکدا. بە کورتی فێربوون بنچینەیە بۆ تاک و خۆشگوزەرانی پەرەپێدان و کلیلی گواستنەوەو گۆرانکارییە، لە بەرامبەردا نەخوێندەواری مەترسییەکی گەورەیە بۆ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی خرانە ڕوو.

- دەوڵەت ( حکومەتی ناوەند): فەیلەسوفی ئینگلیزی ( تۆماس هۆبز) لە سەدەی حەڤدە داکۆکی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە :" حاڵی کۆمەڵگا بە بێ حکومەت، سەردەکێشێ بۆهەژاری و خراپەو کێوێتی و کەموکوڕی"، بەڵام دروستکردنی دەوڵەت بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە ستەمکاری چاوچنۆکی و پاراستنی خەڵک و مافەکانییان کارێکی

پێویسـتەو و ئەمـەش یاسـادانان و جێبەجێکردنـی یاسـاکانی دەوێ.
- سیفەتە ڕەوشـتییە ستایشکراوەکان: ڕەوشـتە جوانـەکان بنەمـاو و کرۆکـی شارسـتانییەتن، زۆریـش پێویسـتن بـۆ مانـەوەی هـەر کۆمەڵگایـەک.
- تەکنۆلۆجیا: بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە شارسـتانییەت، چونکـە لەڕێگەیـەوە دەتوانرێـت کارگەلێکـی یەکجار ئەنجام بـدرێ بەبێ ئـەوەی پێویسـت بـە هەبوونـی دەسـتی کاری زۆر هەبـێ و لـە ماوەیەکـی کەمیشـدا، لـە لایەکـی دیکـەوە تەکنۆلۆجیا بـۆ شارسـتانییەتەکان زۆر پێویسـتە بـۆ دروسـتکردنی بەنـداوەکاوەکان و زاڵبـوون بەسـەر لافاوەکانـدا لـە ڕووبـارەکان و سـەرچاوە ئاوییەکانـی تریـش، دروسـتکردن و نۆژەنکردنـەوەی جۆگـەو نۆکەنـدو ئـاوەڕۆ کان و گوشـەپێدانی سیسـتەمی ئاودێـری و دروسـتکردنی قـەڵاو بینـای گـەورە، کـە تاکـو ئێسـتا تەکنۆلۆجیـا خزمەتێکـی گـەورەی لـە بـواری شارسـتانی پێشـکەش کـردووە ( Sulaiman, P٣٢ ,٢٠١٦AD).
دووەم: ڕەگەزەکانی شارستانییەت بە پێی جیاوازی شارستانییەتەکان:
بەپێـی هەنـدێ لـە سـەرچاوەکان هەنـدێ جـۆری ڕەگـەزی شارسـتانی بـە پێـی شارسـتانییەکان دەگۆڕێـت و لـە هەنـدێ ڕەگـەزدا هاوبەشـن و لەهەندێکیشـییاندا جیـاواز:
١- ڕەگەزەکانی شارستانییەتی ئیسلامی:
-ژینگـەی جوگرافـی: مەبەسـت لەوەیـە سـەرهەڵدانی هـەر شارسـتانییەتێک پێویسـتی بـە ژینگەیەکـی جوگرافـی گونجـاو هەیـە، چونکـە بـاران و ئـاوو ڕووبـارو کوشـوهەوای لـە بـارو خاکـی گونجـاو کاریگـەری ئاشـکرایان هەیـە لەسـەر داهێنـان و پێشـکەوتن و سـەرهەڵدانی شارسـتانییەت.
- سیسـتەمی سیاسـی: پێویسـتە گۆمەڵـگا بـە سیسـتەمێکی سیاسـی بەڕێـوە بچێـت، کـە دەسـتەبەری ئاسـاییش و سـەقامگیری بـکات، تـا لەڕێگـەی ئـەو ئاسـاییش وسەقامگیرییەشـەوە بەرهەمهێنـان و پێشـکەوتن بێتـە ئـاراوە، ئەمـەش ئـەو شـتەیە کـە سیسـتەمی سیاسـی لـە ئیسـلامدا لـە کۆڵـی دەگـرێ.
- هـۆکارە ئابوورییـەکان: هـۆکارە ئابوورییـەکان گرنگییەکـی هـەرە گەوەرەیـان هەیـە لـە پێکهاتنـی شارسـتانییەتدا، چونکـە هۆزێـک لـە هـۆزە سارانشـینەکانی عـەڕەب هەرچەنـدە پلـەی زیرەکـی و لێهاتوویـی بـەرز بێـت سـوودی پـێ ناگەیەنـێ تاکـو سـەرچاوەیەکی ئابـووری نەبـێ کـە خـۆراک و ئـاوی بـۆ دابیـن بـکات. ( الونـدة، ٢٠١٨م، ص٨).
- ئاییـن: ئیسـلام هاتـووە داوای کـردووە ببێتـە دەسـتووری ژیـان، لـە هـەردوو شـێوە دنیایـی و دوارۆژییەکەیـدا، وینـای ئەوەی کـردووە کـە بنەمـاو بەهاکانـی کار لەسـەر ئاسـوودەیی دنیـاو دوارۆژ دەکـەن و هانـی مرۆڤـی داوە بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی زەوی، ئەمـەش پاڵـی پێـوە نـاوە بـۆ سـەرهەڵدانی شارسـتانییەت.
- ڕەوشـت و پـەروەردە: بێگومـان پێویسـتە کۆمەڵێـک ڕەوشـت و بەهـا هەبـن بـۆ ڕێکخسـتنی کۆمەڵـگا و سیسـتەمێکی پەروەردەییـش دەبـێ هەبێـت بـۆ ئـەوەی نەوەکانـی داهاتـووی لەسـەر پـەروەردە بکرێـت و وەچەیەکـی پەروەردەکـراو و زانسـتپەروەر بێتـە گۆرەپـان و ڕۆڵـی خـۆی ببینـێ لـە بەرپاکردنـی شارسـتانییەتدا.
- یەکـەی ڕۆشـنبیری: گومانـی تێـدا نییـە کەلتـوورو ڕۆشـنیری گـەلان پاڵنەرێکـی هـەرە کاریگـەرە لـە دروسـتبوونی شارسـتانییەتەکان، گەشـەیەکی خێـرا دەدات بـە شارسـتانییەت. ( الونـدة، ٢٠١٨م، ص٨-٩).
٢- ڕەگەزەکانی شارستانییەتی ئەوروپا:
( جـۆن هێرسـت) ئاماژەی بـەوە داوە کـە شارسـتانییەتی ئەوروپـی لەسـەرەتادا لـە سـێ ڕەگـەز پێکهاتـووە کـە ئەمانـە بوون:

- کەلتووری ئیغریق و ڕۆمان.
- مەسیحایەتی، کە لقێکی جیاکراوە بوو لە ئایینی جوولەکە.
- کەلتووری ئەو جەنگاوەرە جێرمانییانەی کە پەلاماریان هێنایە سەر ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیی و خۆیان کرد بە ناو زەوییەکانی ئیمپراتۆرییەتدا. ( ٢٠١٧م، ص١٤-١٥).

ئێمە پێمان وایە مەبەست لە کەلتووری ئەم گەلانە هەمو ئەوگۆڕانکاری و پێشکەوتنە سیاسیی و کەلتووری و زانستی و هونەری و پێشەسازیی و فیکریی و ئاینییانەیە کە گەلەکانی ئیغریق و ڕۆمان و جەنگاوەرە جێرمانییەکان بە دەستیان هێناوە لەسەردەمە مێژووییەکانیاندا لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، لە کۆی ئەوەی خستمانە ڕوو دەربارەی ڕەگەزەکانی شارستانییەت، دەتوانین پلەبەندییەک بۆ ڕەگەزەکانی شارستانییەت بکەین، لەو ڕوانگەوە کە کام لە ڕەگەزەکان زۆرترین ئەو بۆچوونانەی ئاماژەمان پێدان، هێناویانەو بە ڕەگەزی شارستانییان داناوە، بەو پێیەش بۆمان دەرکەوت زۆرترین بۆچوون لەسەر ( ئایین ) وەک ڕەگەزێکی دیاری شارستانی کۆکن، دوای ئایین ڕەگەزی (ئابووری) و دوای ئابووریش ڕەگەزی (زانست ) دوای زانستیش ( هونەرەکان) و (سیستەمی سیاسی) هاتوون، لە دوای ئەمانیش ( کەلتوور) و ئینجا (ڕەوشت )، لە دوای ئەمانەش ( مرۆڤ، جوگرافیا )، دواتر (زمان) و لە کۆتاییشدا ( دەمارگیرێ، دادپەروەری، ئاساییشی گشتی، گەشبینی قووڵ ).

## ئەنجام و ڕاسپاردە

لە ڕێگەی توێژینەوەی لەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکی شارستانییەت پێی جیاوازی پاشخانی ژیریی و ئایینی و نەتەوەیی و...هتد، هەرچەندە دیدو بۆچوونی جیاواز لە هەندێ وردیاتی چەمکەکە دروست کردووە، بەڵام بەکۆی گشتی بۆ چوونەکان بە هەموویان دەتوانین بڵێین واتاو گوزارشتی چەمکەکە تەواو دەکەن.

لەم سەردەمی پڕ لە گەشەی ژیاری و شارستانی و ململانێ و پێشبرکێی گەلان لەو بوارەدا، دەبێ وا لە ئێمەی کورد بکات هەرچی زیاترە بەدوای شارەزابوونی ئەو چەمک و دەستەواژانە بین، چونکە چەند ئاشنای چەمک و دەستەواژە شارستانییەکان بین هێندە زیاتر پێیان کاریگەر دەبین و لە نێو هەوڵ و کۆششماندا جێگە دەگرن.

هەر لەم ڕێگەوە دەتوانیین دەستنیشانی ئەوە بکەین کە ئایا ئێمەی کوردیش خاوەنی شارستانیین؟ وە ئەو گەشە شارستانییەی بە پێی قۆناغە مێژووییەکان بەخۆوە بینیوە؟ وەک ئەوەی لە لای گەلە پێشکەوتووەکان بینراوە.

بە لێکۆڵینەوە لە ڕەگەز ویەکەو پێکهاتەکانی شارستانییەت، بەو ڕاستییە ئاشانا دەبین کە تا چەندە ئەو ڕەگەزانە پێکهێنەری ڕەوڕەوەی گەشەی شارستانی کوردن؟ یان لەو بوارەدا فەرامۆشکردن و بێئاگایی هەیەوتا ئێستا وەک پێویستە لایەکمان بەلای ئەو بابەتانەدا نەکردووەتەوەو.

بە لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزەکانی شارستانییەت بەو ئەنجامە گرنگە گەیشتین، کە ڕەگەزەکان بە پێی هەلومەرجی مێژوویی و سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەک و ژینگەیەکی جوگرافی بۆ ژینگەیەکی جوگرافی جیاوازییان هەیە، وەک جیاوازی ڕەگەزەکانی شارستانی ئیسلامی و ئەوروپی، لەم ڕێگەوە بە دواداچوون بۆ ئەوە بکەین کە ئایا، بە پێی ئەو هەلومەرجە مێژووی وسیاسیی و ئابووریی کۆمەڵایتییەی کورد چ ڕەگەزێک پێکهێنەری شارستانییەتی کوردیین.

Historical dimensions and elements of civilization

Researcher Name: Assistant lecturer: Ali Abdulrahman Khadr

PhD student, Koya University, Faculty of EducationEmail: aliabdalrahmankhdir@uor.edu.krd

Mobile Number: ٠٧٥٠١٧٩٧٤٩٤

Assistant Professor: Mahdi Usman Hussain

Assistant Professor, PhD student, Koya University, Faculty of Education, Department of History

Abstract:

Because of the importance of the historical dimension of civilization and its genres from a scientific perspective, especially as a current desire to understand how the concept emerged and its genres, this research has been produced According to its uses through language dictionaries and according to different languages and the place of origin of the concept, then the views and understanding of scientists, thinkers and experts in the field about the concept of civilization Similarly, the genres of civilization have been analyzed according to the different uses of languages and their places of use.

At the beginning of the second topic, the views of scientists, philosophers and thinkers about the elements of civilization are explained, which are consensus on some elements and different on some of them They are not classified according to these differences, but according to the views of scientists, philosophers and thinkers.

Keywords: elemant, civilization, The historical dimension.

## پەراوێزەکان

c.١ابن فارس: ناوی ( أَبُو الْحُسَيْن أَحْمد بن فَارس بن زَكَرِيَّاء بن حبيب الرَّازِيّ) یە، لە ساڵی ( ٣٢٩ک/٩٤١ز) لە دایک بووە، شارەزای زانستەکانی سەردەمی خۆی بووە، بە تایبەتی لە بواری زمانەوانییدا، لە شاری (ڕەی) نیشتەجێ بووە، خاوەنی چەندین کتێبە، فەرهەنگی ( مقاييس اللغة) یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی، لە ساڵی ( ٣٩٥ک/١٠٠٤ز) مردووە( ابن خلكان، ج١، ص١١٨-١٢٠، الصفدي، ٢٠٠٠م، ج٧، ص١٨١-١٨٣، الزركلي، ٢٠٠٢م، ج١، ص١٩٣).

٢. درێژەی فەرموودەکە بەم شێوەیە هاتووە:» عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، (ر.ع)، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: لاَ تَلَقَّوُا الرُّكْبَانَ، وَلاَ يَبِيعُ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَلاَ تَنَاجَشُوا، وَلاَ يَبِيعُ حَاضِرٌ لِبَادٍ، وَلاَ تُصَرُّوا الْغَنَمَ وَمَنِ ابْتَاعَهَا فَهْوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ بَعْدَ أَنْ يَحْتَلِبَهَا إِنْ رَضِيَهَا أَمْسَكَهَا وَإِنْ سَخِطَهَا رَدَّهَا وَصَاعًا مِنْ تَمْرٍ» واتە: لە (ئەبو هوڕەیرە)وە کە پەیامبەر(د.خ) فەرموویەتی: مەڕۆن بە پیری بارەوە-پێش گەیشتن بە بازاڕ- هەندێکتان مامەڵە مەکەن بەسەر مامەڵەی هەندێکتانەوە، وە زەم مەکەن بەسەر یەکترییدا- مەبەست فێڵکردنە- شارنشین شت نەفرۆشێت بۆ بسارانشین وە گوانی ئاژەڵ مەبەستن هەر کەسێک ئەو ئاژەڵە بکڕێت، ئەوە سەرپشکە لە هەڵبژاردنی کامەیان بە جاکی بزانێت،

ئەگەر پێی ڕازیی بوو هەڵیبگرێتەوە، وە ئەگەر ڕازی نەبوو بیگێڕێتەوە لەگەڵ مەنێ خورما» بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( الشافعي، ١٩٩٦م، ص٣١٠) .

٣. شیشرۆن: ناوی (شیشرِۆن مارکوس تولیوس/ Ciceron, Markos Tulius)ە، نوسەرو وتاربێژ و فەیلەسوفێکی لاتینییە، لە ساڵی (١٠٦پ.ز) لە شاری ئەربینوم لە دایک بووە، لە ساڵی (٤٣پ.ز) مردووە( جورج طرابیشي، ٢٠٠٦م، ص٤٠٩).

٤. (قیبتی(: لە دانیشتوانی ڕەسەنی (میسر)ن، دەستیانگرتووە بە زمانی قەومی خۆیان بە جیاوازی لەهجەکانیشییەوە، بۆیە بەو ناوە ناونراون تا لە ڕەگەزە بیانییەکانی دیکە جیابکرێنەوە( العلایلي وآخرون، ١٤٢١هـ ص٤٣٣).

٥. ( ئیمێل دۆرکهایم - Émile Durkheim ): زانایەکی کۆمەڵناسیی فەڕەنسییە، لە ساڵی ( ١٨٥٨ز) لە دایک بووە، بە بیردۆزەو کتێبەکانی بەشداری کردووە لە داڕشتنی بنەماکانی زانستی کۆمەڵناسی نوێ، لە گرنگترین کتێبەکانیی ( قواعد المنهج الاجتماعي) کە بیردۆزەکانی لەو کتێبەدا خستوونە ڕوو، لە ساڵی ( ١٩١٧ز) مردووە ( مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزیع، ١٩٩٩م، ج١٠، ص٤٦٠).

٦. ( ماکس ڤیبەر – Max Weber): زانایەکی کۆمەڵناسی ئەڵمانییە، لە ساڵی (١٨٦٤ز) لە دایک بووە، کتێبی ( الأخلاق البروتستنتیة في روح الرأسمالیة) لە کارە هەرە گرنگەکانییەتی لە ساڵی (١٩٢٠ز) مردووە ( الحنفي، ٢٠١٠م، ج٢، ص١٠٥٢).

٧. (تایلۆر- Tylor): ناوی (ئێدوارد تایلۆر)ە، زانایە لە بواری بنچینەی ڕەچەڵەکی مرۆیی، بەریتانییەو لە ساڵی (١٨٣٢ز) لە شاری ( لەندەن) لە دایک بووە، یەکێک بووە لە پشتیوانانی بیردۆزی گەشەکردن و پەرەسەندن، لە ساڵی (١٩١٧ز) مردووە ( العلایلي وآخرون، ١٤٢١هـ ص١٦٧).

## لیستی سەرچاوەو ژێدەرەکان


- القرآن الکریم.

یەکەم: سەرچاوەکان:

- الأزهري، ابو منصور محمد بن احمد( ٣٧٠هـ/٩٨٠م)، ١٩٧٨م، تهذیب اللغة، تح: عبدالسلام محمد هارون، المطبعة العربیة الحدیثة، القاهرة.
- الجوهري، اسماعیل بن حماد (٤٠٠هـ/١٠٠٩م)، ٢٠٠٥م، معجم الصحاح، دار المعرفة، بیروت.
- ابن خلدون، ولي الدین عبدالرحمن بن خلدون (ت: ٨٠٨هـ/١٤٠٥م)، ٢٠٠٤م، مقدمة ابن خلدون، تح: عبدالله محمد الدرویش، دار یعرب، دمشق.
- ابن خلکان، ابو العباس شمس الدین احمد بن محمد بن أبي بکر(٦٨١هـ/١٢٨٢م)، وفیات الأعیان في أنباء أبناء الزمان، تح: احسان عباس، دار صادر، بیروت.
- ابن درید، ابوبکر محمد بن حسن، ١٩٨٧م، جمهرة اللغة، تح: رمزي منیر البعلبکي، دار العلم للملایین، بیروت، لبنان.
- الرازي، محمد بن أبي بکر بن عبدالقادر،( ٦٦٦هـ/١٢٦٨م)، دار الکتاب العربي، بیروت.
- الزمخشري، أبو القاسم جار الله محمود بن عمر بن احمد( ٥٣٨هـ/١١٤٣م)، ١٩٩٨م، أساس البلاغة، تح، محمد باسل عیون السود، دار الکتب العلمیة، بیروت، لبنان.
- الشافعي، محمد بن إدریس (٢٠٤هـ/٨٢٠ز)، ( ١٩٩٦م)، مسند الشافعي، دارالفکر، بیروت.
- الصفدي، صلاح الدین خلیل بن أیبك(٧٦٤هـ/١٣٦٢م)، ٢٠٠٠م، الوافي بالوفیات، تح: أحمد الأرناؤوط، دار إحیاء التراث العربي، بیروت، لبنان.

- إبـن فـارس، أبي الحسـن احمـد بـن فـارس بـن زكريـا، ( ٣٩٥ك/١٠٠٤ز)، ١٩٧٩م، معجـم مقاييـس اللغـة، تـح: عبدالسـلام محمـد هـارون، دار الفكـر.

- الفراهيـدي، أبي عبدالرحمـن بـن خليـل بـن أحمـد (١٧٥هــ/٧٩١م)، كتـاب العين، تح:مهـدي المخزومـي و إبراهيـم السـامرائي، سلسـلة المعاجـم والفهارس.

- الفيومـي، أحمـد بـن محمـد بـن عـلي الفيومـي المقريء(٧٧٠هــ/١٣٦٩م)، ١٩٨٧م، المصبـاح المنير في غريـب الـشرح الكبير، تـح، عبدالعظيـم الشـناوي، مكتبـة لبنـان، بـيروت.

- إبن منطور، أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (٧١١هـ/١٣١١م)، لسان العرب، دار صادر، بيروت.

دووەم: ژێدەرەکان:

١-بەزمانی عەرەبی:

- اعلمـي، الشـيخ محمـد حسـين الشـيخ سـليمان، ١٩٦٦م، دائـرة المعـارف المسـمات بمقتبس الأثـر و مجـدد مـا دثـر، مطبعـة قـم، قـم.

- أنيس، ابراهيم وآخرون، ١٩٩٠م، المعجم الوسيط، دار الامواج، بيروت.

- البعلبكي، منير، البعلبكي، رمزي منير، المورد، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

- بينوش، برتراند، ٢٠١٣م، التباسات الحضارة، تر: هدى مقنص، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

- الجابـري، محمـد عابـد، ١٩٩٤م، العصبيـة والدولـة( معـالم نظريـة خلدونيـة في التأريـخ الإسـلام)، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، بـيروت، لبنـان.

- جون، هيرست، ٢٠١٧م، اوربا تأريخ وجيز، تر: محمود محي الدين، دار الشروق، القاهرة، مصر.

- حلاق، حسن، ١٩٩١م، ملامح من تأريخ الحضارات، الدار الجامعية، بيروت.

- الحنفي، عبدالمنعم، ٢٠٠٠م، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، مكتبة مدبولي، القاهرة.

- الحنفي، عبدالمنعم، ٢٠١٠م، موسوعة الفلسفة والفلاسفة، مكتبة مدبولي، القاهرة.

- الخطيـب، مصطفـى عبدالكريـم، ١٩٩٦م، معجـم المصطلحـات والالقـاب التاريخيـة، مؤسسـة الرسـالة للطباعـة والنـشر والتوزيـع، بـيروت.

- خليل، عماد الدين ١٩٨١م، التفسير الاسلامي للتأريخ، دار العلم للملايين، بيروت.

- رالـف، لنتـون، ٢٠١٠م، شجرة الحضـارة: قصـة الإنسـان منذ فجـر مـا قبـل التأريـخ حتـى بدايـة العـصر الحديـث، تـر: أحمـد فخـري، المركـز القومـي للترجمـة، القاهـرة.

- رينهارت، دوزي، ١٩٩٦م، تكملة المعاجم العربية، تر: محمد سليم النعيمي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

- الـزركلي، خيرالديـن، ٢٠٠٢م، الأعـلام قامـوس تراجـم لأشـهر الرجـال والنسـاء مـن العـرب والمسـتعربين والمسـتشرقين، دار العلـم للملايـين، بـيروت، لبنان.

- زقزوق، محمود حمدي، ٢٠٠٣م، الموسوعة الإسلامية العامة، مطابع أهرام التجارية، قليوب، مصر.

- زكريا، فؤاد، ٢٠١٨م، الإنسان والحضارة، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة.

- سـعيفان، فضـل يونـس خليـل، ٢٠٠٦م، أنـور الجنـدي و موقفـه مـن الفكـر الغـربي الوافـد، رسـالة ماجسـتير، كليـة أصـول الديـن، الجامعـة الإسـلامية، غـزة.

- الشرقاوي، عفت، في فلسفة الحضارة الاسلامية، ١٩٨٥م، دار النهضة العربية، بيروت.

- صالح، حمزة حسن سليمان، ٢٠١٥م، أسس الحضارة في القرآن الكريم وآثارها على الحضارة الإنسانية، مجلة قرآنيكا، ع٧، مركز بحوث القرآن، جامعة ملايا، ماليزيا.

- صليبا، جميل، ١٩٨٢م، المعجم الفلسفي (بالألفاظ العربية والفرنسية والإنجليزية واللاتينية)، دار الكتاب اللبناني، بيروت.

- ضناوي، محمد علي، ١٩٨٠م، مقدمات في فهم الحضارة الإسلامية، مؤسسة الرسالة، بيروت.

- طرابيشي، جورج، ٢٠٠٦م، معجم الفلاسفة، دار الطليعة، بيروت.

- عارف، نصر محمد، ١٩٩٤م، الحضارة-الثقافة-المدنية دراسة لسيرة المصطلح ودلالة المفهوم، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، عمان.

- عبدالنور، جبوري: ١٩٨٤م، المعجم الأدبي، دار العالم للملايين، بيروت.

- العتيق، عبدالملك عبدالرحمن بن عبدالعزيز، ٢٠٠٤م، مفهوم الحضارة عند مالك بن نبي، بحث تمهيدي لمرحلة الماجستير في الدراسات الإسلامية، كلية الإمام الأوزاعي، بيروت.

- عثمان، محمد فتحي، ١٩٨٥م، القيم الحضارية في رسالة الإسلام، الندوة العالمية للشباب الإسلامي، الإسلام والحضارة ودور شباب المسلم، الندوة العالمية للشباب الإسلامي، الرياض.

- العلايلي وآخرون، ١٤٢١هـ المنجد في الأعلام، دار الفقه للطباعة والنشر.

- عمر، أحمد مختار، ٢٠٠٨م، معجم اللغة العربية المعاصرة، عالم الكتب، القاهرة.

- فرح، أديبة وآخرون، ٢٠٠٣م، القاموس عربي-إنجليزي، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

- بو فضة هدى، ٢٠٠٨م، دور الدين في بناء الحضارة في فلسفة أرنولد توينبي ( المسيحية أنموذجا)، جزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية، جامعة الإخوة منتوري.

- لحسن، بدران، ٢٠٢١م، مفهوم الحضارة: دراسة تحليلية مقارنة عابرة للثقافات، مجلة أنثروبولوجيا، مج٧، ع٢، مركز إبن خلدون، جامعة قطر.

- لعيبي، شاكر، ٢٠١٠م، الفن والحرف الفنية لدى إبن خلدون، مكتبة مدبولي، القاهرة.

- لوبون، غوستاف: ١٩٦٩م، حضارة العرب، تر: عادل زعيتر، دار الكتب العربية، بيروت.

- محروس، و آخرون، ٢٠٠٠م، المعجم الكبير، مجمع اللغة العربية، مصر.

- مسعود، جبران، ١٩٩٢م، الرائد معجم لغوي عصري، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان.

- معلوف، لويس، ١٣٧٩هـ المنجد في اللغة، إنتشارات إسلام، تهران.

- مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، ١٩٩٩م، الموسوعة العربية العالمية، مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر والتوزيع ، الرياض، المملكة العربية السعودية.

- إبن نبي، ١٩٨٦م، شروط النهضة، تر: عمر كاسل مسقاوي و عبدالصبور شاهين، دار الفكر للطباعة والتوزيع والنشر، دمشق، سورية.

- إبن نبي، مالك، ٢٠٠٠م، القضايا الكبرى، دار الفكر، دمشق، سورية.

- إبن نبي، مالك، ٢٠٠٢، التأملات، دار الفكر، دمشق، سورية.

- النعيمي، عامر علي، ٢٠٢٣م، مفهوم الحضارة وعناصر تكوينها(دراسة تحليلية ومقارنة)، مجلة الإحياء، مج٢٣،ع٣٢، جامعة قطر.

- هنتنجتون، صامويل، ١٩٩٩م، صدام الحضارات: إعادة صنع النظام العالمي، تر: طلعت الشايب، مركز روكفلر، نيويورك، أمريكا.

- الواعي، توفيق يوسف، ١٩٨٨م، الحضارة الاسلامية مقارنة بالحضارة الغربية، دار الوفاء، المنصورة.

- وليم، طمسن ورتبات، ١٩٨٤م، قاموس عربي-إنجليزي، مكتبة لبنان، بيروت.
- الوندة، جابر عيد، ٢٠١٨م، عوامل إستقرار وإزدهار الحضارة الإسلامية نظام الأسرة في الإسلام نموذجا، مجلة العمارة الفنون والعلوم الإنسانية، مج٣، ع٩، https://mjaf.journals.ekb.eg/article_٢١٦٨٠.html
- يوسف، ناصر، ٢٠١٥م، الحلقة المفقودة في معادلة الحضارة من منظور التنوير الياباني: إنجازات العزلة وتطورات الإنفتاح، إسلامية المعرفة: مجلة الفكر الإسلامي المعاصر، س٢١، ع٨٢، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، مركز معرفة الإنسان لأبحاث والدراسات والنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
٢-بە زمانی کوردی:
- ئەحمەد، پرشنگ حمە ئەمین،٢٠٠٦ز، فەرهەنگی یاد، نشر إحسان، تهران.
- خاڵ، شێخ موحەممەد، ١٩٧٦ز، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
- خدر، علی عبدالرحمن، ٢٠١٥ز، میرنشینی مەڕوانی لە گۆشەنیگای خوێندنەوەی شارستانی بۆ مێژوو ( تیۆری ئیبن خەلدون)، نامەی ماستەر، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- غریب، کەمال جەلال، ٢٠٠٣ز، کەمالنامە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی.
- گەلاڵی، مەلا مەحمود، ٢٠١٠ز، قامووسی ڕستە، دار المعرفة، بیروت.
- مەندەلاوی، محمد محمود، ٢٠١٢ز، مێژوو و شارستانییەتی کورد، و: محمد وەسمان، دار المعرفة.
- موکریانی، گیو، ٢٠٠٥ز، فەرهەنگی نۆبەرە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- ناوخۆش، سەلام، ٢٠٠٨ز، فەرهەنگی دووانەی ئۆکسفۆرد، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.
- نیزامەدین، فازیل، ٢٠٠٧ز، فەرهەنگی شیرنی نوێ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- هەژار، موکریانی، ، ١٣٨٤هـ هەنبانە بۆرینە، سروشت، تهران.
١- بە زمانی ئینگلیزی:
- Akbarian, Mehdi, and Mazinani, Zohreh, 2018AD, Elements of civilization and relationship civilization with culture, Aijrhass magazines, 18,307, International Association of Scientific Innovation and Research (IASIR), USA.
- Durant, Will, The story of Civilization,1954AD, New York.
- Fadi, K.S. Zatari,2021AD, The Construction of a Theory of Civilization Through the Works of al-M[illegible]ward[illegible], PH.D. thesis, Alliance of Civilizations Institute, Ibn Haldun University, Istanbul.
- Oxford learners Dictionary , 2010AD, Oxford university press , London.
- Philip D, Moorhead,2001AD, Webster Dictionary, New York.
- Richard Swedberg, 2010AD, A Note on Civilizations and Economies, European Journal of Social Theory 13(1): 15–30,Cornell University, NY, USA.
- Sulaiman, Kabuye Uthman, 2016AD, Civilization: History, Description, Common characteristics and Importance, Vol5, https://www.jesoc.com/issue/volume-5-october-2016-issue-1/
- Tylor,Edward B.1891AD,Primitive Culcure,Researches in to the development of Mythology, Philosophy, London.

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ناوچەی کفری و کەلار لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی دا (١٨٧٠- ١٩١٤ز)

**م.ی. سەباح عەلی سلێمان**

**بەشی مێژوو- کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی گەرمیان**

sabah.ali@garmian.edu.krd

## پوختە:

بە مەبەستی خستنەڕووی مێژوویی ناوچەی ناوچەی کفری (سەڵاحیە) و کەلار (شێروانە) و تاوتوێکردنی پێشهاتەکان لە نێوان ساڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز)، ساغکردنەوەی ئەوەی لەو ماوە مێژوویییە دا چیی ڕوویداوە، پێشهاتەکانی ناوچەکە بە پێی بەڵگەنامە و سەردانی گەڕیدە بیانییەکان چیی بووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامەکانی لە خۆگرتووە. توێژینەوەکە بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی (وەسفیی، شیکاریی)، بە پشتبەست بە ژمارەیەك سەرچاوە و بەڵگەی ڕەسەن، ئەو ماوە مێژووە تاوتوویێ کراوە، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ناوچەی توێژینەوە لە ڕووداو و پێشهاتەکان دا پێگەی گرنگیان هەبووە بە تایبەت کفری (سەڵاحیە)، ناوەندێکی کارگێڕیی و بازرگانیی نێوان مووسڵ- بەغداد بووە، بەشی زۆری گەڕیدەکان هاتوونەتە کوردستان بە کفری دا گوزەرییان کردووە و لە بەرهەمەکانیاندا باسی زۆر ڕووکاری ژیان و ژیارییان بە وردیی و بە بایەخەوە تۆمارکردووە .

**کلیلە وشەکان: دەوڵەتی عوسمانیی، کفری (سەلاحیە)، زەنگئاباد، کەلار (شێروانە).**

Recieved: 18/9/2024
Accepted: 17/10/2024

# پێشەکیی

ناوچـەی کفـری (سـەڵاحیە)، کـەلار (شـێروانە)، وەك بەشـێك لـە هەرێمـە کوردنشـینەکانی ژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عوسـمانیی خـاوەن پێگـە و نەخشـی کارگێڕیـی و سیاسـیی خۆیـان بـوون، ناوچەکـە بەهـۆی ئـەوەی لەسـەر ڕێگای بازرگانیـی ئەسـتەمبوڵ- بەغـداد لەلایـەك، هێڵـی سـلێمانی- کەرکـوك- بەغـداد لەلایەکـی تـرەوە پێگـەی گرنگـی لـەو ڕووەوە هەبـووە، هەروەهـا ناوچەکـە وەك سەرسـنووری هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانیی- ئێرانیـی بـەردەوام جێگـەی بایەخیـان بـووە، بـە تایبـەت بوونـی ژمارەیـەك لـە هـۆزەکان لـە قەڵەمـەوی هـەردوو دەوڵەتـدا هەبـوون و زۆر جـار سـنووری ئـەو دەوڵەتەیـان بەزانـدووە، ناوچەکـە لای گەڕیـدە و بیانییەکانیـش گرنـگ بـووە چونکـە بەشـێکی زۆریـان هاتوونەتـە کوردسـتان بـە کفـری دا تێپەڕیـوون و لێـی ماونەتـەوە.

بـە ئامانجـی خسـتنەڕووی پێگـەی گرنگـی دەڤەرەکـە لـە کۆتاییەکانـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عوسـمانیی دا، مێژوویـی ناوچەکـە بـە تایبەتـی لـە ڕووی کارگێڕیـی و سیاسـییەوە لـەم توێژینـەوەدا تیشـکی خراوەتەسـەر، جگـە لـەوەی هەندێـك لایەنـی تریشـمان تاوتـوێ کـردووە، گرنگـی توێژینەوەکـە لەوەدایـە بـۆ یەکەمیـن جـارە بـە شـێوازێکی وردی زانسـتیی کار لەسـەر ڕووداوە مێژووییەکانـی نێـوان سـاڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز) دا کـراوە و بایەخـی ناوچەکـە خراوەتـە بـەر بـاس.

توێژینەوەکـە جگـە لـە پێشـەکیی، لـە دەروازە و دوو تـەوەری سـەرەکیی پێکهاتـووە، بارودۆخـی مێژوویـی کفـری و کـەلار لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەدا- تاسـاڵی (١٨٧٠ز)، لـە دەروازە دا تیشـکی خراوەتەسـەر بـە تایبـەت هاتنـی ژمارەیـەك گەڕیـدە بـۆ کوردسـتان و گوزەریـان بـە دەڤەرەکـەدا، لـە تـەوەری یەکەمـدا ناوچـەی کفـری (سـەڵاحیە)، لـە نێـوان ساڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز) دا بـە تایبـەت لـە بـواری کارگێڕیـی و سیاسـیی دا کاری لەسـەر کراوە، هەرچـی تـەوەری کۆتاییـە بـۆ کـەلار (شـێروانە) تەرخانکـراوە و ڕووداوە مێژووییـەکان خراونەتـە بـەر بـاس، پاشـتر دەرئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان و پاشـکۆیەك خـۆی لـە نـاوی قائیمقامەکانـی کفـری لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٥٣- ١٩١٤ز) ی لـە خۆگرتـووە، لەگـەڵ بەڵگەنامـە بڵاونەکـراوەکان.

توێژینەوەکـە پەیـڕەوی ڕێبـازی زانسـتیی لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی (وەسـفیی- شـیکاریی)، بـە شـێوەیەکی ورد کـردووە، ئـەو سـەرچاوانەی بەکارهێـنراون بەشـێکیان ڕەسـەن و بڵاونەکـراوەن، ئەوەیـش وای کـردووە زۆر سـەرەداوی مێژوویـی و زانیاریـی نوێمـان لەسـەر ناوچەکـە بـۆ ئاشـکرا بکـەن و ناچارییـان کردوویـن بـە وردیـی شـیکار بـۆ زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان بکەیـن، بەتایبـەت لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی بەڵگەنامـە و سـاڵنامە جۆربەجۆرەکانـەوە، لـە بەڵگـە بڵاوکـراوەکان، زۆر تـر پشـتمان بەسـتووە بـە کتێبـی کفـری (سـەڵاحیە) لـە بەڵگەنامـەکانی عوسـمانیی دا ١٨٤٧- ١٩١٨، ئامـادە و پێشکەشـکردنی: نـەوزاد یەحیا باجگـر، و: ئاشـتی ڕەحـمان، ب١٤، لـە بڵاوکـراوەکانی زانکـۆی جیهـان- خانـەی بەڵگـەکان، چونکـە زۆر بەڵگەنامـەی پەیوەسـت بـە کفـری و دەڤەرەکـەی تێـدا بـە زمانـی کوردیـی بڵاوکراوەتـەوە، هەروەهـا بەشـی زۆری توێژینەوەکـە پشـتی بـە داتـای سـاڵنامەکان بـە تایبـەت (سالنامە دولت علیـە عثمانیـە، سـالنامە موصـل ولایتـی) ی بەسـتووە، هەروەهـا زانیاریـی وردمـان لـە گەشـتی گەڕیدەکانـەوە وەرگرتـووە.

سـەرباری بـە ئەنجـام گەیاندنـی توێژینەوەکـە، بـەڵام بـە دەرنەبـووە لـە کەموکوڕیـی، بـە شـێوەیەك نەتوانـراوە دەسـتمان بـە سـەرجەم بەڵگەنامـە بڵاونەکراوەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانیی بـگات، هەروەهـا زۆر نـاو لـە داتـا و زانیارییەکانـدا بەرچاوکەوتـوون بـە تەواوەتـی نەتوانـراوە سـاغ بکرێنـەوە، چونکـە بەشـێکیان بـە هەڵـە نـووسراون، ئەمەیـش بـووە بـە مایـەی گرفـت و زۆرتـر لـێ وردبوونـەوە، لەکۆتایـدا توانیـمان کارێکـی زانسـتیی نـوێ بکەیـن و زۆر زانیاریـی و داتـای تـازە لەسـەر مێـژووی نوێـی ناوچەکـە بخەینـەڕوو.

## دەروازە: ناوچەی کفری (سەڵاحیە) و کەلار (شێروانە) لە سەرەتای سەدەی نۆزدە- ساڵی (١٨٧٠ز)

ناوچـەی کفـری لـە سـەردەمی عوسـمانیی دا بـە تایبـەت لـە بەڵگەنامـە و نـوسراوە فەرمییەکانـدا بـە نـاوەکانی (کفـری، زەنگنابـاد، سـەڵاحیە) هاتـووە و تۆمارکـراوە، سـەبارەت بـە پێگـەی کفـری لـە رووی جوگرافییـەوە لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا، لـە (قامـوس اعـلام) دا لـە سـاڵی (١٨٩٤ز)، لـە ئەسـتەمبوڵ چاپکـراوە، هاتـووە: "سـەڵاحیە لـە ولایـەتی مووسـڵ لـە سـەنجەقی شـارەزوور دایـە، کفـری ناوەنـدی قەزاکەیـە، لـە باکووری خۆرئـاواوە بـە قـەزای کەرکـووک، لـە باکووری خۆرهـەڵاتی بـە لیـوای سلێمانیی، لـە باشـووری بـە لیـوای بەغـدادەوە هاوسنوورە، زێـی دیالـە بـە باشـووری کفـری دا ئـەڕوات، لەگـەڵ چەندیـن رووبـار و جۆگەلـە ئەڕژێنـە هەمـان زێ و لـە کاری ئاودێریـش بەکارئەهێرێـن، هەروەهـا زەویـی کفـری زۆر بـە پیتـە و بەرهەمەکانـی بریتییـن لـە گەنـم و جـۆ و لیمـۆ و خورمـا، هەروەهـا قـەزای کفـری لـە (١٥٨) گونـد پێکهاتـووە و دانیشـتووانەکەی (١٤٠٠٠) کەسـە ئەمـە بێجگـە لـە ٨٠ جولەکـە لـە ناوەنـدی قەزاکـە ژیـاون" (قامـوس الاعـلام، دردنجـی جلـد، ١٣١١، ص٢٩٦٥)، قەزاکـە ناوەندێکـی گرنگیـی کەرکـووک بـووە، لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی سـەنتەری لیـوای مووسـڵ لەسـەر سـنووری بەغـدا و سـلێمانییدا هەڵکەوتـووە، خەڵکـی قەزاکـە لـە کـورد، تورکـمان و عـەرەب پێکهاتـوون، ناوچەکـە شـوێنکی سـەرەنجڕاکێش بـۆ نیشـتەجێبوونی دانیشـتوان و ناوەندێکـی گرنگـی بازرگانیـی بـووە، بـەو پێیـەی لەسـەر رێگای پۆستەی ئەسـتەنبووڵ- بەغـدا لـە لایـەک و لەسـەر رێگای کەرکـووک- بەغـدا و سـلێمانیی- بەغـدا لـە لایەکـی تـرەوە هەڵکەوتـووە MUSUL, ١٩٩٣, s٢٩)).

گـەر گوزەرێکـی خێـرا بـە مێژوویـی ژیـان و ئاوەدانیـی سـنوورەکە دا بکەیـن، ئەبینیـن دیرۆکـی کفـری بـۆ مێژوویـی کـۆن گەڕاوەتـەوە، ناوچەکـە بـەردەوام شەڕوشـۆڕی زۆری لێکـراوە، هـەر ئەوەیـش وایکـردووە تـووشی وێـران بـوون بێـت و جێگۆڕکێـی زۆر لـە شـوێنی نیشـتەجێبونی شـوێنە ئاوەدانەکانیـدا روو بـدات، ئەمـە بـۆ هـەر دوو ناوچـەی لێکۆڵینەوەکـە (کفـری و کـەلار) راسـتە، دوایـن بنیادنانـی کفـری بـۆ سـەدەیی سیانزەیەمی زاینـی گەڕاوەتـەوە (نەریـمان، ٢٠٠٧، ل١٨،٢٠؛ عزیـز، ٢٠١٣، ل٢٠). سـەبارەت بـە هاتنـی نـاوی کـەلار وەک بەشـێک لـە ناوچەکـە نـاوی (شـێروانە) لـە سـاڵی (١٢٢١ك/ ١٨٠٦ز) دا لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا بەرچـاو کەوتووەتـەوە، ئەویـش لـە کاتی شەڕوکێشـمەکێشی نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانیی- قاجاریـی، هـۆی بەرپابوونـی ئـەو ئاڵۆزیانەیـش بـە زۆری لەسـەر سـنوورەکە بـووە، کاتێـك لـە ئەنجامـی جەنگـی نێـوان ئـەو دوو لایەنـە، لایەنگرانی عوسـمانیی شـکاون، ئەویـش سـلێمان کەهیـەی خوشـکەزای والی بەغـداد- عـەلی پاشـا (١٨٠٢-١٨٠٧ز) هەواڵەکـەی پێگەیشـتووە، سـوپاکەی لـە شـێروانە دا بـووە، پاشـتر سـوپاکەی لـە شـێروانەوە بـۆ (کفـری) کشـاوەتەوە و خـۆی گەیاندووەتـەوە بەغـداد (الکرکـوکلي, دون سـنە الطبـع, ص٢٣٧).

لـە سـەدەی نـۆزدەدا ژمارەیـەك گەڕیـدە بـە ناوچەکـەدا گوزەریـان کـردووە وێنـای بەشـێک لە سروشـت و ژیـانی خەڵکەکەیان کێشـاوە، لـە سـەرەتای ئـەو سـەدەیەدا، ژان باپتیسـت جـاک لـێ رۆسـۆی گەڕیـدە و دیپلۆماتکاریـی فەرەنسـیی (١٧٣٨-١٨٣١ز) لـە سـاڵی (١٨٠٩ز) دا هاتووەتـە دەڤەرەکـە، بـاسی هەریـەک لـە (قەرەتەپـە، کفـری و دووزخورماتـوو)ی کـردووە کەوتوونەتـە سـەر رێـگای نێـوان کەرکـووک و بەغـدادەوە (اوغلـو، ٢٠١٩، ص٢٠٧)، هـەر لـە چارەکـی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەدا دوو گەڕیـدە و دیبلۆماتـکاری ئینگلیزیـی هاتوونەتـە کوردسـتان و ناوچـەی کفـری و کـەلار، بـە گرنگییـەوە و بـە درێـژی لەسـەر زۆر لایـەنی دەڤەرەکـە دواون، ئەوانیـش هەریـەک لـە (جێمـس بێکنگهـام و جێمـس ریـچ) ن، جێمـس بێکنگهامـی James Silk Buckin Gham (١٧٨٦- ١٨٥٥ز)، دیبلۆماتـکار لـە کۆمپانیـای رۆژهـەڵاتی هندیـی کاریکـردووە، دوو

جار سەردانی کوردستان و ناوچەکەی کردووە، گەشتی یەکەمی لە ساڵی (١٨١٦ز) لە ژێر ناونیشانی (TRAVELS in MESOPOTAMA- گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا)، هاتووەتە سنووری کەرکووک، کفری و قەرەتەپە (وەلی، ٢٠٢٢، ل١٠).

جێمس بێکنگهام لە ساڵی (١٨١٦ز) بە کفریی دا گوزەری کردووە و بە شارێکی ئاوەدانیی گەورە وەسفیی کردووە، بەو شێوەیە باسی شارەکەی کردووە "خانووەکانی لە قوڕ درووستکراون، ئاوی روونی خاوێن لە بەری رۆژهەڵاتی شارەکە دا مایەی ئاوەدانیی زیاتر بووە و رۆیشتووە، ژمارەیەك باخ شارەکەی رازاندووەتەوە و میوەی جۆربەجۆر بە تایبەت خورمای لێڕواوە، شارەکە دیواربەندی بۆ کراوە و چەند تاقێکی بۆ دانانی لوولە تۆپ هەبووە، بەڵام هیچ تۆپێک لەو تاقانەدا نەبوون، بازاڕێکی پڕ لە خۆراکی جۆربەجۆری بە تایبەت میوەکانی وەک ترێی لێبووە، چێشتخانەیەکی گونجاو بۆ خواردنی کەباب و گۆشتی برژاو و سۆسەج پێشوازی لە میوانەکان کردووە، هەروەها قاوەخانەیەک ڕێبوار و گەشتیاران تێیدا پشوویان داوە هەبووە، شارەکە وەک وێستگەیەک لەسەر رێگای بەغداد هەڵکەوتووە، ئەوەیش وایکردووە گەشتیارێکی زۆر رووی لێبکەن، لە کاروانسەرایەکی Caravanserai مۆدێرندا ماونەتەوە و لێی حەساونەتەوە، کاروانسەراکە لەسەر تیرازی تورکیی بنیادنراوە، زمانی فەرمیی تورکیی بووە بەو پێیەی ناوچەکە لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی عوسمانییدا بووە، سیمایەکی تورکیی زاڵ لە زۆربەی کاروبارەکاندا هەستی پێکراوە هەرچەندە خەڵکی بە زمانەکانی کوردیی و عەرەبییش دواون" (BUCKINGHAM, ١٨٢٧, p.١٣٥– ١٣٩).

لە (٢٤ی نیسان) گەیشتووەتە قەرەتەپە، لەو رۆژەدا بە هۆی لافاوەوە لە پردی نارین تووشی گرفت بوون، لە باسی کفریی دا ئەوەی خستووەتەڕوو، لەوێ ژمارەیەك جوولەکەی بینیووە، پاشتر رووی لە جێگەیەکی شوێنەواریی کردووە پێیان وتووە (قەرە ئۆغڵانKara Oghlan)، ریچ لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەکە زۆر تر باسی لایەنی شوێنەواریی یادداشت کردووە، لەو رووەوە نووسیویەتی "لەسەر ئەم گردە شوێنەواری خانوویش هەیە ... هەر لە بەرامبەر کفری شوێنەواریی خانووی کۆن هەبووە"، شوێنەواریی (قیزقلعەسی Kis Kalasi: قەڵای کچان) لە بەرامبەر دوانزەئیمام Oniki Imam هەبووە ئێسکوپروسکی تێیدا دۆزراوەتەوە، ریچ پێی وا بووە خانووە کۆنەکانی ئاسکی کفری Eski Kifri ئەو جێگەیە بوون پێشتر کفری لەسەر بنیادنراوە و سەردەمەکەیشی بۆ سەردەمی گاور گەڕاندووەتەوە، لە باخەکانی کفریی دا ژمارەیەك ئاشی ئارد هەبوون بە ئاو کاریان کردووە، لە نزیک دوانزەئیمام سەرچاوەی نەوت باسکراوە، ئەو گەڕیدەیە نزیکەی سێ رۆژ لە کفری دا ماوەتەوە، پلەی گەرمای مانگی نیسانی ناوچەکە لە (٢٧ی نیسان) دا لە پاش نیوەڕۆ دا (٨١ پلەی فەهرنهایت/ ٢٧ پلەی سەدی)، لە شەو دا (٦٦ پلەی فەهرنهایت/ ١٩ پلەی سەدەی) تۆمارکردووە (RICH, ١٨٣٦, P.١٢-٢٣).

جگە لە کفری و قەرەتەپە، ناوچەکانی تری سنوورەکە لە گەشتەکەی ریچ دا بە سەرکراونەتەوە، ئەوانیش هەریەک لە (دووزخورماتوو، ئیبراهیم خانچی، دەربەندیخان، بانی خێڵان، زەنگئاباد و شێروانە)ن، ناوچەی زەنگئاباد لە سەردەمی سلێمان پاشای بابان (١٧٥٤- ١٧٦٥) دا ئاوەدانی بەخۆوە بینیوە و مزگەوت و گەرماوی تێیدا دروستکردووە، ئەو دەمە لە ژێر دەستی بابانەکاندا بووە، ریچ، زەنگئابادی Zengabad وەک پایتەختی ناوچەکە ناو بردووە، هەر چەندە ئەو سەردەمە نیوەی وێران بووە، دوو میل لە رۆژئاواوە، گوندی میحنەتاوا (Manativa) ی پڕ لە دارخورما هەبووە، شێروانە (کەلار)، وەك ناوچەیەکی ئاوەدان و داچێنراوی کشتوکاڵیی لە گەشتەکەدا ناوی هاتووە، ئەویش کاتێک ئەو

گەڕیدەییە لە حەوش كڕەووەوە بەرەو ناوچەی بنكورە (بن كوردیە) ی حەسەن ئاغای باجەڵان چووە، سەبارەت بە شێروانە بەو شێوەیە دواووە "لای راستمانەوە رووباری (دیالە ) مان لە دوورەووە بەدیكرد, لە رۆخەكەشیدا گردێكی (دەستكرد) تورەكە رێژمان بینی, پێی ئەوترا شێروانە with a high artificial mount called Shirwaneh، وەك دیار بوو، دەشتەكەیش كشتوكاڵی باشی تیدا كرابوو" (RICH, ١٨٣٦, ٢٧٢.P - ٢٧٦).

جێمس بیلی فرەیزەر James Baillie Fraser (١٧٨٣- ١٨٥٦ز)، گەڕیدەی ئینگلیزیی ساڵی (١٨٣٤)، گەشتێكی بە كوردستان و میسۆپۆتامیادا كردووە، بەشی یەكەمی گەشتەكەی لە ژێر ناونیشانی گەشتێك لە كوردستان و میسۆپۆتامیا TRAVELS IN KOOEDISTAN, MESOPOTAMIA لە ساڵی (١٨٤٠) دا لە لەندەن چاپكردووە، لە ماوەی گەشتەكەیی دا فرەیزەر هاتووەتە سنوورەكە، پاش دەرچوونی لە سلێمانیی، لە (١ی تشرینی دووەم) دا گەیشتووەتە گوندی ژاڵە، گوندێكی كوردیی (٦- ٨) خانووی تێدا بووە، دواتر هاتووەتە گوندی ئیبراهیم خانچی، گوندی رۆستەم ئاغای سەرۆك هۆزی زەنگەنە بووە، كەسێكی بەهێز بووە و سەر بە سلێمان پاشای بابان (١٨٢٨-١٨٣٨ز) بووە، گوندەكە (١٠٠) كوڵبە huts بووە، پێكهاتەی كوڵبەكان لە گڵ و قامیش پێكهاتووە، بەڵام سەرۆكی گوندەكە دیوەخانی cleiuan khaneh هەبووە، بەڵام دیوەخانێكی زۆر پەڕپووت، پاشتر بە دەشتایەكی چۆڵدا گەیشتووەتە كفری Kufri، لەو نێوەندەدا هیچ ئاوەدانییەكی نەبینیوە، كفری لە دەروازەی گەروویەك لە نێوان گردە نزمەكاندا هەڵكەوتووە، بەڵام رووت و بێ بەرهەم، وەك باسی كردووە بەهۆی ئاگرێكەوە پێ ئەچێت ناوچەكە زیانی پێ گەیشتبێت، بەڵام شارەكە شوورایەكی داخراوی بۆ درووستكراوە، لایەنێكی خۆش و سەرنجڕاكێشی هەبووە، لە دەرگایەكەوە خەڵكی هاتوچۆیان كردووە، دارخورما لە سەرووی دیواری شوراكانەوە دیاربووە، گۆڕانی جلوبەرگ و لایەنی ژیانی خەڵك ئەو راستییەی پشتڕاست كردووەتەوە كفری لە ژێر دەستی توركەكاندا بووە، قەرەتەپەیش گوندێكی پیس و پۆخڵی بە دووریی (٢٠) میل سەر بە كفری بووە FRASER, ١٨٤٠, ١٧٥.p, ١٨٣, ١٩٣- ١٩٤)).

لە ساڵی (١٨٣٦ز)، گەڕیدەی ئینگلیزیی هێنری راوڵنسۆن Sir Henry Rawlinson سەردانی دەڤەرەكەی كردووە، لە گەشتەكەیدا زۆر تر زانیاری لەسەر شێروانە (كەلار) تۆماركردوە، رووباری سیروان (دیالە) لە باسەكەی دا بە زۆری قسەی لەسەر كراوە، هەروەها باسی دەشتی سیمیرۆمی the plain of Semirám كردووە، ئەو بە رووباری سیروانی وتووە (ئاب شیروان A'bi-Shirwān)، ناوچەی شێروانە (كەلار) ی بە سنووری جیاكەرەوەی نێوان سلێمانیی و كرمانشا داناوە، رووباری سیروان بە درێژایی ساڵ ئاوی هەبووە، بەڵام لە هاوین و پایز دا ئاوەكەی كەمتر بووەتەوە و توانراوە لە هەردوو بەری رووبارەكەوە هاتووچۆی لێوە بكرێت، راوڵنسۆن لە كۆتای مانگی ئایاردا هاتووەتە سەر رووباری سیروان لە لای بانیخێڵانەوە Bánah-khilān، لەو جێگەیە دا ئاوی رووبارەكە كەمتر بووە، ئەوەیش بۆ هاموشۆ ئاسان بووە، ئەو گەڕیدەیە باسی لەوەیش كردووە پێشتر شارێك بە ناوی (شێروان)، لەسەر كەناری رووباری سیروان هەبووە، هەروەها نوسیوویەتی "گردێكی دێرینی سەرنجڕاكێش بەدی ئەكرێت بە ناوی شێروانە Shirwānah"، لە سەدەیی چواردەیەمەوە بە بەشی رۆژهەڵاتی رووبارەكە وتراوە (شێروان)، هەر لە گەشتەكەیدا راوڵنسۆن سەردانی سەرتەك Sar-Tak، سەرخوشك Sar-Khushk، بەمۆ Bamū، هۆرێن و شێخانی كردووە، بە وردیی زانیاری لەسەر شوێنەواری بەمۆ تۆمار كردووە، ناوچەكەی بە سەخت هاتووتە پێش چاو، شوێنەكە پڕ لە رەز و باخ بووە و زۆرجار لەلایەن جافە كۆچەرییەكانەوە لە بانیخێڵانەوە پەڕیونەتەوە و بەو هۆیەوە رەز و باخەكان تووشی زیان بوون

(Rawlinson , ١٨٣٩, p.٢٧ -٣٠؛ راولینسـون، ١٣٦٢، ص ١٠- ١٤).

لەسـەر رێگای کـەلار- دەربەندیخـان بـە درێژایـی رووبـاری سـیروان ژمارەیـەك (قولـە) بـەدی ئەکرێـن (خیـالی، ١٩٩٥، ص١٠)، قولەکانـی سـنووری کـەلار ژمارەییـان چـوارده (١٤) قولـەی سـەردەمی عوسـمانیین، لـە لایـەن بەڕێوەبەرایـەتی شـوێنەواری گەرمیانـەوە روپێویـان بۆکـراوە، ئـەو قولانـە بـە کەنـاری رووبـاری سـیرواندا بنیـاد نـراون (کریـم، ٢٠٢٠، ل١١٤)، هـەر دوو شـوێنەوارناسی بـە ناوبانگـی عێـراق (تەهـا باقـر و فـواد سـەفەر)، هاتوونەتـە ناوچەکـە و شـوێنەوارەکانیان تۆمارکـردووە، باسـیان لـەو قولانـە کـردووە ،ئـەوان بـە (المفاتیـل المدورة) ناویـان بـردوون، مەبەسـت لـە دروسـتکردنیان بـۆ کاروبـاری ئیشـکگریی و چاودێریـی بەکارهاتـوون (باقـر، سـفر، ١٩٦٦، ص٦)، قولـەکان پـێ ئەچێـت بـە مەبەسـتی کاروباری بازرگانییـش لـە ناوچەکـە دا بەکارهێنرابـن، بـەو پێیـەی ناوچەکـە لـە پاش سـاڵی (١٨٢١ز)، سـنووری جیاکـەرەوەی نێـوان هـەردوو دەوڵـەتی عوسـمانیی- ئێرانیـی تـا سـەردەمی یەکـەم جەنگـی جیهانیـی بـووە، ئەوەیـش وای کـردووە بـۆ مەبەسـتەکانی سـەرەوە قولـەکان بنیـاد نرابـن (خیـالی، ١٩٩٥، ص١٠؛ دەلـۆ، ٢٠١٠، ل٢٣- ٢٤).

قولـەکانی سـنووری ئێسـتای کـەلار بریتیـن لـە: دوو قولـە لـە گونـدی بەرلـووت، قولـە برنجـی لـە گونـدی بانزەمـین، رازیانـە و وەلی خنـکاو لـە گونـدی تـازەدێ، قولـەی مـەلا لـە گونـدی چاڵـەڕەش، قولەسـوتاو لـە گونـدی قولەسـوتا و قولـەی سـەیدمەحمود لـە گونـدی سـەیدمەحمود، قولـەکانی تـر لەسـنووری ناحیـەی پێبـاز (باوەنـور) دان, ئـەو قولانـە لەلایـەن عوسـمانییەکانەوە دروسـتکراوە ،سـاڵی دروسـتکردنەکانیان روون نیـە, بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠١٧), لـە کاتی نۆژەنکردنـەوەی قولـەی سـەیدمەحمود دراوێـك دۆزراوەتـەوە بـۆ سـەردەمی سـوڵتان عەبدلمەجیـدی یەکـەم (١٨٣٩-١٨٦١ز) گەڕاوەتـەوە، لەسـەر روویـەکی دراوەکـە نـوسراوە (١٠/١٢٥٥/سـنە/عرە نصـبرە ضرب فی قسـطنطینیە), بەپێـی زانیارییەکانـی سـەر ئـەو دراوە بێـت، قولـەکان لەسـاڵی ١٢٥٥ك/ ١٨٣٩ز)دا هەبـووە (کریـم، ٢٠٢٠، ل١١٤- ١١٦).

پـاش رێکەوتنامـەی ئەرزڕۆمـی دووەمـی (١٨٤٧ز)، کۆمیسـیۆنی دیاریکردنی سـنوور بۆ چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەسـێردراوەکانی نێـوان هـەر دوو دەوڵـەتی عوسـمانیی و ئێرانیـی دەستنیشـان کـراوە، محەمـەد خورشـید پاشا (١٨١٣- ١٨٧٨ز)، وەک نوێنـەری دەوڵـەتی عوسـمانیی لـە نێـوان ساڵانی (١٨٤٨- ١٨٥٢ز)، سـەردانی ناوچەکـەی کـردووە، لـە راپۆرتەکەیـی دا (رحلـة الحـدود بـين الدولـة العثمانيـة و إيران) دا تیشـکی خستووەتەسـەر ناوچـە سنوورییەکانی کفـری (سـەڵاحیە) و کـەلار (شـێروانە)، نـاوی زۆر جێگـەی هێنـاوە، لەوانـە: کفـری، شـێروانە، زەنگئابـاد، سـەرقەڵای مەحمـوود، کۆکـز، ...، کاتێـک قسـەی لەسـەر شـوێنەوارێکی ناوچـەی بنکـورە (بنکـدرە)ی سـنووری خانەقیـن کـردووە، چـوار رێـگای هەبـووە، رێـگای سـێیەمیی چووتـە سـەر گونـدی شـێروانە "ریـگای سـێیەمیش دەچێـە سـەر پـردە رووخاوەکـە لەسـەر رووبـاری دیالـە، ئـەم شـوێنە ئەکەوێتـە بەرامبـەر گونـدی شـێروانە"، نـاوی ژمارەیـەك هـۆزی کـوردی سـنوورەکەی هێنـاوە، لەوانـە: جـاف، پـاڵانی، گێـژ، هۆمەرملـی، گاخـۆر، داودە، لـەک ... (باشـا، ٢٠٠٩، ص١٩٠، ٢٧١)، بـە پێـی ساڵنامـەی دەوڵـەتی عوسـمانیی (سـالنامە دولـت علیـە عثمانیـە) لـە سـاڵی (١٢٦٣ك/ ١٨٤٧ز) هەریـەک لـە (کفـری و دووزخورماتـوو) وەک دوو رێـگای سـەرەکیی دیاربەکـر- بەغـداد ناویـان هاتـووە (عثمانیـە، ١٢٦٣، ص١٢٦)، بەپێـی ساڵنامەی سـاڵی (١٢٦٦ك/ ١٨٥٠ز) نـاوی هەریـەک لـە ئەیالـەتی شـارەزوور و بەغـداد پێکـەوە هاتـووە (بغـداد مـع شـهرزور)، هەریـەک لـە (کفـری، زەنگئابـاد، خانەقیـن، بنکـورە و دەککـە) سـەر بـە لیـوای بەغـداد بـوون، لـە رووی کارگێرییـەوە ناویـان لەگـەڵ یەکـە کارگێڕییـەکانی ئـەو لیواییـەدا هاتـووە (عثمانیـە، ١٢٦٦، ص٨٨).

سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩- ١٨٦١ز)، بە سەردەمی چاکسازیی (عهد التنظيمات) ناسراوە، چاکسازیی لە زۆرێک لە شوێنەکاندا بە تایبەت ئەیالەتەکانی بەغداد و شارەزوور و یەکە کارگێڕییەکانی کراوە (النجار، ١٩٩١، ص٢٢)، لە دوای ئەوەی هەیکەلی کارگێڕیی لە ساڵی (١٨٤٩ز) لە دەوڵەتی عوسمانیی دا ڕێکخراوەتەوە و قەزاکان ڕۆڵی زیاتریان پێ دراوە، لەو چوارچێوەیەدا سنوورەکە بۆ سەنجەق، قەزا، ناحیە و گوند دابەشکراوە (OSMANLI VİLAYET, ٢٠١٢, s١٥))، بە پێی بەڵگەیەکی عوسمانیی لە (١٩ی سەفەری ١٢٧٠ک/ ٢١ی تشرینی دووەمی ١٨٥٣ز)، لەبەر بایەخی پێگەی ناوچەکە و پێکەوەبەستنیان وەک ناوەندێکی گرنگ، کفری کراوەتە ناوەندی (سەنجەقی) زەنگئاباد لە ئەیالەتی شارەزوور، هەریەک لە (کفری، زەنگئاباد، قەرەتەپە و دووزخورماتوو)ی لە خۆگرتووە، بە پێی فەرمانەکە ئەندامی ئەنجوومەنی کەرکووك (نەفتچی زادە عومەر بەگ)، بە مووچە (٣٠٠٠)، قورووش بە قائیمقام و قەڵەمی کاتیبی ئەیالەت محەمەد ئەفەندی بە مووچەی (٤٥٠)، قوروش و مەحموود ئەفەندی بە مووچەی (٣٥٠)، قوروش بە کاتبی دارایی دامەزراون (BOA, i.MVL: ١٣١٨٢/٣١٤، کفری،٢٠٢٢، ل٢٢)، بەڵام گەر سەیری ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی بکەین لەو ڕووەوە جیاوازییەك بەدیکراوە، بە جۆرێک جارێکی تر لە ساڵی (١٢٧١ک/ ١٨٥٥ز) کفری و خانەقین وەک دوو قەزای سەر بە لیوای بەغداد ناویان هاتووە (عثمانيه، ١٢٧١، ص٩١).

بە پێی ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی (سالنامە دولت عليه عثمانيه) لە ساڵی (١٢٧٢ک / ١٨٥٦ز)، ناوی کفری لە ئەیالەتی بەغداد و شارەزوور وەک لیوا لەگەڵ لیواکانی تری وەک (بەغداد، خانەقین، سلێمانیی و کەرکووک) دا هاتووە، لیوای کفری لە هەریەک لە (کفری، دووزخورماتوو، قەرەتەپە و زەنگئاباد) پێکهاتووە (عثمانيه، ١٢٧٢، ص١٠٦)، لە پاش گۆڕانکاریی پلەی کارگێڕیی کفری بۆ لیوا، خەرجیی بۆ بوارە جۆربەجۆرەکان زیادیکردووە، ئەوەتا لە (٩ی زیلحیجەی ١٢٧٢ک/ ١١ی ئابی ١٨٥٦ز) دا لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان (١٨) کەس بڕی (٤١٠) قروشیان لە قەزای کفری لە ئەیالەتی شارەزوور بۆ خەرج کراوە، لەو بەڵگەنامەیدا دەرکەوتووە، کفری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە، هەر چەندە لە ساڵنامەی عوسمانیی دا ناوی ئەیالەتی بەغداد و شارەزوور پێکەوە هاتوون (کفری، ٢٠٢٢، ل٢٥)، بە پێی ساڵنامەکانی عوسمانیی، ساڵانی (١٢٧٣ک/ ١٨٥٧ز) (عثمانيه، ١٢٧٣، ص١١٢)، (١٢٧٤ک/ ١٨٥٨ز) (عثمانيه، ١٢٧٤، ص١٢٠)، (١٢٧٦ک/ ١٨٦٠ز) (عثمانيه، ١٢٧٦، ص١٥٠)، کفری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بووە و لەو چوار یەکە کارگێڕییەی سەرەوە پێکهاتووە، لە (شەعبانی ١٢٧٦ک/ ئازاری ١٨٦٠ز)دا وەک دەرکەوتووە کاروبارەکان لە لیوای کفرییدا زیادیکردووە، ئەوەیش وایکردووە ژمارەی سەربازی وەرگیراو زیاد بکات، باج و زەکاتی سەرمەڕانە لە هۆزی جاف بە ئاقچە وەربگیرێت و کارکراوە بۆ کۆتای هێنان بە ئاژاوەگێڕی هۆزی هەمەوەند لە سنوورەکەدا (کفری، ٢٠٢٢، ل٢٩).

لە ساڵی (١٢٨٠ک/ ١٨٦٣ز)، ناوی لیوای کفری بۆ (لیوای زەنگئاباد) گۆڕاوە و یەکە کارگێڕییەکان هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و (قصبة) لە پێش ناوی کفری دانراوە (عثمانيه، ١٢٨٠، ص١٨٧)، بەڵام لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیی دا لە (زیلحیجەی ١٢٧٩ک/ حوزەیرانی ١١٨٦٣ز) دا ناوی کفری وەک قەزایەکی سەر بە سەنجەقی (سنجاغی) زەنگئاباد هاتووە، لە (سەفەری ١٢٨١ک/ تەموزی ١٨٦٤ز)، قائیمقامی زەنگئاباد ناوی (محەمەد بەگی کوڕی کازم بەگ)بووە لە کفری دانیشتووە (کفری، ٢٠٢٢، ل٣٩، ٤١)، لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٣ک/ ١٨٦٦ز)، جارێکی تر گۆڕانکاری لە هەیکەلی کارگێڕیی ڕوویداوەتەوە، لیوای زەنگئاباد تەنها لە هەردوو قەزای کفری (کفری قصبەسی) و زەنگئاباد (زەنکاباد قصبەسی) لەسەر لیوای شارەزوور پێکهاتووە (عثمانيه، ١٢٨٣، ص١٧٣)، لە ساڵنامەی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٥ک

/١٨٦٧ز) دا ناوی لیوا بۆ سەنجەق (سنجاغی) گۆڕاوە، پێکهاتەی کارگێڕیی ناوچەکە بە ناوی (زەنگاباد سنجاغی) سەر بە شارەزوور بووە، ژمارەی خێزان و دانیشتوانی هەریەك لە کفری و دەورووبەری (خێزان: ١٠٥٧، دانیشتوان: ٣٢٠٣)، زەنگئاباد و دەرووبەری (خێزان: ٢٤٢٦، دانیشتوان: ٧٦٨٣)، تێکڕا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە (١٠٨٨٦) کەس بووە (سالنامە دولت، ١٢٨٥، ص١٩٠؛ الدار السلطانیة، ٢٠٢٤، الوثائق العثمانیة)، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٧ك/ ١٨٦٩ز) دا لە هەیکەلی کارگێڕیی دەوڵەتدا ناوی کفری و زەنگئاباد بەرچاو ناکەون، تەنها ناوی قەرەتەپە لە سەنجەقی شارەزوور سەر بە ولایەتی بەغداد هاتووە (عثمانیە، ١٢٨٧، ص٢٢٣).

## تەوەری یەکەم: ناوچەی کفری (سەڵاحیە) لە نێوان ساڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز)

بە پێی بەڵگەنامەکان تا پێش ساڵی (١٨٧٠ز)، ناوی کفری بۆ ناوەندی قەزاکە و لیوای زەنگئاباد بۆ ناوچەکە بەکارهاتووە، بەڵام لێرە بەدواوە ناوی قەزاکە گۆڕاوە و لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتدا کفری بەکارنەهاتووە و بووە بە (سەڵاحیە)، بە پێی بەڵگەنامەکان و ساڵنامەی عوسمانیی، لە ساڵی (١٨٧٠ز) بەدواوە، ناوی کفری بۆ سەڵاحیە (صلاحیە) گۆڕاوە، بە پێی بەڵگەنامەیەک لە (٥ی موحەڕەمی ١٢٨٧ك/ ٧ی نیسانی ١٨٧٠ز) دا ناوی سەڵاحیە هاتووە "نرخی کرێی تەلەگراف هاتۆتە خوارەوە بەم راگەیەندراوەیش نووسینی تەلەگراف زیادی کردووە لە پلانی عێراقدا ئەم هێڵەی هەیە بەش ناکات لە حاڵی حازر لە سەڵاحیە تا دیاربەکر تێلێک زیاد بکرێت" (کفری، ٢٠٢٢، ل٤٧)، لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٨٧ك/ ١٨٧٠ز) دا لە پێکهاتەی کارگێڕیی سەنجەقی شارەزووردا ناوی کفری (سەڵاحیە) بەرچاو ناکەوێت، بەڵام ناوی هەریەك لە (قەرەتەپە، داوودە)، وەك دوو یەکەی کارگێڕیی هاتوون (عثمانیە، ١٢٨٧، ص٢٢٣)، جارێکی تر لە ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانیی ساڵی (١٢٩١ك/ ١٨٧٤ز) دا ناوی سەلاحیە بۆ (کفری) بەکارهاتووەتەوە، سەنجەقی شارەزوور لە پێنج قەزا پێکهاتووە، ئەوانیش بریتیین لە (رواندز، سەڵاحیە، هەولێر، رانیە و کۆیە) (عثمانیە، ١٢٩١، ص٢٥٤)، بەڵام هەر لەو دەمەدا لەلایەن کەسانی بیانی و گەڕیدە هاتوونەتە ناوچەکە ناوی (کفری) یان بەکارهێناوە، لە ساڵی (١٨٧٣ز) دا جۆزێف سێرنیکی Josef Cernik گەڕیدەی ئەڵمانی سەردانی ناوچەکەی کردووە و هەر بە کفری ناوی بردووە (Cernik, ١٨٧٦, p.٣٧)، قائیمقامیی قەزاکە لە (زیلحیجەی ١٢٩٠ك/ کانوونی دووەمی ١٨٧٤ز) دا (عوسمان نوری ئەفەندیی) بووە، بە پێی بەڵگەنامەیەک، ناوبراو بە کەسێکی لێهاتوو و پاک ناوی هاتووە (کفری، ٢٠٢٢، ل٥٠).

ماوەی (١٥ی کانوونی دووەمی- ٢ی شوباتی ١٨٧٣ز)، گەڕیدەی ئەڵمانی جۆزێف سێرنیکی هاتووتە سنووری زەنگئاباد، قەرەتەپە و کفری، سەرەتای گەشتەکەی لە زەنگئابادەوە Der Zengabad-Dagh بە وەسفێکی جوان دەستپێکردووە، ناوچەکەی بە یەکەم زەنجیرە تەپۆڵکەی هاوتەریب لەگەڵ زنجیرە تەپۆڵکەکانی حەمرین ناو بردووە، بەڵام تەپۆڵکەکانی زەنگئاباد تا رادەیەک فۆرمێکی نەرمتریان هەیە، لە دەڤەرەکە دا رەوە بەرازی زۆری بە تایبەت لە کێڵگەی مەرەزەکاندا دیووە، چەمی نارین Der Nahrin لە کفرییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە باکوورەوە چووەتەووە زەنگئاباد، چەمەکە بۆ ئاودێری ناوچەکە گرنگبووە، لەسەر چەمەکە پردێکی بەردیینی شەش کەوانەیی دوانزە مەتر لە ئاستی ئاوەکە بەرز تر هەبووە، پاسگەیەکی (مەغفەر) سی سەربازی عوسمانیی بە ناوی پردی نەهرین (Nahrin KjÖprü) لێبووە و لێرەوە رێگاکە بۆ سلێمانی چووە، لە دووریی(٨- ٩)کم لە پردی نەهرینەوە گوندی قەرەتەپەی بینیووە (Cernik, ١٨٧٦, p.٣٩).

قەرەتەپە لە رۆژئاوای کفریدا هەڵکەوتووە، لە رۆژهەڵاتیدا لەگەڵ دۆڵی نەهرین هاوسنوورە، شوێنێکی دڵگیری داچێنراوی شووتیی، داری پرتەقاڵ و خورما بووە، دانیشتوانەکەی نزیک (٣٠٠) کەس بوون، لە نزیک کفری گوندێکی عەرەبیی (١٠٠) خانوو و سەربازگەیەکی وێرانە بەناوی ئەبو عەلی AraberDorfe Abu Ali هەبووە، ناوچەی کفری گوندی وێرانی زۆری لێبووە، لەگەڵ شوێنەواری گۆڕەکان، ئەو دەمەی جۆزێف سێرنیکی هاتووەتە ناوچەکە هیچ عەرەبێکی کۆچەریی بە تایبەت لە نزیک وێرانە گوندی ئەبوعەلی نەبینیووە، شارۆچکەی کفری die kleine Stadt Kifri نزیکەی (٥٠٠) کەس تێیدا ژیاون بەشێکیان تورکمان بوون، هەروەها خانووەکانیان لە گڵ و دار دروستکراوون، ئاسکی کفری Eski Kifri لە خوارووی شارۆچکەکەوە وەک شوێنەواریی شارێکی دێرینی گرنگ بووە، ئەو گەڕیدەیە لە بارەی مێژووەکەییەوە نووسویەتی "زانیاری ئەو تۆ نەخراوەتەڕوو، هەرچەندە باس لە سەردەمی ساسانییەکان کراوە، بەڵام ئەو دراو و پارچانەی دۆزراونەتەوە ئەوەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە"، لە ناوچەکە دا کانزاکانی وەک گۆگرد و خوێ، بە تایبەت (نەوت) لە کەناری رۆژهەڵات و لە دیوی چیاکەیدا هەبوون (Cernik, ١٨٧٦, p.٣٩ -٤١).

قەزای سەڵاحیە لە ساڵی (١٨٧٥ز) دا لە رووی پێکهاتەی کارگێڕییەوە ستافێکی تەواوی هەبووە، بریتیی بوون لە: محەمەد ئاغا- قائیمقام، جێگرەکەی- یەحیا ئەفەندی، بەڕێوەبەری دارایی- عەباس ئەفەندی، بەرپرسی خۆیەتیی- بەدری ئەفەندی، ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی کارگێڕیی (مجلس ادارة)، جگە لەوانەی سەرەوە، بریتی بوون لە (موسا بەگ، خەلیل ئاغا و ئەمین ئاغا)، ئەنجومەنی داواکاری و دادوەریی پیکهاتبوون لە هەریەك لە (عومەر بەگ، عومەر ئەفەندی و هۆجەرخمانی ئەفەندی)، بەڕێوەبەری پۆستە (صلاحیە تلغراف و بوستە)- تۆفیق ئەفەندی بووە، هەریەك لە (حەمدی بەگ و رەفیق فەیزی ئەفەندی) فەرمانبەری باج (رسومات ماموری) بوون، قەزاکە لە دوو ناحیە پێکهاتووە، ئەوانیش ناحیەکانی (داوودە- بەڕێوەبەرەکەی حاجی مەحموود ئەفەندی، قەرەتەپە- ئەمین ئەفەندی) بوون (بغداد، ١٢٩٢، ص٩٢- ٩٣).

قائیمقامی سەڵاحیە- ئیسماعیل ئەفەندی لە (موحەڕەمی ١٢٩٣ك/ شوباتی ١٨٧٦ز) دا وەك نوێنەری دەوڵەتی عوسمانیی لە لیژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوەیدا سەبارەت بە دروستبوونی کێشە لە سنوورەکەدا بەشداریکردووە، بەڵام لە کاتی بە دواداچونی کێشەکە دا ناکۆکیی لە نێوان هەردوو لایەنی عوسمانیی و ئێرانیی کەوتووەتەوە، ئەوەیش وای کردووە لە نزیك گوندی (پێواز) سەربازانی زەبتیەی قەرەقوڵخانە هێرشیان کردووەتە سەرئەسپەکانی ئێران و جارێکیتر گرفتەکان قووڵتر بوونەتەوە، ناوچەکە بە هۆکاری هاوسنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی و قاجاریی چەندین جار رووبەڕوی کێشە و پێکدادان بووەتەوە، پێ ئەچێت ئەو گرژیانە وای کردبێت کاربەدەستانی دەوڵەت لە ناوچەکە خێرا بگۆڕرێن، ئەوەتا لە (١ی شەعبانی ١٢٩٦ك/ ٢٢ی تەموزی ١٨٧٩ز)، مەجید بەگی قائیمقامی کفری لەگەڵ قائیمقامی بایزان بەناوی (عەبدولڕەحمان بەگ) گۆڕینەوەیان پێکراوە (کفری، ٢٠٢٢، ل٥١، ٥٤)، قەزاکە بەر لە ساڵی (١٨٨٠ز)، جگە لە ناوەندی قەزاکە لە هەردوو ناحیەی (داوودە- بەڕێوەبەرەکەی عەبدولجەلیل بەگ)، (قەرەتەپە- بەڕێوەبەرەکەی عەبدلجەبار بەگ) بووە، ئەوە لە کاتێکدایە قەزاکە لە چاو قەزاکانی تردا گەورەتر بووە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بە پێی سەرژمێرێك لە ساڵی (١٨٨١- ١٨٨٢) دا بریتیی بووە لە (٩٧١٦) کەس، لە رووی پێکهاتەی ئاینییەوە، تەنها (١٥٧)کەسیان مەسیحیی و ئەوانی تر موسڵمان بوون ,MUSUL ١٩٩٣, s.٣٥)؛ العباسي, ٢٠٠٥, ص٦١).

بە پێی راپۆرتێکی نهێنی لە ژێر ناوی (تێبینێکانی گەشتێك بە ناو کوردستاندا لە زستانی ١٨٨١- ١٨٨٢ NOTES OF A JOURNEY THROUGH KURDISTAN IN THE WINTER Of ١٨٨١-٨٢)، لە لایەن ئیم. جی. جێراردی سەرهەنگی ئینگلیزەوە نووسراوە، لە (کانوونی دووەمی ١٨٨٢ز) دا هاتووەتە ناوچەکە، تێیدا کاریگەرییەکانی جەنگی ساڵی (١٨٧٧- ١٨٧٨ز)ی نێوان رووسیای قەیسەریی و دەوڵەتی عوسمانیی لەسەر سنوورەکە خستووەتەڕوو، عەبدولڕەحمان عەزیز ئاغای یوزباشی، بارودۆخەکەی بە ناهەموار وەسف کردووە، ئەو دەمە تەنها (٨٠) سەربازیان هەبووە بۆ ئەوەی رێگای دەلی عەباس- کفری بە کراوەیی بهێڵینەوە و باج کۆبکەنەوە، پێش جەنگەکە هەزار کەسیان هەبوو ئەرکی پاراستنی ناوچەکەیان لە ئەستۆدا بووە، پیاوەکانی بۆ ماوەی چوار ساڵ بێ مووچە بوون، هیچ هاندەرێک بۆ ئەوەی سەربازەکان لە هێڵی ئەرکدا خۆیان بخەنە مەترسییەوە نەبووە؛ هەروەها هیچ هاندەرێک بۆ گوندنشینەکان بۆ ئەوەی داهاتی زیاتر لەوەی بۆ بوون پێویستە بەدەستبهێنن نەبووە؛ هەمەوەندەکان دەسترۆیشتوو بوون و کاریگەرییان لەسەر رێگاوبانەکانی نێوان کفری- سلێمانیی هەبووە.

بە پێی زانیارییەکانی ئەو راپۆرتەی سەرەوە لە (٥ی کانوونی دووەمی ١٨٨٢ز)، ناوی هەریەك لە (کفری، سەڵاحیە و زەنگئاباد) بۆ قەزاکە نووسراوە، لە سێ هەزار خانوو پێکهاتووە، دیوارەکانی بە شێکیان وێران بوون، بازاڕێکی گونجاوی هەبووە؛ شارێکی خۆش و تا رادەیەک پاکوخاوێنی ناوچەکە بووە، قائیمقامی قەزاکە (عەبدولعەزیز بەگ)، چەند کاروانسەرایەکی باش لە قەزاکەدا هەبوون، لە شارۆچکەکە دا پێشوازی باش لە میوانەکان کراوە، قاوەی بێ شەکر و شیریان پێشکەشکراووە، بۆ خواردنیش شۆربا، کەباب، ماسی برژاو، نۆکاو و شەربەت لە ژەمی میوانە بیانیەکاندا پیاندراوە، نانی لادێی شێوەیەکی ورد و تەنکی هەبووە ئامادەکراوە، رێبواران بە تایبەت سەربازانی تورك بۆ بە سەربردنی کاتەکانیان بە جۆرە یارییەك وەك تاوڵە خۆییان سەرگەرمکردووە و کاتەکانییان بەسەربردووە .(GERARD, ١٨٨٣, P.١٠- ١١)
تا ئارامییەکان کاریگەریان لەسەر دەڤەرەکە هەبووە، لە (١٧ی جەمادی یەکەمی ١٢٩٩ك/ ٦ی نیسانی ١٨٨٢ز) دا رسوماتی مەڕومالاتی قەزاکە دزراوە، هەرچەندە ئەحمەد ئەفەندی وەك بەرپرسی مەڕومالات لەو رووەوە لێکۆڵینەوەی دەست پێ کردووە، بەلام کاروبارەکانی دادگایکردنەکە بۆ دەرەوەی قەزاکە گوازراوەتەوە (کفری، ٢٠٢٢، ل٥٥)، تا جێگری دۆخی ناوخۆیی و گیروگرفت لەسەر سنوور وای کردووە گۆڕانکاری خێرا لە هێزی سەربازی دەوڵەتدا بکرێت، بۆ ئەوەیش لە (شوالی ١٣٠٣ك/ تەموزی ١٨٨٦ز) دا تابوری دووەمی ئالای (٤٥)ی سەڵاحیە بۆ سلێمانی گوازراوەتەوە، تابووری چوارەمی ئالای (٤٦)ی چەمچەماڵ جێگەی گرتووەتەوە (کەرکوك، ب١٢، ٢٠٢١، ل٥٨)، هەر لەچوارچێوەی ئەو بارودۆخەدا لە (حوزەیرانی ١٨٨٣)، حسێن ئاغا- بەرپرسی بلۆکی شەشەمی سوارە لە تابوری قەزاکە سەر بە زەبتیەی شارەزوور بە هۆی دەستگیرکردنی چەتەکانەوە لە پلەی پێنجەمی نیشانی مەجیدی خەڵاتکراوە (کفری، ٢٠٢٢، ل٥٧).

پەیوەست بە بارودۆخی ئەمنییەوە، ئاژاوەی نێوان هۆزەکانی سنوورەکە لە نێو خۆیاندا لە لایەکەوە، شەڕیان لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت لە لایەکی ترەوە، یەکێك بووە لەو گرفتەکانی چەند جارێك دووبارەبووتەوە، ئەوەیش بووەتە هۆی ژمارەیەك شەڕوکوشتار و قوربانیی گیانیی و ماددیی زۆری لێ کەوتووەتەوە، شەڕوشۆڕی

نێوان هۆزەکان وای کردووە دەوڵەت زۆرجار بە توندیی رووبەڕووی گرژییەکان ببێتەوە و بیر لە توندوتۆڵکردنی لایەنی ئاسایشی ناوخۆ بکاتەوە و ئەوانەیشی بەو کارانە هەستاون بە چەتە ناویان براوە، لە (٥ی ئەیلوولی ١٨٨٦) دا کاروانێك لە سەڵاحیەوە بۆ کەرکووك بە ڕێکەوتووە لە نزیك داقووق لە لایەن هەمەوەندەکانەوە پەلاماردراون، لە بەڵگەنامەیەکدا ئەو کارەی بە (چەتەگەری) ناوبردووە و لە ناوبردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە بە پێویست زانراوە، هەروەها هۆزی کۆچەری جاف لە سنووری قەزاکە دا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، هێرش و پەلامارەکانیان بە مەترسیی زانراوە و سنووردارکردنی پەلامارەکانیان بە پێویست زانراوە (کفری، ٢٠٢٢، ل٦١، ٦٤).

فرانسیس ریچارد مانسێل Francis Richard Maunsell (١٨٦١- ١٩٣٦)، شوێنەوارناس و کارمەندی هەواڵگیریی بەریتانیی، سەردانی ناوچەکەی کردووە و زانیاری نەبیستراو و دەگمەنی بۆ تۆمار کردووین، لە (٨ی ئایاری ١٨٨٨ز) دا هاتووەتە سنوورەکە، لە رێگای هاتنی بۆ کفری باسی چەند جێگا و گوندێکی کردووە، لەوانە: گوندی رەحیم وەرەقە Rahimurka گوندەکە لەلایەن هێرشبەرانی هەمەوەندەوە وێران بووە و خانووەکانی روخاون، بە کەمپێکی گەورەی کوردانی باجەلان Baghilan لە دەشتایەکدا خەریکی کاری کشتوکاڵکردن بوون تێپەڕیوون و گەیشتوونەتە کفری، شوێنێکە شەش هەزار کەسی تێدا ژیاوە، لەگەڵ (١٢٠٠) خانوو، کەوتووتە دەمی گەروویەکی بچووکی چەمی قوشە چاپان the Chechapan River لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، قەزاکە بە دیوارێکی نزم لە دۆخێکی خراپدا بووە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبووە، دەور دراوە، لە دەورووبەری شارۆچکەکە ژمارەیەك باخی دارخورما و میوە هەبووە، جگە لەوانە، دەشتەکە بە تەواوی بێ درەخت بووە، هێڵی تەلەگرافی بەغداد- مووسڵ بەوێدا تێپەڕ بووە و نووسنگەی تەلەگرافیشی لێ بووە، قەزاکە خاوەنی بازاڕێکی بجووکی داپۆشراوە بووە، توانراوە بڕی گونجاو لە پێداویستییەکان، وەکو ئارد، خورما، میوەی ووشککراوە .. هتد، بۆ خەڵکەکەی دەستەبەر بکات، خانووەکانی لە بەرد و قوڕ دروستکراون، سەقفیان تەختە بووە. لە لای باشوور ژمارەیەک خانووی دوو نهۆمی لە گەچ دروستکراوو هەبووە Maunsell, ١٨٩٠, p.٧٠) ).

کفری (سەڵاحیە)، لە (ئایاری ١٨٨٨ز) دا لە لای باکوورییەوە لە دەرەوەی شارۆچکەکە سەرایەکی بەردی تۆکمەی هەبووە، قائیمقام لەوێدا کاروبارەکانی ڕاپەڕاندووە، تەنها (٥٠٠) سەربازی ئاسایی لە دەشتەکانی باشوور لە ئەرکدا بوون، (٣٠٠) ئەسپی باشیان هەبوو، لە (١٥) دەستەی سوارە پێکهاتبوون بۆ پاسەوانییکردنی رێگاوبانەکان، هەروەها نزیکەی (٥٠) سەربازی zaptiyahs لە ئەرکدا بوون، چونکە ڕێگاکە بەردەوام تووشی هێرش و پەلاماری هێرشبەرە هەمەوەندەکان و جەردەکان بووەتەوە، دانیشتوانی کفری زۆرینەیان کوردن، بەڵام لە نێویاندا ژمارەیەکی کەم عەرەب و جوولەکەیش هەبوون، سەبارەت بە جلوبەرگی خەڵکی قەزاکە، پاڵتۆی سپی قۆڵ درێژی کوردیی (کەوا و سەڵتە)، لەگەڵ کڵاوێکی هەستیاری ئێرانیی کە شێوەی کۆن بووە "کلە نامداب Kulah namdab" و پانتۆڵێکی شین لەبەر کراوە، مەودای دووریی نێوان رێگای کرمانشا- کفری (٣١٤میل /٥٠٥کم)، بەراورد بە رێگای نێوان سلێمانیی- کۆیەی سنجەق (٣٤٦میل/ ٥٥٦کم)، جگە لەوەی ئەو رێگایە سەخترە، بەڵام بە گشتی رێگای یەکەم باشتر بووە، هەروەها رێگای بەغداد بۆ سلێمانیی لە رێگای کفری و دەروازەی سەگرمەوە، هێڵێکی نزیك بووە، بەڵام ئەو رێگایە بە زەحمەت بەکارهێنراوە بە هۆی تێپەڕبوونی بە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمەوەندەکان، چونکە هێرشیان بۆ سەر کاروانەکان کردووەMaunsell, ١٨٩٠, p.٧١) ).

لە کۆتای سەدەی نۆزدە دا پرسی ناکۆکیی نێوان هۆزەکان بە یەکێك لە پرسە گرنگەکان دانراوە دەوڵەتی عوسمانیی پێوە خەریك بووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناکۆکیی و نا ئارامییەکان عوسمانییەکان ڕێگای جۆربەجۆریان گرتووەتەبەر بە جۆرێك لە هەندێك ناکۆکییدا ئەوپەڕی هێزی خۆیان بەکارهێناوە، لە بەشێکی تریان دا چاویان نوقاندووە (کەریم، ٢٠١٢، ل٢١٧- ٢٠١٨)، دەڤەرەکە ناکۆکیی و شەڕوشۆڕی زۆری نێوان هۆزەکانی بە خۆیەوە بینیوە، بە هۆی کێشەی کوشتنەوە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوە لە نێوان هەردوو هۆزی (تاڵەبانیی و باجەڵان) وای کردووە لایەنی ئاسایش لە نێوان هەردوو قەزای سەڵاحیە و خانەقین دا لە (تشرینی دووەمی ١٨٨٨ز) دا توند بکرێتەوە و خاڵەکانی پشکنین تۆکمە بکرێن و ژمارە سوارەی سەربازیی بۆ (٢٠٠) سوارە زیاد بکرێن، لە (مایسی ١٨٩٢ز) دا لە نێو تیرەکانی (ڕۆغزایی و مکایەڵیی)ی هۆزی جاف لەگەڵ هۆزی داوودە و زەنگەنە دا ناکۆکیی دروستبووە، ناکۆکییەکان وای کردووە موتەسەریفی پێشووی کەرکووك- عەبدولوەهاب پاشا لەگەڵ ژمارەیەك فەرمانبەر بۆ کۆتایهێنان بە نا ئارامییەکان سەردانی هەریەك لە قەزای سەڵاحیە و ناحیەی کیل بکات (کفری، ٢٠٢٢، ل٦٥، ٨٩)، بارۆن ئیدوارد نۆڵدە Eduard von Nolde (١٨٤٩- ١٨٩٥)، گەڕیدەی ئەڵمانیی لە گەشتەکەیدا ئەو شەڕ و ناکۆکییەی باس کردووە "لە بەشی باکووری قەرەتەپە کێشەیەکی تایبەت پەیدا بووبوو، هەر دوو خێڵی زەنگەنە و جاف دانیشتووی ئەم دەوروبەرە لە نێو خۆیاندا بە شەڕ هاتبوون، هەوڵ و تەقەلای والی کەرکووك و نوێنەری هەردوو خێڵی بێ لایەنی هەمەوەند و داوودەیی بۆ ئاشت کردنەوەیان هیچ ئەنجامی نەبووە"؛ بە وتەی ئەو گەڕیدەییە توانیویەتی ئەو دوو هۆزە ئاشت بکاتەوە و ناکۆکییەکان بڕەوێنێتەوە (نۆڵدە، ب٢، ٢٠٠٤، ل١٨).

لە ساڵی (١٨٩٢ز) دا بارۆن ئیدوارد نۆڵدەی گەڕیدەی ئەڵمانی سەردانی ناوچەکەی کردووە، لە (٥ی ئایار) دا بەغدادی بەرەو کوردستان بە جێهێشتووە و لە (٩ی ئایار) گەیشتووەتە قەرەتەپە، زانیارییەکی گرنگی لەسەر سنوورەکە باس کردووە "ئەم ناوچەیە هیچ گومانی لێ ناکرێ کە ناوچەیەکی کوردییە"، سەرەتا لە ڕێگای حەمرینەوە هاتووەتە دەڤەرەکە، بەرزاییەکانی حەمرین کەوتوونەتە نێوان دەلی عەباس- گوندی قەرەتەپەوە، سەرباری بوونی جەدرمەی عوسمانی لە ڕێگاکەدا، بەڵام بۆ ڕێبوار و کاروانەکان سەلامەت نەبووە، بەرزاییەکانی حەمرین لە هەردوو شەڕی نێوان ساڵانی (١٨٨٦- ١٨٨٧)، نێوان ساڵانی (١٨٩٠- ١٨٩١)، دەوڵەتی عوسمانی و هۆزی هەمەوەن دا، پشت و پەنای هەمەوەندەکان بووە، زۆرجار چەکدارانی ئەو هۆزە ڕێگای بەغدا- مووسڵیان گرتووە، ئەو گەڕیدەیە وەك پیشەی هەمیشەی گەڕیدەکانی تر هەمەوەندەکانی بەچەتە و ڕێگر ناوبردووە، وای کردووە خودی دەوڵەت لەسەر کارەکانیان بێتە دەنگ، لە ساڵی (١٨٩٠) دا لە نزیك داقوق شەڕێکی سەخت بە سەرۆکایەتی جوامێر ئاغا و بە بەشداری (٢٢٠٠- ٢٤٠٠) تفەنگچی و(٢٠) هەزار چەکداری دەوڵەت ڕوویداوە و شەڕەکە بۆ ماوەی ساڵێك درێژەی کێشاوە، بەڵام شەڕەکە لە بەرژەوەندی دەوڵەت کۆتایی هاتووە و جوامێر ئاغا خۆی بە دەستەوە نەداوە و چووەتە دیوی ئێران (نۆڵدە، ب٢، ٢٠٠٤، ل٩- ١٠، ١٧).

سەبارەت بە لایەنی کارگێریی قەزای سەڵاحیە، لە ساڵی (١٣٠٧ك/ ١٨٩٠ز) دا عەبدولعەزیز ئەفەندیی- قائیمقام، ئەحمەد ئەفەندیی- جێگری بووە، نەوەت و یەك گوند سەر بە قەزاکە بوون (عثمانیە، ١٣٠٧، ص٤٧٧)، بە پێی بەڵگەنامەیەك قائیمقامی قەزاکە بە هۆی بە هەدەردانی پارەوە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، ناوبراو لەو ڕووەوە سکاڵای لە دوورخستنەوەکەی کردووە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٨٩١ز)، عەبدوڵڵا بەگ وەك قائیمقام خراوەتە

جێگەکەی، ئەحمەد ئەفەندی- جێگری، ئیسماعیل ئەفەندیی- موفتی، بەڕێوەبەری دارایی- عەبدوڵلا ئەفەندیی، نووسەری خۆیەتی- خزر ئەفەندیی، هەروەها قەزاکە ئەنجومەنێکی هەڵبژێرراوی هەبووە، دادگای بەرایی بریتی بوون لە (مستەفا ئەفەندیی- نووسەری یەکەم، عەلی ئەفەندیی- جێگر، لەگەڵ ژمارەیەك کارمەند و ئەندامی تر، لەوانە: خەلیل ئاغا، صاڵح ئەفەندیی، هەروەها ژمارەیەك پۆستی تری کارگێڕیی هەبوون، لەوانە: ساقی ئاغا- ئەوقاف، پۆستە- عیزەت ئەفەندیی، سەبارەت بە ناحیەکانی سەر بە قەزاکە تەنها ناوی ناحیەی قەرەتەپە هاتووە، حەسەن تەحسین ئەفەندیی- بەڕێوەبەر و ساڵح ئەفەندیی- نووسەری ناحیەکە بوون، جگە لەوانە لە ساڵنامەی مووسڵدا ئاماژە بە ناوی ژمارەیەك گوند و شوێن دراووە لەوانە: زەنگئاباد، محنەتاوا، بیانلو، کەشکۆڵ، سەیدەلان، کۆکز، حاجیلەر، قەرەبلاخ، تلیشان، سەرقەلا، ئاسکی کفری، کۆشکی زەنگی، وێرانەشار، قەلای شێروانە (شروانە قلعەلری) و ئیراهیم سەمین ... (موصل، ١٣٠٨، ص١٢٩- ١٣٠، ١٤٢؛ کفری، ٢٠٢٢، ل٨١).

ڤیتال کوینێتی Vital Cuinet فەرەنسایی لە ساڵی (١٨٩١ز) دا کتێبێکی بە ناوی (تورکیای ئاسیەوی: جوگرافیای کارگێڕیی) لە پاریس بە چوار بەرگ بڵاوکردووەتەوە، لە بەرگی دووەمی کتێبەکە دا باسی ویلایەتە کوردییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی خراوەتەڕوو، تێیدا باسی قەزای سەلاحیە کراوە و زانیاریی لەسەر ناوچەکە تۆمارکراووە، زانیارییەکان بەو شێوەیە دەستی پێ کردووە "قەزای سەلاحیە یان کفری ئەم قەزایە یەك ناحیە و (١٥٨) ئاوایی هەیە، سەر لەبەری دانیشتوانەکەی (١٤٠٠٠) کەسە"، هەروەها ئەوەیش خراوەتەڕوو گەورەترین شارە لە نێوان کەرکووك و بەغدا دا، شارەکە گریمانەی زۆر هەیە لەسەر شوێنێکی گرنگی کۆندا درووست کرابێت، لە چەند کیلۆمەترێك لە باشوورەوە، گردێکی خۆڵی لێیە بە ناوی تەل- چاهان Tell- Chahan، بێگومان بۆ رۆژگاری کۆن گەڕاوەتەوە، دانیشتوانەکەی بانگەشەی ئەوەیان کردووە ئەوە شارێکی کۆن بووە، لە ناوەندی قەزاکە دا (٦٥٢٨) کەس دانیشتوون، لەو ژمارەیە (٨٠) کەسیان جوو بوون و ئەوانی تر موسڵمان بوون، لە رووی کارگێڕییەوە قەزاکە تەنها ناحیەی قەرەتەپەی پێوە پەیوەست بووە، ژمارەی دانیشتوانی (٧٥٠) کەس بوون، بە پێی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە دانیشتوانی ناحیەکە هەموویان موسڵمانی شیعە بوون و بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکبوون (Cuinet, ١٨٩١, p.٨٦٤- ٨٦٥).

قەزاکە لە ساڵی (١٣١٠ك/ ١٨٩٢ز)، پێکهاتەی کارگێڕیی گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، جگە لە مستەفا ئەفەندیی لە جێگای قائیمقام ناوی هاتووە، عەبدولقادر ئەفەندییش وەك جێگری، پۆستەکانی تر وەك پێشتر ماونەتەوە، بە پێی بەڵگەیەکی عوسمانیی، جارێکی تر ناحیەی دووزخورماتوو لە (٢٩ی شەعبانی ١٣٠٩ك/ ٢٩ی ئازاری ١٨٩٢ز)، بە قەزای سەلاحیەوە بەستراوەتەوە و لە مەرکەزی لیوای کەرکووك لە سەنجەقی شارەزوور جیاکراوەتەوە، هەربۆیە لەو ساڵەدا مستەفا ئەفەندیی- بەڕێوەبەر، مەحموود ئەفەندیی- نووسەری بووە (موصل، ١٣١٠، ص١٨٦، ١٨٨)، لە ساڵی (١٨٩٢ز) دا (١٢٠) گوند سەر بە قەزاکە بوون، ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزاکە (٢٥٠٠) کەس بوون، ژمارەیەك بینا هەبوون، لەوانە بینایەکی حوکمی، دوو قوتابخانە و دوو مزگەوت، ناوچەکە بە نەوت و باج دەوڵەمەند بووە و زۆربەی گوندنشینەکان لەکورد پێکهاتوون (MUSUL, ١٩٩٣, s٣٢).

لە ساڵنامەی مووسڵی ساڵی (١٣١٢ك/ ١٨٩٤ز) دا گەڵێك زانیاری بە بایەخی مێژووی لەسەر ناوچەکە تێدایە، لە رووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە هەریەك لە کورد، تورکمان و عەرەب پێکەوەژیاون، کاربەدەستانی دەوڵەت بریتیی بوون لە: قائیمقامی قەزاکە- وەلیدەدین ئەفەندیی، عارف حیکمەت ئەفەندیی- جێگر، ئیسماعیل ئەفەندیی- موفتیی، بەڕێوەبەری دارایی- محەمەد ئەفەندیی، نووسەری خۆیەتی- خزر ئەفەندیی، وەك دەرکەتووە لەو ساڵەدا چەند

فەرمانگەیەکی گرنگی خزمەتگوزاریی لەقەزاکەدا بۆ رایکردنی ئیشوکاری هاوڵاتیان دامەزراون، لەوانە: رەگەزنامە فەرمانبەرێك (نفوس مأموری)، بە ناوی مبارك ئەفەندیی، لەگەڵ نووسەرێك بە ناوی عەلی ئەفەندیی بۆ دامەزراوە، هەروەها فەرمانگەی شارەوانی (بلدیە دائرەسی) ئیشوکارە خزمەتگوزارییەکانی راپەڕاندووە و سەرۆکەکەی- ئەمین ئەفەندیی بووە، جگە لەوەیش هەریەك لە (یوزباشی حەسەن ئاغا، ملازم ئەمین ئاغا و ملازم تۆفیق ئەفەندیی)وەك فەرمانبەری ئیشوکاری ناوخۆ (ضابطە مأموری) ناویان هاتووە، هەریەك لە عەلی بەگ- وەك بەڕێوەبەری ناحیەی دووزخورماتوو، ئەحمەد ئەفەندیی- وەك بەڕێوەبەری قەرەتەپە خزمەتیانکردووە، قەزاکە بە پیادە (٢٤) کاتژمێر لە کەرکووکەوە دوور بووە، لە رووی پێکهاتەی بینا و بازاڕەوە، لەناوەندی قەزاکە دا ژمارەی پێویست هەبوون، لەوانە: بینای حوکومیی- یەك، قشڵە- یەك، مزگەوت- دوو، قوتابخانە- دوو، تەکیە- دوو، قوتابخانەی روشدیە- یەك، قوتابخانەی سیپان- دوو، قاوەخانە- نۆ، دوکان- شەش سەدوحەفتاوپێنج، غومچی- شەش، گەرماو- دوو، ئاش- سی و پێنج، پۆستە- یەك دانە بوون، شاکەل و شێروانە وەك دوو ناوچەی سنووری لەگەڵ ئێران ناویان هاتووە (موصل، ١٣١٢، ص١٦٩- ١٧١).

لە ساڵی (١٨٩٥ز) دا سەڵاحیە قەزایەکی رێکوپێکی بنیادنراوی خاوەنی ئاووهەوایەکی پاکوخاوێن بووە، بە پێی بیرەوەرییەکانی مێژوونوسیی کورد- محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠- ١٩٤٨ز)، کاتێك لە سلێمانییەوە بە مەبەستی خوێندن بۆ بەغداد چووە بە ناوچەکە و قەزاکە دا تێپەڕیوە، لە رێگای سەنگاوەوە هاتووەتە خانی ئیبراهیم خانچی لە ناوچەی زەنگەنە، ئەو خانە نزیکەی (١٠- ١١) کاتژمێر لە سەڵاحیەوە دوور بووە، رێگاوبانی ناوچەکە تاڕادەیەك بۆ هاتوچۆ گونجاو نەبووە، بە تایبەت رێگری زۆر لە گوندەکان بە دیکراوە و زۆر تر پێداوستیەکانی وەك (شەکروچای و توتن) یان لە رێبواران وەرگرتووە، بە هۆی بوونی پاسەوان بۆ پاراستنی ئاسایشی رێگاوبانەکان هەندێکجار سەفەرەکان سەلامەتتر بوون، بە پێی بیرەوەرییەکانی ئەو مێژوونوسە لە قەزاکەدا ژمارەیەك بینا هەبوون، لەوانە: دوو حەمام، (٤- ٥) مزگەوت، بازاڕێکی گونجاو، (٤- ٥)قاوەخانە و ژمارەیەك لەخان و ئوتێل (مسافرخانە)، جگە لەوەش دەوروبەری قەزاکە باخی زۆری تێدابووە، لای سەرەوەشی گردی(باوەشاسوار) بە تەنیشتیدا چەمی (قوشەچاپان) تێپەڕیوە و رژاوەتە رووباری دیالەوە، دانیشتوانی ناوچەکەکە موسڵمان و شانبەشانی ئەوانیش ماڵی جوولەکەی تێدا بووە، خەڵکەکە بە زمانەکانی تورکیی، عەرەبیی و کوردیی دواون (زکی بك، ٢٠٠٩، ص٢٤١- ٢٤٢)، لە ساڵی (١٨٩٨ز) دا ئێدوارد فایفەری Eduard Pfeiffer ئەڵمانی لە کتێبەکەیدا (سەنجەقی سلێمانی Das Sandschak Suleimania)، قەزاکەی بە رێگای پێکەوە بەستراوی نێوان بەغداد و شارەزوور ناو بردووە، کاتێك گەشتیارەکان لە بەغدادەوە بە کفری گەیشتوون بە دوو رێگادا توانیویانە بگەنە شارەزوور، ئەویش بە رێگای ئیبراهیم خانچی- سەگرمە، ئەوی تریان لە رێگای قەرەداغەوە تا رادەیەك دوور تر لە چاو رێگاکەی تردا بووە، هەروەها قەزاکە لە رێگایەکی ترەوە بە کەناری گردۆڵکەکانی حەمرین بە درێژای چەمی نارین بۆ زانگئاباد توانراوە بە بەغدادەوە پەیوەست بێت (Pfeiffer, ١٨٩٨, p.١٩).

جۆن گۆردۆن لۆریمەر (١٨٧٠- ١٩١٤)، دیپلۆماتکار و مێژوونووسیی بەریتانیی لە ساڵی (١٩١٠ز) سەردانی ناوچەکەی کردووە، پاشتر گەشتەکەی لە کتێبێك دا بە ناونیشانی (راپۆرتی گەشتێك بۆ ناوچە عەرەبییەکانی تورکیا و کوردستان نیسان- ئایاری ١٩١٠ REPORT ON A TOUR IN TURKISH ARABIA AND (KURDISTAN APRIL-MAY ١٩١٠, چاپکراوە، لە (١٩ی نیسانی ١٩١٠)، لە زەنگئابادەوە بەرەو کفری (سەڵاحیە) چووە، لە رێگاکەدا، مەزاری

ئیبراهیم سەمینیان بینیووە، لێرەوە تا گەیشتوونەتە سەڵاحیە، بە ژمارەیەك گوندا گوزەرییان کردووە، ناو و ژمارەی ماڵەکانی تۆمارکردووە، لەوانە گوندەکانی: تەپەعەلی چل ماڵی کوردانیی زەنگەنە، گوندێکی سی ماڵی عەرەبنشین، زەرداو سەد و بیست ماڵی زەنگەنە، تلیشان چل ماڵی کوردانیی زەنگەنە، تاینا شەمە Tainashimah شەست بۆ حەفتا ماڵ بووە، رەحم مارکە Rahammarkah مەبەست گوندی رەحم وەرەقە سەد ماڵی زەنگەنەی لێ بووە (LORIMER, ١٩١٣, ٤.P).

بەپێی زانیارییەکانی ئێو ئەو راپۆرتەی سەرەوە، قائیمقامی کفری (سەڵاحیە) لەو دەمە دا محەمەد عەلی برای مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف بووە، قەزاکە لە نزیکەی (٨٠٠) خانوو پێکهاتووە؛ بازاڕێکی باشی نزیکەی (٨٠) دوکانی هەبووە، لە ناساڵح (کانی خەڵووز the Nasalah coal) هەبووە، گوندی ناساڵح چل ماڵی کوردیی جافی تێدا نیشتەجێبووە، هەروەها لەو راپۆرتەدا زانیاریی و داتای وردی لەسەر ژمارەی سوارەی هۆزەکانی سنوورەکە تێیدا خراوتەڕوو، بە شێوەیەك کوردانیی هۆزی باجەلان، تا خانەقین، (١٥٠) سوارە، کوردانیی زەنگئاباد بە (٢٧٠) سوار دانراون، (٢٠٠) کەسیان زەند بوون، کوردانیی جافی سەڵاحیە، بە گەرمیان و کوێستانەوە خەریك بوون، بە شێکیان لە دەوڵەتی عوسمانیی و بەشێکی تریان لە وڵاتی ئێراندا بوون، وتراوە جەفەکانی دەوڵەتی عوسمانیی ژمارەیان کەمتر بووە، بەڵام هێشتا خاوەنی (٣٠٠٠) پیاوی سوار بوون، ئەمە رەنگە زیادەڕەوی تێدا کرابێت، لە بنەماڵەی بابان، مەجید پاشا، خاوەن زەوی بابانزادە، هەروەها ئیسماعیل حەقی بەگ، سیاسەتمەداری ناودار بووە (LORIMER, ١٩١٣, ٤.P -٥).

ولایەتی مووسڵ لە سەرەتای سەدەی بیست دا، لە ساڵی (١٣٣٠ك/ ١٩١٢ز) دا پێکهاتەیەکی کارگێڕیی رێکوپێکی هەبووە و یەکە کارگێڕییەکان باشتر دامەزراوەتەوە، ولایەتەکە لە هەرسێ سەنجەقی (مووسڵ، سلێمانیی و کەرکووك) پێکهاتووە، سەنجەقی (لیوا) کەرکووك هەریەك لە قەزاکانی (کەرکووك، رەواندوز، کۆیە، رانیە، هەولێر و سەڵاحیە)ی لە خۆگرتووە، قەزای سەڵاحیەیش لە دوو ناحیە (قەرەتەپە، دووزخورماتوو)، لەگەڵ (١٥٦)گوند پێکهاتووە OSMANLI, ٢٠١٢, ١٦s- ١٧, ٢٥))، بەرپرسانی ناوچەکە بریتیبوون لە هەریەك لە: قائیمقام- عاسم بەگ، جێگر- شێخ ساڵح ئەفەندیی، موفتیی- محەمەد سەعید ئەفەندیی، بەڕێوەبەری دارایی- ساڵح بەگ، نووسەری خۆیەتی- خزر ئەفەندیی، قەزاکە ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی هەبووە بەشێکیان هەڵبژێردراون، هەریەك لە (محەمەد نافیع ئەفەندیی- مامۆستای یەکەمی روشدیە، محەمەد ئەفەندیی- مامۆستای دووەمی روشدیە) ناویان وەك مامۆستایانی روشدیە هاتووە وانەیان بە (١٩) قوتابی وتوەتەووە، هەریەك لە (بەهادین ئەفەندیی- مامۆستای یەکەمی سەرەتای "مكتب ابتدائی"، خەلیل ئەفەندیی- مامۆستای دووەمی سەرەتای) ناویان وەك مامۆستایانی سەرەتایی (ئیپتیدائیی) هاتووە وانەیان بە (١٤٦) قوتابی وتوەتەووە (موصل، ١٣٣٠، ص٢٦٧، ٢٦٩).

زانیاریی و داتاکان سەبارەت بە قەزاکە لە ساڵنامەی مووسڵی (١٣٣٠ك/ ١٩١٢ز) دا لە زۆر بواردا خراوەتەڕوو، لە رووی پێگەی کارگێڕیی و جوگرافیاییەوە ئەوە هاتووە: قەزای سەڵاحیە کەوتووەتە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی لیواکە و لەگەڵ سلێمانی و بەغدا هاوسنوورە، شارۆچکەی (سەڵاحیە)ی مەڵبەندی قەزاکە کەوتووەتە دووریی بیستوپێنج کاتژمێر لە ناوەندی لیوا لە دامێنی شاخی شاسوار، لە لای باشوور و رۆژئاواوە دەشتێکی فراوان بینراووە.

هاوینـان پلـەی گەرمیەکـەی کەمێـك زیـاد ئەبێـت، هـەر چەنـدە پلەکـەی دەگاتـە (٤٤) سـانتیگراد .بـەڵام هەواکـەی خۆشـە، هەروەهـا لـە رووی رێـڕەوی ئـاوی و زەویـوزارەوە، ئـەوە هاتـووە کەوتووەتـە نێـو حـەوزی رووبـاری (ئەدهـەم و دیالـە)، بـە گشـتی کەوتووەتـە سـەر زەویەکـی سـادە، بـەڵام لـە هەنـدێ شـوێندا چیـا و گـردی بجووکـی هەیـە و رێڕەوەکانـی رووباریـش زەویەکانـی قەزاکـە دابـەش ئەکەنـە سـەر ژمارەیـەك پارچـە زەویـی، هەریـەك لـە قەرەتەپـە و دووزخورماتـوو کەوتووەتـە سـەر پارچەیـەك زەوی سـەربەخۆ، تەنانـەت ئـەو زەویانەشـی راسـتەوخۆ بـە قەزاکـەوە نووسـاون وەك: بەیـات، ئاسـکی کفـری، سـەرقەڵا، شـاکەل، شـێروانە، کـمار، قەرەبوڵاقلـەر، زەنگئابـاد و میحنەتئابـاد دابەشـبوونەتە سـەر چەنـد پارچەیـەك. زۆربـەی ناوچـە ناوبـراوەکان لـە رێـگای کەناڵـی دەسـتکرد و سروشـتیی ئـاوی رووبـارەکان و هەندێکیشـیان بـە ئـاوی بیـر ئاودێـری کـراون (موصـل، ١٣٣٠، ص٢٧٠، ٢٧١).

کەرتـی کشـتوکاڵ بایەخـی زۆری لـە ساڵنامەکەدا هەبـووە، بـە گشـتی زەویەکانـی ناوچەکـە توانـای کشـتوکاڵیان هەبـووە و توانـراوە هەمـوو جـۆرە بەرهەمێـك پێبگەیەنـن، بـەڵام بـە هـۆی ئـەوەی تـا ئـەو دەمـە شـێوازی کۆنـی کشـتوکاڵ پەیڕەوکـراوە، هەروەهـا بـە ئەنـدازەی پێویسـتیش دانیشـتوانی نەبـووە، بۆیـە وەك پێویسـت سـوود لـە پیتوبەرەکەتـی سروشـتیی ناوچەکـە وەرنەگیـراوە، قەزاکـە لـە نـاوەوە و دەرەوە بـاخ و باخچەیەکـی زۆری هەبـووە، لـە ناوچەکانـی (سـەرقەڵا، قوشـە چایـان) کانـی هەڵقـوڵاون و لـە سـەرەوەی شارۆچکەکە لـە جۆگـەی کفـری بەیـەك گەیشـتون، کەناڵـە ئاویـەکان بـاخ و بێسـتانەکانیان ئاودێـری کـردووە، لـە باخەکانـدا داری بـەرداری جۆراوجـۆر هەبـوون، بـەڵام زۆربەیـان خورمـا، لیمـۆی تـرش و شـیرین، پرتەقـاڵ و لالەنگـی بـوون، ئەمـە جگـە لـە جۆرەکانـی بەروبومـی سـەوزەی زۆر بـە تـام هەبـوون، بـە گشـتی بەروبوومەکانـی قەزاکـە بریتـی بوونـە لـە: گەنـم، جـۆ، برنـج، کونجـی، هـەرزن، تووتـن، نـۆك، نیسـك، مـاش، گەنمەشـامی، پەمـوو و کەتـان، هەریـەك لـە بەروبومەکانـی (گەنـم، برنـج و پەمۆ)کـەی هـەم زۆر و هـەم کوالێتیـان بـەرز بـووە و بـە رێژەیەکـی زۆر بـۆ بەغـدا نێـردراون، بـە هـۆی ئـەوەی تریـی باخەکانـی قەرەتەپـە زۆر بـە تـام بـوون خواسـت لەسـەریان زۆر بـووە و بـەرەو بەغـدا بـراون (موصـل، ١٣٣٠، ص٢٧٠- ٢٧٣).

سـەبارەت بـە زمـان و پێکهاتـەی نەتەوەیـی ناوچەکـە و قەزاکـە نـووسراوە: "دانیشـتوانی قەزاکـە لـە عەشـیرەتەکانی عـەرەب و کـورد پێکدێـن، هەمووشـیان بـە کشـتوکاڵ و جووتیاریـەوە خەریکـن و ژمارەیـەك تورکیشـی تێدایـە، ئەندازەیـەك جوولەکەشـی لێیـە، هەرچەنـدە زمانـی ناوچەکـە تورکیـە، بـەڵام زۆربـەی خەڵکەکـە کوردیـی و عەرەبیـش ئەزانـن"، لـە رووی بازرگانیـی و پیشـەگەریی و رێگاوبانـەوە، بـە هـۆی ئـەوەی شارۆچکەکە لەسـەر رێـگای پۆسـتەی ئیسـتەنبوڵ- بەغـدا هەڵکەوتـووە، هەروەهـا رێگایەکـە بـۆ گەیشـتنی کەرکـووك و سـلێمانیی بـە بەغـدا، بازرگانییەکـەی فراوانـە، سـەبارەت بـە پیشەسـازییەکەی سـنووردار بـووە و تەنهـا ئـەو پیشـەگەرانەی تێـدا بـووە پێداویسـتیەکانی ناوچەکەیـان دابیـن کـردووە، وەك: جـۆڵا، ئاسـنگەر، دارتـاش و تەلارسـاز، بـە پشـت بەسـتن بـەوە هەندێـك لـە خەڵکەکـە بـە بازرگانیـی و کشـتوکاڵ و بەشـێکی کەمیشـی بـەپ یشـەگەرییەوە گوزەرانیـان دابیـن کـردووە، هـەر لـە ساڵنامەکە دا تیشـکخراوەتە سـەر کانزاکانیـی ناوچەکـە، بـە شـێوەیەك لـە نزیـك شـارۆچکەکە دا کانـزای خەڵـووز هەبـووە و داهاتـی ساڵانەی گەیشـتووەتە (١٠٠) هـەزار ئۆقیـە، لـە لایەنـی میرییـەوە بەڕێوەبـراوە و دەرهێـنراوە (موصـل، ١٣٣٠، ص٢٧٠- ٢٧١).

لـە رووی کارگێڕییـەوە ساڵنامەکە زانیاریـی و داتـای وردیـی تێـدا تۆمـار کـراوە، بەشـێوەیەك قـەزای سـەلاحیە لـە (١٥٦) گونـد پێکهاتـووە، (٩١) گونـدی سـەر بـە ناوەنـدی شـارۆچکەکە، (٥٣) گونـدی سـەر بـە ناحیـەی قەرەتەپـە بـوون، (١٢)

گوندی تریش سەر بە ناحیەی دوزخورماتوون، لە رووی کەرتی خانووبەرەوە، نووسراوە: بیناکان هەندێکجار بە تەواوی و هەندێکجاریش بە نیوە لە بەرد درووستکراون و هەندێك بینای قوڕیشی هەبووە. بازاڕەکەی بە تەواویی لە بەردە و پشتەکەشی بە تاق داخراوە، بیناکان بۆ هەر دوو جۆری تایبەت و حوکومەتیی (گشتیی) و خێرخوازییەکان دابەشکراون، بە پێی داتاکان لەم رووە زانیارییەکان بەو شێوەیە هاتوون، دامەزراوەی خێرخوازیی و حوکومەتیی (گشتیی) ژمارەییان (١٥)دانە بوون، بریتی بوون لە (مزگەوت- ٣، تەکیە- ٢، قوتابخانە- ٢، حەورا"کەنیسەی جوولەکە"- ١، مەکتەبی روشدی- ١، مەکتەبی سیپان- ٣، کۆشکی حکومەت- ١، قشڵە- ١، بەڕێوەبەرایەتی موڵکی میریی- ١)، هەر بە پێی زانیارییەکاتی نێو ساڵنامەکە شوێنی تایبەت و بازرگانیی و هی تریش ژمارەیان (١١٢٦) دانە بوون، بریتی بوون لە (ماڵ- ١٠٨٨، خان- ٤، قاوەخانە- ٩، دوکان- ٦٧٥، بۆیەخانە"خومچی"- ٦، حەمام- ٢، ئاش- ٣٥، باخچە- ٣٢، کێڵگە- ٢٧٥) (موصل، ١٣٣٠، ص٢٧١- ٢٧٣)، بەر لە یەکەم جەنگی جیهانیی واتا لە ساڵی (١٩١٤ز) دا پێکهاتەی کارگێڕیی قەزای سەڵاحیە وەك یەکێك لە قەزاکانی سەنجەقی کەرکووك لە لیوای مووسڵ دا بریتی بوون لە: قائیمقام- ئەمین بەگ، قازیی- ئەحمەد عزەدین ئەفەندیی، موفتیی- محەمەد سەعید ئەفەندیی، بەڕێوەبەری پۆستە- عەبدولقادر حیشمت (عثمانیە، ١٣٣٣- ١٣٣٤، ص٧٠١).

## تەوەری دووەم: ناوچەی شێروانە (کەلار) لە نێوان ساڵانی (١٨٧٠- ١٩١٤ز)

بە هۆی هێڵی بەریەککەوتنی سنوورەکە، شەڕوشۆڕی نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانیی لە لایەک و شەڕوشۆڕی نێوان هۆزەکانی ناوچەکە بە تایبەتی لە لایەکی ترەوە، ناوچەی شێروانە لە رووی نیشتەجێبوونەوە بەردەوام گۆڕانی بەسەر دا هاتووە و تووشی کاولکاریی و وێرانی بووە، هەر بۆیە بە پێی یادەوەری لۆکاڵیی خەڵکی سنوورەکە و هەندێک سەرچاوەی هاوچەرخی مێژوویی، گوندی کەلاری کۆن (ئێستا یەکێکە لە گەڕەکە دێرینەکانی قەزای کەلار)، جارێکی تر ئاوەدانکردنەوەی بۆ نێوان ساڵانی (١٨٦٥- ١٨٧٠ز) بۆ بنەماڵەی (عەباس جەلیل کولی) لە هۆزی گێژ گەڕاوەتەوە، بەڵام لە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی دەوڵەت و بیرەوەریی و سەرچاوەیی کەسانی بیانیی هاتوونەتە ناوچەکە ناوی (کەلار) بەرچاو نەکەوتووە و ناوی (شێروانە)بەکارهاتووە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراووە، ناوی (گوندی شێروانە)، لە ناوچەکەدا بە روونی لە لایەن محەمەد خورشید پاشا وەک نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی (١٨٤٨- ١٨٥٢ز) دا سەردانی ناوچەکەی کردووە، لە راپۆرتەکەی دا (رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و إيران) هاتووە (باشا، ٢٠٠٩، ص١٩٠)، هەروەها لە ساڵنامەی ولایەتی بەغداد لە ساڵی (١٨٧٥ز) دا لە باسی سەرچاوەی ئاوی و رووبارەکان دا، کاتێك باسی رووباری دیالەی کردووە بە روونی ناوی زەوییەکانی شێروانە (شیروانە اراضیلرینی) وەك ناوچەیەکی ئاوەدان و کشتوکاڵیی سەر بە سەڵاحیە بردووە (بغداد، ١٢٩٢، ص١٥١).

شێروانە وەک گوندێکی ئاوەدانی سەر بە کفری (سەڵاحیە)، لێرە بە دواوە، نەخش و رۆڵی زیاتر لەسەر رووداوەکان دەرکەوتووە، هۆزی جاف زۆر تر روویان لە ناوچەکە کردووە و هەوڵی مانەوەیان داووە بە جۆرێك بتوانن نیشتەجێ بن (کەریم، ٢٠١٢، ل١٠٣)، لە پاش نەمانی دەسەڵاتی میرنشینی بابان لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە چەندین نازناوی وەکو (پاشا و بەگ) بە سەرۆکی عەشیرەتەکان بۆ ئەوەی بە خۆیانەوە پەیوەستیان بکەن بە تایبەت بە سەرۆکەکانی هۆزی جاف بەخشراوە، لە وانەیش حەمەبەگ دەسەڵاتی بەسەر زۆرینەی هۆزەکەی دا لە ناوچەی شێروانە دا رۆیشتووە (نوار، ١٩٦٨، ص١٢١)، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دا جاف لە لایەن سێ کەسەوە

سەرۆکایەتیی کراون، ئەوانیش: محەمەد بەگی کەیخسرەو بەگ، محەمەد بەگی قادر بەگ و محەمەد بەگی ئەحمەد بەگ، محەمەد بەگی کەیخسرەو بەگ (حەمە پاشای جاف) لە هەموویان زیاتر دەسەڵاتی هەبووە (کەریم، ٢٠١٢، ل١٠٣).

لە ساڵی (١٨٧٣ز) دا لە سەردەمی ڕەوف بەگ- والی بەغداد توانراوە چەند هۆزێك نیشتەجێ بکرێن، یەك لەوانە (هۆزی جاف) بووە، بە زۆری روویان لە ناوچەکە کردووە، لە ساڵی (١٨٧٣ز) دا لە دەوڵەتی عوسمانیی ژمارەیەك کەس لە هۆزی جاف و دەستڕۆیشتی ناوچەی شێروانە پلەوپۆستیان هەبووە، لەوانە: حەمەپاشا ئەو دەمە قائیمقامی گوڵعەنبەر (هەڵەبجە) بووە، مەحمود بەگی حەمەپاشا لە پاش مردنی باوکی نازناوی (پاشا) ی وەرگرتووە، هەروەها ژمارەیەك کەسایەتی تری جاف پلەوپۆستیان پێ دراوە، وەک (بارام بەگ، قادر بەگ...) (العزاوی، ١٩٥٦، ص١٩- ٢٠)، لە (ڕەبیعی یەکەمی ١٢٩٠ك/ ئایاری ١٨٧٣ز) دا بەهۆی هەوڵدانی حەمەپاشای جاف بۆ نیشتەجێکردنی هۆزەکەی پلەکەی بوەتە میری میران و بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی ولایەت (سلێمانی، ب٨، ٢٠١٩، ل٥٣)، لە نێوان ساڵانی (١٨٦٦- ١٨٧٤ز) دا هاتووەتە کەلار لە (قەڵای شێروانە) دا دانیشتووە (جاف، ٢٠١٣، ل٨٤٧)، لە سەردەمی ئەو سەرۆکەیاندا جافەکان بە سەربەخۆی ژیاون، حەمەپاشا جگە لە کاروباری سیاسیی، لە ماڵەکەی خۆي دا لە قەڵای شێروانە میوانداری شاعیر و ئەدیبانی کردووە و کۆڕی شیعریان بەستووە و لەو مەیدانەدا کێبەرکیان کردووە (جاف، ٢٠١٠، ل١٢٩).

لە نێوان ساڵانی (١٨٧٤- ١٨٧٧ز) دا مەحمود پاشای کوڕی حەمەپاشا (١٨٤٦- ١٩٢١ز)، لە(٩کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەلار (نزیک گوندی تازەدێی ئێستا) هەوارێکی بنیاد ناوە بە هەواری کانی چەقەڵ (قەڵای پاشا) ناسراوە و بەناوبانگە، بەڵام لەساڵی (٢٠١٠ز) دا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواریی گەرمیان بە فەرمی بە (کۆشکی مەحمودپاشای جاف) ناسێنراوە، کۆشکەکە لە رووی بیناسازییەوە لە بەشێکی سەرەکی و دوو بەشی لاوەکیی پێك دێت، زیاتر لە کاروانسەرا ئەچێت بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی تێیدایە، ئەو کۆشکە چەندین بەشی لە خۆگرتووە، وەك (دیوەخان، چەند ژوورێک، پێشوازی و تەویلەخانە) (گەرمیان، ٢٠١٤، ل١١؛ کەریم، ٢٠١٤، ل٥٠- ٥٥)، بە هۆی زیادبوون و پەرەسەندی دەسەڵاتی سەرۆکەکانی جافەوە، نێوانیان لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت زۆرجار گرژیی تێکەوتووە، لە پاش گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوانی حەمەپاشای جاف لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیی، مەحمود پاشای کوڕی چەند جارێك هەوڵی داوە باوکی بۆ خاکی عوسمانیی بگەڕێنێتەوە، ئەوەیش پاش ئەوەی رووی لە ئێران کرد بوو، لە ساڵی (١٨٧٧ز) دا والی بەغداد دێتە "کانی چەقەڵ" بە مەبەستی دانووسان بۆ گەڕانەوەی حەمەپاشای جاف، مەحمود پاشا لە کۆشکە تازەکەی پێشوازی لە والی کردووە (کەریم، ٢٠١٤، ل٥٤).

حەمەپاشای جاف، شەش ساڵ لە قەڵای شێروانە دا ماوەتەوە (نەریمان، ١٩٨٩، ل٥)، هۆزی جاف لە کاتی هەوار گۆڕینی هاوین و زستانە دا، لە وەرزی زستان دا لە دەشتی شێروانە و شاکەل دا هەواریان خستووە "تا چاو بڕی کردووە ڕەشماڵی جاف بە دەوری قەڵای شێروانەدا بووە" (جاف، ٢٠١٣، ل٨٧٣)، لە ساڵی (١٨٨١ز) دا حەمەپاشای جاف گەڕاوەتەوە گەرمیان لە ناوچەی کفری دا لە کاتی ڕاوشکار دا لە دەشتی برایم سەمین بە دەستی چەند کەسێکی کەریم وەیسی لە (تیرەی شاتری) لە هۆزی جاف کوژراوە، ئەوەیش پاش ئەوەی سەرۆکەکەیان (عەزیز

شاوەیس) لە لایەن حەمەپاشاوە بەندکراوە لە زیندان گیانی لە دەست داووە و بە گومانی ئەوەی دەرمانخوارد کراوە (زەکی بەگ، ٢٠٠٥، ل٢٠٦)، پاش کوژرانی حەمە پاشا، سەید موحسن ئاغا- سەرۆکی سەیدەکانی کفری بە هاوکاری سەیدەکان، تەرمی پاشایان بردووەتە گۆڕستانی (سەید خەلیل) و بە خاک سپێردراوە (علی، ٢٠٢٢، ل١٠٢)، بە کوژرانی حەمەپاشای جاف شەڕوئاژاوە ناوچەکەی گرتووەتەوە بە تایبەت هەڵهاتنی شاترییەکان بۆ لای هەمەوەندەکان، پاش چوونی شاترییەکان، شەڕێك لە نێوان جاف و هەمەوەندییەکان لە ناوچەی گل لە نزیك قادر کەرەم روویداوە، لە ناکۆکییەکاندا عوسمانییەکان پشتیوانی جافیان لە دژی هەمەوەندییەکان کردووە، بۆ ئەو مەبەستە والی بەغدا تەقی پاشا (١٨٨٠- ١٨٨٧ز) سوپایەکی ناردووەتە ناوچەکە، بەڵام بەهۆی چوونی هەمەوەند و شاترییەکان بۆ ناوچەی زەهاو لە ئێران هێچیان پێنەکراووە (کەریم،٢٠١٢، ل٢٢٠- ٢٢١).

بە پێی راپۆرتێکی نهێنی لەژێر ناوی (تێبینێکانی گەشتێك بە ناو کوردستاندا لە زستانی ١٨٨١- ١٨٨٢ NOTES OF A JOURNEY THROUGH KURDISTAN IN THE WINTER Of ١٨٨١-٨٢)، لە لایەن ئیم. جی. جێراردی سەرهەنگی ئینگلیزەوە نووسراوە، لە (١٣ی نیسانی ١٨٨٢ز) دا هاتووەتە سنوورەکە، زانیاری سەرەنجراکێشی تێدا تۆمارکراوە بۆ یەکەمینجارە بە زمانی کوردی بڵاوئەکرێتەوە، ئەوەی تێدا نووسراووە "لەو دیوی رووباری دیالە جافی لێنیشتەجێیە، هەواڵی کوژرانی محەمەدپاشا- سەرۆک جاف، لە لایەن ئامۆزایەکی گەنجیەوە بە ناوی عەزیز بەگ، ساڵانێک لەمەوبەر باوکی کوشتبوو بڵاوکراوەتەوە«، سەرسوڕمانی هەواڵەکە لەوە دابووە شەو لە ئۆردۆکەی دا لە (١٦) شوێن چەقۆی لێدراوە و کەلوپەلەکانیان تاڵانکردووە، کوڕەکەی محەمەدپاشا لە گوڵعەنبەر هێرشی کردووەتەسەر خاکی عەزیز بەگ و (٢٥) کەسی لێکوشتوون، لەوانیش (١٥) کەس کوژراوە، هەردوولا خۆیان بۆ شەڕی زیاتر ئامادەکردووە و فیرقەی عەزیز بەگ لە چاو ئەوانی تر دا لاواز تر، بەڵام دەوڵەمە بوون .(GERARD, ١٨٨٣, P.٤٧)

فرانسیس ریچارد مانسێل، شوێنەوارناس و کارمەندی هەواڵگیری بەریتانیی، لە (٨ی ئایاری ١٨٨٨ز)، هاتووەتە سنوورەکە، ئاراستەی گشتی بەرەو باکووری رۆژئاوا، لە گوندی (مەرکەز Murkus) هوە بەرەو رووباری دیالە (سیروان) هاتوون، بە دووریی (٧٤) میل گەیشتووەنەتە ساڵحی (Salahi)، گوندێکی گەورە بووە، هەر لەسەر رێگایاندا بەرەو ئاراستەی رووباری دیالە (سیروان)، ناوی ژمارەیەك گوندی تری بردووە، لەوانە: شێخ سەعید Shaikh Said، حەمەرلا Hamrala، باگیلان Bagilan، گوندەکان بە چەند باخێکی میوە دەورە درابوون، لە نزیکەی شەش میلەوە، ژمارەیەك تاوەری (قولە) چاودێری بەرزیان بینیووە، هەروەها هەندێک گۆڕستان و شوێنەواریی گوندە وێرانبووەکانیان بینیووە، خانووی گوندەکان لە خشت دروست کرابوون، ناوچەکە بە دەست هێرشبەرانی هەمەوەند زۆر زەرەرمەند بوون، لە گوندەکان دا زۆر ماڵی وێران بوون، بۆ نموونە گوندی شێخ سەعید نیوەی وێران بووە، لە کاتی نزیکبوونەوەیان لە رووباری دیالە (سیروان)، بە کەلەك یان بەلەم پەڕیونەتەوە، زۆر بە وردی باسی پێکهاتەی کەلەکی کردووە: "کەلەك یان بەلەم چوارچێوەیەکی کەوانەی، (٧) پێ چوارگۆشە ئەبوو، بە دە پێستی مەڕ بە یەکەوە بەسترابووەوە، دوو پیاو پاڵیان پێوە ئەنا و وەك رێنیشاندەر بوون لە پشتیانەوە بەسەر ئاوەکەدا مەلەیان ئەکرد، شەپۆلی ئاوەکە خێرا و بە گوڕ بوو، لە هەر پەڕینەوەیەک دا کەڵەکەکە (٦٠٠) مەتری ئەبڕی: ئاژەڵ و ئەسپەکان خۆیان مەلەیان ئەکرد"، ئەو کەڵەکەی پێی پەڕیونەتەووە وەك باسی کردووە نە گونجاو و پێستەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەبووە (Maunsell, ١٨٩٠, p.٦٩) ).

لەو سەرچاوەیە دا زانیارییەکی گرنگ سەبارەت بە قەڵای شێروانە و حەمەپاشای جاف خراوەتەڕوو، فرانسیس ریچارد مانسێل پاش بەجێهێشتنی کەناری راست بە چوار میل بە ئاراستەی باکوور دا، بەسەر دەشتێکی رووتەندا، گەیشتوونەتە گوندی (شێخ سەعید)، لە ناوچەیەکی چاڵای بچووکی کشتوکاڵیی، کە پانییەکەی سێ بۆ چوار میل بووە، هەندێک کێڵگەی بچووکی گەنم و جۆ و پەچەی ئاژەڵی بچووکیان بینیووە، دەشتەکە بەرەو باکووری رۆژهەڵاتی گوندەکە درێژ بووەتەوە، دەشتەکە شوێنێکی دڵخوازی هەواری زستانە بۆ کوردانیی جاف بووە، کە هۆزێکی گەورەن، لە هاویندا بۆ سەر زەوییە فارسەکان کۆچیان کردووە، بە وتەی مانسێل نزیکەی دوو هەفتە پێشتر واتا لە کۆتای مانگی نیساندا ناوچەکەیان بەجێهێشتووە، پەیوەست بە قەڵای شێروانە و حەمەپاشا، نووسیویەتی " لەسەر گردێکی رووتەڵ لە کەناری چەپ بینایەکی گەورەی بەردین هەیە، شوێنی نیشتەجێبوونی زستانەی محەممەد پاشا بەرپرسی جافەکان بووە، لە وەرزی هاوین دا لە سلێمانی ئەژی، شوێنەکە تاریک دەرئەکەوێت، لە هەر گۆشەیەکدا تاوەرێکی گۆڕاوی و پەنجەرەی درێژی زۆری هەیە، محەمەدپاشا پیاوێکە کاریگەری بەر چاوی لە سلێمانیی و ئەو ناوچەیە هەیە"، بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنجە بە پێی زۆرێك لە سەرچاوەکان حەمەپاشا لەساڵی (١٨٨١ز) دا لە ژیان دا نەماوە، ئەوەی لێرەدا باسکراوە، مەحموود پاشای کوڕی بووە کە جێگای گرتووەتەوە Maunsell, ١٨٩٠, p.٦٩- ٧٠) ).

فرانسیس ریچارد مانسێل، وەك دەرکەوتووە رۆژێك لە شێخ سەعید ماوەتەوە (گوندی شێخ سەعید، پێ ئەچێت لە جێگای کەلار و شاکەل ی ئێستادا بوو بێت)، بە بەڵگەی ئەوەی هەر ئەو شوێنەوارناسە، باسی لە وەکردووە دووریی نێوان شێخ سەعید و کفری (٢٦میل/ ٤١کم) بووە، هەروەها ئەوەیشی خستووەتە ڕوو، لە باکووری رۆژهەڵاتەوە، لە ژێر زنجیرەیەک گردی نزم و رووتەندا، (٥) میل لە دوورەوە، هەندێك وێرانەی رەنگ سپییان بینووە روویان لە بنارە رووتەکە کردووە، دیالە لە ناوچەکەدا بە (ئاب سیروان Ab-i-Sirwan) یش ناسراوە، ئەو ساڵە پێشبینی وەرزێکی باشی گەنم کراوە، بەڵام جرجەکان زیانیان بە بەروبومەکان گەیاند بوو، رۆژی (٩ی ئایار) کەشوهەوای ناوچەکە نا جێگیر و رەشەبا و هەوراویی بووە، پلەی گەرما لە کاتژمێر پێنجی بەیانی (٦٥پلەی فەهرنهایت / ١٨پلەی سەدی)، بەڵام لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە دا (٨٠ پلەی فەهرنهایت /٢٧پلەی سەدی) بووە، ئەو شوێنەوارناسە، هەمان رۆژ، گوندی شێخ سەعیدییان بە ئاراستەی رۆژئاوا بە جێهێشتووە  دەستیان بە گەشتەکەیان بەسەر دەشتێکی چۆڵی درێژی (٦- ٨) میلدا کردووە، لە بەهار دا ئەو دەشتە گژوگیای باشی لێ ڕواوە، بەڵام ئەو کاتە وشک بووەتەووە Maunsell, ١٨٩٠, p.٧٠) )، بە پێی نەخشەیەکی بڵاونەکراوەی دەوڵەتی عوسمانیی لە ژێرناوی (خانقین)، لەئەرشیفخانەی عوسمانی پارێزراوە و ساڵی (١٣٣١ك/ ١٩١٣ز) ی لەسەرە، ناوی هەریەك لە گوندەکانی (مرکز، حمرالا، صلاحی، شیخ سعید، شیروان قلعەسی، شیخ سعید)هاتووە، لە هەردوو بەری ئاوی (اب شیروان)، گوندی شێخ سەعید هەبووە، لەنێوان شێخ سەعید بەرەو ئاراستەی کفری ناوی هییچ گوندێك یان ئاوەدانیەك نزیك رووباری سیروانی ئێستا نەهاتووە، هەر لە نزیك گوندی شێخ سەعیدی سەرووی قەڵای شێروانە بەرەو ئاراستەی باکوور بە کەناری رووباری سیروان دا (اب شیروان)، لەسەر نەخشەکە، ناوی چەند شوێنێك هاتووە، لەوانە: چقال خانی خرابە، جاف کرمزیر، قلعە تبە (خانقین، ١٣٣١، ژمارە: ٠٤٤٥).

پاش کوژرانی حەمەپاشا، مەحموودی کوڕی جێگەی گرتوەتەوە، بەرپرسانی عوسمانی لە بەغدادەوە هاتوونەتە ناوچەکە، لە ساڵی (١٨٩١ز) دا لە هەواری (کانی چەقەڵ) ی هەواری زستانەی بەگزادەی جاف پێشوازی لە نوێنەری والی بەغداد بە ناوی (سەید عەبدولحەمید) بە مەبەستی چوونی مەحمود پاشا بۆ ئەستەمبوڵ کردووە، بەڵام ئەو سەردانە سەری نەگرتووە، ئەوەیش بووەتە هۆی توڕەبوونی کاربەدەستانی بەغداد، بەو هۆیەوە مەحموود پاشا لە شاخی زمناکۆ لە نزیك دەربەندیخان لە کار بەدەستانی عوسمانیی بۆ ماوەی ساڵێك یاخیبووە، بە هۆی پروپاگەندە و فتوای مەلاکانی ئەو دەمەوە کار گەیشتووەتە ئەوەی هەڵگەڕانەوە لە دژی پاشا بەرپا ببێت، تەنانەت کوڕەکەی (کیخسرەو بەگ) و براکەی (وەسمان پاشا) لێی هەڵگەڕاونەتەوە (جاف، ٢٠١٤، ل٢٠- ٢١)، لە (زیلقعدەی ١٣١١ک/ مارتی ١٨٩٢ز) دا بە پێی بەڵگەیەکی عوسمانیی دەرکەوتووە نێوانی کوڕەکانی مەحموود پاشا و عوسمانی برای خراپ بووە، بۆیە کارەکانیان بە دڵسۆزی و خزمەت بۆ دەوڵەتی عوسمانیی هەژمارکراوە (سلێمانی، ب٨، ٢٠١٩، ل١٦١).

ئاوەدانی دەڤەرەکە وای کردووە گرنگی بە لایەنی جۆربەجۆری ژیان بدرێت، ئەوەتا لە شێروانە و شاکەل تەکیە هەبووە، لە لایەن شێخ محەمەد سەعید شاکەلییەوە بەڕێوە براوە، بە پێی بەڵگەنامەیەك لە (جەمادی دووەمی ١٣١٠)ك/ کانوونی یەکەمی ١٨٩٢ز)، لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف دەرچووە، ئاراستەی ئەنجومەنی کارگێڕیی ولایەتی مووسڵ کراوە جێبەجێ بکرێت، کەسێك بەناوی (شێخ محەمەد سەعید ئەفەندی) لە ساداتی بەرزنجە لە هەردوو گوندی (شاکەل وشێروانە) داوای کردووە هاوکاری مادی بکرێت لە ژێر ناوی (طعامیة: ئەو خواردنە دراوەتە هەژاران کە هاتونەتە تەکیەکە) لە تەکێکە دا مەلا و شێخی ناوچەکە سەردانیان کردووە (کفری، ٢٠٢٢، ل١٠٠). هەر پەیوەست بە بایەخی سنوورەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی، گەرمیان و کوێستانی تیرەکانی جاف لە شێروانە دا وای خواستووە لە لایەن دەوڵەتەوە چاودێری بکرێن، لەو رووەوە بە پێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانیی لە (جەمادی یەکەمی ١٣١١ك/ تشرینی یەکەمی ١٨٩٣ز) دا فەرمانێك ئاراستەی (سر عسكريه العالي) کراوە، سەبارەت بە دابینکردنی تیمێکی سەربازیی بۆ پاراستنی جافەکان لە ناوچەیەکدان بە ناوی (شێروانە)، تاوەکو گەڕاونەتەوە بۆ کوێستان و شوێنەکانی خۆیان (بەڵگەی بڵاونەکراوە، ١٣١١، ژمارە ٢٣٩٧/٣١٠).

لە ساڵنامەی مووسڵی (موصل ولايتي سالنامه)، ساڵی (١٣١٢ك/ ١٨٩٤ز) دا شێروانە و شاکەل وەك دوو ناوچەی سنووری لەگەڵ ئێران دا لەکفری (سەڵاحیە) دا ناویان هاتووە، لەگەڵیشیدا باس لە گوندەکانی سەیدخەلیل (سور خليل)، کوڵەجۆ کراوە، هاوکات باسی گەرمیان و کوێستانی هۆزی جاف خراوەتەڕوو لە شارەزوورەوە روویان لەو ناوچەیە کردووە، ئاماژە بەژمارەیەك تیرەکی جاف دراوە لەگوڵعەنبەر (هەڵەبجە) هوە روویان لە شێروانە و سەڵاحیە لە کاتی گەرمیان و کوێستاندا کردووە، لەوانە: مکایەڵی، شاتری، رۆغزایی، گەلاڵی، هاروونی، نەورۆڵی ...، لە باسی جافەکانی شێروانە و کفری دا هاتووە، هەموویان شافیعی مەزهەبن و بە شێوەزارێکی تایبەت لە زمانی کوردیی ئەپەیڤن (موصل، ١٣١٢، ص٣٢١، ٣٣٢).

جۆن گۆردۆن لۆریمەر (١٨٧٠- ١٩١٤)، دیپلۆماتکاری بەریتانی وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، سەردانی ناوچەکەی کردووە، لە (١٨ی نیسانی ١٩١٠ز)، خانەقینی بەرەو زەنگئاباد بە جێهێشتووە, بەسەر هەریەك لە گوندەکانی (کاوازیی Kawazi، علیئاوا Aliyawah سەد ماڵی کوردی تێدا بووە، محەمەد شایەر بەگ Muhammad Shair Baig,

حوسێن Husain پەنجا ماڵی کوردیی تێدا بووە، لە باکووری خۆرئاواوە مەزاری باوەمەحموود لە سەرگردێك کە دوو باغی دارخورمای بە دەوری دا هەبووە، ئەمانە سەر بە مستەفا پاشای باجەلان بوون، باوەپلاوی Bawa Palau سەد و پەنجا ماڵی تێدا بووە، شێخ حەسەن Shaikh Hasan پەنجا ماڵی عەرەبیی تێدا بووە، لە باکووری رۆژئاوا بەرەو باکوور بە نزیکی (١٠)میل گردی سوری مرواریی Marwari Hill لە نزیك دەککە Dakkah هەبووە (LORIMER, ١٩١٣, P.١).

هەر لەو گەشتە دا گوندەکانی تر بە سەرکراونەتەوە، لەوانە گوندێکی سەر بە ئیبراهیم بەگی جاف کە کوردن بە دووریی (٢- ٣)میل لە گردی مرواریی، گوندەکانی تری وەك: مەحموود رۆستەم کورد بوون، وێرانە گوندێکی سەر بە مستەفا پاشای باجەلان لەو ناوچەیە دا هەبووە، گوندی دەککە نزیکەی (٦٠)ماڵی جافی سەر بە ئیبراهیم بەگی تێدا بووە، گوندی قەرەبولاقی سەروو Upper Qarah Bülaq سی ماڵی کوردانیی تاڵەبانی سەر بە شێخ تەیبی تێدا بووە، هەروەها لە نزیکەی (٥) میلدا گوندی قەرەبولاقی گەورە لە (٥٠- ٦٠) ماڵ پێکهاتووە، لە (١٨ی نیسانی ١٩١٠)، بە هۆی کەڵەکی بچووك لە رووبارەکە پەڕیونەتەوە، پاش بڕینی یەك میل کەڵەکەکە لە شوێنێك بە ناوی کەشۆل Kashawul لەنگەری گرتووە بە ئاراستەی زەنگئاباد Zangabadرۆیشتووە، گوندی سەرەکیی زەنگئاباد لە نزیکەی (٢٠٠) ماڵی کوردانی زەنگئاباد پێکهاتووە، ژمارەیەکی کەم جولەکە لەوێ دا ژیاون، مزگەوت و باخچەیەکی شایستە لێرە هەبووە، لەو گوندە دا ئاودێریی لە دوو بەشە ئاوەوە کراوە، ناوچەکە خاوەنی بەرهەمی نایاب لە گوڵی جۆراوجۆر بووە، هەر لەو سنوورە دا ناو و ئاماری ماڵەکانی چەند گوندێکی تر تۆماکراوە، لەوانە: گوندەکانی (بان سندوق Ban Sandiq چل ماڵی کورد، شەیتاپانە Shaitapānah بیست و پێنج ماڵی کوردی زەنگاباد، گردی تەپەقران Tappah Qran بەرزییەکی سەرەنجراکێش وەك تەپۆلکەیەکی سەردەمی بابلی یان ئاشووریی بووە، تازەشان Tazashan سی ماڵی زەندیی، حاجیلەر Häjilär حەفتا ماڵی زەندیی، گوندەکە موڵکی مەجید پاشای بابان لە سەلاحیە دانیشتووە، کۆکز Kōkaz سی ماڵی زەندیی، تەپەچەرمی Tappah Charmi حەوت ماڵی زەندییان تێدا نیشتەجێ بووە، گردی شێروانە کەوتووەتە باکوور و باکووری رۆژئاوای سەلاحییەوە (LORIMER, ١٩١٣, P.٢- ٣).

پەیوەندییەکانی هۆزی جاف و سەرۆکەکانیان لە ناوچەکە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی دا بەردەوام رێك و تەبا نەبووە، بە پێی بەڵگەیەك لە (رەمەزانی ١٣٢٦ك/ تشرینی یەکەمی ١٩٠٩ز)، جافەکان هێرشیان کردووەتە سەر دام و دەستگای حوکومەت، هەر لە چوارچێوەی ئەو نا ئارامییەی ناوچەکە دا، لە ساڵی (١٩١٢ز) دا ژمارەیەك ماڵ لە تیرەکانی (هاروونیی، بەیداغیی و ساداتیی)ی هۆزی جاف هاوڵاتیی عوسمانیی بوون و پێشتر چوونەتە خاکی ئێران لە زەهاو، لە لایەن سەیدساڵح رۆژ ئەفەندی لە گوندی پێبازی سەر بە قەزای سەلاحیە نیشتەجێ بوون، داوایی گەڕانەوەی ئەو ماڵانەی کردووە (سلێمانی، ب٨، ٢٠١٩، ل٣٦٥،٣٩٧)، بەو شێوەیە دەرکەوتووە، ژیانی هاوڵاتیانی سنوورەکە لە نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانیی و ئێرانییدا لە پەژارە و نیگەرانی دا بووە، سەرباری خراپیی گوزەرانی خەڵکیی، بەڵام ناوچەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی گرنگ بووە، ئەوەتا لە ناوچەی (پێباز) باوەنوور لە ساڵانی پێش یەکەم جەنگی جیهانیی لە ساڵی (١٩١٤ز)، دوو فیرقەی سەربازیی عوسمانیی لێبووە، ئەمەیش گرنگی ناوچەکەی وەک ناوچەکی سەر سنووری دەرخستووە (دەلۆ، ٢٠١٠، ل٣٧).

# ئەنجام

پاش جێبەجێکردنی توێژینەوەکە و وردبوونەوە لە داتا و زانیاریی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان، بە تایبەت بەڵگەنامەکان، بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتین، بەشێکیان زانیاریی نوێ و سەرنجڕاکێشن، لەوانە:

کفری، لە سەرچاوە جۆربەجۆرەکان دا بە تایبەت لە بەڵگەنامە فەرمیەکانی دەوڵەتی عوسمانیی دا، لە رووی کارگێڕییەوە هەر سێ ناوی (کفری، زەنگئاباد و سەڵاحیە)ی بۆ بەکارهاتووە.

بە هۆی گرنگیی ناوچەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی، لە (٢١ی تشرینی دووەمی ١٨٥٣ز)، بە پێی بەڵگەنامەیەکی فەرمیی لە ناوچەکە دا سەنجەقێك بە ناوی (سەنجەقی زەنگئاباد) لە هەریەك لە (کفری، زەنگئاباد، قەرەتەپە و دووزخورماتوو) پێکهێنراوە، لەو مێژووە بەدواوە تا ساڵی (١٨٧٠ز) سنوورە کارگێڕییەکە بە ناوی (زەنگئاباد) هەوە بەردەوام بووە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدە دا ناوی (شێروانە)، لە سەرچاوەکان دا بەکارهاتووە، گەڕیدە و بیانییەکان هاتوونەتە ناوچەکە باسی شێروانەیان کردووە بە تایبەت لە ساڵی (١٨٢٠ز)، مستەر ریچ ناوی (گردی شێروانە)ی بردووە.

بە پێی زانیارییەکانی نێو راپۆرتێکی عوسمانیی لە نێوان ساڵانی (١٨٤٨- ١٨٥٢ز)، گوندی شێروانە ئاوەدان بووە.

خودی ناوی کفری بۆ دەسەڵاتدارانیی دەوڵەتی عوسمانیی مایەی نیگەرانی بووە، هەر بۆیە لە ساڵی (١٨٧٠ز)، بەدواوە ناوی کفری بۆ (سەڵاحیە) گۆڕاوە، بەڵام لەلایەن گەڕیدە و گەشتیارانەوە هەر ناوی (کفری) ی بەکارهاتووە.

بە پێی ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی سەڵاحیە یەکێك بووە لە پێنج قەزاکەی سەنجەقی شارەزوور، بە گرنگییەوە لە پێکهاتەی کارگێڕیی سنوورەکە روانراوە.

لەو قۆناغە مێژووییە دا لە سنووری سەڵاحیە، کێشەوگرفت لە نێو هۆزەکاندا زۆر زیادی کردووە، بە تایبەت لەنێو هەر دوو هۆزی (جاف و هەمەوەند) دا، ئەمەیش وای کردووە دەوڵەت زۆرجار لایەنگری بکات و ئاگری شەڕی لە نێوانیان دا خۆش کردووە.

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، قەزای سەڵاحیە لە (١٥٦) گوند پێکهاتووە، (٩١) گوندی سەر بە ناوەندی شارۆچکەکە، (٥٣) گوندی سەر بە ناحیەی قەرەتەپە، (١٢) گوندی سەر بەناحیەی دووزخورماتوو بوون.

بەپێی یادەوەریی لۆکاڵیی خەڵکی سنوورەکە و هەندێک سەرچاوەی هاوچەرخی مێژوویی، گوندی کەلاری کۆن، دواین ئاوەدانکردنەوەی بۆ نێوان ساڵانی (١٨٦٥- ١٨٧٠ز) بۆ بنەماڵەی عەباس جەلیل کولی گەڕاوەتەوە، بەڵام لە هییچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی دەوڵەت، ناوی (کەلار) بەرچاو نەکەوتووە و (شێروانە) بە کارهاتووە.

بە هۆی هاتنی تیرەکانی هۆزی جاف بۆ ناوچەی شێروانە وای کردووە زۆر تر سنوورەکە ئاوەدان ببێتەوە، هەرئەوەیش وای کردووە کەسایەتیەکانی هۆزەکە رۆڵیان هەبێت بە تایبەت هەریەك لە (حەمەپاشا، مەحموودپاشا) ی جاف.

کەسایەتییەکانی سنوورەکە بۆ گەڕیدە و بیانییەکان گرنگ بوون، بەرپرسێکی ئینگلیز، لە (١٣ی نیسانی ١٨٨٢ز) دا، هەواڵی کوژرانی محەمەدپاشا، لە لایەن ئامۆزایەکی گەنجیەوە بە ناوی عەزیز بەگ، بڵاوکردووەتەوە.

لە بەڵگەنامە و ساڵنامەی مووسڵ دا باسی ناوچەکەی زۆر تێدایە بە تایبەت هەریەك لە (شێروانە، شاکەل)، ناویان وەك دوو گوندی ئاوەدانی سەرسنوور هاتووە بۆ دەوڵەتی عوسمانیی گرنگ بوون.

## لیستی سەرچاوەکان :

## یەکەم// بەڵگەنامە

-بڵاونەکراووە:

-بە زمانی تورکیی عوسمانیی

(١٢٧٠)، مديرية ارشيفات رئاسة الجمهورية، ارشيفات العثمانية فى اسطنبول، الوثيقة المرقمة osmanli arsivi ,i.MVL ,١٣١٨٢/٠٠٣١٤.

(١٣١١)، مديرية ارشيفات رئاسة الجمهورية، ارشيفات العثمانية فى اسطنبول، الوثيقة المرقمة osmanli arsivi ,beo ,٢٣٩٧/٣١٠.

(١٣٣١)، مديرية ارشيفات رئاسة الجمهورية، ارشيفات العثمانية فى اسطنبول، الوثيقة المرقمة osmanli arsivi HRT. osmanli. ٠٤٤٥.

- بڵاوکراووە:

-بە زمانی کوردیی

(٢٠١٩)، سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٧٦٧- ١٩١٧، ئامادە وپێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی رەحمان، ب٨، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان: هەولێر.

(٢٠١٩)، کەرکووك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٧٠٢- ١٩١٨، ئامادە وپێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی رەحمان، ب١٢، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان: هەولێر.

(٢٠٢٢)، کفری (سەڵاحیە) لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٨٤٧- ١٩١٨، ئامادە وپێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا باجگر، و: ئاشتی رەحمان، ب١٤، بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی بەڵگەکان: هەولێر.

-بە زمانی عەرەبیی

(٢٠٢٤)، إحصاء لعدد النفوس والخانات في شهرزور(كركوك) والموصل. عام (١٨٦٧م)، الدار السلطانية ومتصفح الوثائق العثمانية.

-بە زمانی تورکیی نوێ (لاتینی)

(١٩٩٣), MUSUL – KERKÜK İLE İLGİLİ ARŞİV BELGELERİ (١٥٢٥– ١٩١٩), Hazırlayanlar: İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ, Hacı Osman YILDIRIM, T.C. BAŞBAKANLIK, DEVLET ARŞİVLERİ GENEL MÜDÜRLÜĞÜ, Osmanlı Arşivi Daire Başkanlığ: ANKARA.

(٢٠١٢), OSMANLI VİLAYET SALNAMELERİNDE MUSUL, Editörler: Cengiz EROĞLU Murat BABUÇOĞLU Orhan ÖZDİL, Ortadoğu Stratejik Araştırmalar Merkezi: ANKARA.

## دووەم// بڵاوکراوەی فەرمی حکومیی

-بە زمانی تورکیی عوسمانیی

(١٢٦٣)، سالنامە (سالنامە دولت علیە عثمانیە)، طبعخانە عاهرەدە باصلمشدر.

(١٢٦٦)، سالنامە (سالنامە دولت علیە عثمانیە)، طبعخانە عاهرەدە باصلمشدر.

(١٢٧١)، سالنامە (سالنامە دولت علیە عثمانیە)، طبعخانە عاهرەدە باصلمشدر.

(١٢٧٢)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٧٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٧٤)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٧٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٨٠)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٨٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٨٥)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٩١)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٢٩٢)، سالنامه (سالنامه ولايت بغداد)، مطبعه ولايت بغداد.
(١٣٠٧)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٠٨)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتی).
(١٣١٠)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتی).
(١٣١٢)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتی).
(١٣١٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣١٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣١٧)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣١٨)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣١٩)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢٠)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢١)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢٢)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢٣)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢٤)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢٥)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٢٦)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.
(١٣٣٠)، سالنامه (سالنامه موصل ولايتی).
(١٣٣٣- ١٣٣٤)، سالنامه (سالنامه دولت عليه عثمانيه)، طبعخانه عاهرەده باصلمشدر.

## سێیەم// نامەی ئەکادیمیی

-بە زمانی کوردیی

علی، تريفە عبدالسلام محمد (٢٠٢٢)، مێژووی هۆزی جاف لە سەردەمی محەمەد پاشای کەیخسرەو بەگی جاف (١٨٢٨ – ١٨٨١)ز، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین کراووە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ: هەولێر.

وەلی، زاگرۆس ئەحمەد (٢٠٢٢)، کوردستان لە دیدی گەڕیدە و دیبلۆماتکارە بەریتانیەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، نامەیەکە پیشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین کراووە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ: هەولێر.

-بە زمانی عەرەبیی

العباسي, مهدي صالح سعيد (٢٠٠٥), كركوك في أوخر العهد العثماني (١٨٧٦- ١٩١٤م), رسالة تقدم إلى مجلس كلية الاداب- جامعة الموصل- وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في التاريخ الحديث: الموصل.

## چوارەم// کتێب

-بە زمانی کوردیی

جاف، حەسەن (٢٠١٤)، کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف، ب١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین: بیروت.

جاف، خوسەرەو (٢٠١٣)، مێژووی هۆزی جاف، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: هەولێر.

عزیز، سهیل خورشید (٢٠١٣)، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چ١، چاپخانەی یاد: سلێمانی.

کەریم، خالد مەحمود (٢٠١٢)، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور ١٨٦٩- ١٩١٤، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران: سلێمانی.

کەریم، خالد مەحمود (٢٠١٩)، باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چ١، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.

نەریمان، مصطفی (١٩٩٤)، بیرەوەری یەکانی ژیانم، دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی: بەغدا.

نوڵدە، بارۆن ئیدوارد (٢٠٠٤)، گەشتێك بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا، و: حەمید عەزیز، ب٢، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری: هەولێر.

نەریمان، مصطفی (٢٠٠٧)، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، چ٢، چاپخانەی رۆژ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک: کەرکووک.

-بە زمانی عەرەبیی

اوغلو، نجات كوثر (٢٠١٩)، كركوك بأقلام الرحالة ١٥٣٤– ١٩٧٦، دار الحكمة: لندن.

باشا، خورشيد (٢٠٠٩)، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية وإيران، ت: مصطفى زهران، مراجعة: الصفصافى احمد قطورى، ط١، المركز القومى للترجمة: القاهره.

باقر، طه وفواد سفر (١٩٦٦)، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة الرحله السادسه بغداد– حلبجه، اصدرتها مديرية الفنون والثقافة الشعبية فى وزارة الثقافة والرشاد: بغداد.

العزاوى، عباس (١٩٥٦)، تاريخ العراق بين احتلالين، مجلد٨، شركة التجارة والطباعة المحدوده: بغداد.

الكركوكلي، الشيخ رسول (دون سنة الطبع)، دوحه الوزراء فى تاريخ وقائع بغداد الزوراء، ت: موسى كاظم نورس، دار كاتب العربى: بيروت، مكتبة النهضة: بغداد.

النجار، جميل موسى (١٩٩١)، ولاية بغداد من عهد الوالى مدحت باشا الى نهاية الحكم العثمانى ١٨٦٩– ١٩١٧م، ط١، مكتبه مدبولى: القاهره.

نوار، عبدالعزيز سليمان (١٩٦٨)، تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكمه مدحت باشا، دار الكاتب العربى للطباعة والنشر: القاهرة.

-بە زمانی فارسیی
راولینسـون، سرهـنری (۱۱۳٦۲)، سـفرنامە راولینسـون (گـذر از زهـاب بـە خوزسـتان)، ت: سـکندر امـان اللهـی بهارونـد، چ۱، انتشـارات اگاه: تهـران.
-بە زمانی تورکیی عوسمانیی
سامی، ش (۱۳۱۱)، قاموس الاعلام، دردنجی جلد، مهران مطبعەسی: استانبول.
-بە زمانی بیانی (ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی)
LORIMER, J. G (1913), REPORT ON A TOUR IN TURKISH ARABIA AND KURDISTAN APRIL-MAY 1910, PRINTED AT THE GOVERNMENT MONOTYPE PRES: SIMLA.
BUCKINGHAM, J. S. (1827), TRAVELS in MESOPOTAMA, VOL. II, HENRY COLBURN, NEW BURLINGTON STREET: LONDON.
CERNIK'S, INGENIEUR JOSEF (1876), TECHNISCHE STUDIEN-EXPEDITION DUECH DIE GEBIETE DES EUPHRAT UND TIGRIS, JÜSTÜS PERTHES: GOTHA.
Cuinet, Vital (1891), La Turquie d'Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure, Tome Deuxieme, ERNEST LEROUS: Paris.
FRASER, J. BAILLIE (1840), TRAVELS IN KOOEDISTAN, MESOPOTAMIA, VOL. L, RICHARD BENTLEY, NEW BURLINGTON STREET: LONDON.
GERAKD, M. G (1883), NOTES OF A JOURNEY THROUGH KURDISTAN. IN THE WINTER OF 1881-82, PRINTED BY THE SUPEE1NTENDENT OF GOVERNMENT PRINTING, INDIA: CALCUTTA.
Maunsell, L.F (1890), Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North-West Persia, and Luristan from April to October 1888, Volume I, PRINTED AT THE GOVERNMENT CENTRAL PRINTING OFFICE: SIMLA.
Pfeiffer, Eduard (1898), Das Sandschak Suleimania und dessen persische Nachbarlandschaften zur babylonischen und assyrischen Zeit; geographische Untersuchungen unter besonderer Berŭcksichtigung militařischer Gesichtspunkte: LEIPZIG.
Rawlinson (1839), Notes on a March from Zahab at the foot of Zagros, along the mountains to Khuzzistan and from thene through the pruince of Luristan to Kirmanshah in the year 1836, The Royal Geographical Socical Society of London Magazine, vol (9), London.
RICH, CLAUDIUS JAMES (1836), NARRATIVE of A RESIDENCE IN KOORDISTAN, Two Vol – Vol I, James Duncan Paternoster ROW: London.

## پێنجەم// گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراووە

-بە زمانی کوردیی
جاف، حەسەن (۲۰۱۰)، حەمەپاشای جاف و مەولەوی تاوەگۆزی ونامەیەکی بێ نوختە، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٦٢).

کریم، محمد علی (٢٠٢٠)، قولەکانی سنووری کەلار و دەوربەری، یادی کەلار (بڵاوکراوە)، ژمارە (٤).

کەریم، محەمەد عەلی "شوێنەوارناس" (٢٠١٤)، کۆشکی مەحمود پاشای جاف، سۆبارتۆ (گۆڤار)، ژمارە (٨).

نەریمان، مصطفی (١٩٨٩)، گردی (شیروانە) سەیری سیروان، هاوکاری (رۆژنامە)، ژمارە (١١٢٧).

-بە زمانی عەرەبیی

خیالي، لقمان (١٩٩٥)، آثار عثمانية على ضفاف نهر سيروان، اتحاد (جريدة)، العدد (١٩٥).

زکی بك،محمد أمين (٢٠٠٩)، صفحات من دفتر ذكريات العلامة محمد أمين زكى بك، ت: خليل علی مراد، ژين (مجلة)، العدد (١).

-بە زمانی تورکیی عوسمانیی

(١٢٨٠)، حوادث داخليه، تصوير افكار، عثمانلی غزنەسی، عدد (١٧٧).

## پاشکۆ

ناوی قائیمقامەکانی زەنگئاباد و کفری و سەڵاحیە (١٨٥٣-١٩١٤ز)

لە ڕێگای بەڵگەی دروست و فەرمییەوە بە تایبەت ساڵنامەکانی (سالنامە دولت. موصل، بغداد)، توانراووە ناوی ژمارەیەك قائیمقامی سەنجەقی زەنگاباد، قەزای سەڵاحیە (کفری)، لە نێوان ساڵانی (١٨٥٣- ١٩١٤ز) دا بەو شێوەیەی خوارەوە ساغ بکەینەوە:

| ز | ساڵ | ناوی قائیمقام | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | 1853 | عومەر بەگ نەفتچیی | کفری ناوەندی سەنجەقی زەنگئاباد بووە |
| | 1863 | حسێن ئەفەندیی | پاشتر کراوەتە قائیمقامی ڕەواندز |
| | 1864 | محەمەد بەگی کوڕی کازم بەگ | کفری ناوەندی سەنجەقی زەنگئاباد بووە |
| | 1874 | عوسمان نوری ئەفەندیی | قائیمقامی سەڵاحیە |
| | 1875 | محەمەد ئاغا | یەحیا ئەفەندیی جێگری بووە |
| | 1876 | ئیسماعیل ئەفەندیی | |
| | 1877 | ئەحمەد ئەفەندیی | |
| | 1879 | مەجید بەگ | |
| | 1882 | عەزیز بەگ | |
| | 1888 | عەزیز ئەفەندیی | |
| | 1892 | عومەر زادە ڕەشید ئەفەندیی | |
| | 1893 | وەلیدەدین ئەفەندیی | |
| | 1894 | وەلیدەدین ئەفەندیی | |
| | 1895 | وەلیدەدین ئەفەندیی | |
| | 1896 | وەلیدەدین ئەفەندیی | |
| | 1897 | محەمەد ئەسیری ئەفەندیی | ساڵح ئەفەندیی جێگری بووە |
| | 1898 | مەجید ئەفەندیی | قەزای سەڵاحیە لە پلە (صنف) ی دووەدا بووە |
| | 1899 | ڕوشدی ئەفەندیی | قەزای سەڵاحیە لە پلە (صنف) ی دووەدا بووە |
| | 1900 | ڕوشدی ئەفەندیی | |
| | 1901 | ڕوشدی ئەفەندیی | |
| | 1902 | ڕوشدی ئەفەندیی | |
| | 1903 | محەمەد عەلی ئەفەندیی | |
| | 1904 | ئەحمەد سائیب ئەفەندیی | ناوی وەك جێگر (نائب) هاتووە، ناوی قائیمقام نەنووسراوە |
| | 1905 | خورشید بەگ | |
| | 1906 | خورشید بەگ | |
| | 1907 | عەبدولعەزیز بەگ | |
| | 1908 | محەمەد عەلی بەگ | قەزای سەڵاحیە کراوەتە پلە (صنف)ی یەك |
| | 1909 | محەمەد عاسم ئەفەندیی | |
| | 1910 | محەمەد عەلی بەگ | برای مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف بووە |
| | 1912 | عاسم بەگ | |
| | 1914 | ئەمین بەگ | |

بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان

بەڵگەنامەی ژمارە (١)، فەرمانی پێکهێنانی سەنجەقی زەنگئاباد


İ.MVL.00314/13/82

2

بەڵگەی ژمارە (٢)، گەرمیان و کوێستانی هۆزی جاف لە شێروانە دا


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

BEO.000310.023197.001

بەڵگەنامەی ژمارە (٣)، نەخشەی خانەقین





## Abstract

Historical significance for the Garmian and Kurdistan's Kifri (Salahiya) and Kalar (Sherwana) regions is acknowledged. The region played a significant role in Ottoman relations, particularly with Iran. This study and we have done so in addition to the internal conflict, particularly among the Kurdish tribes in the region, in order to present the history of the region and discuss the developments between the years 18701914-. The research is entitled Kifri and Kalar region in the late Ottoman rule (18701914- AD), with the method of historical research (descriptive, analytical), based on a number of sources and original evidence, some of which are for the first We have discussed the history of the region and understand the important role of the research area in the events and developments There were, especially Kifri (Salahiya), an administrative and commercial center between Mosul and Baghdad. Most of the tourists who came to Kurdistan passed through the region and Kifri and their works told us about many aspects of life and civilization,


**Keywords: Ottoman Empire, Kifri (Salahiya), Zangabad, Kalar (Sherwana).**

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هەلۆیستێ نێڤدەولەتی و هەرێمی ژ جینۆسایدا رواندا یا سالا ١٩٩٤ «خواندنەكا مێژوویی و بەڵگەنامەیی»

**م.د.كاروان صالح وەیسی***

***مامۆستا، پشكا دیرۆكێ، ڤەكۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانكۆیا زاخۆ، هەرێما كوردستانێ- عێراق**

salih.waisy@uoz.edu.krd

## پۆختە:

جینۆسایدا رواندا ئێك ژ ترسناكترین جۆرێن جینۆسایدێ بوو ل ئەفریقا هاتیە روویدان، ئەڤ جینۆسایدە دهێتە نیاسین ب ئێكەمین جینۆساید، كۆ خەلكێ وەلاتەكێ ب دژی هەڤ رەگەزێن خۆ ئەنجامبدابیت و دچیتە خانەیا هۆڤانەترین كریارا چەرخێ بیستێ دا. ژبەر هندێ ئەڤێ جینۆسایدێ دماوەیەكێ كورت دا ل جیهانێ رەنگڤە دا، دهەمان دەم دا، جڤاكێ نێڤدەولەتی هندەك جۆرێن جودا یێن هەلۆیستان هەمبەری ئەڤێ جینۆسایدێ پەیرەوكرن، كۆ دەربرین ژ بەرژەوەندیێن ئەوان ل ئەو وەلاتی دكرن. لەورا بڤەر هاتیە دیتن ڤەكۆلینەك لدۆر ئەڤی بابەتێ گرنگ بهێتە نڤێسین. ئارمانجا سەرەكی یا ئەڤێ ڤەكۆلینێ دیاركرنا هووردەكارێن لپشت ئەوێ جینۆسایدێ و سیاسەتا دەولەتێن زلهێز مینا بەلژیكا، بەریتانیا، فەرەنسا و ویلایەتێن ئێكگرتیێن ئەمریكا هەمبەری ئەوێ رویدانێ ب چ رەنگ بوو.

دگەل نڤێسینا خۆ ئەڤ ڤەكۆلینە دێ هەولددەت بەرسڤا هندەك مژارێن ب رووداںێ ڤە گرێدایی بدەت مینا ئەگەرێن رووداںا جینۆسایدكرنا رواندنا چ بوون؟ سیاسەتا وەلاتێن هەرێمی و نێڤدەولەتی بەرامبەری ئەڤێ رویدانا تراژدی چەوابوو؟ ئایە هەلۆیستێ رێكخراوێن نێڤدەولەتی نەخاسمە رێكخراوا نەتەوەیێن ئێكگرتی بەرامبەری پێشهاتێن ئەوێ جینۆسایدێ چ بوون؟. ئایە ئەڤێ رووداںێ چ كاریگەری ل نەتەوەیێن رواند كرییە دا هزرێ دپێكڤە ژیانێدا بكەن؟.

**كلیلە وشەكان: رواندا، هووتی، تووتسی، ئەفریقیا، جینۆسایدا، دەستهەلات، هەلۆیستی نێڤدەولەتیی و هەرێمیی.**

Recieved: 17/9/2024
Accepted: 7/10/2024

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

وەلاتێ رواندا ئێک ژ ئەوان وەلاتێن کیشوەرێ ئەفریقیا بوو یێ ژ دەرئەنجامێ سیاسەتا داگێرکارییا ڕۆژئاڤایی لسەر سیستەمەکێ دکتاتۆری یێ تۆند دەستهەلاتا ئەوێ حوکم ل خەلکێ ئەوی وەلاتی دکر. ژئەنجامێ ئەوێ دکتاتۆریێ زۆلمەکا زۆر ل رەگەزێن ئەوی وەلاتی دهاتە کرن و بەردەوام شەروپێکددانا دناڤبەرا ئەوان بەرپاڵدبوون، ئایدۆلۆژییا سیاسیی و شێوازێ تێگەهشتنا سیستەمێ سیاسیی یێ برێڤەبرنێ بۆشاییەك ستویر و بەرفرهە دناڤبەرا رەگەزێن ڕۆاندی دا پەیداکربوو، دەرئەنجامێن ئەوێ گەهشتبوون وی ڕادەیی کۆ تالاتییەك تاڵ و کەربگرتی ب سەر وەلاتیدا بهێت و ئێدی ڤەدیتنا رێکان ژبۆ چارەسەرکرنا هەڤرکیێن سیاسیی دناڤ سیاسەتمەدارێن ئەوێ دا بەرزەببوون و هەمی هزر ببوون بناغە و شەنگستێن تۆلڤەکرنێ برێکا کوشتن و قرکرنێ.

ژبەر ئەڤا لسەری ئاماژە پێهاتیە دان، ل ساڵا ١٩٩٤ێ، رواندا تووشی کارەساتەکا تراژدی یا ناڤخویی بوو، ئەڤ کارەساتا چەرگهەژێن دهێتە هژمارتن ب ئێك ژ هۆڤانەترین  کریارێن جینۆسایدێ یێن چەرخێ بیستێ. سەرەڕای هندێ رێژهیا زۆرا کوشتیان، کوشتنا تووتسیان ژلایێ هووتوویان ڤە بوو، کۆ برێکا چەکێن سڤك وەك ساتۆر کۆ جۆرەکێ چەقۆکێ یێ پەحن و گرانە بۆ برینا قامیشێ شەکرێ و دەوەنی دهێنە بکارهینان و هەورەسا چەکێ سڤك ژی تێدا هاتیە بکارهینان. بەلێ دبیت ڕەهەندیێن ئەڤێ کارەساتێ  ب «سڤکترین و بلەزترین»، جۆرێ جینۆسایدێن دیرۆکی بیت. هەژی یە بێژین دماوەیێ دوو سەد رۆژان دا، نێزیکی ملیۆنەك مرۆڤان بهوڤانەترین شێواز  هاتبوون کوشتن.

بێگومان بوویەرێن ئەڤێ کریارا قرکرنێ ژ چەڤێن گرنگێن لاپەرێن دیرۆکا هەڤچەرخا جیهانێ و کێشوەرێ ئەفریقیا نن. ژبەرکۆ دبیت ئەڤ ئێکەمین ددیاردەبیت، کۆ خەلکێ مەدەینی یێن دناڤ ئێك وەلات دا دژیان، ئێک کەلتوور و زمان هەی رابن ب ئەنجامدانا ترسناکترین شێوازێ کوشتنێ بۆ رەگەزێ خو بخوو. یا زانایە، چەندین فاکتەرێن، سیاسیی ل پشت ئەڤێ کریارا هۆڤانە بن، هەروەسا ل ئەوی دەمیدا، هندەك ژ دەولەتێن زلهێز ب ئاشکەرایی چەك پێشکێشی هووتیان، واتە رژێما دەستهەلاتدار دکر ب دژی تووتسیان، هەتا گەهشتبوو ئەوی رادەیی کۆ دەولەتێن ئەوروپی نەدهێلا تووتسی بچن دناڤ ئاخا ئەواندا. دهەمان دەمدا، بزاڤکرینە وێنێ ڕاسەقینە یێن بوویەرێن ئەڤێ کارەساتێ بۆ رایا گشتی یا جیهانێ نەڤەگوهێزن.

ئەڤجا لدۆیڤ دەرئەنجامێن ئەڤان پێزانێن ل سەری ئاماژە پێهاتیەدان، بفەر هاتیە زانین، ڤەکۆلینەك ل دۆر ئەڤی بابەتێ دیرۆکی یا پری روویدانێن تراژدی بهێتە تەرخانکرن، هەڵبەت ئارمانجا سەرەکی یا ڤەکۆلینێ شرۆڤەکرنا هەلۆیست و سیاسەتێن جڤاکێ نێڤدەولەتی و هەرێمی یە ژ ئەڤێ کریارا هۆڤانە، ژبەرکۆ ئەوی دەمیدا، چەندین دەولەتێن هەرێمیی و زلهێزێن نێڤدەولەتیی دگەل رێکخراوێن نێڤدەولەتیی ڕۆڵ دبوویەر و پێشهاتێن سیاسیی و لەشکەری دکریارێن ئەڤێ کارەساتێدا هەبوون.

دهەمان دەمدا، هەر دەولەت و رێکخراوەکێ لدۆیڤ پرەنسیپێن سیاسەتا خۆ یا دەرڤە و پەرژەوەندیێن خۆ یێن تایبەت ل ناڤەراستا ئەفریقیا سەرەدەری دگەل پێشهاتێن وەلاتێ رواندا دکرن. ژبەرهندێ ب فەر هاتیە دیتن، کۆ ڤەکۆلینەك زانستی لدۆر ئەڤی بابەتی بهێتە ئەنجامدان، ژبەرکۆ یا زانایە پێزانین ل سەر کێشوەرێ ئەفریقیا ب گشتی و جینۆسایدا رواندا ب تایبەتی زۆر دکێمن.

ئەڤ ڤەکولینە ژ پێشەکییەکێ، دەرازینك و پێنج تەوەران پێك دهێت، پێشەکییا ڤەکۆلینێ شرۆڤەکرنەك کورت ددەت سەر وەلاتێ رواندا، هەروەسا باسێ گرنگی، ئاریشە، ئارمانج، رێباز و ژێدەرێن دڤەکۆلینێ دا هاتینە بکارهینان دکەت. د دەرازینکا خۆ دا، ئەڤ ڤەکۆلینە ئاماژێ دیاربوونا رهێن ڤێ جینۆسایدێ لدەڤ وەلاتێن زلهێز و فاکتەرێن

ل پشت ئەڤێ جینۆسایدێ دکەت. تەوەرێ ئێکێ یێ ڤەکۆلینێ روونکرنا ددەت سەر هەلۆیستێ وەلاتێ فەرەنسا لدۆر جینۆسایدا رواندا. تەوەرێ دووێ یێ ڤەکوڵینێ بەحسێ هەلۆیستێ وەلاتێ بەلژیکا هەمبەری ئەڤێ کریارا هۆڤانە دکەت، بەلژیکا یا بۆ ماوەیەکێ زۆر درێژ دەستهەلاتا ل ئەوی وەلاتی کربوو. د تەوەرێ خۆ یێ سییێ دا، ئەڤ ڤەکوڵینە بزاڤێ دکەت شرۆڤەکرنا ب ددەت سەر هەلۆیستێ ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا هەمبەری جینۆسایدا رواندا. تەوەرێ چوارێ، باسێ هەلۆیستێ بەریتانیا ژ کریارا قرکرنێ ل ئەوی وەلاتی دکەت. تەوەرێ پێنچێ یێ ڤەکۆلینێ ب هویری شرۆڤەکرنا ددەت سەر هەلۆیستێ رێکخراوا نەتەوەیێن ئێکگرتی هەمبەری ڤێ جینۆسایدێ. د تەوەرێ خۆ یێ شەشێ دا، ئەڤ ڤەکوڵینە بزاڤێ دکەت ب کویری و هووشیاری بەرێخۆ بدەت هەلۆیستێ وەلاتێن ئەفریقی بەرامبەری ئەڤێ جینۆسایدێ. دوماهیا ڤەکوڵینێ ئاماژێ ب ئەوان دەرئەنجامان ددەت یێن ڤەکۆلین گەهشتییێ.

دراستیدا، هەر بابەتەکێ ڤەکۆلین ل سەر بهێتە ئەنجامدان، بێ کێماسی نابیت، ئەڤجا ئاریشەیا کەفتیە رێکا ئەنجامدانا ڤەکۆلینێدا وەرگێران ژێدەران بوون. ژبەرکو ئەڤ بابەتە دگەل روویدانێن دی یێن جینۆسایدێ هاتیە نڤیسین و تێگەل کرن، ژبەر هندێ پێزانین لدۆر سنۆرداری کر بوون. هەرچەوابیت، مفا ژ کومەکا ژێدەرێن ب زمانێ ئنگلیزی هاتیە وەرگرتن.بۆ وێنە، بەلگەنامەیێن وەزارەتا دەرڤەیا ئەمریکا(Department of State) و ئەرشیڤێ ئاسایشا نەتەوەیی یێ ئەمریکا (The National Security Archives- NAS). دیسان راپۆرتا چاڤدێرییا مافێن مرۆڤی (Leave none to tell the story": genocide in Rwanda)، دئەڤێ راپۆرتێدا، بوویەرێن گرێدایی ب بوویەر و پێشهاتێن جینۆسایدا روانە هاتینە شرۆڤەکرن، دراستیدا، ئەڤ راپۆرتە بکویری و هویری دۆیڤچوونێ ل سەر بوویەرێن ڤێ کریارێ کری یە و هەروەسا هەلۆیستێ هەرێمی و نێڤدەولەتی هەمبەری جینۆسایدا رواندا داینە خۆیاکرن.

هەروەسا مفایەکێ باش ژ پەرتووکا چەرخێ جینۆسایدێ: خواندنەکا رەخنەیی و تۆمارا دیدەڤانێن (A century of genocide: critical essays and eyewitness accounts)، هاتیە وەرگرتن، کۆ کومەکا نڤیسەرێن بیانی نێڤسایە و د پشکەکا خۆدا، ئاماژە ب رووبدانێن کارەستا رواندا کری یە و تێدا شرۆڤەکرن داینە سەر هۆکارێن ل پشت رووبدانا ئەڤێ بوویەرێ، دهەمان دەمدا، هەلۆیست و سیاسەتێن دەولەتێن هەرێمی و نێڤدەولەتی هەمبەری ئەڤێ بوویەرێ داینە دیارکرن. هەروەسا باسێ ئەوان پێنگاڤان کرییە، یێن کۆ ژلایێ دەولەتاڤە هاتینە ئەنجامدان ژبۆ راوەستاندنا ئەڤێ کریارا ب دژی مرۆڤایەتێ.

هەروەسا پەرتووکا ئادەم جوونس، (Genocide: A comprehensive introduction) دبەشەکێ پەرتووکا خۆدا، ناڤبری ئاماژە ب بوویەرێن بەری رووادنا ئەڤێ کریارێ داینە و چەوا دەولەتێن هەرێمی سەرەدەری دگەل کرییە، ئەڤ ژێدەرە بەحسێ بوویەر و رووبدانێن پشتی ئەڤێ کریارێ دکەت، هەروەسا زۆر بابەتێن گرنگ لدۆر هەلۆیست و سیاسەتا جڤاکێ نێڤدەولەتی لدۆر کوشتنا تووتسیان داینە دیارکرن. هەروەسا ژبۆ دەولەمەندکرنا ڤەکۆلینێ هندەک راپۆرتێن گرنگ یێن گرێدایی بڤی بابەتی هاتینە بکارهینان.

هەلبەت ژبۆ ئەنجامدانا ئەڤێ ڤەکۆلینێ رێبازەکا شرۆڤەکرنێ پێدڤیتن، ژبەر هندێ رێبازا ڤەکۆلینا «چوونیەتی ، پێداچوون و دۆیڤچوونا» بوویەرێن دیرۆکی بۆ ئەڤێ ڤەکۆلینێ هاتیە بکارهینان. چونکی ئەڤ رێبازە دێ هەمەرەنگیا بووچوون و تێگەهێن هەلۆیست و سیاسەتا نێڤدەولەتی و هەرێمی لدۆر جینۆسایدا تووتسیان ژلایێ هوووتوویانڤە ل دەڤەرێ دیارکەتن، ژبەرکو ئەڤ رێبازە ب کویری و ب هویری بەرێخۆددەتن هەمی لایەنێن گرێدایی ب سەردەمێ جینۆسایدا رواندا ڤە و چەوانیا دەربرینا هەلۆیستێ سیاسەتمەدار، نوێنەر، بالیۆزخانە و ئارمانجێن ئەوان دێ ب ئاشکەرایی ددەت دیارکرن.

## ٢. کورتییەکا دیرۆکی لدۆر رواندا و جینۆسایدا ئەویٚ

رواندا دکەفیتە رۆژهەلاتێ کیشوەریٚ ئەفریقیا و رووبەریٚ ئەویٚ (٢٥٠٠٠) کێلومەترێن چوار گوشە یە، هەڤسنۆرە دگەل ئوگەندا(Uganda)، کۆمارا کونگۆیا دیموکرات (The Democratic Republic of Congo )، تانزانیا(Tanzania) و جیٚمکا وەلاتێ رواندا بۆروندی(Burundi) یە، کۆ خاسلەت و کێشەیٚن وەك یێن رواندا هەنە. رواندا وەلاتەکێ شاخاوی یە چوو دەروازێن ئاڤێ لێ نینن و ب نێزیکی (٢٠٠٠) کێلۆمەتران ژ بەندەرێن مۆمباسا (کینیاKenya ) و دار ئەلسەلام (تەنزانیا) دیرە. (Yanagizawa-Drott,٢٠١٤,١٠)

رواندا، ئێك ژ هەژارترین وەلاتێن جیهانێ یە و چوو ژێدەرێن سرۆشتی لێ نینن، پتریا ئاکنجیێن ویٚ ٩٥٪ ل گوند و باژێران دژین، ژبۆ بدەستڤەئینانا پێدڤیێن ژیارا خۆ پشت ب کارێن چاندنێ دبەستن(Uvin, ٢٠٠١,٧٨). هەروەسا بەرهەمێن ئەوان ژبۆ ناڤخویی مۆز و پتاتێن شرینن و گرنگترین بەرهەمێن ئەوان بۆ دەرڤە چا و قەوهەنە. ل سالا ١٩٩٤یٚ، ژمارا ئاکنجیێن ئەویٚ دگەهشتە نێزیکی(٧,٢) ملیۆن کەسان، کۆ ب ئێك ژ قەرەبالغترین وەلاتێن ئەفریقیا دهێتە نیاسین. لدۆیڤ ئامارا سالا ١٩٩٤یٚ، ئاکنجیێن رواندا ب سەر سێ ئەتیکێن جێواز دابەش دبوون، کۆ هووتوو ٨٥٪، تووتسی ١٤٪ و توا ١٪ بوو(Batware,١٠,٢٠١٢; Caicedo,١١٣,٢٠١٠). هەژییە بێژین توا ئێکەمین گرۆپێ مرۆڤان بۆ ل رواندا ئاکنجی بووی، پشتی ئەوان هووتسی و پاشی تووتسی دهێن(African Biographics, ٥ April, ٢٠٢٤).

پشتی دابەشکرنا ئەفریقیا دناڤبەرا وەلاتێن رۆژئاڤیدا دناڤبەرا سالێن ١٨٩٥-١٩١٨ رواندا پارچەک بۆ ژ ئەلمانیا و پشتی شکەستنا ئەڵمانیا دشەریٚ ئێکێ یێ جیهانێدا (١٩١٤-١٩١٨) رواندا بۆ پارچەک ژ داگێرکارییا بەلژیکا، لسەردەمێ دەستهەڵاتا بەلژیکیدا جوداهی دناڤبەرا تووتسی و هووتیان دا پتر دیار بوو. دەستهەلاتدارییا بەلژیکی پشتەڤانییان تووتسیان ژلایێ سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتیڤە دکر، ل سالا ١٩٣٠ بەلژیکا فەرمانا دروستکرنا ناسنامەیان بۆ گرۆپێن رواندا دا و لسەر ناسنامەیێن ئەوان رەگەزێ ئەوان دیاردکرن کا تووتسینە، هووتینە یان توانە. ل سالا ١٩٥٧ سەرکردێ هووتیان (گریگۆر کایباندا Gregoire Kayibanda) رابۆ ب دروستکرنا (پارتا بزاڤا رزگاریخوازا هوتوویی Hutu Emancipation Movement Party)، ئارمانجا ئەویٚ دژایەتیکرنا دەستهەلاتا تووتسیان بوو و دا دیارکرن تووتسیان دڤێت دەستهەڵاتا خۆ لسەر هووتیان ب سەپینن(African Biographics, ٥ April, ٢٠٢٤). هەژییە ئاماژە بهندێ بهێتە دان هووتووی رێژەییا ٨٥٪ یا ئاکنجییێن رواندا پێکدهینن و ل سالا ١٩٥٩ هووتوویییان پاشایەتیا تووتسیان ژناڤبر و دەستهەڵات ل رواندا کر، ب ئەڤێ چەندێ چەندێ ب سەدان هزار تووتسی هاتنە کوشتن و ب هزاران تووتسی ئاوارەیی وەلاتێن جیران ب تایبەتی بۆروندی و ئوگەندا بوون (CIA, ٢٢ September, ١٩٧٢; B.B.C, ٤ April, ٢٠١٩). چونکی تووتسیان چ پۆستێن حکومی و لەشکەری وەرنەگرت و هاتنە پشت گوههاڤێتن، سەرەرای هندێ هەتا ئەوی دەمی ئەمریکا وەسا هزردکر دبیاڤێ سیاسیدا رواندا ئێک ژ ئارامترین وەلاتێن ئەفریقیا بوو (CIA, ١٤ November, ١٩٨٦). ئەڤە لدەمەکێدا بوو هۆزێن تووتسی ئەوێن ژ رواندا ئاوارەبووین بەردەوام بزاڤدکرن ب چن دناڤ رواندا و ب ئەڤێ چەندێ حکوومەتا رواندا هەست ب مەترسیێ دکر و حکومەتا رواندا حکومەتا بورۆندی ب ئەڤێ چەندێ تۆمەتبار دکر(CIA, ١٤ February, ١٩٦٤).

ب ئەڤی رەنگی هەڤرکی دناڤبەرا خەلکێ ئەوی وەلاتیدا پتر پەیدابوو و ب ئەڤی شێوەیی دیار دبیت رهێن جینۆسایدێ ل رواندا دزڤرن بۆ سەردەمێ داگیرکاریا رۆژئاڤایی ل ئەوی وەلاتی، چونکی ئەوان ل ئەوی دەمیدا دەست ب سیاسەتا دابەشکرنێ دناڤبەرا گرۆپێن نەتەوەیی ل ئەوی وەلاتی کربوو، لدەمێ ل چەرخێ بیستێ (کەش و هەوایێ گوهۆرینا

رواندا) هاتیە پێش و ئەوێ دابەشکرنا دناڤ گرۆپێن نەتەوەی ل رواندا دەست ب گوهۆڕینا کر و بەرەڤ تۆندوتیژییێ چوو و ل دووماهیێ ل سالا ١٩٩٠ کاودانێن رواندا تێکچوون(African Biographics, April ٥, ٢٠٢٤).

دناڤبەرا سالێن ١٩٩٠ تا ١٩٩٤ێ، دهاتە نیاسین ب قۆناغا دیموکراسیکرن و ئازادکرنا وەلاتێ رواندا، دبیت ستوین و فاکتەرێن سەرەکی یێن ئەڤێ چەندێ رەوشەنبیریێن ناڤخوەیی و هاریکارییا چەندین رێکخراوێن نێڤدەولەتی بیت، وەك هێمایەك بۆ گوهورینێن دئەوێ قۆناغا نۆی دا، ل ئەوی دەمیدا، پارتا دەستهەلاتدار ناڤێ خوو ژ بزاڤا شۆرەشگێری یا نەتەوەیی ژبۆ پێشڤەچوونێ (The National Revolutioary Movement for Development- MRND) بۆ بزاڤا نەتەوەیی یا کۆماری بۆ دیموکراسیکرن و پێشڤەچوونێ (The National Republican Movement for Demoracy Development- MRND-D) گوهوریبوو(Batware,٢٠١٢,١٠; Yanagizawa-Drott,١٠,٢٠١٤).

ل تیرمەها سالا ١٩٩٠، سەرۆکێ رواندا (جۆڤینال هابیاریمانا١٩٧٣-١٩٩٤ juvénal habyarimana)، کومسیۆنەکا نەتەوەیی ژبۆ ئەنجامدانا جاکسازییان ڕاسپاردبوو. ئێك ژ گوهورینێن ئەڤێ کومسیۆنێ گوهورینا سیستەمێ سیاسیی ژ تاك حزبیا دکتاتۆری بۆ سیستەمەکێ فرە حزبی بوو. ژبەر هندێ ل سالا ١٩٩١، دورستکرنا پارتێن سیاسیی پارتێن ئوپۆزسیۆن بخۆڤە دیتبوون، کۆ دڤیا ل ئەوی دەمی و پێدا رۆلەکێ سەرەکی د سیاسەتێن رواندا دا بگێرن(Adelman, & Suhrke,٣٠,١٩٩٩).

بزاڤا کۆماری یا دیموکراسی (The Republican Democratic Movement-MDR) میراتگێرا (MRND-D) یا دەستهەلاتدار کۆ پارتا پارمیهوو توی یێ کۆمارا ئێکێ بوو، سەرۆکێ ئەڤێ پارتێ (فۆستین تواگیرا مونگو Faustin Vagraph Mungo)بوو، ئەندامێن ئەوێ ژ هووتوێن باشۆری بوون، کۆ ب شێوەیەکێ سەرەکی ژ دەڤەرێن بۆتارێ (Botare) و گیتاراما(Guitarama) هاتبوون(Davenport & Stam,١٣,٢٠٠٩).ئارمانجا سەرەکی یا ئەڤێ پارتێ دیموکراسیکرنا سیستەمێ سیاسیی یێ رواندا بوو، ب مەرجەکێ چوو پێنگاڤ نەهێنە هاڤێتن بۆ گڤاشتنکرنا سەر جەستێ دەستهەلاتا ڕهوایی یا هووتوییان ل ئەوی وەلاتی. ژبەرکۆ هووتوییان رێژهییا زۆرا رەهایی یا ئاکنجیێن رواندا پێك هینابوو. لەورا دێ بینن، ئەڤێ پارتێ چوو دژایەتی دناڤبەرا دیموکراسیکرن و دەستهەلاتا ڕهوایی یا هووتوییان دبەرەڤانیا رژێما خودان دەستهەلاتا هووتوی دا نەدیتبوون(Batware,١٠,٢٠١٢).

پارتا سۆشیال دیموکرات (The Social Democratic Party -PSD)، یا رواندا ب شێوەیەکێ سەرەکی ژ هووتوییێن باژێرنشین یێن ڕهوشەنبیر یێن باشۆری پێك هاتبوون، ئەڤێ پارتێ پشتەڤانیا دیموکراسی و پەیوەندییێن ئاشتییێ دناڤبەرا نەتەوەییان و سیاسەتا دیموکراسیکرنا نەتەوەییان دا ل ئەوی وەلاتێ هەژارێ هەرێما مەزنا ئەفریقیا دکر و دبنەرەت ژ MDR ببوو و پێگەهێ ئەوێ ل باشووری بهێز بوو (CIA, ٢٣ April, ١٩٩٣).

پارتا ئازادیخواز (The Liberal Party-PL)، پارتەکا تێکەلا زۆرینەیا هووتویە، کۆ نۆێنەراتیا ژمارەکا زۆرا (پێکهێنەرێن هەڤژینێ دناڤبەرا هووتوی و توتسی) دکر، هندەك ژ ئەوان سەرکردایەتیا ئەڤێ حزبێ ژی دکر. ئەڤ پارتە ژلایێ رەوشەنبیر و نیمچە سەرمایەدارێن باژێرنشینێن چینێن ناڤەراست و سیاسەتمەدارێن ئابۆری یێن ئازادیخواز دهاتە پشتەڤانیکرن. هەروەسا ئەڤ پارتە ژلایێ (جەستن موگێنزیڤە Justin Mugenzi ) دهاتە رێڤەبرن  و ل باشوورێ رواندا زۆر بهێز بوو، هەڤپەیمان بوون دگەل CIA)  MDR, ٢٣ April, ١٩٩٣;Neuberger,٧٦,٢٠١٧).

پارتا دیموکراتا ناڤەندی (Centrist Democratic Party- PDC)؛ یا رواندی پارتەکا سیاسیی یا هووتوویان بوو و گرێدایی کەنیسەیا کاتۆلیکی بوو، هەروەسا پەیوەندییێن بهێز دگەل دگەل پارتێن کریستیانی یێن ئەوروپی وەك بەلژیکی، ئیتالی و ئەلمانی هەبوو (Reyntjens, ١٩٩٦, ٢٤٣). هەروەسا پارتا چەسپاندنا دیموکراسیێ (Alliance for

(Reinforcement of Demoracy-ARD) دگەل سێ پارتێن بچویک مینا MRND, CDR(CIA, April ٢٣, ١٩٩٣).
هەڤپەیمانا بەرەڤانیکەر ژ کۆماریێ (Coalition for the Defence of Republic-DCR)، پارتەکا تۆندرەوا نەژادپەرستی یا هووتوویان بوو و هەڤپەیمانەکا بهێزا پارتا دەستهەلاتدار ل رواندا بوو(CIA, April ٢٣, ١٩٩٣). ئەندامێن ئەڤێ پارتێ رۆلەکێ گرنگ د هاندان و ئەنجامدانا قرکرنا ساڵا ١٩٩٤ێ هەبوو(Davenport & Stam,٢٠٠٩,١٥). تشتێ سەیر ئەو بوو، کۆ دامەزرێنەرێ DCR، (ژان بۆسکۆ بارایاگویزا Jean Bosco Barayagwiza ١٩٥٠- ٢٠١٠)، کەسەکێ ئاست بڵند بوو و ل زانکۆیێن ئەلمانیا و ئێکەتییا سۆڤییەتی خواندبوو. بەری هینگێ، ناڤبری ئەندامێ بەرەیێ نیشتیمانی یێ رواندا (The Rwandan Patriotic Front- RPF) یا تووتسی بوو. بەلێ بارایاگویزا ئەڤ پارتە هێلا، بهانەیا ئەوی ئەو بوو، کۆ ئەڤ پارتە نەشێت چوو تشتان پێشکێشی هووتوویان بکەت و ئەوی دڤیا ب توندترین شێواز تووتسی ل رواندا بهێنە ژناڤبرن (Neuberger,٢٠١٧,٧٦). ل ئەوی دەمیدا RPF تارادەیەکێ بەرچاڤ یا نەرازیبوو ژ پێنگاڤێن حکومەتا رواندا دبیاڤێ جێبەجێکرنا پەیمانێن ئاشتیێدا و راگەهاندبوو دێ دەست ب شەری کەت ئەگەر بنەمایێن پەیمانا ئەوروشا نەهێنەجێبەجێکرن و دەست ب دروستکرنا حکومەتەکا هەڤپەیمانی دناڤبەرا هەمی نەتەوەیێن رواندا دا کەت (CIA, March ١٤, ١٩٩٤) .

ل تەباخا ساڵا ١٩٩١ێ؛ ئێکەمین چوار پارتێن ل سەری ئاماژە پێهاتیە دان، بەرەیەکێ ئۆپۆزسیۆنێ پێك ئینابوو، کۆ دشیان دایە ب دیموکراسیکرن و سیاسەتا چەپرەوی یا پارتا دەستهەلاتدار بهێنە سالۆختەدان(Reyntjens,٢٤٥,١٩٩٦). فشارێن نێڤدەولەتی و ناڤخوەیی بوونە ئەگەرێ پەیدابوونا پرۆسێسا دیموکراسیکرن و دامەزراندنا حکومەتەکا ئێکگرتی یا نیشتیمانی ل رواندا، کۆ هەر دوو (MRND-D) و بەرەیێ ئۆپۆزسیۆنێ یێ چەپرەو بخۆڤە دگرتن. چەندێن فاکتەرێن ناڤخوەیی و نێڤدەولەتی رۆل د پالدانا ئەڤان پارتان دا هەبوون، ژبۆ دورستکرنا ئەڤی بەرەیی (Neuberger,٢٠١٧,٧٧). هەتا لدەمێ ئەڤ پارتە چووینە دناڤ حکومەتێدا ژی ب ئۆپۆزسیۆن دهاتنە نیاسین.

ب درێژییا ئەوی ماوەیی هابیاریمانا هەر ب سەرۆکێ رواندا مابوو(Davenport & Stam,٢٠٠٩,٢٠)، بەلێ پشتی هینگێ سەرۆکێ وەزیران، (دیسماس نسێنگیاریمیا Dismas Nsengiyaremye ٢ نیسان ١٩٩٢ -١٨ تیرمەها ١٩٩٣) و (ئاگاسێ ئۆلینگیامانا Agathe Uwilingiyimana ١٨تیرمەها ١٩٩٣- ٧ نیسانا ١٩٩٤، لدەستپێکا جینۆسایدا رواندا دهێتە کوشتن)، سەر ب (MRND-D) ئۆپۆزسیۆن بوو. درێککەڤتنامەیا هەڤپەیمانییان دا هاتبوو، پێدڤییە حکومەت ژ (٩) وەزیرێن ب سەر پارتا (MRND-D، ١٠) وەزیرێن دی ژ بەرەیێ ئۆپۆزسیۆن (٣ وەزیر بۆ هەر ئێك ژ MRD,PL, PSD و وەزیرەك بۆ PDC) پێك بهێت (Hintjens,٢٤٤,١٩٩٩).

ل ساڵا ١٩٩٢ێ، وەزیرێن بەرەیێ ئۆپۆزسیۆنێ پالدەرێن ئازادیخوازکرنێ دورستکر بوون، کارتێکرنەك گرنگ ل سەر دارشتنا سیاسەتێ دزۆر بیاڤان دا هەبوون، پارێزگەرێن تۆندرەو تەقە لێدکر و دکوشتن و ئەندامێن دناڤ ئەڤی بەرەیی ددانانن جهێن ئەوان، وەزیرێ پەروەردێ دەستەواژێن نەژادپەرستی تێکەلی سیستەمێ خواندنا بڵند کر بوون، دئەنجامدا هێرشێن تۆندرەو ژلایێ هووتوویانڤە هاتنە ئەنجامدان، ئەڤ بزاڤە ژی بوو سنۆردارکرنا چالاکیێن ئاسایشا نەتەوەیی یا رواندا بوون(Neuberger,٢٠١٧,٧٧).

دهەمان دەمدا، ل خزیرانا ساڵا ١٩٩٢ێ، ل ژێر فشارا وەلاتێن هەڤسنۆر (بۆروندی، زائیر، تانزانیا و ئۆگەندا) و هەروەسا وەلاتێن هنارتێن هاریکارێن مرۆڤایەتی وەك (ئەلمانیا ، بەلژیکا، فەرەنسا و ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا ) و رێکخراوێن نێڤدەولەتی وەك ( رێکخراوا نەتەوەیێن ئێکگرتی، رێکخراوا ئێکەتییا ئەفریقیا و بانکا جیهانی، پرۆسێسەکا ئاشتیێ دناڤبەرا حکومەتا رواندا و (RPF) دورستکر بوو(Ludlow,٧٧,١٩٩٩). بەلێ سەرۆکێ رواندا

چۆڤێنالّ هابیاریمانا و (MRND-D) ب دژی ئەڤێ پرۆسێ بوون. دئەنجامدا چوو ئەنجامێن باش ژئەڤێ پرۆسێسێ نەهاتنە پێش. ژبەر هندێ، کاودانێن سیاسیی یێن رواندا بەرەڤ هەستیاریێ و قرکرنەکا سەرانسەری چوون و خەلکێ هەست ب مەترسییەك ترسناك کر بوو(Hintjens,١٩٩٩,٢٤٩). ب رەنگەکێ ئاشکەرا خۆیا دبیت ژئەنجامێ فرەهـ حزبی و لێکتێنەگەهشتنا ئایدۆلۆژییا ئالۆز یا پارتیێن سیاسیی یێن رۆاندی دەرگەهێن مەترسیدار ژبۆ قەبیل نە کرنا ئێك و دوو دناڤ رەگەزێن جوودا جودا یێن رواندا پتر ڤەبوو و هزر ل تۆلڤەکرنێ نەک چارەسەرکرنا ئاریشەیێن سیاسیی کرن.

هەروەسا ل کانوونا دووێ یا ساڵا ١٩٩٣دەستهەڵاتا دکتاتوری یا رواندا بریاردا، کۆ پەرلەمانەکێ بەروەخت بهێتە هەلبژارتن و بەرەیێ ئۆپۆزسیۆن وەك حکومەتێ نۆینەرێن زۆرینەیان تێدا هەبن و ئەڤ پەرلەمانە جهێ پەرلەمانێ تاك حزبی یێ ئەوی وەختی بگریت(Neuberger,٢٠١٧,٧٧). هەرچەوابیت، پشتی ل ٦ نیسانا ١٩٩٤فرۆکەیا سەرۆکێ رواندا هابیاریمانا ل فرۆکخانەیا باژێرێ (کیگالی Kigali) کەڤتیە خوارێ و دئەنجامدا مری، دئەنجامدا کاودانێن رواندا پتر نەخۆش بوون و رەوش ژبن کونترۆلێ دەرکەڤت، سەرەرای هندێ هێزێن ئاشتی پارێزێن رێکخراوا نەتەوەیێن ئێکگرتی (The UN Assistance Mission in Rwanda- UNAMIR) (هەولدان دگەڵ لەشکەرێ رواندا رەوشێ کونترۆڵ بکەن، بەلێ هەولێن ئەوان بێ ئەنجام بوون، چونکی لەشکەرێ رواندا نەهێلا هێزێن ئاشتی پارێزێن بچن دناڤ فرۆکخانەییدا (Department of State, ٦ April, ١٩٩٤).

هەژی گوتنێ یە چەندین هۆکار ل پشت رویدانا جینۆسایدێ رواندا، هینگێ هووتیان ددا دیارکرن تووتسی ئەو داگیرکەرن یێن بەری سەردەمێ داگیرکارییا ئەورووپی و ب تایبەتی بەلژیکا و فەرەنسا دەستهەلاتا رواندا کونترۆلکری و هووتی دکرن کۆیلە. دیسان هووتیان خۆیا دکرن تووتسی گرۆپەکێ نامۆیە و چ مافێن یاسای ل ئەوی وەلاتی نین (African Boigraphics, ٥ April, ٢٠٢٤). پرۆسێسا دیموکراسی یا تا رادەیەکێ دیار سەرانسەری ئەفریقیا بخۆڤەگرتی، هەڤرکیا نەتەوەیان دکونترۆڵکرنا کاروبارێن دەولەتاندا، پێشهاتێن نەتەوەیان دناڤ دەولەتێن ئەفریقیا دا وەک تووتسی، هووتی و تۆا سەرەرای هندی نەگرۆپێن نەتەوەی یێن ژ ئێک جودابوون، چونکی ئەو ب ئێک زمان دئاخڤن، ئێک ئایینێ هەی و لسەرانسەری رواندا دگەل ئێک دژیان و ژیانا هەڤژیینێ دگەل ئێکو دوو پێکهێنایە، هەرچەوابیت ئەڤە نەگرۆپێن نەتەوەیینە ژلایێ ئەنترۆپۆلۆژی ڤە، ئەو ناسنامەیا رۆاندییان پێکدهینن، هندەک دیار دکەن ئەڤ گرۆپە نەداهێنانا کارگێریێن داگیرکەرانن، ئەو بەری هاتنا داگیرکەران ل دەڤەرێ هەبوون، هەمی رۆاندییان دزانی ئەو ب چ گرۆپ ڤە مینا تووتسی، هووتی و تۆا ڤە گرێداینە و بەردەوام کێشە ل دۆر دەستهەڵات و داهاتێ وەلاتی دناڤبەرا ئەڤان گرۆپاندا هەبوو (Reyntjens,١٩٩٦,٢٤٢-٢٤٣ ).

لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا، کە چۆمسکی رابەرایەتی ئەکرد، سینتاکس بە چەقی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دائەنرا. جیاواز لەمە هەر لەم قوتابخانەیەدا زمان وەك مۆدیلێکی سەربەخۆ تەماشاکراوە و وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆش لە ئاوەزدا لێی کۆڵراوەتەوە، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن سەرلەبەری ئەم بۆچوونانە رەت ئەکاتەوە و خەجت لە ناسەربەخۆیی ئاستەکانی زمان ئەکاتەوە، وەك لایەنی (دەنگ و فۆنێم/ لایەنی فۆنۆلۆجیی، مۆفۆلۆجیی و سینتاکس، لایەنی رێزمان، سیمانتیك و پراگماتیك، لایەنی واتا). راستییەکی تر، کە پەیوەستە بە زانستی زمانی درکپێکردنەوە و شیاوی ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە، کە ((لەم قوتابخانەدا زمان دۆخی نێوەندگیریی لە نێوان ئاوەز و واقیعدا ئەگێڕێت. لەم روانگەیەوە زمان وەك کۆگایەکی کۆزانینی جیهانی و کۆکراوەی کەتیگۆرییە واتادارە دارشتەکراوەکان بینراوە، کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ شارەزاییە نوێیەکان و هەڵگرتنی زانیاریی دەربارەی کۆنترینیان یارمەتیمان ئەدات.)). (گۆنا عومەر عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣: ٦). ئەم قوتابخانەیە زمان تێهەڵکێشی گشت توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ ئەبینێت، واتە زمان تەنها لە یەك سەرچاوەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو سەرجەم تواناکانی مرۆڤ پێکەوە زمانیان خوڵقاندووە. ئەمەش وا ئەکات، کە زمان رۆڵی ناوەندیی لە نێوان ئاوەزی مرۆڤ و ئەزموونەکانی لە جیهاندا ببینێت، بەم پێیە زمان پردی پەیوەندییە لە نێوان ئاوەز و شارەزایی و ئەزموونی مرۆڤ لەو جیهانەدا، کە تێیدا ئەژین. (شاهۆ ساڵح حەمە حسێن، ٢٠٢٣: ٣). هەر بۆیە، لایەنی ژینگە و دەوروبەر، لایەنی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و دروونیی، لەگەڵ هەموو ئەزموون و توانستەکان کاریگەرییان لەسەر درکپێکردنی مرۆڤ هەیە. کەواتە ئەتوانرێت، بگوترێت ئەرك و ئامانجی زانستی زمانی درکپێکردن وەرگرتنی زانیاریی و ئاشکراکردنی واتایە، مرۆڤ لە رێگەی ئەزموون و تواناکانییەوە کۆمەڵێك

زانیاریی ئەگاتە ئاوەزێ، هەوڵ ئەدات ڕێکیان بخات، لە ئاکامدا بەچەمککردن دێتە ئاراوە. دواتر پرۆسەی درکپێکردن لە ئاوەزدا ڕوو ئەدات، کە خۆی لە پەیوەندیکردنی واتا و بەکارهێنانی زماندا ئەبینێتەوە. کەواتە (( زانستی زمانی درکپێکردن بە تێڕووانینێکی ئەزموونگەرییانە پێی وایە، کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ، کە مەبەست لێی زمانیشە بکرێت بە دابڕاویی و دوور لە شارەزایی مرۆڤ)). (کاروان عومەر قادر، ٢٠١٢: ٩٨). ئەم قوتابخانەیە سەرجەم لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دوو لقی سەرەکیی بنیات ئەنێت، کە دواتر قوتابخانەکەش لە ڕێگەی ئەم دوو لقە گرنگەیەوە رەگی خۆی داکوتاوە، ئەوانیش بریتیین لە (ڕێزمانی درکپێکردن، سیمانتیکی درکپێکردن)، لەم توێژینەوەیەدا تەنها جەخت لە سیمانتیکی درکپێکردن کراوەتەوە، کە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێ دراوە.

## ٦/ سیمانتیکی درکپێکردن cognitive semantic:

سیمانتیکی درکپێکردن لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، بۆ یەکەم جار وەك زاراوە لاکۆن لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی (cognitive semantic)، خستیە ڕوو. زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن ئاماژە بەوە ئەکەن، کە لەم قوتابخانەیەدا لێکۆڵینەوە لە واتا زیاتر گرنگی پێدراوە، نەك ڕێزمان. (محمد راسخ مهند، ١٣٨٩: ٢١). لایەنێکی تر، کە ئەم قوتابخانەیە پێداگیریی لەسەر ئەکات ئەوەیە، کە بابەتی سەربەخۆبوونی زمان لە پرۆسە هزرییەکانی دیکەی مرۆڤ لە ئارادا نییە. بە جیادانانی شیکردنەوەی زمانیشی بەلاوە پەسەند نییە، چونکە ناکرێت زمانێك لەڕووی سینتاکسەوە تاوتوێ بکرێت و بە پشتگوێخستنی واتای ئەو یەکانەی توێژینەوەیان لەسەر ئەکرێت بە ئاکامێکی پەسەند بگەین. (رووخسار نەبی مەقەید، ٢٠٢٢: ١٩٣). کەواتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەم قوتابخانە لە قوتابخانەکانی پێش خۆی ئەوەیە، کە ئاستەکانی زمان لە یەك تر جیا ناکاتەوە و باوەڕی وایە هەموو ئاستەکان یەك پاکێجن و پێکەوە یەکتر تەواو ئەکەن. جگە لە ئەمە لایەنی واتایی گرنگییەکی زۆری پێدراوە، چونکە لە هەموو ئاستەکانی تری زماندا واتا ئامادەیی هەیە. ڕاستییەکی تر ئەبیزرێت، کە قوتابخانەکە وای ئەبینێت، کە واتا گرێدراوی لایەنی ئەزموون و شارەزایی و ئاگایی مرۆڤە، کە لە ڕێگەیەوە پرۆسەی بەچەمککردن دێنێتە ئاراوە، بە چەمککردنیش لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر ئەگۆڕێت.

لە کۆی هەموو ئەوانەی خرایە ڕوو دەتوانرێت، بگوترێت سیمانتیکی درکپێکردن بریتییە لە کۆمەڵێك تیۆری پەیوەندیدار بە لایەنی ڕێزمان و واتا کار بۆ گەیاندنی واتا ئەکەن، هەر یەکە و لە ڕووانگەیەکی چەمکیانە مۆدێلێك پێشکەش ئەکات، لە جیاتی پشتبەستن بە تەنها بە واتای وشە (کرۆکە واتا)، پشت بە بەکارهێنانی وشەکان دەبستێت لەناو کۆنتێکست و دەقدا، لە بارودۆخێکی دیاریکراو لە کات و شوێنی بەکارهێنانی وشەکان لەلایەن بەکارهێنەرەکان و بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی کلتوریی و کۆمەڵایەتیی تاك و کۆمەڵ، بە کۆی گشتیی ئەمانە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی پێك ئەهێنن و لەگەڵ تایبەتمەندییە (سیماتیکی، سینتاکسیی، مۆرفۆلۆجیی، فۆنۆلۆجیی) ی وشەکاندا داڕشتە چەمکییەکان دائەڕێژن. (شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٤٥). هەر بۆیە لەم قوتابخانەدا واتای سیمانتیکیی و پراگماتیکیی لەیەك جیا ناکرێتەوە، ئەم جیانەکردنەوەیش ئەبێتە هۆکاری پێکهاتنی داڕشتەی چەمکیی.

سیمانتیکی درکپێکردن تاکە تیۆر و ڕێباز نییە، بەڵکو خاوەنی چەند دیدی جیاوازە، کە لە بنەڕەتدا چەند سیمایەکی هاوبەش کۆیان ئەکاتەوە و هەر ئەم سیما هاوبەشانەش بنەما سەرەکییەکانی ئەم تێڕوانینە پێك ئەهێنن، کە (Evans and Green)، لە چوار بنەمای سەرەکیی خستوویانەتە ڕوو، بەم شێوەیە:

**١. ڕۆنانی چەمکیی ڕۆنانێکی بەرجەستە کراوە.**

٢. ڕۆنانی واتا، ڕۆنانێکی چەمکییە.

٣. نواندنی واتا، ئینسکلۆپیدیاییە.

٤. پێکهاتەی واتایی بەچەمککردنە.

٥. واتا لە گۆڕان و نوێبوونەدایە (داینامیکییە)، نەرم و نیانە.

٦. واتای زمانیی لە ڕووانگەی جیاوازەوە سەرچاوە ئەگرێت. (Evans and Green, ٢٠٠٦: ١٥٦).

٧/ میتافۆری چەمکیی Conceptul metaphor:

لاکۆف و جانسۆن لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کتێبێکیان لە ژێر ناوی (ئەو میتافۆرانەی لەگەڵیان ئەژین Metaphor We Live By)، بڵاوکردەوە، کە لەو کتێبەدا بۆچوون و دیدی دێرین و کلاسکیان لەسەر میتافۆر ژێر پرسیارەوە، بەم هەنگاوەیان توانیان ئاڕاستەیەکی نوێ بۆ میتافۆر بهێننە ئاراوە. ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی، کە توێژەران بە چاوێکی جیاواز و تازە مامەڵە لەگەڵ میتافۆردا بکەن.

ئەو دوو پێشەنگە پێیان وابوو ئەو سیستەمە واتاییەی، کە مرۆڤ لەگەڵی ڕاهاتووە و ڕۆژانە لەگەڵیدا ئەژی و تەنانەت بە پێی ئەو سیستەمەش بیر ئەکاتەوە، لە بنەڕەتدا تێکەڵ بە میتافۆرە، هەروەها ڕەتی ئەکەنەوە، میتافۆر تایبەت بکرێت بە شاعیران و نووسەران و ئەو کەسانەی، کە سەرقاڵی توێژینەوەی ڕەوانبێژیین، بەڵکو لە بەرانبەردا میتافۆر بە پێداویستییەکی زمان ئەزانن و جەخت ئەکەنەوە، کە میتافۆر بە شێوەیەکی سروشتیی ناخودئاگا بەرهەم دێت و دەرئەکەوێت. (Lakoff, and Johnson, ١٩٨٠: ٥٢). کەواتە خاڵی جیاکەرەوەی ڕووانگەی نوێ/ دێرین و لاکۆف و جانسۆن لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە :

١. میتافۆر لە ڕووانگەی دێریندا تایبەتە سنورێکی دیاریکراوی هەیە و تایبەتە بە وشە، بەڵام لە ڕووانگەی نوێدا سنورێکی فراوانی هەیە و تایبەتە بە چەمك.

٢. میتافۆر لە ڕووانگەی دێریندا سروشتێکی ئاگایانەی هەیە، بەڵام ڕووانگەی نوێدا بە شێوەی نائاگا بەرهەم دێت.

٣. میتافۆر لە بۆچوونی دێریندا تایبەتە بە کەسانی دیاریکراو، بەڵام ڕووانگەی نوێ سەرلەبەری ئەم بۆچوونە ڕەت ئەکاتەوە و پێی وایە، میتافۆر تایبەتە بە هەموو ئاخێوەرێك، کە خاوەنی ئاوەز و زمان بێت.

ئەکرێت ئەو ڕاستییەیش ببگوترێت، کە چەمکە کۆنکرێتییەکان، بێ میتافۆرەکان پوخت نین، بۆ نموونە (عەشق)، بێ میتافۆر عەشق نییە و واتاکانی هەموو میتافۆرن، وەك: (شێتیی، سەرنجڕاکێشان، هاوسۆزیی، میهرەبانیی و هاوشێوەکانی). (زهرە هاشمی، ١٣٨٩: ١٢٣). دەکرێت پەنجە بۆ ڕاستییە ڕابکێشرێت، کە کاری میتافۆر دروستکردنی زمانێکی تازە و کاریگەرترە، لەگەڵ ئەمەیشدا میتافۆر ئەبێتە هۆی گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، هەر بۆیە هیچ زمانێکی زیندوو پەیدا نابێت، بێ میتافۆر بژی و بتوانێت هەڵبکات و گوزارشت لە دیاردەکان بکات . یەکێکی تر لە تیۆرە گرنگ و بایەخدارەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، سکێمای وێنەییschema (Image)، بە پێویستی ئەزانین ئاماژەیەکی کورت و خێرای پێ بدرێت. ئەم تیۆرە بۆ یەکەم جار لەلایەن جانسۆنەوە خرایەڕوو، جانسۆن ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کرد، کە ئەزموون و توانستە بەرجەستەکراوەکانی مرۆڤ هۆکاری پەیدابوون و دەرخستنی سکێمای وێنەییە لە سیستەمی چەمکی ئاخێوەردا، بە واتایەکی تر سکێما وێنەییەکان لە سیستەمی چەمکی مرۆڤدا لە ڕێگەی ئەزموونی هەستپێکراو و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا بەرهەم ئەهێنرێن.

٨/ بواری سەرچاوە و بواری مەبەستsource domain and   target domain:

میتافـۆری چەمکیـ لـە بنەڕەتـدا ئەزمـوون و تێگەیشـتنی بوارێکـی چەمکییـە لەسـەر بنەمـای چەمکێکـی تـر، ئـەوەی لـە لـە میتافـۆری چەمکییـدا روو ئـەدات پێـی ئەوترێـت نەخشەکێشـان (Mapping)، ئـەم زاراوەیـە بەکاردێـت بـۆ مەبەسـتی نیشـاندان و خسـتنەڕووی ئـەو پەیوەندییـە ئۆرگانییـەی، کـە لـە نێـوان هـەردوو چەمکـی سـەرچاوە و مەبەسـتدا هەیـە، کـە پرۆسـە میتافۆریـان بەسـەردا هاتـووە. کەواتـە کۆڤێچێش بـۆ تێگەیشـتنی پەیوەندیـی نێـوان هـەردوو مەوداکـە بوونـی سیسـتەمێکی هاوچەشـن بـە گرنـگ ئەزانێـت، لەبەرئـەوەی مێشـکی مـرۆڤ لەسـەر بنەمـای ئەزمـوون و سیسـتەمی چەمکـی خـۆی هاوچەشـنیی بەرهـەم ئەهێنێـت لـە نێـوان توخمـە چەمییەکانـی بـواری سـەرچاوە و توخمـە چەمکییەکانـی بـواری ئامانـج. )کوچـش، ١٣٩٣: ٢٠)، کەواتـە بـوارە چەمکییـەکان دوو کۆمەڵـەی جیـاوازن و لەسـەر بنەمـای سیسـتەم کار ئەکـەن، واتـە لـە نێـوان هـەردوو بـواری سـەرچاوە و بـواری مەبەسـتدا جۆرێـك لـە پێکەوەیـی و گونجانـدن، ئـەو پێکەوەیـی و گونجاندنـە پێـی ئەوترێـت نەخشەکێشـان، وەك لـەم خشـتەیەدا دەرخـراوە:




خشتەی ژمارە (١)، پێکهاتنی بواری مەبەست و بواری سەرچاوە

لێـرەدا نموونەیەکـی نەخشەکێشـان (Mapping)، لـە نێـوان بـواری سـەرچاوە و بـواری مەبەسـت لـە میتافـۆری چەمکیـ (خۆشەویسـتیی گەشـتە)، Kovecses, ٢٠١٠: ٣))، وەرئەگریـن و لـە خشـتەیەکدا ئەیخەینـە بـەر دەسـت:




خشتەی ژمارە (٢)، نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکیی (خۆشەویستیی گەشتە).

بواری سەرچاوە (گەشت)　　نەخشەکێشان　　بواری مەبەست (خۆشەویستیی)

خاڵێکی گرنگ، کە پەیوەندیدارە بە پێکهاتەی میتافۆڕی چەمکییەوە ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی سروشتیی ئەو چەمکانەی ئەبستراکتن، واتە بوونێکی فیزیکییان نییە بەزۆری چەمکی ئامانجن، لە بەرانبەردا ئەو چەمکانەی، کە بوونێکی فیزیکییان هەیە چەمکی سەرچاوەن. Kovecses,٧:٢٠١٠- ٢٨))، وەك ئاماژەی بۆ کرا، بواری سەرچاوە بوارێکی کۆنکرێتییە، کە مرۆڤ بەهۆی گوزارشتە میتافۆرییەکانەوە لە بوارێکی چەمکی دیکە ئەدوێت، بواری مەبەستیش ئەبستراکتە. کۆڤێچێش، کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی بواری میتافۆری چەمکیی، دیارترین و باوترین بوارەکانی سەرچاوە و ئامانج نیشان ئەدات، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەیانخەینە بەر دەست:

خشتەی (٣)، نموونەی بوارەکانی سەرچاوە و مەبەست

| بواری چەمکی سەرچاوە | بواری چەمکی ئامانج |
|---|---|
| جەستەی مرۆڤ، تەندروستی، گیاندراران، ڕووەکەکان، بینا و تەلارەکان، ئامراز و ئامێرەکان، وەرزش و یاریکردن، گەرمیی و ساردیی، کەشوهەوا، پارە و مامەڵەی ئابوریی، خواردن و چێشتدروستکردن، ڕووناکیی و تاریکیی، هێز و جووڵە و ئاڕاستەکان. | سۆز، ئارەزوو، ئاکار، بیرکردنەوە، کۆمەڵگە و نەتەوە، سیاسەت و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، پەیوەندیکردن، کات، ژیان و مەرگ، ڕووداو و کردارەکان. |

## ٨/ جۆرەکانی میتافۆرە چەمکییەکان The types of conceptual :

لاکۆف و جانسۆن بە پێی تایبەتمەندیی هەردوو بواری چەمکی سەرچاوە و مەبەست، چەند جۆرێك لە میتافۆری چەمکییان دەستنیشانکردووە، لە خوارەوە بەکورتیی جۆر و پێناسەکانیان ئەخەینەڕوو:

میتافۆری ئاڕاستەییOrientational metaphor: بە بڕوای لاکۆف و جانسۆن خواستنی ئاڕاستەیی ئەوەیە، کە واتاکان بە پێی (ئاڕاستە/لایەن)ی فیزیکی و داکەوتنیان لە شوێندا وەك: ژێر، ژوور، بەر، دوا، قووڵ، تەنك، و ناوەندی/ پەراوێزی ڕێك ئەخات. ئەم بۆچوونەیان لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، جەستەی مرۆڤ شوێنمەند و شوێنگرە و کردەوەی جەستە لەگەڵ دەرەوەیدا پەیوەندیی هەیە.( Lakoff, and Johnson: ١٩٨٠)، ئەبێت ئەو خاڵە ڕەچاو بکرێت، کە میتافۆرە ئاڕاستەییەکان بە شێوەی ویست و ڕێکەوتن نین، بەڵکو لە ڕێگەی ئەزموونی فیزیایی مرۆڤەوە دروست ئەبێت. زۆر جار میتافۆرە ئاڕاستەییەکان جگە لە بنەمای شوێن، پەیوەندیدارن بە بیرۆکەی کاتەوە، چونکە کات هەڵگری جووڵەیە، وەك: (شەو و ڕۆژ چاوەڕوانم)، لێرەدا میتافۆری چەمکیی کاتەکانی شەو و ڕۆژ هەڵگری جووڵەیەکی فیزیکیی ئاڕاستەیی بەردەوامن.

لاکۆف و جانسۆن لەسەر ئەو باوەڕن، کە میتافۆر لەگەڵ ئەزموونی مرۆڤدا تەواوکەری یەکترن و ناتوانرێت ئەزموون لە میتافۆر جیابکرێتەوە، بەم پێیە بنەمای ئەزموونی لە میتافۆری ئاڕاستەییدا وەك لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا نیشان دراوە، چەقی سەرەکیی میتافۆرە. چەند نموونەیەك لە میتافۆری ئاڕاستەیی ئەخەینە ڕوو:

* شادیی ئاڕاستەی سەرەوەیە، بەڵام دڵتەنگی ئاڕاستەی خوارەوەیە.
* ئاگایی ئاڕاستەی سەرەوەیە/ ڕاستە، بەڵام نائاگایی ئاڕاستەی خوارەوەیە/ چەپە.
* بێداربوون ئاڕاستەی دەرەوەیە، بەڵام خەوتن ئاڕاستەی ناوەوەیە.
* بوێریی ئاڕاستەی سەرەوەیە، بەڵام ترس ئاڕاستەی خوارەوەیە.
* حەسانەوە ئاڕاستەی سەرەوەیە، بەڵام ماندوێتیی ئاڕاستەی خوارەوەیە.

لاکۆف و جانسۆن ئەوەیان خستە ڕوو، کە بنەمای ئەزموونیی لە میتافۆرە ئاڕاستەییەکاندا، چەقی میتافۆرە، ئەزموونیش لە کتلوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر ئەگۆڕێت. (لاکۆف، جانسۆن، ١٣٩٩: ٤٧).

خشتەی ژمارە (٤) بنەمای ئەزموونیی میتافۆری ئاڕاستەیی




٢. میتافۆری دروستەیی Structural metaphor: ئەوانەن، کە تیایاندا چەمکێك لە روانگەی چەمکێکی دیکەوە بە شێوەی میتافۆر دەرئەخرێت. لەم جۆرە میتافۆرەدا بواری سەرچاوە میکانیزم و چوارچێوەیەك بۆ بواری مەبەست ئەڕەخسێنێت، هەتا لەم رێگەیەوە توانای تێشگەیشتی زیاتر بۆ بواری مەبەست فەراهەم بکرێت. لە جۆرەکانی تری میتافۆردا (ئاڕاستەیی و بوونناسیی)، بەشێوەیەکی گشتیی میتافۆر لەسەر بنەمای لێکچوونی نێوان ئەزموون کار ئەکات، کە مرۆڤ لە شتە فیزیایی، ژینگەی دەوروبەر و جووڵەی جەستەوە وەری گرتووە، لە کاتێکدا لە میتافۆری پێکهاتەییدا رامان لەسەر ئەزموون و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتیی و کلتوورییەکانە، دیارە ئەم ئەزموونانەیش لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر ئەگۆڕێت. (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣). بۆ نموونە کاتێك ئەگوترێت (بیرۆکەکان خۆراکن)، مەرج نییە لە هەموو کلتوورێك و زمانێکدا ئەم بیرۆکەیە هێندە گرنگ بێت و مامەڵەی خۆراکی لەگەڵدا بکرێت. زیاتر ئەم جۆرە میتافۆرانە، تایبەت بەو کۆمەڵگەیانەن، کە لەڕووی پرسی رۆشبیریی و کلتوورییەوە لە ئاستێکی بەرزان.

لاکۆف لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ئەو میتافۆرانەی، کە لەگەڵیان ئەژین)دا، پەنچە بۆ ئەو راستییە درێژ ئەکات، کە هزری مرۆڤ خۆی لە خۆیدا سروشتێکی میتافۆریانەی هەیە، نموونەی میتافۆری چەمکی پێکهاتەیی (مشتومڕ جەنگە)، ئەخاتە روو و پێی وایە ئەم جۆرە روانینە لە هزرێکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خاڵە لێکچوونەکانی نێوان مشتومڕ و جەنگ ئەبینێت و توانای درککردنی هەیە. هەر میتافۆرێکی پێکهاتەیی لە سێ پێکهێنەری وەك (بواری سەرچاوە، نەخشەکێشان، بواری مەبەست)، پێکدێت. بڕوانە: (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣).

٣. میتافۆری بوونناسییOntological metaphor: میتافۆری بوونناسی یەکێکی ترە لە جۆرەکانی میتافۆر، پەیدابوونی ئەم میتافۆرە بەهۆی ئەوەوەیە، کە ئەزموونی فراوانی مرۆڤ لەگەڵ شتە فیزیکییەکان، بەتایبەت لەشی مرۆڤ خۆی، بنەمای ژمارەیەکی زۆری ئەم جۆرە میتافۆرانەن. میتافۆری بووناسییدا چەمکە ئەبستراکتەکان لە وێنەی هەست و سۆز، بیرۆکەکان، رووداو و چالاکییەکان، لە رێگەی قەوارە و بوونە فیزیکیی و مادديیەکاندا مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئیدی ئەتوانین ئەو چەمکە پۆلێن بکەین، یان بڕ و چەندییەکەی دیاری بکەین و تەنانەت تێبفکرێن و لێکدانەوەی بۆ بکەین. هەڵبەتە لەشی مرۆڤ نزیکترین ئەو ئۆرگانەیە، کە لە خودی خۆیەوە نزیکە، هەر بۆیە زیاتر ناوی ئەو ئۆرگانەی هێناوە و بەکاری بردووە بۆ وەسفکردن، یان دەرخستن ئەو شتانەی ویستوویەتی باشتر تێیان بگات و لێیان وردبێتەوە. کەواتە ئەگەر بە مێژووی کۆنی مرۆڤدا بچینەوە، ئەبینین لەشی مرۆڤ خۆی وەك مەودای سەرچاوە بەکارهاتووە بۆ وێناکردن و چەمکاندنی بوارە پتر ئەبستراکتەکانی ئامانج. (هۆشەنگ فاروق جەواد، ٢٠٢٢: ٥٠).

لاکۆف و جانسۆن بەشێوەیەکی گشتیی میتافۆری بوونناسییان بەسەر سێ بەشدا پۆلبەندیی کردووە، کە ئەمانەن میتافۆری بوونناسیی (بوون و مادده، کۆنتەینەر/دەفر، مرۆڤاندن).

## میتافۆری بوونناسیی (بوون و ماددە):

ئەم جۆرە میتافۆرە زۆر گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی بەباشی لە بابەتێك بگەین و بتوانین بەشێوەیەکی ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ ئەزموون و مرۆییەکاندا بکەین. لاکۆف و جانسۆن ئاماژەیان بە (هەڵئاوسان قەوارەیە)، کردووە، کە نموونەیەکە لەم جۆرەی میتافۆر و بەرجەستەکراوی ئەو میتافۆرە چەمکییەی خوارەوەن. (Lakoff and Johnson: ٢٠٠٣) بڕوانە: (هۆشەنگ فاروق جەواد، ٢٠٢٢: ٥٢).

* هەڵئاوسان گوزەرانی خەڵکی خراپ کردووە.

* ئەگەر هەڵئاوسان بەردەوام بێت، کەسمان بە زیندوویی دەرناچین.

* ئەبێت شەڕی هەڵئاوسان بکەین و لە ناوی ببەین.

* کڕینی زەوی باشترین ڕێگایە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵئاوساندا.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا میتافۆرە چەمکییەکان لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر، یاخود لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر یەکسان و وەك یەك نین. بوونی میتافۆرەکەی سەرەوە (هەڵئاوسان قەوارە)، ئەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو کۆمەڵگانەی، کە لەناو دۆخی هەژاریین و ڕووبەڕووی قەیرانی هەڵئاوسان بوونەتەوە.

میتافۆری بوونناسیی (دەفر/ کۆنتەینەر): ئەم جۆرە میتافۆرە دەربارەی دیاردەکان و شتەکانی دەوروبەرە، کە بێ قەبارەن و بوونی ناوەکیی و دەرەکییان نییە. وەها لێك ئەدرێنەوە، کە هەڵگری قەبارە و بوونی ناوەکیی و دەرەکیی بن. (Lakoff and Johnson, ٢٠٠٣: ٢٥)، وەك:

* لەناو کێشەیەکی زۆر گەورەدایە. (کێشە وەك دەفر).

* دڵم وا تەقی. (دڵ وەکو دەفر).

* چووەتە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە. (بیرکردنەوە وەك دەفر).

میتافۆری بوونناسیی (مرۆڤاندن): لەم جۆرە میتافۆرەدا چەمکە ئەبستراکتییەکان، کە تایبەتمەندیی مرۆڤیان نییە، مامەڵەی مرۆڤیان لەگەڵ دەکرێت و وەك مرۆڤ وێنا ئەکرێن، لەم ڕێگەیشەوە ئەتوانرێت زۆرێك لەو ئەزموونانەی، کە پەیوەست بە دیاردە نامرۆییەکانەوە، پاڵنەر، تایبەتمەندیی و چالاکییە مرۆییەکانەوەن درك بکرێن. (Lakoff and Johnson, ٢٠٠٣: ٢٥)، وەك:

* دەستی ڕۆژگار دای بەسەریاندا. (ڕۆژگار وەك مرۆڤ).

* ڕۆژێك بێت، ئەم ئازارە ئەمکوژێت. (ئازار وەك مرۆڤ).

* باوێشکی ئەشکەوت. (ئەشکەوت وەك مرۆڤ).

## ٩/ شیکاریی میتافۆرە چەمکییەکان لە شیعرەکانی مەولەوییدا:

لەم بەشەدا هەوڵ ئەدەین، هەندێك لە چەمکە میتافۆرییەکانی دەقە شیعرەکانی مەولەویی راڤە بکەین.

١. میتافۆری ئاڕاستەیی: لەم جۆرە میتافۆرەدا واتاکان بە پێی (ئاڕاستە/لایەن)،ی فیزیکیی و داکەوتنیان لە شوێندا وەك: ژێر، ژوور، بەر، دوا، قووڵ، تەنك، ناوەند، یان پەراوێز ڕێك ئەخات. ئەم بۆچوونە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە جەستەی مرۆڤ شوێنمەند و شوێنگرە و کردەی جەستە لەگەڵ دەرەوەییدا پەیوەندیی هەیە. لە بەشی پێشوودا ئەوە باسکرا، کە میتافۆر کار لەسەر بوار ئەکات، کە ئەوانیش (بواری سەرچاوە) و (بواری مەبەست)ن، بە چەشنێك وا دەرئەکەوێت کاری نەخشەی میتافۆرەکان لە بواری سەرچاوەوە بەرەو بواری مەبەست چنراین. وا ئەکات بەهۆی بواری سەرچاوەوە تێگەیشتن لە رووبەر و پانتایی ئەزموونی مرۆڤ ئاسان بێت، بواری مەبەست ئەبێتە ئەو چەمکەی ، کە

نووسەر، یان قسەکەر هەوڵی راڤەکردنی ئەدات. کەواتە بواری مەبەست و سەرچاوە، ئەکەینە بنەما بۆ راڤەکردنی چەمکە میتافۆرییەکانی شاعیر.

پەی چێش؟ مەیل لەیل پیریش مەحاڵەن

سەنەی باڵغیش صەد هەزار ساڵەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٧٦).

بە وردبوونەوە لە بەیتەکەی سەرەوە دەرئەکەوێت، (مەیل لەیل)، مەودای سەرچاوەی دەقەکەی پێکهێناوە، شاعیریش (مرۆڤ)، بواری مەبەستی سازکردووە. (مەیل لەیل)، کە بەشێکە لە عەشقی خودا ئەو ئاراستە فەزاییە، کە چەشنی میتافۆری ئاراستەیی (ناوەوە بۆ دەرەوە)ی هەڵگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا بە تێرامان و وردبوونەوە لە دەقەکە روون ئەبێتەوە، کە (مەیل لەیل)، بە واتای سیمانتیکیی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو هەڵگری واتای میتافۆرە و چەمکی ( گەنجیی) لە ئەستۆ ئەگرێت. لێرەدا ئەگەڕێینەوە بۆ پیشاندانی ئەو هێڵکارییەی لاکۆف و جانسۆن، کە بۆ وێناکردنی میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی دایان هێنا:

خشتەی ژمارە (٥)، میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی (گەنجیی).




من وێم زانوو بی ئەمریم کەردەن

أطاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن

عورم سەراپا غەرق غەفڵەتەن

زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن

بەڵام مشیۆ تۆ وە فەضڵەکەی وێت

کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨:٦١).

مەولەویی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە مامەڵەیەکی زۆری لەگەڵ چەمکی شەرمدا کردووە. لێرەدا بەستەری میتافۆری ئاراستەیی لە وشەی (خەجڵەت/ شەرم)دایە، کە چەشنی (ئاراستەی خوارەوە)، و چەمکی (زەبوونیی)، ئەگرێتە خۆی. خەجاڵەتیی/ شەرمی مەولەویی لەوەدایە، کە بێ فەرمانی خوای کردووە، نەیتوانیوە فەرمانەکانی، کە لەسەر شانیەتی جێبەجێ بکات. بۆیە پارچە نغرۆیەکە لەناو بێئاگایی و غەفڵەتدا، هەروەها لە دەقەکەدا چەمکی (غەفڵەت) هاتووە، ئەویش خۆی لە میتافۆری چەمکیی ئاراستەییدا ئەبینێتەوە و جۆری ئاراستەکەیشی بۆ (خوارەوە)یە.

خشتەی ژمارە (٦) میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی (غەفڵەت و شەرم).



هەر چیت دابو پێم یەك یەك دامەوە

حیساب حەشرت وا وە لامەوە (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٥٣٣).

مەولەویی لەم دەقە شیعرەدا باس لە بابەتی مردن و هاتنی قیامەت ئەکات و مردنیش لای ئەم شاعیرە واتای چەمکی بێباکیی و بێمنەتیی هەڵئەگرێت، واتە بەستەری میتافۆری ئاڕاستەیی لە وشەی (قیامەت)دا، چڕبووەتەوە و ئاڕاستەکەی (خوارەوە)یە. شاعیر بێمنەت و بێباکە بەوەی، کە خودا هەرچی لەم دنیا کاتییەدا پێ داوە و لێی وەرگرتووەتەوە، ئەمەش لوتکەی خوداپەرستیی و دنیانەویستیی مەولەویی دەخاتە روو. وێڕای بوونی میتافۆری ئاڕاستەیی، دەرئەکەوێت لە دەقەکەدا جۆرێکی تر لە میتافۆری چەمکیی بووناسیی هەیە و لە وشەی (مردن)دا چڕکراوەتەوە، واتە (مردن وەك دەفر)، وێنا کراوە.

خشتەی ژمارە (٧) میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی (قیامەت).




ئاماوە وەهار، وەها شادی

بۆی عەتر نەسیم غونجەی ئازادی

خێڵ خانەی خەفەت بار نیەش کەردەن

مەینەت رۆ نیان وەماوای مەردەن

خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بیەن

هەوارگەی قەدیم نە دەسش شیەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٣٨).

لە نێو ئەو دەقەی سەرەوەدا بەستەری میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی لە وشەی ( خەمئاوابوون)دا، چڕبووەتەوە، ئاڕاستەی (سەرەوە) و چەمکی (شادیی/ بەختەوەریی)، لەخۆئەگرێت.

خشتەی ژمارە (٨) میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی (خەمئاوابوون).




هەر کەس تەوەلود دووبارەش نیەن

هەڵبەت سەعادەت ستارەش نیەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٨٧: ٢٥٩).

لە نموونەکەی سەرەوەدا، میتافۆری چەمکیی لە هەر یەکە لە وشەی (تەوەلود/ لەدایکبوون)دایە، جۆری میتافۆرەکەش ئاراستەیيە و ئاستی (سەرەوە)، لەخۆئەگرێت و هەڵگری چەمکی (شادیی/ بەختەوەریی)یە. بەو پێیەی شاعیر ئاماژە بۆ جۆرێکی تری لەدایکبوون ئەکات، کە جیاوازە لە لەدایکبوونەکە ئاسایی و سروشتییەکە و هەموو کەس پێیدا ناڕوات و ئەزموونی ناکات، بەڵکو ئەمە تەنها ئەزموونێکە، مەولەویی خاوەندارێتیی ئەکات.

خشتەی ژمارە (٩) میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی (تەوەلود).




ئیمشەو هەم خەمان وەنەم سەرداوە

سەر تا پای تەنم ئاير وەرداوە (دیوانی مەولەویی، ١٣٨٧: ١٩).

لە دنیای ئەزموون و بیر و ئەندێشەی مرۆڤدا وشەی (ڕۆژ/ سبەینیان)، لە ئاستی (سەرەوە) جێ ئەگرێت، لە بەرانبەردا وشەی (شەوان)، ئاڕاستەی (خوارەوە) لەخۆئەگرێت و هەڵگری چەمکی (بێداریی/ بێقەراریی)یە. جێی ئاماژەیە، کە مەولەویی بە یەکێك لەو شاعیرانە ئەژمێردرێت، کە چەمکی (شەو)، زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە دەقە شیعرییەکاندا هەیە، بێگومان ئەم دیاردەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و مامەڵەی تایبەتی شاعیر لەگەڵ شەودا.

خشتەی ژمارە (١٠)، بنەمای ئەزموونیی میتافۆری ئاڕاستەیی (شەو).




دایم دل ڕەنجوور هیجران یارم

زنجیر جەفای زوڵف نیگارم (دیوانی مەولەویی، ١٣٨٧: ١٩).

میتافۆری چەمکیی ئاڕاستەیی ئەم دەقە بریتییە لە وشەی (هیجران)، کە ئاڕاستەی (خوارەوە) و چەمکی ( نائارامیی)، ئەگرێتەوە. لە بەرانبەردا وشەی (ویساڵ)، کە لە دەقەکەدا نەهاتووە، ئاڕاستەی (سەرەوە) و چەمکی (بەختەوەریی و شادیی)، پێك ئەهێنێت.

خشتەی ژمارە (١١)، بنەمای ئەزموونیی میتافۆری ئاڕاستەیی (هیجران).




٢. میتافۆری پێکهاتەیی: ئەوانەن، کە تیاناندا چەمکێك لە ڕوانگەی چەمکێکی دیکەوە بە شێوەی میتافۆر دادەڕێژرێت. هەڵبەتە توانای ئەو میتافۆرە پێکهاتەییە بۆ گرێدانی دوو شتی تەواو جیاوازە بۆ خەیاڵی مرۆڤ ئەگەڕێتەوە، چونکە لێکچوون و جیاوازییەکان لە ڕێگەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە دێتە کایەوە، وەك:

وە نسیوت بۆ سەرمایەی ئیمان

نەوی وە ڕێش خەند سوخریەی شەیتان (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٨٧).

بە وردبوونەوە لە میتافۆری پێکهاتەیی (ئیمان سەرمایە)یە، ئەو ڕاستییە بەرجەستە ئەبێت، کە (ئیمان)، وەکو یەکەیەکی ئەبستراکتی بواری مەبەست، لە ڕێگەی ئەزموونکردنی (سەرمایە)وە، کۆزانیاریی بەرجەستە ئەکرێت. بە واتایەکی تر زۆرترین کۆزانیاریی لە (ئیمان)دا، کە بواری مەبەستە، بەهۆی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ (سەرمایە)دا، کۆبووەتەوە. واتە بەهۆی (سەرمایە)وە، کە بواری سەرچاوەیە بەرجەستەی (ئیمان)، کە کراوە. لێرەدا نەخشەکێشانی (Mapping)، لە نێوان بواری سەرچاوە و بواری مەبەست لە میتافۆری چەمکیی (ئیمان سەرمایە) دا روون ئەکەینەوە:

خشتەی ژمارە (١٢)، نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکیی (ئیمان سەرمایەیە).

بواری سەرچاوە (سەرمایە) نەخشەکێشان بواری مەبەست (ئیمان)




سوود سەرمایەی عەقیدەکەی وێت

وەر نە من لافاو تاوانان بەردەم   (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٢٤).

میتافـۆری چەمكیـی پێكهاتەیـی دەقەكـەی سـەرەوە بریتییـە لـە (تـاوان سـەرگەردانییە)یە، ئـەو راسـتییە بەرجەسـتە ئەبێـت، كـە ( تـاوان )، بـواری مەبەسـتە و بەهـۆی (لافـاو)وە، كـە بـواری سـەرچاوەیە، وێنـا كـراوە. دیـارە پەیوەندیـی و گونجاندنێـك لـە نێـوان (تـاوان و لافـاو)دا هەیـە و ئەبێتـە نەخشـەكێشـانMapping))، :

خشتەی ژمارە (١٣)، نەخشەكێشانی میتافۆری چەمكیی (تاوان لافاوە).

بواری سەرچاوە (تاوان)   نەخشەكێشان   بواری مەبەست (لافاو)




میتافـۆری بوونناسـیی: لـە میتافـۆری بوونناسـییدا چەمكـە ئەبسـتراكتەكان لـە وێنـەی هەسـت و سـۆز، بیرۆكـەكان، رووداو و چالاكییـەكان، لـە رێگـەی قـەوارە و بوونـە فیزیكیـی و ماددییەكانـەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا كـرا، ئیـدی دەتوانیـن ئـەو چەمكـە پۆلبەندیـی بكەیـن، یـان بـڕ و چەندێتییەكـەی دیـاری بكەیـن و تەنانـەت تـێ بفكرێـن و لێكدانـەوەی بـۆ بكەیـن. وەك پێشـووتر نیشـان درا ئـەم جـۆرەی میتافـۆر بەسـەر سـێ جـۆردا پۆلێـن كـراوە، ئەوانیـش بریتیـن لـە (میتافـۆری بوونناسـیی بـوون و مـاددە، میتافـۆری بوونناسـیی كۆنتەینەر/دەفـر، میتافـۆری بوونناسـیی مرۆڤانـدن). لێـرەدا نموونـەی شـیعرییان بـۆ ئەهێنینـەوە.

## ١. میتافۆری بوونناسیی بوون و ماددە:

كوورەی ئارەزوو جۆش سەختشەن

ئای بێ مەیل، دەخیل وەختشەن   (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٤١٠).

پـاش تەماشـاكردنی دەقـە شـیعرییەكە، ئـەوە درك ئەكرێـت، كـە كـۆدی دەقـە شـیعرییەكە لـە (كـوورەی ئـارەزوو)دا، چڕبووەتـەوە، بەجۆرێـك (كـوورە)، بـواری سـەرچاوە و (ئـارەزوو)، بـواری مەبەسـتە. بـەم پێیـە (ئـارەزوو)، بـە هێـمای (أ) و (كـوورە) كـە ئامێـرە، بـە هێـمای (ب)، ئەنوێرێـن و پاسـاودان بـۆ دیاریكردنـی بوارەكـە بهێنرێتـەوە: ئـارەزووی گەیشـتن بـە

دیدارت، بەجۆرێکە، وەك کووره جۆشی سەندووه، بۆیە شاعیر داوا لە مەعشوقەکەی ئەکات بە هانایەوە بێت، تاوەکو ئارەزووی گەرم و پرجۆشی دامرکێتەوە.

نەك چون من وضوو وه هووناو ئەسته

خەم سیواك، نمای مەینەتان بەسته

نیشتەی گۆشەی تار نماز خانەی دەرد

روو نە پای میحراو هەناسان سەرد (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ١٥٤).

لێرەدا کۆدی دەقە شیعرییەکە لە چەمکی میتافۆری ( خەم سیواك )دا، چڕبووەتەوە. بەجۆرێك، کە میتافۆرەکە لە بەردەوامی بەکارهێنانی سیواك لەلایەن موسڵمانانەوە سوودی لێ وەرگیراوە، واتە لە لێکچوونی بەردەوامیدا وەك یەکن. لێرەدا ( سیواك)، بواری سەرچاوە و (خەم)، بواری مەبەستی پێك ئەهێنن. بەم پێیە (خەم)، بە هێمای (أ) و (سیواك) کە کەرەستە، یاخود ئامێرە، بە هێمای (ب)، ئەنوێرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی بوارەکە ئەهێنێتەوە. لە بەشی تیۆریید ئاماژە بەوە درا، کە بوارە چەمکییەکان دوو کۆمەڵەی جیاوازن و لەسەر بنەمای سیستەم کار ئەکەن، واتە لە نێوان هەردوو بواری سەرچاوە و بواری مەبەستدا جۆرێك لە پێکەوەیی و گونجاندن هەیە، ئەو پێکەوەیی و گونجاندنە پێی ئەوترێت نەخشەکێشان، وەك لە پەیوەندیی نێوان وشەی (خەم و سیواك)، بە ئاشکرا دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا میتافۆرە چەمکییەکان لە هەموو زمان و کلتوورێکدا یەکسان و وەك یەك نین، بۆ نموونە (سیواك)، تایبەتە بەو نەتەوانەی، کە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام ئەکەن و موسڵمانن، وەك لە خشتەکەدا نیشان دراوە:

خشتەی ژمارە (١٤)، نەخشەکێشانی میتافۆری چەمکیی (خەم سیواکە).

بواری سەرچاوە (سیواك) نەخشەکێشان بواری مەبەست (خەم)




نمونەی دڵ شووشە بۆ ئێرە دەبێت.

٢.میتافۆری بووناسیی کۆنتەینەر/دەفر: بوونی ئەم جۆرە میتافۆرە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، زۆر جار مرۆڤ بە پێی ئەو شارەزایی و ئەزموونەی هەیەتی، وەك دەفرێك مامەڵە لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری خۆیدا ئەکات، وەك لە نموونەکەی خوارەوەدا دەرئەکەوێت:

**جلیوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە گەرد**

فەرمات پەی تەزبێع ها ڕەوانەم کرد (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ١٥٤).

ئەو کۆدە شیعرییەی، کە لەم دەقەدا چڕبووەتەوە بریتییە لە (دڵی پڕ گەرد/ دڵی پڕ خەم)، بە چەشنێك (خەم)، بواری سەرچاوە و (دڵ)، بواری مەبەستی پێکهێناوە. لێرەدا (دڵ)، بە هێمای (أ) و (خەم)، بە هێمای (ب)، ئەنوێنرێن و پاساودان بۆ دیاریکردنی بواری ئەهێنرێتەوە. دڵی شاعیر، کە بواری مەبەستی میتافۆرەکەی پێکهێناوە، وەك دەفرێك تەماشای کراوە، کە هەندێك جار خەم تێی ئەچێت و بەهۆیەوە کەسە خەمبار و نیگەران ئەبێت، ئەم لایەنە ئەبستراکتە بۆئەوەی زیاتر روون بێتەوە، خراوەتە ناو چوارچێوەیەکی دەفرییەوە و هەر لەوێوە ئاشنایی لەگەڵ ئەم چەمکە پەیدا ئەبێت.

**کۆز سۆچیای دەروون پڕ دەرد**

ماڵات شادیم یەکسەر قڕان کەرد (مەولەویی، ١٣٧٨: ٤١٩).

میتافۆری چەمکیی بوونناسیی دەقەکە بریتییە لە (دەروونی پڕ لە دەرد)، بەجۆرێك (دەروون دەفرە) و شوێنی کۆبوونەوەی ئازار و ناخۆشییە، بە چەشنێك دەرد بواری سەرچاوە و دەروو بواری مەبەستی میتافۆرەکە پێك ئەهێنێت.

٣. میتافۆڕی بوونناسیی مرۆڤاندن: ئەم جۆرە میتافۆرە تایبەتمەندییەکی ئاخاوتنە، کە تیایدا شتێك، یان بوونێکی فیزیکیی وەکو مرۆڤ وێنا ئەکرێت. ئەم جۆرە میتافۆرە لەم دوو نموونە شیعرییەدا بەرجەستە بووە:

پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خەجڵ

دیم شادی وەس دا ئە دەروازەی دڵ

واتم نامانی هەرگیز های چێشەن

لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ١١٠).

بەو پێیەی سیفەتی (دواندن)، کردەیەکە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە مرۆڤ، هەر هەمان سیفەتیش بە (شادیی)، دراوە، کە ناوێکی واتاییە و خۆی هێزی ئاخاوتنی نییە. کۆدی دەقە شیعرییەکە بریتییە لە (شادیی مرۆڤە)، بەجۆرێك (مرۆڤ)، بواری سەرچاوە و (شادیی)، بواری مەبەستی میتافۆرەکە پێك ئەهێنێت.

خشتەی ژمارە (١٥)، میتافۆری چەمکیی بوونناسی/ مرۆڤاندن (شادیی وەك مرۆڤ).

| بواری سەرچاوە | بواری مەبەست |
|---|---|
| مرۆڤ | شادیی |

چەپگەرد پەی دووریت شانا مۆرەی نەرد

وە ظاهر (بانە ش وە بەهانە کەرد (دیوانی مەولەویی، ١٣٧٨: ٨).

روونە، کە سیفەتی (هەڵدان)، کردەیەکە تایبەتە بە مرۆڤ، ئەتواندرێت ئەو راستییە دەربخرێت، لە نموونەکەی سەرەوە، هەمان سیفەت بە (گەردوون)، دراوە، کە خۆی هێزی کردەی هەڵدانی نییە. کۆدی چەمکە میتافۆرییەکە بریتییە لە (گەروون وەك مرۆڤ)، بەجۆرێك (مرۆڤ)، بواری سەرچاوە و (گەردوون)، مەودای مەبەستی میتافۆرەکە پێك ئەهێنێت.

خشتەی ژمارە (١٦)، میتافۆری چەمکیی بوونناسی/ مرۆڤاندن (گەردوون وەك مرۆڤ)ە.

| بواری سەرچاوە | بواری مەبەست |
|---|---|
| مرۆڤ | گەردوون |

پێشنیار و راسپاردە:

١. نووسین و تەرخانکردنی توێژینەوەی زیاتر پەیوەست بە دەقە شیعرییەکانی مەولەویی و بەستنەوەیان بە رێباز و تیورەکانی زانستی زمانەوە.

٢. لێکدانەوە و راڤەکردنی چەمکی میتافۆرییەکانی نێو دەقە شیعرییەکانی شاعیر، بەتایبەت میتافۆری چەمکیی (عەشق، کات، شوێن، ژیان و مردن).

٣. لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکانی مەولەویی بە پێی تیوری ئاوێتە، کە یەکێکە لەو تیورە نوێیانەی ئەمڕۆ و ئەکرێت لە بواری شیکردنەوە دەقی شیعرییدا بەسوود بێت.

# ئەنجام:

## لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە:

١. زانستی زمانی درکپێکردن بە یەکێك لە زانستە گرنگ و پڕبایەخی نێو لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی دائەنرێت، سەرنجی زمانەوانانی بە لای خۆیدا راکێشاوە، تا لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەم پێشکەش بکەن. میتافۆری چەمکیی یەکێکە لەو تیورە نوێ و کاریگەرانەی زانستیی درکپێکردن، کە لایەن لاکۆف و جانسۆنەوە رابەرایەتی دەکرا، ئەو پێشەنگانە میتافۆر بە پێداویستییەکی زمان ئەزانن و جەخت ئەکەنەوە، کە میتافۆر بەشێوەیەکی نائاگایانە بەرهەم دێت. میتافۆریش لە سێ پێکهێنەری وەك (بواری سەرچاوە، بواری مەبەست، نەخشەکێشان) پێك دێت، خودی نەخشەکێشان ئەبێتە خاڵی یەکانگیریی و پەیوەندیی نێوان هەردوو بوارەکە.

٢. بەکارهێنانی چەمکە میتافۆرییەکان لە دەقە شیعرییەکانی مەولەوییدا، تەنها لایەنی هونەریی و جوانکاریی لەخۆ ناگرن، بەڵکو ئەرکێکی گرنگتر لەخۆ ئەگرن، ئەویش ئەوەیە، کە شاعیر لە رێگەی چەمکانەوە گوزارشت لە دنیابینیی، ئەزموون و دیوی ناوەوەی رووداو و شتەکانی دەوروبەر و ژینگەکەی ئەکات. ئەنجامی توێژینەوەکە نیشانی ئەدات، کە مەولەویی مامەڵەیەکی زیرەکانە و داهێنەرانەی لەگەڵ زماندا کردووە و بەهۆیەوە چەندین میتافۆری چەمکیی بەرهەم هێناوە، بەشێك لەو چەمکانەیش بریتیین لە میتافۆری چەمکیی عیرفانیی، وەك (ئایین، ئیمان، قیامەت، شەو، سیواك، دڵ، هیجران، خەم، تاوان، غەفڵەت، شەرم، گەنجیی، شادیی و بەختەوەریی)، بەکارهێنانی ئەم چەمکانەیش، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزموون و شارەزایی عیرفانیی مەولەویی.

٣. هەموو میتافۆرە چەمکییەکان لە شیعری شاعیردا بەرجەستە کراون، لەوانە میتافۆری چەمکیی (ئاراستەیی، پێکهاتەیی، بوونناسیی)، لەو نێوەندەیشدا میتافۆری چەمکیی ئاراستەیی رێژەیەکی بەرچاوی بۆ خۆی تەرخان کردووە، کە چەشنی ئاراستەی (خوارەوە، سەرەوە، ناوەوە بۆ دەرەوە)، هەڵئەگرێت.

## سەرچاوە:


سەرچاوە کوردییەکان

- رووخسار نەبی مەقدید (٢٠٢٢)، فرەواتایی لە چاووگی (خواردن، گرتن)، لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری توێژەر، ژمارە (٢).

-شاهۆ ساڵەح حەمە حوسێن (٢٠٢٣)، درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە رێزمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی.

- شیلان رەحیم ئیبراهیم (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی.

- کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی رێزمانی کوردیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، بەشی (B)، ژمارە (٣٤).

مەلا عەبدولکەریم مودریس (١٣٨٧)، دیوانی مەولەویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، سنە (کوردستان).

- گۆنا عومەر عەبدوڵلا (٢٠٢٣)، تۆڕبەندی رێزمانی وشە لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی.

- هۆشەنگ فاررووق جەواد (٢٠٢٢)، پوختەیەکی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان و پەیڕەوکردنی بەسەر هەندێ ئیدیۆمی کوردییدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردیی، ژمارە (٤٩).

سەرچاوە فارسییەکان:

- جرج لیکاف و مارك جانسون (١٣٩٩)، استعارەهایی کە باور داریم، مترجم: راحلە گندمکار، نشر علمی، تهران.

- زهرە هاشمی (١٣٨٩)، نظریە استعارە مفهومی از دیدگاە لیکاف، مجلە ادب پژوهشی، شمارە دوازدهم، تابستان.

- کوچش (١٣٩٣)، مقدمەای کاربردی بر استعارە، ترجمە شیرین پور ابراهیم، انتشارات سمت، تهران.

- محمد راسغ مهند (١٣٩٨)، درآمدی بر زبان شناسی شناختی، نظریە و مفاهیم، تهران.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Evans, Vyvyan and Melanie Green (٢٠٠٦), Cognitive Linguistics: A Complete Guide, Edinburgh University Press.

- Geerarts, D. & Cuyckens, H. (٢٠٠٧), The Oxford handbook of Cognitive Linguistics, Oxford University Press, New York.

- Kovecses, Z. (٢٠١٠), Metaphor: A practical introduction. Oxford: Oxford, University Press.

- Lakoff, G. and M. Johnson. (١٩٨٠), Metaphor We Live By. Chicago: The University of Chicago Press.

Lakoff, G. and M. Johnson. (٢٠٠٣), Metaphor We Live By. Chicago: The University of Chicago Press.


مفهوم الإستعارة في أشعار المولوي


ا.م. سرور سعدالله صالح

جامعة جرمو


## الملخص


منذ القدم، استخدم الشعراء والأدباء والكتاب والمبدعون الاستعارة غالباً كأسلوب المحادثة،علاوة على ذلك بهدف تحقيق بعض أهداف الفنية وبيان تأثير البلاغي في كل من كلام ونص المكتوب. مقابلاً من النظرة القديمة للاستعارة،

يوجد مفهوم آخر الذي يسمى بالإدراك اللغوي، له رؤية مختلفة تماما لمفهوم الاستعارة وهم يرون أن النظام الدلالي الذي اعتاد عليه الناس يوميا، ويعيشون معها حتى يفكرون من خلالها وهو في الأساس مخطلة بالاستعارة. لذلك أن الانسان من خلال خبراته و فهمه للأشياء وذلك بسبب النوع أو الموضوع وأشياء الاخرى يفهم من مضمون الاستعارة، ومن هذا المنطلق تعمل الاستعارة على المدى، وهي المدى المصدر و المدى الغرض، و تعرض نتيجة هذا البحث أن النصوص الشعرية للمولوي أن عمل خريطة الاستعارة كانت على شكل من المدى المصدر إلى المدى الغرض . من خلال المدى المصدر نفهم من الحجم و المساحة الخبرات الانسان بسهولة، ويكون المصدر الغرض مفهموم الذي يحاول الشاعر تحليلها. على رغم من ذلك أن الشاعر يبدع في التعبيرعن الجانب الداخلي والعالم الخارجي من خلال عدة مفاهيم مستعارة مثلا ( الاتجاهية، الصوابية، البنيوي، الوجودية) وأبرزها استخدام المفاهيم الاتجاهية.

الكلمات المفتاحية:

(الادراك اللغوى، الادراك الدلالي الاستعارة، للمولوي).

# Metaphorical concepts in the Mawlawy's poems cognitive

## Abstract

From the past, the poets and creative writers, used metaphor as a way of utterance. They intended to realize some aims of art and embody the role of rhetoric in the speech and writing. Opposite of the classical view of metaphor, there is another view of metaphor that is cognitive linguistics. Which is totally a different view of metaphor, they believe the systematic meaning that people deal with and use it daily and even think according to the system, basically combined with metaphor. So, people through experience and understanding of something, because of other themes can understand the core of the metaphor. In this aspect, metaphor works on the ranges which are resource range and intention range. The result of the research shows that in the Mawlawy's poems, the metaphorical ranges go from resource range to intention range. Because of the resource range, understanding the experience of the human could be easy, the intention range is a concept that the poet tried to analyse. Besides the poet in a creative way realized the internal and external world of himself. He used some metaphorical concepts such as direction, structure , existence. The most noticeable one is the metaphorical concept of direction.

Keywords: cognitive linguistics, cognitive semantics, metaphor, Mawlawy.

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# نەرمەگوتار و كاریگەرێتیی لەسەر وەرگر (هەڵبژاردنی پارێزگاكان- كەركووك) بە نموونە

**م.ی. بەهادین محەمەد عەبدولرەحمان**

**پەیمانگای تەكنیكی سلیمانی/ بەشی تەكنیكی میدیا**

Bahaddin.abdulrahman@spu.edu.iq

**پ.دڵشاد عەلی محەمەد**

**بەشی میدیا- كۆلیجی كارگێریی-زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلیمانی/**

Bahaddin.abdulrahman@spu.edu.iq

## پوختە:

توێژینەوەی بەردەست، سەبارەت بە بابەتێكە پەیوەستە بە نەرمەگوتار و ئەو كاریگەرێتیانەی لەسەر وەگر دای ئەنێت. بە بۆچوونی شارەزایانی بواری راگەیاندن، نەرمەگوتار یەكێكە لە هۆكارە بەهێزەكانی قایلكردنی وەرگران بەو ناوەرۆكەی ئاراستەی ئەكرێت. واتە ئەونەرمەگوتارانەی كە كۆی راگەیاندنەكان بۆ كاریگەرێتیی دانان ئاراستەی وەرگرانی ئەكەن. توێژینەوەكە ئامانجەكانی خۆی لە دوو خاڵدا چڕكردۆتەوە، جەختكردنەوە لەسەر ئەوكاریگەرێتیانەی كە نەرمەگوتارەكان، لەسەر وەرگرانی دایان ئەنێت و، پەیبردن و دۆزینەوەی ئاستی ئەو كاریگەرێتیانەی كە ئەو نەرمەگوتارانە لەسەر وەرگران دایان ئەنێت.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی وەسفییە و بە گونجاو زانراوە بۆ كاركردن لەسەری تا بەهۆیەوە پەی بە وردەكاریی بگۆڕەكان و پەیوەندییەكانی نێوانیان ببرێت كە خۆی لەو فەزا بارگاویەدا ئەبینێتەوە، بارگاوی بە كاریگەرێتیی دوو لایەنەی نێوان نێرەر و وەرگر، لە رووماڵیشدا راپێوینامەی بنكۆڵكاریی بۆ گەیشتن بە ئەنجامەكان پەیڕەو كراوە، كە تێیدا پشت بە دەنگدەرانی كورد لە پارێزگای كەركوك بەستراوە. وەك مشتی كۆمەڵی توێژینەوەكە لەو هەڵبژاردنەدا، كە لە پارێزگاكانی عێراقدا (٢٠٢٣) كردووە و تێیدا بەشداربوون. لە كۆمەڵی توێژینەوەكەشدا (١٠٠) كەس وەك (مشت) بۆ توێژینەوەكە وەرگیراوە، لە هەردوو رەگەز.

گرنگترین دەرەنجامەكانیش بریتین لە یەكەمیان بێ هێزیی كاریگەرێتیی نەرمەگوتارەكان لەسەر بەرتوێژان بۆ جوڵاندنی لایەنداربوونیان (انتما)، بۆ چوونە پای سندووقەكانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردن لەو شارەدا. لای وەرگرەكان، دووەمیشیان راگەیاندنی كۆمەڵایەتییی زۆرترین پشكی بۆ وەرگرتنی گوتارەكان هەبووە. بە بەراورد بەكۆی ئامرازەكانی تری راگەیاندنەكان، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارێزگاكاندا، لە شاری كەركوك لەساڵی(٢٠٢٣)دا.

**كلییلە وشەكان: (نەرمەگوتار، كاریگەرێتیی، وەرگر، هەڵبژاردن).**

Recieved: 7/9/2024
Accepted: 2/10/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەكیی:

توێژینەوەی بەردەست، ئاماژە بە كاریگەرێتییەكانی نەرمەگوتارەكان ئەكات كە بۆ ئامانجێكی دیاریكراو ئاڕاستەی وەرگران ئەكرێت لای گوتارنێرانەوە، توێژینەوەكە جەخت لەسەر ئەوە ئەكاتەوە، ئەو نەرمەگوتارانە لە رووی: چەمك، مێژوو، تایبەتمەندیی، جۆر و شێوازی بەكارهێنانەوە شیی بكاتەوە.

هەروەها بەدوای ئەو ناڕوونیی و لێڵیانەوەیە كە لەئاراداند دەربارەیان، تا وەڵامێكی زانستییانەیان بۆ بدۆزێتەوە، كاتێك گوتارەكان وەك كاڵایەك لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە بۆ ئامانجێكی دیاریكراو جا (ئەرێنیی یاخود نەرێنیی) بن، ئەخرێنەڕوو لەوێدا نەرمەگوتارەكان وەك كردەی كاریگەرێتیی لەسەر وەرگر كاریان لەسەر ئەكرێت.

ئەكرێ نەرمەگوتارەكان لە رێگای؛ گوتاری دەروونیی، رووناكبیریی، كۆمەڵایەتیی، ئابووریی، رامیاریی و ئایدۆلۆژییەوە بخرێتەڕوو. بەمەبەستی قایلكاریی لە رێگەی رەهەندەكانی كاریگەرێتییەوە (ناسەنیی، رەفتەنیی و سۆزەنیی)یەوە، تا بەرەو ئاڕاستەیەكیان بەرێت كە گوتارنێر وەك ئامانجێك پێشتر دیاری كردووە.

لە نەرمەگوتاردا، بەپێچەوانەی سەختی جەنگەوە كە مەبەست لەوە داگیركردنی جوگرافیاییە كە لە رێگەی پەلاماردان و توندوتیژیەوە. ئەو لە هەوڵی داگیركردنی جوگرافیایی (كولتووری، رووناكبیریی، بیركردنەوە و بڕیاردان، بەرژەوەندییە جیاجیاكاندایە، بەبێ توندوتیژی بۆ ئامانجێكی دیاریكراو لە ژینگەیەكی كۆمەڵایەتیی دیاریكراودا).

توێژینەوەكە هەوڵ ئەدات ئەو ناڕوونیی و لێڵیانەی كرۆكی ئەو نەرمەگوتارانە لە ژێر كاریگەرێتیی كات و شوێن و رەهەندەكانی كاریگەرێتیی دا (ناسەنیی، رەفتەنیی و سۆزەنیی)دا، روون بكاتەوە و لە رێگەیانەوە بگاتە ئەنجامێكی زانستیی جا ئەرێنیی یاخود نەرێنیی بن. لە رێگەی سەرچاوەی زانستیی وەڵامی بەرتوێژەكانەوە.

### ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێكهاتووە: رێبازنامە، لایەنی بیرنامەیی، كردەنیی.

### ١- كێشەی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە، كار لەسەر رەهەندەكانی نەرمە گوتار و كاریگەرێتییەكانی لەسەر وەرگر ئەكات. لە كەناڵە جیاوازەكانی بواری راگەیاندندا تا لە رێگای توێژینەوەكەوە بەدواداچوون بۆ ئەو ناڕوونیی و لێڵییانەی نەرمە گوتار بكات لەسەر وەرگرانی كە ئەوەش كێشەی توێژینەوەكەیە. توێژەر هەوڵ ئەدات بە شێوازێكی زانستیی بە سوودوەرگرتن لەسەر توێژینەوەكانی پێشوو و راپێوپینامەوە بگاتە ئاستی ئەو كاریگەرێتیانەی كە نەرمەگوتار لەسەر وەرگرانی جێ ئەهێڵێت و بە هۆیانەوە لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەكانیشی روون ئەبێتەوە.

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئەو ئەنجامە، چەند پرسیارێكی لا درووست بووە و لە رێگای سەرچاوە زانستییەكان و راپێوینامەكەوە، لە هەوڵی گەیشتندایە بە وەڵامێكی درووست و زانستیی و پرسیارەكانیش بریتین لە:

أ- ئەو كاریگەرێتیە ناسەنییانە (المعرفي) كامانەن كە نەرمەگوتار دایناوە لەسەر وەرگر؟.

ب- ئەو كاریگەرێتیە رەفتەنییانە (السلوكي) كامانەن كە نەرمە گوتار دایناوە لەسەر وەرگر؟.

پ- ئەو كاریگەرێتیە سۆزەنییانە (العاطفي) كامانەن كە نەرمەگوتار دایناوە، لەسەر وەرگری ئەو جۆرە گوتارانە؟.

ت- ئەو كاریگەرێتیانەی كە نەرمەگوتار دایناوە لەسەر وەرگر، لە چ ئاستێكدایە؟.

### ٢- بایەخی توێژینەوەكە:

لە چوارچێوەی هەر توێژینەوەیەكی زانستییدا (بایەخ)، جێگایەكی تایبەتی لە توێژینەوەكاندا هەیە. لەهەر

توێژینەوەیەکدا (بایەخ) پێوەرێکی گرنگە لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی کێشەی توێژینەوەکەدا. هەر ئەو پێگەیەی بایەخیشە وای کردووە. لە رێبازنامەکاندا لە ریزبەندی دووەمدا بێت. بایەخی ئەم توێژینەوەیەش، خۆی لە پەیوەندییە پێکەوە گرێدراوەکانی نێوان رەگەزەکان و بگۆڕەکانی ناونیشانی توێژینەوەکەدا ئەخاتەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا (نەرمەگوتار) بگۆڕی سەربەخۆیە و (کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر)یش بگۆڕی هاوکارە. لە ناونیشانی توێژینەوەکەشدا، (هەڵبژاردنی پارێزگاکان- کەرکووك)، وەك روونکردنەوە و پاڵپشتێك بۆ کۆی ناونیشانی توێژینەوەکە هێنراوەتەوە. ئەکرێ (بایەخ) لە توێژینەوەکەدا بە کورتیی لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو:

أ- بایەخی بۆ کۆمەڵ: لێرەدا پەیوەستە بەکۆی تاکەکانی هەرێمی کوردستانەوە و بەردەوام لە پەیوەندییەکی دوو ئاڕاستەی کاریگەرێتییدان و ئەوەش ئەو کاریگەرێتییە بۆ دۆخە گشتییەکەی کۆمەڵ دائەبەزێت و ئەبێتە هۆکاری گۆڕانکاریی لەو کایەیەدا.

ب- بایەخی زانستیی: ئەم توێژینەوەیە، بایەخێکی زانستیی ئەبێت و لە کردەکانی زانستدا هۆکار ئەبێت بۆ دەوڵەمەندبوونی کتێبخانەی کوردیی کە سامانێکی نەتەوەییە.

پ- بایەخی هاوپیشەیی: ئەبێتە سەرچاوەیەکی زانستیی بۆ ناوەندەکانی هەرێمی کوردستان و لەوانەش دامەزراوەکانی راگەیاندن (ڕۆژنامەوانان).

ت- بایەخی بەشدارییکردن، لە یەکلاییکردنەوەی زۆرێك لەو ناڕوونیی و لێڵیانەی کە نەرمەگوتار لە رێگای کاریگەرێتییەکانیەوە، ئەیانهێنێتە ئاراوە.

ج- تێگەیشتنی زانستییانە، لەسەر بایەخی رەهەندەکانی ئەو کاریگەرێتیانە لەسەر وەرگر، بۆ بەرچاوڕوونیی توێژەران، لە داهاتوودا کە دەربارەی رێگەو کێشەکانی نەرمەگوتارەکان، لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا تاوتوێ ئەکرێت.

## ٣- ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژەر بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە چەند رەهەندێکی وەك ئامانج دیاری کردووە کە هەوڵ ئەدات لە رێگای شیکردنەوەی مەیدانییەوە پێیان بگات کە لە دوو رەهەندا ئەخرێتەڕوو:

أ- ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی لە چەند خاڵێکدا ئەخاتەڕوو بریتین لە:

-خستنەرووی کاریگەرێتییەکانی نەرمەگوتار، لە رووی ناسەنییەوە لەسەر وەرگر.

- خستنەرووی کاریگەرێتییە رەفتەنییەکان.

- خستنەرووی کاریگەرێتییە سۆزەنییەکان.

-گەیشتن بەو ئاستانەی کە کاریگەرێتی نەرمە گوتارەکان لەسەر وەرگر جێی ئەهێڵن.

ب- ئامانجی لاوەکی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی گەیشتن بە کاریگەرێتییەکانی نەرمەگوتار لەسەر وەرگر، کردەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان – کەرکووك، بە نموونە وەرگیراوە، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە:

-گەیشتن بەو راستیانەی کە نەرمە گوتار، لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر ئەبێت، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەنجامەکان بەلای ئەرێنیی یاخود نەرێنییدا.

- خستنەرووی دۆخی وەرگر تا چ ئاستێك لە کاریگەرێتیەکانی نەرمە گوتار تێگەیشتووە.

## ٤- ڕێباز، ڕێکارو ئامرازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفیی بە ڕێبازێکی گونجاو زانراوە بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەکە، لەڕێکاری توێژینەوەکەشدا، ڕێکاری روماڵکردن بۆ بەجێهێنانی گیراوەتەبەر. ئامرازی توێژینەوەکەش (راپێوینامەی بنکۆڵکاریی)یە، تییدا هەوڵ دراوە دارشتنی پرسیارەکان ورد و چڕ و پوخت بن، تا بەرتوێژان لە ماوەیەکی کەمدا و بە روونی بتوانن زانیارییەکان تاوتوێ بکەن و وەلام بدەنەوە. لە ڕێگای وەڵامی بەرتوێژانیشەوە، ئەنجامێکی گونجاو بەدەست بهێنرێ ئەو ناروونیی و لێڵیەی کە لە کێشەی توێژینەوەکەدا لە ئارادایە، یەکلایی بکاتەوە.

## ٥- درووستیی و جێگیریی :

بۆ دڵنیابوون لە (درووستیی وجێگیریی)، پرس و وەڵامەکانی راپێوینامەی توێژینەوەکە دەقی راپێوینامەکە رووبەڕووی (٥) شارەزا کراوەتەوە١*، ئەو شارەزایانەش بە تێبینی و راسپاردەکانیان، راپێوینامەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە. دواتر دابەشکرایەوە و وەرگیرایەوە، ڕێژەی درووستییەکەی (٩٣/٠)ە کە لە رووی زانستییەوە ڕێگەپێدراوە. پاش تێپەڕبوونی (٢٥) رۆژ بەسەر وەڵامەکاندا، بۆ جاری دووەم (٢٠/٠) راپێوینامەکان دابەش کرایەوە و پاش وەرگرتنەوەیان دەرکەوت (٨٣/٠) هاوڕابوون و ئەو ڕێژەیەش پەسەندە لە رووی زانستییەوە.

## ٦- سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە چەند رەهەندێکی جیاوازی لەخۆگرتووە بریتیە لە:

سنووری شوێن: بریتین لە بنکەکانی هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووك و ئەو شوێنانەی کە دەنگیان تێدا دراوە، بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی نەرمە گوتار، لەسەر دەنگدەرانی کورد لەو شارەدا (١٦- ١٨ی ١٢/٢٠٢٣).

سنووری مرۆیی: کۆمەڵی دەنگدەری کورد بووە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە شاری کەرکوک کە مشتەی لێ وەرگیراوە بۆ توێژینەوەکە.

سنووری بابەت: لە توێژینەوەکەدا بایەخ و کێشەی سەرەکیی، نەرمە گوتار و کارگەرێتییەکانییەتی وەك بابەتی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

سنووری کات: کاتی تاوتوێی بابەت و کێشەی توێژینەوەکەیە، (٣) مانگ دیاریکراوە. مانگێک بەر لە هەڵبژاردن تەرخان کرا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و دوو مانگیش بۆ هەڵبژاردن و لێکەوتەکانی.

## ٧- کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی دەنگدەرانی کورد، ئەو دەنگدەرانەن، هەندێکیان وەك مشتەیەك وەرگیراون بۆ توێژینەوەکە وەك نموونەیەك لە کۆمەڵی کوردی دەنگدەر لە شاری کەرکووك لە کۆی (١٠٠) کەس کە فۆڕمیان وەرگرتووە، (٧) فۆڕم هەڵەی

١ * شارەزاکان بریتی بوون لە بەڕێزان:

١- پ.د. عومەرئەحمەد رەمەزان: زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن، میدیای نوێ.

٢- د. چۆلی ئەسعەد ، زانکۆی پۆلیتەکنیک، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، بەشی تەکنێکی میدیا.

٣-پ.ی. د. کاروان محەمەد حەسەن، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن.

٤- د. کامیل عومەر ، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن.

٥- د. هونەر رەسوڵ، زانکۆی پۆلیتەکنیک، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، بەشی تەکنیکی میدیا.

تێدابـووە و (٩٣) بەتـەواوی پڕکراوەتـەوە.

## ٨- بیرنامەی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە لەسـەر بنەمـای دوو بیرنامـەی (پشتبەسـتن بـە ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن) و (بیرنامـەی پیلانگێڕیـی)، داڕێژراوە و بـۆ ئـەو مەبەسـتە سـوودیان لێوەرگیراوە:

أ- بیرنامەی پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

ئـەم بیرنامەیـە لـە توێژینەوەکـەدا، سـوودی لـێ وەرگیـراوە بـۆ زانینـی ئـەو کاریگەرێتیانـەی ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن لەسـەر وەرگـر و لـەم خاڵانـەدا چـڕ کراوەتـەوە:

-ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن ئەتوانـن هەڵوێسـت و ئاراسـتەی بیرکردنـەوەی وەرگرانیـان بگـۆڕن، لـە ڕێـگای ئـەو گوتارانـەوە کـە ئاراسـتەیان ئەکـەن.

-ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەتوانن کاریگەرێتی دابنێن لەسەر ناسەنیی وەرگر.

-ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەتوانن گۆڕانکاریی لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی وەرگردا بکەن

-ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن، ئەتوانـن ڕەفتـاری وەرگـران بـە ئاراسـتەی ئەرێنیـی و نەرێنیـی بەهـۆی کاریگەرێتییەکانیانـەوە بگـۆڕن.

## ب- بیرنامەی (پیلانگێڕیی):

لـە زانسـتیی دەروونناسـیی و بـواری جەنگـی دەروونییـدا، کۆمەڵێـك بیرنامـە هەیـە کـە توێـژەر لـە توێژینەوەکەیـدا پشـتی بـە (بیرنامـەی پیلانگێڕیـی)، بەسـتووە. ئـەم بیرنامەیـە ئامـاژە بـەوە ئـەدات کـە بانگەشـە (propaganda) و واتـەوات (Rumor)، لـە لایـەن کەسـانێك یـا دامەزاوەیەکـەوە بـە مەبەسـتێکی دیاریکـراو دائەڕێژرێـت و ئەخرێتـەروو، دواتـر خەڵـك خۆبەخشـانە بـڵاوی ئەکەنەوە.

ئـەم بیرنامەیـە بـاس لـەوە ئـەکات کـە مەترسـییەکان لەوێـدا بەهێـز ئەبێـت، کەسـێك یـا لایەنێـك بانگەشـەکە ئـەکات و بـڵاوی ئەکاتـەوە، جەماوەریـش بـاوەڕی پـێ ئەکـەن و ڕەواجـی پـێ ئـەدەن و تەشـەنە ئـەکات و وەك خۆرکـە، هەڵچـوون لـە هـزری وەرگـردا ئەبزوێنێـت. بـەو مانایـەی کـە گوتـارە پیلانگێڕییەکـە کـە ئاراسـتەی کـەس و کەسـانێك و دامەزراوەیـەك، چیـن و توێژێـك، ئاییـن و ئاینزایـەك و نیشـتمان و نەتەوەیـەك، پارتێـک و لایەنێـک ئەکرێـت. بـۆ گۆڕینـی جـۆری بیرکردنـەوە و ئاسـتی ڕەفتـار نواندنەکانیـان، بـە بارێکـی تـردا جـا لایەنـی ئەرێنیی یاخـود نەرێنیـی بێـت.

## ٩- دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

ئەو زاراوانەی لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوون:

نەرمـە گوتـار: ئـەو گوتارانەیـە کـە لـە ڕێـگای (نەرمەجەنـگ)ەوە، لـە ئامرازێکـی ڕاگەیاندنـەوە، ئاراسـتەی وەرگـری ئـەکات، بـە مەبەسـتی کاریگەرێتیـی و قایلکردنـی.

کاریگەرێتیـی: لـە ڕێـگای کارلێکـی بەرژەوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، بەهـۆی دوو هـۆکاری کارتێکـەر (المؤثر) و کارلێکـراو (المتأثر)ەوە، لـە ئەنجامـدا کاردانەوەیـەك لای کارتێکراوەوە دێتـە ئاراەوە، بـەلای (ئەرێنیـی) یاخـود (نەرێنیـی)دا.

وەرگر: هەموو ئەو کەسانەن کە بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکاندا لە هەرێمی کوردستان دا.

هەڵبژاردن: لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانە کە لە (١٦-١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣) کرا.

## بەشی دووەم: نەرمە گوتار و کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر:

## یەکەم: نەرمە گوتار و ڕەهەندە جیاوازەکانی:

بە سەرنجدان لە پێوەرەکانی جەنگ و نەرمە گوتار کە شێوازێکە لە (نەرمە جەنگ)، زاراوەی جەنگ جۆر و تێڕوانینی جیاجیا لەخۆئەگرێت. ئەو تێڕوانینانەش لەسەر بنەمای: هاوسەنگیی هێز، جەنگی ڕەوا و ناڕەوا، جەنگ لەسەر بنەمای جوگرافیی. لەسەر ئاستی شێوازی پیادەکردنی کە لەخۆگریی، جەنگی هەمەلایەنە، سەرتاسەریی، سنوردار، هەروەها جەنگی ڕێکخراو و جەنگی پارتیزانیی(٢).جەنگ لەسەر بنەمای جۆر و شێوازی بەکارهێنانی جۆری چەك: ئەتۆمیی، نائەتۆمیی، چەکە گەرمەکان، کیمیایی و بایەلۆژیی و میکرۆبیی بێت.

جۆرە سەرەکییەکانیشی: سەختە جەنگ، نیو سەختە جەنگ و ئەوەی ئێستاش بە فراوانی بەکارئەهێنرێت نەرمە جەنگە(٣). کە لێرەدا ئاماژەیەکیان پێ ئەدرێت:

١- سەختە جەنگ (گەرمە جەنگ)٤*:

جۆرە توندوتیژەکەی جەنگە لە نێوان دوو هێز، دوو پارت، دوو گروپ و دوو وڵات و چەند وڵاتێکدا، لە ڕێگای پەلاماری چەکداری و هەڵمەتی سەربازییەوە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتێك و داگیرکردنی خاك و نەتەوەیەک هەڵئەگیرسێت و ئامانجێکی ڕامیاریی لە پشتەوەیە(٥).

٢- ئاوێتە سەختەجەنگ٦*:

جۆرێکە لە جەنگ کە تێیدا نەرمە جەنگ و هێزیش بەکار ئەهێنرێت، بۆ لەسەر کار لابردنی دەسەڵاتێك و بەرپرسی ناوچەیەك یا وڵاتێك، بە مەبەستی کودەتا، یاخود گۆڕینی ڕێکخستەی ڕامیاریی (سیستمی سیاسیی)، لەو شوێنە و هێنانەسەر کاری دەسەڵات و ڕێکخستەیەکی نوێ، کە تێیدا نەرمە گوتار و هێزیش بەشدار ئەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو(٧).

٣- نەرمە جەنگ ( نەرمەگوتار)٨*:

بەپێوەری جەنگ، نەرمە گوتار جۆرێکە لە نەرمە جەنگ و سەرەتا وەرگر زۆر هەست بەنیشانەکانی ناکات. نەرمە گوتار جۆرێکە لە کۆی ئەو هەڵمەتەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن، ئاراستەی وەرگرانێکی دیاریکراوی ئەکەن بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. نەرمە گوتار ئاراستەی دوژمن یاخود (مێمڵ)٩*یش ئەکرێت.

بۆ هەڵمەت بۆ سەر کلتوور، کایەیەکی کۆمەڵایەتیی، ڕووناکبیریی، ئابووریی و ڕامیاریی. تا لەو ڕێگایەوە کنە بکرێتە ناخی وەرگری کۆمەڵی ئامانج، بۆ هێنانەئارای دۆخێك تا لە ناخەوە بێ هیوای بکات و بیروخێنێت یا بە پێچەوانەوە. هەموو ئەو هەنگاوانەش بەبێ پەلاماری سەربازیی و ناڕاستەوخۆ و نەرم، ئاراستەی جەماوەری کۆمەڵی ئامانج ئەکرێت، کاریگەرێتیەکانی ئەبنە گوشار لەسەر ڕەهەندەکانی کاریگەرێتیی (ناسەنیی، ڕەفتەنیی و سۆزەنیی)، لەو ڕێگایەوە تەرزی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان بەو ئاراستەیەی نێرەری نەرمە گوتار نەخشەی بۆ دارشتووە ئەگۆڕێت.

---

٢ - سيد محسن كمالى كليمانى: عمليات ضد جنگ روانى، مركز آموزشى پژوهشى شهيد صياد شيرازى، تهران ١٣٨٨، ص ٢٨ - ٤٠.

٣ - مركز الحرب الناعمه: مدخل الى الحرب الناعمه، بيروت – لبنان ٢٠١٨، ص٨٥.

٤ * Hard Warfare.

٥ - هەمان سەرچاوە: لا ٨.

٦ * Warfare.

٧ - سيد محسن كمالى كليمانى: م. پ، ص ٤٨.

٨ * Soft Warfare.

٩ * مێمڵ: لە زمانی کوردیی دا، بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە لە چین و توێژو هاوزمان و هاونیشتمانیی خۆیانە و دەکرێت لەگەڵ یەکتردا ململانێیان هەبێت، بەڵام دوژمنایەتیی هەرگیز.

لەم جۆرەی نەرمە جەنگدا نێرەری نەرمە گوتار، بە تێچوونێکی کەم و بە خەرجدانی توانایەکی کەم و دەستەیەکی بەڕێوەبردنی کەم، ئەتوانێت ئامانجێکی گەورە بەدەست بهێنێت(١٠).

پێناسەکانی نەرمە گوتار:

نەرمە گوتار: بریتییە لە هەموو شێوازەکانی گۆکردن و دەربڕین بە زارەکیی، یاخود لە ڕێگای ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە، لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بە مەبەستی کاریگەرێتیی و قایلکردن، بۆ ئامانجێکی لە پێشدا دیاریکراو.

نەرمە گوتار: بریتیە لە گوتارێك کە لەخۆگریی کاریگەرێتیەکی دەروونییە، لە ڕێگەی بانگەشەو واتەواتەوە، بە هۆی دەربڕینی ڕووبەڕوو یا لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە، بەرانبەر کۆمەڵی ئامانج، جا دژایەتیی یا هەڵنان و هیواپێدان بێت، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژیی و جەنگی گەرم، ئاراستەی وەرگرانێکی دیاریکراو ئەکرێت(١١).

نەرمە گوتار: بریتییە لە جەنگی بیروباوەر کە بە شێوازی نهێنیی، ئاشکرا، زارەکیی، نووسراو، گۆکراو و بینراو ئەخرێتەروو بە مەبەستی ئاراستەکردنی وەرگر بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، بۆ کاریگەرێتیی دانان و قایلکاریی(١٢).

نەرمە گوتار: جەنگی دەروونییە هەوڵی گۆڕینی بۆچوون و ڕەفتاری بەرانبەر ئەدات بە لایەنی ئەرێنیی و نەرێنییدا(١٣).

لە ڕووی زاراوەوە نەرمە گوتار، بە جەنگی دەروونیی، نەرمە جەنگ، جەنگی سپیی، جەنگی ڕەنگەکان، جەنگی شاراوە، جەنگی بێدەنگ، جەنگی ڕاگەیاندن و گەیاندن، ناو ئەبرێت(١٤)

مێژووی نەرمە گوتار:

نەرمە گوتار، پێشینەکەی لەگەڵ سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتۆتە ئارا، لە مێژووی تۆمارکراودا، کۆنترین شێوازەکانی ساتی پێکدادانی کیدۆنیەکان و ماددەکان ئاماژە پێ بدرێت، کاتێك کیدۆنیەکان پەلاماری ماددەکانیان دا و بۆ ترساندنیان پەنایان بۆ ناردنی هەڕەشەکانیان، لە ڕێگای زیادکردنی شاپڵیتە ئاگراوییەکانەوە بوو. لەم جەنگەدا ژمارە شاپڵیتەکانیان زیاد کردووە و بەوەش گوتارێکیان بۆ دوژمن ناردووە کە گوایە ژمارەی سەربازەکانیان زۆرە(١٥). کاتێك نووسین هاتە ئارا و چاپ داهێنرا، نەرمە گوتارەکانیش شێواز و ناوەڕۆکی خۆیان لە ڕێگای وشەوە خستۆتەڕوو، کە ڕادیۆ داهێنرا و تەلەفزیۆن کەوتە بڵاوکردنەوەی پەخشەکانی خۆی لە ڕێگای دەنگ و وێنە و جوڵەوە، نەرمەگوتارەکانیان ئەنارد بۆ وەرگرانیان.

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندندا، لە نەرمە گوتارەکاندا گۆڕانکاری ڕیشەیی هاتە ئارا و تێکەڵی هەموو ژیانی مرۆڤ بووە، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش هۆکارێك بوون بۆ هەرچی زیاتر بەکارهێنانی نەرمە گوتار کە بۆ بێهیواکردنی دژەکان، یاخود هیوابەخشین بە لایەنگران بێت. ئەمڕۆ نەرمە گوتار لە هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤدا، ڕۆڵی گرنگ و یەکلاییکەرەوە ئەگێڕن.

نەرمە گوتار لە جەنگی جیهانی دووەمەوە، بە تەواوی پشتی پێ بەستراوە، لەو جەنگەدا، ئەمریکا و وڵاتانی دژ بە

---

١٠ - عەلی حوسێن وەردی: کەسایەتیی تاکی عیراقیی، وەگێڕانی مەودوودجەبار، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٢٠، ل ١٨.

١١ - قاسم دوستی: رهیافت سطح شناختی در مطالعه أهداف جنگ نرم، فصلنامه راهبردو فرهنگ، شماره شانزدهم، زمستان ١٣٩٠، تهران، ص١٥٢.

١٢ - مهدی صباغیان بیدگلی و مهدی هوشیار: خبرو جنگ نرم، مجله علمی پژوهشی و رسانه، دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران، پایان نامه فوق لسانس، تهران، ١٣٩١ - ١٣٩٢، ص ٣٨.

١٣ - حمید ضیایی پرور: جنگ نرم (ویژه جنگ رسانه‌ای)، چاپ باقری،تهران- ایران ١٣٨٣، ص ٣٨.

١٤ - مدخل الى الحرب الناعمه: مركز الحرب الناعمه، بيروت - لبنان، ٢٠١٨، ص٨٥.

١٥ - مهدی صباغیان: م. پ، ص ١٤٣.

ئەڵمانیا لە ڕێگای بەردانەوەی گوتاری ئاگادارکردنەوە و لە پشتی بەرەکانی جەنگ، هەروەها لە ڕۆژنامە و رادیۆوە، بەردەوام خستنەڕووی نەرمە گوتار بۆ هاوڵاتیانی ئەڵمانی لە هەوڵی بەرپاکردنی جەنگی دەروونیی و نەرمە جەنگدا بوون، تا لە ڕێگای نەرمە گوتارە ئاراستەکراوەکانەوە، نارەزایەتییەك دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا لای هاوڵاتیانی ئەڵمانیی بهێننە ئاراوە. ئەمریکا لە جەنگی دژ بە ڤێتنامیش رادیۆی (ڤێتنامی ئازاد)ی خستبووەگەڕ تا لە ڕێگای نەرمە گوتارەکانەوە، نارەزایەتییەك دژ بە (هۆشی مینە)١٦* بهێنێتە ئارا(١٧).

لە نەرمە گوتارەکانی ئەو رادیۆیەشدا (یەکێتی سۆڤێت)١٨*ی وا نیشان ئەدا کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلی ڤێتنامە و پشتیوانیی لە مانەوەی (هۆشی مینە) ئەکات، ئەگەر ناوبراو نەمێنێت، ڤێتنامییەکان ئازادیی بەدەست ئەهێنن و ئەکەونە خۆشیەوە(١٩).

لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات٢٠* و بلۆکی ڕۆژئاوادا٢١*، ئەو دوو بلۆکە پەرەیان بە سارده جەنگ (جەنگی سارد)٢٢*دا کە بەشێك لەوەش لەڕێگای نەرمە جەنگەوە بووە، لە ڕێگای نەرمە گوتارەکانیانەوە دژ بە یەکتری لە کەناڵە جیاجیاکانەوە ئەیانخستە روو. ئاراستەکردنی نەرمە گوتار لە لایەن ئەو جەمسەرانەوە کە ئەیانەوێت کاریگەرێتیی لەسەر لایەنی بەرانبەر دابنێن لە ڕێگای درووستکردنی (کۆدەنگییەوە)٢٣*، بۆ بەکارهێنانی دژ بە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵی ئامانج، سەرەنجام نەرمە گوتار هۆکارێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆدەنگیی لەسەر بابەتێك، کەسێك، کێشەیەك، ڕووداوێك و دۆزێك، تا بەهۆیە بەرانبەرەکەی تێك بشکێنێت.

## دووەم: کاریگەرێتی و وەرگر

توێژینەوەکە سەرەتا ئەو پرسیارە ئەخاتەڕوو کە ئایا ئامرازکانی راگەیاندن، چ کاریگەرێتییەکیان لەسەر وەرگری نەرمە گوتارەکان و کۆی پەیامە نێردراوەکانی ئەبێت؟

بە پێی بیرنامەی پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر وەرگر، هەموو ئەو بابەتانە پەیوەستن بە: ئاستی ناسکاریی، ئەزموون، هوشیاری و قۆناغ و بارودۆخی ئەو نەرمە گوتارانەوە. وەرگری پڕ ناسکاریی و هوشیار و بە ئەزموون، لە هەندێك کاتدا ماوە بەوە نەدەن، کە گوتاری ئامرازێك لە ئامرازەکانەوە کە ئاراستەیان ئەکرێت کاریان تێ بکات و هەوڵ ئەدەن خۆیانی لێ ببوێرن، بەڵام وەرگری ئاسایی بێ تێڕوانین لە کرۆکی نەرمە گوتارەکە وەریان ئەگرن و کاریگەرێتیشیان لەسەریان ئەبێت(٢٤).

پێناسەکانی وەرگر: لە تێڕوانینی شارەزایانی زانستیی کۆمەڵایەتیی، دەروونیی و راگەیاندن و گەیاندنەوە، پێناسەی

---

١٦ * هوشی مینە: (١٨٩٠ – ١٩٦٩)، یەکەم سەرۆکی ڤێتنامی باکور (١٩٤٥ – ١٩٦٩) و پێشەوای راپەڕینی نەتەوەیی لە هیندی چینی بووە.

١٧ - قاسم علیدوستی: م. پ، ص ١٦٠.

١٨ * یەکێتی سۆڤێت: حکومەتێکی (مارکسیست – لینینیست)ی بوو کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، هاتەئاراوەو ململانێی بنچینەی دژ بە وڵاتانی سەرمایەداری و بە تایبەتی ئەمریکا بوو. لە چەندین وڵات پێکهاتبوو کە لەژێر دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستدا بوون، لە ساڵی (١٩٩١)دا هەڵوەشایەوە.

١٩ - مهدی ناظمی اردکانی و مجید نژاد پورو مصطفی محمدی: انقلاب اطلاعات وتأثیرآن برجنگ نرم، فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست، سال چهارم، شماره ١٦، بهار ١٣٩٥، تهران، ص١٤٢.

٢٠ * بلۆکی خۆرهەڵات: یەکێتی سۆڤێت و ئەو وڵاتانە بوون کە لە شەڕو ئاشتیدا لەناو هاوپەیمانی وارشۆدا بوون.

٢١ * بلۆکی خۆرئاوا: وڵاتانی خولگەی ئەمریکادا بوون و دژایەتی سۆڤێت و کۆمۆنیزمیان دەکرد، ڕێکخراوی ناتۆیان دامەزراند.

٢٢ * سارده جەنگ: ئاوێتەیەکە لە گەرمە جەنگ و نەرمە جەنگ، تێیدا هەردوولا لە نێوان خۆیاندا نەرمە گوتار لە ڕێگای نەرمە جەنگەوە بەکاردەهێنن، بەڵام گەرمە جەنگی نێوان وڵاتەکانی ژێر سێبەری هەردوولا بەردەوام دەبێت.

٢٣ * لەکۆدەنگیدا (هەست – احساس)ەکانی مرۆڤ کاری لەسەردەکرێت و دەوروژێنرێت و لە ڕێگای نەرمەجەنگ و نەرمەگوتارەوە.

٢٤ - مدخل الی الحرب الناعمە: م س، ص٥٦.

جیـاواز بـۆ وەرگـر خراونەتـەڕوو:

وەرگـر: دەسـتەو کۆمەڵێـك لـە جەمـاوەرە، کـە لێـك نزیـك یاخـود لـە رووی کات و شـوێنەوە، لێـك دوور و پەرتوبـڵاون، بـەڵام پێکـەوە سـەرنجیان لەسـەر بابەتێکـی هاوبـەش ڕاکێشـراوە و مایـەی بایـەخ ئەبێـت بۆیـان، دواتـر لـە بەرانبەریـدا کاردانەوەیـان هەبێـت(٢٥).

وەرگـر: ئەوکەسـەیە کـە لـە کەناڵێکـی راگەیانـدن و گەیاندنـەوە، بـۆ ئامانجێکـی دیاریکـراو گوتارێکـی ئاراسـتە ئەکرێـت و بەدواکردنـەوەی پەڕلـە (شـیفرە)ی نـاو گوتارەکەوەیـە کـە ئاڕاسـتەی کـراوە(٢٦).

یاخـود ئـەو کەسـانەیە ئەکەونـە بـەر شـەپۆل و هەژموونـی پەخشـی بابەتێـك کـە لـە کەناڵێکـەوە ئاراسـتەی ئەکرێـت، لـە ناواخنـی گوتارەکـەدا بـەدوای بەرژەوەندییەکانـی خۆیـدا ئەگەڕێـت و خوازیـارە مانـاو هێـما نەنـاسراوەکان بکاتـەوە و لەوێـدا بیدۆزێتەوە(٢٧).

زاراوە و چەمکـی وەرگـر: بـەلای (وێلبـەرشرام)ەوە، زاراوەی وەرگـر بریتیـە لـە (بینـەران، بیسـەران، و خوێنـەران) کـە گوتارێکـی دیاریکراویـان لـە یەکێـك لـە کەناڵەکانـەوە، ئاڕاسـتە ئەکرێـت.

وەرگـر بـە بۆچوونـی (دەنیـس مەککوایـل)، وەرگرێکـی چالاکـە کـە لەنـاو گوتارەکانـدا بـە شـوێن بەرژەوەندیەکانـی خۆیـدا ئەگەڕێـت و وەڵامیشـی ئەبێـت بـۆی(٢٨).

مێـژووی وەرگـر: وەرگـری ئەمـڕۆ زادەی دوێنێـی مێـژووی مرۆڤایەتیـە، وەرگـر لـە مێـژووی کۆنـدا تەنهـا وەرگرێکـی سـادەو ملـدەر بـووە، لـە بەرانبـەر ئـەو گوتارانـەدا کـە ئاراسـتەی کـراوە. وەرگـر تەنهـا وەرگرێـك یـا بینـەری نمایشـە شـانۆیی و پاڵەوانبازیـی و کـۆڕ و کۆبوونـەوە جەماوەرییـەکان بـووە و پەیوەسـت بـووە بـە کات و شـوێنەوە، بـۆ چێژوەرگرتـن لـەوەی کـە نمایـش دەکـرا(٢٩).

لـە قۆناغەکانـی گەشـەکردنی بوارەکانـی گوتارنێریـی و بابەتـە نێرراوەکانـدا، لـە زارەکـی و نووسـین و شـەپۆلی دەنگیـی و وێنەییـدا، مـەودا و بـوردی گوتارنێریـی فراوانـتر بـوو. لـە سـەردەمی تەکنەلۆژیـای نوێـی گەیاندنـدا، لـە گەیاندنـی گوتارەکانـدا (کات و شـوێن) ئـەو بایەخـەی پێشـوویان کاڵ بـۆوە و نـاوەرۆك و مەغـزای نـاو گوتـارە نێرراوەکانیـش گۆڕانکاریـان بەسـەردا هـات. ئـەو هەنـگاوە گرنگـەش، وەرگـر لـە کەسـێکی سـادەوە گـۆڕرا بـۆ وەرگرێکـی چـالاك و خـاوەن بۆچـوون و رای سـەربەخۆی خـۆی، سـووڕی گەیاندنیـش لـە یـەك ئاڕاسـتەییەوە گـۆڕرا بـۆ سـووڕی بازنەیـی هاتـن و چوونـی گوتـار و وەڵامـی گوتـارەکان لـە کـردەی گەیاندنەکـەدا. وەرگـر جۆرایەتییەکـەی لـە وەرگرێکـی ئاسـایی و بەرهەمێکـی راگەیاندنـەوە گەیشـتە قۆناغێکـی نـوێ، وەرگـر بـوو بـە نوێکـەرەوەی گوتـارە نێردراوەکان و بـەوەش دامـەزراوەی راگەیانـدن و گەیاندنـی ناچـار کـرد، لـە ناردنـی گوتارەکانیانـدا رەچـاوی بۆچـوون و بەرژەوەندییەکانـی ئـەوی وەرگـر بکـەن(٣٠).

رەهەندەکانـی کاریگەرێتیـی: بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە پشـت بـە کۆمەڵـی وەرگـران ئەبەسـتێت لـە تێگەیشـتن لـە نەرمـە گوتـارو کاریگەرێتییەکانـی لەسـەر وەرگـر، کاتێـك گوتارێکـی دیاریکـراوی ئاڕاسـتە ئەکرێـت و رەهەندەکانیـش بریتیـن لە:

١- رەهەندەکانـی ناسـەنیی (المعریفـی): لـەم رەهەنـدەدا، ئـەو گوتارانـەی کـە ئاراسـتەی وەرگـران ئەکرێـت لـە چوارچێـوەی (هەواڵێـك، کێشـەیەك، بابەتێـك، رووداوێـك، کـەس و کەسـایەتییەك و دۆزێـك)دا کـە کەناڵـەکان لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتیـی

---

٢٥ - الیکسیس تن: نظریه هاوپژوهش های ارتباط جمعی، ترجمه نعیم بدیعی، نشر روزنامه همشهری، تهران ١٣٨٨، ص ٢٠١.

٢٦ - صلاح نصر: جنگ روانی، ترجمه محمودحقیقت کاشانی، نشرنی، تهران ١٣٨١، ص٤٢٧.

٢٧ - دینیس ماك کوایل: مخاطب شناسی، مرکز مطالعات وتحقیقات رسانه، تهران ١٣٨٩، ص٤ -٥.

٢٨ - ناهد خوشنویس: مخاطبشناسی، دانشگاه علمی کاربردی، پایاننامه دکترا، تهران ١٣٩٩- ١٤٠٠، ص ٩-٢.

٢٩ - روشندل اربطانی و مهدی شریفی و سمیهلبافی: مدیریت رسانه، دانشگاه تهران، چاپ سوم، تهران ١٣٩٦، ص ٥١- ٥٢.

٣٠ - هادی اسماعیلی: مطالعات تحلیلی سبك زندگی مصرف گرا، تهران، ١٣٨٩، ص٢٨.

وەرگرەوە، وەریانئەگرن و لە دووتوێی گوتارێکدا دایدەڕێژنەوە و ئاڕاستەی وەرگری ئەکەن بۆ کاریگەرێتی و قایلکاریی. ناسکاریی بە گشتیی کۆی ئەزموون و زانیارییە نێرراوەکانە کە کاریان لەسەر کراوە و تاقیکراونەتەوە و گونجاوە تا بە مەبەستی کاریگەریێتیی لەسەر وەرگر ئاڕاستەیان بکرێت(٣١).

٢- رەهەندی رەفتەنیی (السلوکی): لە بواری زانستیی دەروونییەوە، رەفتار پێوانە ئەکرێت و بەئەو پێوانەکردنەش هەست بەو گۆڕانکارییە ئەکرێت کە لە رەفتاری وەرگردا، کاتێك نەرمە گوتارێکی ئاڕاستە ئەکرێت، هەستی پێ بکرێت.

٣- رەهەندی سۆزەنی (العاطفی): بۆ کاریگەرێتیی لە رێگای نەرمە گوتارێکەوە لەسەر وەرگر، گوتارنێر کار لەسەر وروژاندنی ئەو بابەتانە ئەکات، کە ئەبنە پاڵنەرێك بۆ لایەنی سۆزداری وەرگر و بەو هۆیەشەوە لایەنی سۆزداریی بەو ئاڕاستەیە ئەگۆڕرێت کە نێرەری نەرمە گوتارەکە وەك ئامانج دیاریکردووە(٣٢).

## بەشی پراکتیکی

## خستنەڕووی ئەنجامەکان:

یەکەم: تایبەتمەندی بەرتوێژەکان:

### رەگەزی بەرتوێژان:

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان (نێرن) و لە پلەی یەکەمدان و (مێ)ش لە پلەی دووەم، ئەوەش پەیوەستە بەبارە کلتوورییەکەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە کە رەگەزی مێ کەمتر ئامادەن بۆ بەشداربوون لە زۆربەی چالاکییەکاندا یاخود گرنگی پێ نادەن. بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (1): رەگەزی بەرتوێژان

| جۆرەکان | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 63 | 67.741 | یەکەم |
| مێ | 30 | 32.259 | دووەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## باری کۆمەڵایەتیی بەرتوێژان:

ئاماژەکان دەرخەری ئەوەن کە زۆرینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا (خێزاندار)ن و لە پلەی دووەمیشدا (سەڵت)، لەبەرئەوەی زۆربەی بەرتوێژان لەتەمەنێکی هەراشدان. بڕوانە خشتەی (٢).

خشتەی (2): باری کۆمەڵایەتیی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| سەڵت | ٢٥ | 26.881 | دووەم |
| خێزاندار | 68 | 73.119 | یەکەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

٣١ - جعفر دمیرچی، م. پ، ص٧٩.

٣٢ - ایاد خلف عمر الكعود: استراتيجية القوة الناعمة ودورها في تنفيذ أهداف السياسية الخارجية الامريكية في مناطق العربية، جامعة الشرق الاوسط، مذكرة للحصول على درجة الماجستير في العلوم السياسية، ٢٠١٥- ٢٠١٦، ص٦٨.

## تەمەنی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان ئاماژەی ئەوەن، تەمەنی نێوان (٢٩-٣٩) زۆرینەن و لە پلەی یەکەمدان، ئەوانەش کە تەمەنیان لەنێوان (٥٠) و بەرەوژووردایە دواپلەی ڕێزبەندییەکەیان گرتووە. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (3): تەمەنی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| 18 بۆ 29 | 20 | 21.505 | دووەم |
| 29 بۆ 39 | 43 | 46.237 | یەکەم |
| 40 بۆ 49 | 20 | 21.505 | دووەم/د |
| 50 و زیاتر | 10 | 10.753 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | |

## ئاستی خوێندەواری:

بەپێی ئەنجامەکان، هەڵگرانی بڕوانامەی ناوەندی زۆرینەن و لە پلەی یەکەمدان و دواپلەش بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دیبلۆمە، ئەوەش پەیوەستە بەتایبەتمەندێتی جۆگرافیای کۆمەڵایەتیی بەرتوێژەکان. بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی (4): ئاستی خوێندنی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | 10 | 10.752 | پێنجەم |
| ناوەندیی | 24 | 25.806 | یەکەم |
| ئامادەیی | 23 | 24.731 | دووەم |
| دبلۆم | 16 | 17.205 | چوارەم |
| بەکالۆریۆس | 18 | 19.354 | سێیەم |
| دپلۆمی باڵا | 2 | 2.152 | شەشەم |
| ماستەر | 0 | 0 | حەوتەم |
| دکتۆرا | 0 | 0 | حەوتەم/د |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## نیشتەجێبوونی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان ئاماژەی ئەوەن، شارنشینان زۆرینەن و لە پلەی یەکەمدان و دواپلەش نیشتەجێی قەزاکانن، ئەوەش ئەکاتە ئەوەی کە بایەخدان بە دانیشتوانی دەرەوەی شارەکان لەئاستێکی لاوازدایە. بڕوانە خ (٥).

خشتەی (5): شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان

| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|
| پارێزگا | 90 | 96.774 | یەکەم |
| قەزا | 3 | 3.225 | دووەم |
| ناحیە | ٠ | ٠ | سێەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گوند | ٠ | ٠ | سێیەم/2 |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە جیاجیاکان:

زۆرینـەی بەرتوێـژان ئامـرازە جیاجیاکانـی ڕاگەیاندنیـان بـۆ (٣-٤)کاتژمێـر بەکارهێنـاوە لـە شـەو و ڕۆژێکـدا و لـە پلـەی یەکەمـدا و دواپلـەش (٥) کاتژمێـر و زیاتـر، ئـەوەش نیشـانەیە بـۆ دیـاردەی ئالودەبوونـی بەرتوێـژان پێیانـەوە. هەروەهـا نیشـانەیە کیشـە بـۆ بـێ کارییـان. بڕوانـە خشـتەی (٦).

| خشتەی (6): ئاستی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان لە شەو و ڕۆژێکدا | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
| یەك کاتژمێر | 10 | 10.752 | سێیەم |
| 1 بۆ 2 | 20 | 21.505 | دووەم |
| 3 بۆ 4 | 60 | 64.514 | یەکەم |
| لە 5 زیاتر | 3 | 3.227 | چوارەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## ئامرازە پەسەندکراوەکان بۆ وەرگرتنی گوتارەکان:

ئەنجامـەکان ئامـاژەی ئـەوەن، زۆرینـەی بەرتوێـژان تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـە پەسـەندتر ئەزانـن بـۆ وەرگرتنـی گوتـارەکان و لـە پلـەی یەکەمـدان و دواپلـەش بـۆ ئەوانەیـە کـە پشـت بـە ئامـرازی (ڕادیـۆ) ئەبەسـتن بـۆ ئـەو مەبەسـتە. ئـەوەش ئاماژەیـە بـۆ مانـەوەی وەرگرانـی (ت.ك) و لاوازبوونـی پەیوەندییـان بـە بوارەکانـی تـری ڕاگەیاندنـەوە. بڕوانـە خشـتەی (٧).

| خشتەی (٧): ئەو کەناڵانەی زیاتر گوتارەکانی لێ وەرئەگریت | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دووبارە | % | پلە |
| چاپکراو | 2 | 2.150 | سێیەم |
| ڕادیۆ | 1 | 1.076 | چوارەم |
| تەلەفزیۆن | 32 | 34.408 | دووەم |
| ت.کۆمەلایەتییەکان | 58 | 62.366 | یەکەم |
| کۆی گشتیی | 93 | 100 | - |

## دووەم/ پرسە تایبەتەکان بە بابەتی توێژینەوەکەوە:

## یەك: کاریگەرێتییە ناسەنییەکان (التأثیرات المعرفیە):

## نەرمەگوتارەکان هۆکاربوون تا ئاستی بیرکردنەوەم فراوانتر بێت:

ئەنجامـەکان ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی زۆرینـەی بەرتوێـژەکان (دڵنیایـن) لـە کاریگەرێتییەکانـی نەرمەگوتـاری ڕاگەیانـدن و

لە پلەی یەکەمدان، دواپلەش لە (لەگەڵیدا نین )، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو نەرمەگوتارانە نەیانتوانیوە کاریگەرێتیان لەسەر وەرگران هەبێت. بڕوانە خشتەی (٨).

| خشتەی (8):نەرمەگوتار و کاریگەرێتی لەسەر وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 14 | 15,053 | 2 | 2,150 | 16 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 21 | 22,580 | 2 | 2,150 | 23 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 19 | 20,430 | 10 | 10,750 | 29 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 7 | 7,526 | 8 | 8,600 | 15 | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 2 | 2,150 | 8 | 8,600 | 10 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | ٩٣ | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

کاریگەرێتی نەرمەگوتاری ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی تێگەیشتنی بەرتوێژەکان:

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، بەرتوێژان لەڕێژەو لە پلەی یەکەمدا (دڵنیا نین) لە کاریگەرێتی نەرمە گوتارەکانە لەسەر ئاستی تێگەیشتنیان سەبارەت بە دۆز و کێشەکانی دەوروبەریان، دواپلەش (لەگەڵیدا نین). بەو مانایەیە کە کاریگەرێتییەکانی نەرمەگوتاری ڕاگەیاندنەکان لە ئاستێکی لاوازدایە. بڕوانە خشتەی (٩).

| خشتەی (9): نەرمەگوتار و ئاستی تێگەیشتنی وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 20 | 21,505 | 1 | 1,075 | 21 | دووەم |
| لەگەڵیدام | 14 | 15,053 | 3 | 3,221 | 17 | سێیەم |
| دڵنیا نیم | 18 | 19,354 | 7 | 7,576 | 25 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 5 | 5,366 | 9 | 9,677 | 14 | پێنجەم |
| هییچ لەگەڵیدا نیم | 6 | 6,421 | 10 | 10,752 | 16 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 63 | 67,699 | 30 | 32,301 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(29) | | | | | |

کاریگەرێتی نەرمەگوتاری ڕاگەیاندن لە دیاریکردنی لایەنی دڵخوازی خۆم:

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە ئەو نەرمە گوتارانە بەرچاوڕوونی پێداون لە دیاریکردنی لایەنی دڵخوازی خۆیاندا و لە پلەیەکەمدان، نزمترین ڕێژە و دواپلەش تەواو لەگەڵیدان. ئەوەش سەلمێنەری بەهێزی ئەو نەرمەگوتارانەیە لەسەریان. بڕوانە خشتەی (١٠).

| خشتەی (10): کاریگەرێتی نەرمەگوتارلە دیاریکردنی بەربژێراندا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 12 | 12,903 | 2 | 2,130 | 14 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 22 | 23,655 | 2 | 2,130 | 24 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 9 | 9,677 | 9 | 9,627 | 16 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | 16 | 17,204 | 7 | 7,521 | 23 | دووەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 4 | 4,301 | 10 | 10,752 | 16 | سێیەم/د |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,84 | 30 | 32,16 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان کاریگەرێتی زیاتریان لەسەر کەسی پێویست پێ بەخشیوم.

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کە لە ڕێژەوپلەی یەکەمدان(لەگەڵیدان)و، دوا ڕێژە و پلەش (تەواو لەگەڵیدان)ە، ئەوەش بەڵگەیە کە نەرمەگوتارەکان توانیویانە کاریگەرێتیان لەسەر وەگران هەبێت. بڕوانە خشتەی (١١).

خشتەی (11): کاریگەرێتی نەرمەگوتارەکان هانیداوم لەسەرئەوەی بەشداربم لەهەڵبژادنەکەدا

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 12 | 12,903 | 1 | 1,075 | 13 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 20 | 21,507 | 3 | 3,225 | 23 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 8 | 8,607 | 7 | 7,526 | 15 | سێیەم |
| لەگەڵیدا نیم | 13 | 13,978 | 8 | 8,604 | 21 | دووەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 10 | 10,754 | 11 | 11,827 | 21 | دووەم/د |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,744 | 30 | 32,256 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

کاریگەرێتی نەرمەگوتارەکان بۆ بڕیاردان لەسەر چوون بۆ هەڵبژاردنەکە

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆربەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدا نین ) و (دواپلەش تەواو لەگەڵیدان)ە، نیشانەی ئەوەیە کە نەرمەگوتارەکان، نەیانتوانیوە کاریگەرێتی تەواویان هەبێت لەچوونیاندا بۆ دەنگدان. بڕوانە خشتەی (١٢).

خشتەی (12): کاریگەرێتی نەرمەگوتارەکان بۆبڕیاردان لەچووندا بۆهەڵبژاردنەکە

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 11 | 11,827 | 2 | 2,152 | 13 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | 18 | 19,354 | 2 | 2,152 | 20 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 11 | 11,827 | 6 | 6,452 | 17 | چوارەم |
| لەگەڵیدا نیم | 13 | 13,978 | 12 | 12,903 | 25 | یەکەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 10 | 10,752 | 8 | 8,603 | 18 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,738 | 30 | 32,262 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان کاریگەرێتیان نەبووە تا بتوانم بەرچاوروونیی درووست دەربارەی بەرژەوەندیەکانی خۆم پەی پێ ببەم.

بەپێی ئەنجامەکان، رێژە و پلەی یەکەم (لەگەڵیدام) و دواپلەش (هیچ لەگەڵیدا نیم)ە، نیشانەیە بۆ ئامانج نەپێکانی

نەرمەگوتارەکانی راگەیاندنەکە و کاریگەرنەبوونیان لەسەر وەرگران. بڕوانە خشتەی (١٣).

خشتەی (13): نەرمەگوتار و کاریگەرێتی بۆ بەرچاوڕوونییم لەسەربەرژەوەندییەکانم

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 17 | 18,279 | 3 | 3,226 | 20 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 22 | 23,655 | 4 | 4,302 | 26 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 9 | 9,677 | 12 | 12,904 | 21 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 7 | 7,526 | 6 | 6,452 | 13 | چوارەم |
| هییچ لەگەڵیدا نیم | 8 | 8,602 | 5 | 5,377 | 13 | چوارەم/د |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | | | | | | |

نەرمەگوتارەکان ئەوەندەکاریگەر نەبوون، تا بۆچوونی خۆم بگۆڕم لەسەر ئەوەی کە بەنیاز بووم هەڵیبژێرم.

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆئەوەی کە لە ڕێژە و پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدام)ە و دواپلەش (هییچ لەگەڵیدا نیم)ە. ئەوەش سەلمێنەرە بۆ ناکاریگەربوونی گوتارەکانی ئەو کەناڵانەیە لەسەر وەرگران لەو دۆخەدا کە ئەوی تێدایە. بڕوانە خشتەی (١٤).

خشتەی (14): نەرمەگوتار و کاریگەرێتی لەسەر بۆچوونم

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 15 | 16,129 | 2 | 2,151 | 17 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 22 | 23,646 | 7 | 7,528 | 29 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 12 | 12,903 | 13 | 13,972 | 25 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 8 | 8,601 | 5 | 5,375 | 13 | چوارەم |
| هییچ لەگەڵیدا نیم | 6 | 6,451 | 3 | 3,225 | 9 | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,73 | 30 | 32,31 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | | | | | | |

دوو: کاریگەرێتییە رەفتەنییەکان(السلوكية)

نەرمەگوتارەکان کاریگەربوون، لەسەر رەفتاری من بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا.

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە لە رێژە و پلەی یەکەمدا(لەگەڵیدام) و نزمترین رێژە و پلەش(هییچ لەگەڵیدا نیم)ە. ئەوەش بەڵگەیە کە نەرمەگوتارەکان، کاریگەرێتیان لەسەر وەرگران هەبووە و نێرەر و کەناڵ ئامانجی خۆیان پێکاوە. بڕوانە خشتەی (١٥).

خشتەی (15): نەرمەگوتارەکان کاریگەربوون لەسەر رەفتارم تابەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا بکەم

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 12 | 12,903 | 4 | 4,303 | 16 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 25 | 26,881 | 6 | 6,453 | 31 | یەکەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵنیا نیم | 10 | 10,752 | 14 | 15,053 | 24 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 13 | 13,978 | 4 | 4,301 | 17 | سێیەم |
| هییچ لەگەڵیدا نیم | 3 | 3,225 | 2 | 2,151 | 5 | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان رەفتاری منیان بەهێزترکرد، تا بەشدابوونێکی کارام هەبێت لە هەڵبژاردنی ئەوەی ئەمەوێت.

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە زۆرترین رێژە و پلەی یەکەم(دڵنیا نیم)ەو کەمترین رێژە و دواپلەش(تەواو لەگەڵیدام)ە.ئەوەش کاریگەرنەبوونی گوتارە نێردراوەکان ئەسەلمێنێت لەسەر وەرگران، کە ئەو کەناڵانەی راگەیاندن ناردوویانە بۆ وەرگرانیان. بڕوانە خشتەی (١٦).

خشتەی (16): نەرمەگوتارەکان هانیاندام تا کارابم لەهەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە لام پەسەندە

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 8 | 8,602 | 0 | 0 | 8 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | 29 | 31,182 | 8 | 8,602 | 37 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 12 | 12,903 | 15 | 16,129 | 27 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 6 | 6,451 | 4 | 4,303 | 10 | چوارەم |
| هییچ لەگەڵیدا نیم | 8 | 8,602 | 3 | 3,226 | 11 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,74 | 30 | 32,26 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(16) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان کاریگەربوون، تا رەفتارنواندنەکانم بەهێزتربن، لەو رۆڵەی ئەیبینم لەبەشدارییم لە کردەی هەڵبژاردنەکەدا.

ئەنجامەکان ئاماژەکان بۆ ئەوەی، زۆرترین رێژە و لە پلەی یەکەمدا (دڵنیا نیم)ە و نزمترین رێژە و پلەش(هییچ لەگەڵیدا نیم)ە، ئەوەش ناکاریگەربوونی ناواخنی گوتارەکان و سەرنەکەوتنی کەناڵەکەیە لەو کردەیەدا. بڕوانە خشتەی (١٧).

خشتەی (17): نەرمەگوتارەکان کاریگەربوون، لە رۆڵ بینینی من دا بۆ چۆنێتیی بەشدراییکردنم لەهەڵبژاردنەکەدا

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 12 | 12,903 | 4 | 4,304 | 16 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 27 | 29,032 | 5 | 5,375 | 32 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 18 | 19,354 | 18 | 19,353 | 36 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 4 | 4,304 | 2 | 2,150 | 6 | چوارەم |
| هییچ لەگەڵیدا نیم | 2 | 2,150 | 1 | 1,076 | 3 | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,743 | 30 | 32,257 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەبەرچاو روونیمدا بۆ ناسینی ماف وئەرکەکانی کەلەئەستۆمە لەهەڵبژاردنەکەدا. بڕوانە خشتەی (١٨).

خشتەی (18): نەرمەگوتارەکان ڕۆڵیان هەبووە لە ناسینی ماف وئەرکەکانم لەهەڵبژاردنەکەدا

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 10 | 10,752 | 2 | 2,150 | 12 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 24 | 25,806 | 8 | 8,604 | 32 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 18 | 19,354 | 12 | 12,905 | 30 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 8 | 8,602 | 6 | 6,452 | 14 | سێیەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 3 | 3,225 | 2 | 2,150 | 5 | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان زیاتر کاریگەرێتیان هەبوو و رەفتارەکانم بەو ئاڕاستەیە گۆڕراوە کە گوتارێک وەرگرم تێیدا رەچاوی بەرژەوەندییەکانم کرابێت.

ئەنجامەکان ئاماژەن کە زۆرینەی بەرتوێژان لەبەرزترین ڕێژە و پلەدا(دڵنیانین)و نزمترین ڕێژە و پلەش(هیچ لەگەڵیدا نین)ە، ئەوەش بەڵگەیە کە نەرمەگوتارەکان نەیانتوانیوە ئەوەی ئامانجیان بووە بیهێننەدی لە کردەی گەیاندنی گوتارەکاندا و پێویستە ڕێکارێکی تر بگرنەبەر بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو کێماسییەیان. بڕوانە خشتەی (١٩).

خشتەی (91): کاریگەرێتی نەرمەگوتارەکان رەفتاریان بەجۆرێک گۆڕیوم تا رەچاوی بەرژەوەندیەکانم بکەم

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 14 | 15,053 | 1 | 1,077 | 15 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 20 | 21,505 | 7 | 7,525 | 27 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 16 | 17,204 | 15 | 16,129 | 31 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 10 | 10,752 | 6 | 6,463 | 16 | سێیەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 3 | 3,225 | 1 | 1,079 | 4 | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان لە هەڵبژاردندا ئەوەندە کاریگەرنەبوون، تا بەرچاوروون بم بۆ نواندنی رەفتارێک تاکەسانی شایستە بۆ شوێنی شایستە هەڵبژێرم.

ئەنجامەکان ئاماژەن کە زۆرینەی بەرتوێژان و لە پلەی یەکەمدا (دڵنیا نین) و نزمترین ڕێژە و پلەش (هیچ لەگەڵیدا نین)ە. ئەوەش ناکاریگەربوونی کرۆکی نەرمەگوتارەکان بووە، هەروەها باوەڕ بەخۆنەبوونی وەرگران بووە لە خۆساغکردنەوەیاندا، بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی کە لەبەرژەوەندیاندایە. بڕوانە خشتەی (٢٠).

| خشتەی (20):نەرمەگوتارەکان بەرچاوڕوونییان نەداومەتێ تا بتوانم کە سی شایستە هەڵبژێرم | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 16 | 17,204 | 0 | 0 | 16 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 21 | 22,580 | 6 | 6,452 | 27 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 18 | 19,354 | 14 | 15,053 | 32 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 5 | 5,376 | 8 | 8,602 | 13 | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 3 | 3,225 | 2 | 2,151 | 5 | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان ئەوەندەیان زانیاری نەداومەتێ تا هەنگاو بەرە و ڕەفتاری هەڵەنەیێم، کەسی ناشایستە هەڵنەبژێرم.

ئەنجامەکان ئاماژە دەدەن کە زۆربەی بەرتوێژان، کە لە ڕێژە و پلەی یەکەمدان(لەگەڵیدان) و نزمترین ڕێژە و پلەش (هیچ لەگەڵیدا نین)ە، ئەوەش بەڵگەیە کە نەرمەگوتارەکان نەیانتوانیوە کاریگەرێتیان لەسەر وەرگران هەبێت بۆگۆڕینی ڕەفتاریان بەرەوباشتر. بڕوانە خشتەی (٢١).

| خشتەی (21): نەرمەگوتارەکان ئەوەندە زانیاریان نەداومەتێ تا کەسانی ناشایستە هەڵنەبژێرم | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 10 | 10,752 | 2 | 2,151 | 12 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 25 | 26,881 | 8 | 8,603 | 33 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 16 | 17,204 | 14 | 15,053 | 30 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 8 | 8,602 | 4 | 4,302 | 12 | سێیەم/د |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 4 | 4,301 | 2 | 2,151 | 6 | چوارەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,74 | 30 | 32,260 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(٢٩) | | | | | |

سێ: کاریگەرێتییە سۆزەنییەکان(العاطفية)

لە برگەی نەرمەگوتارەکان ئاستی ڕەشبینی منیان بەرەو گەشبینی بردووە بۆ بەشداریکردنم لە هەڵبژاردنەکەدا. ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی زۆرینەی بەرتوێژان پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان) و نزمترین ڕێژە و پلەش (لەگەڵیدا نین وهیچ لەگەڵیدا نین )ە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ کاریگەرێتی ئەو نەرمەگوتارانە. بڕوانە خشتەی (٢٢).

| خشتەی (22): نەرمەگوتارەکان ئاستی ڕەشبینی منیان بەرەو گەشبینیی بردووە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 15 | 16,129 | 2 | 2,151 | 17 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 26 | 27,956 | 6 | 6,452 | 32 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 12 | 12,903 | 18 | 19,356 | 30 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 4 | 4,301 | 3 | 3,225 | 7 | چوارەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 6 | 6,451 | 1 | 1,076 | 7 | چوارەم/د |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,74 | 30 | 32,260 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

کاریگەرێتی گوتارەکان، ئاستی متمانەبوونی منیان بەرانبەر کۆی زانیارییەکانی کە ئەنێررێن، زیاترکردووە.

ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، بەرزترین رێژە و پلە (لەگەڵیدان)و (هیچ لەگەڵیدا نین )، کەمترین رێژە و پلەی وەرگرتووە. ئەو ئاماژەیە پشتڕاست ئەکەنەوە، کاریگەرێتیی لەسەر وەرگران بەهێزبووە و نەرمەگوتارەکان ئامانجی خۆیانیان پێکاوە. بڕوانە خشتەی (٢٣).

| خشتەی (23): نەرمەگوتارەکان ئاستی متمانەی منیان بەرانبەر بە کۆی زانیارییە نێرراوەکان، زیادکردووە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 9 | 9,677 | 1 | 1,0761 | 10 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | ٣١ | 33,333 | 4 | 4,302 | 35 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 13 | 13,978 | 20 | 21,506 | 33 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 7 | 7,526 | 3 | 3,226 | 10 | سێیەم/د |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 3 | 3,225 | 2 | 2,151 | 5 | چوارەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 35 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(29) | | | | | |

لە ئاماژەی ئەنجامی کاریگەرێتییەکانی گوتارەکان لەسەر وەرگر، کە ئاستی دڵەڕاوکێی منیان بەرانبەر رووداوەکانی دەوروبەرم کەم کردۆتەوە.

لە رێژە و پلەی یەکەمدا و(دڵنیا نین)ە و (تەواو لەگەڵیدان وهیچ لەگەڵیدا نین )، نزمترین رێژە و پلەیان وەرگرتووە.

کەواتە ئاستی کاریگەرێتییەکە بوونی هەبووە. بڕوانە خشتەی (٢٤).

| خشتەی (24): نەرمەگوتارەکان دڵەڕاوکێی منیان بەرانبەر رووداوەکانی دەوروبەرم کەم کردۆتەوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٠ | 10,752 | 1 | 1,076 | 11 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 23 | 24,731 | 3 | 3,226 | 26 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 9 | 9,677 | 22 | 23,657 | 31 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 11 | 11,827 | 3 | 3,226 | 14 | سێیەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 10 | 10,752 | 1 | 1,076 | 11 | چوارەم/د |
| کۆی گشتی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(29) | | | | | |

لەبڕگەی کاریگەرێتییەکان مکوڕانەتر هانیانداوم تا ئاستی سۆزدارییم بەرانبەر ئەوانیتر زیاتر ئەرێنیی بێت.
(لەگەڵیدام)، لە ڕێژەدا بەرزترین و لە پلەدا یەکەمە. بڕگەی(هیچ لەگەڵیدا نیم)، لە ڕێژە و پلەشدا نزمترین ئاستی وەرگرتووە. ئەوەش بەهێزی کاریگەرێتییەکە ئەخاتەروو. بڕوانە خشتەی (٢٥).

| خشتەی(25): نەرمەگوتارەکان ئاستی سۆزداریی منیان بەرانبەر ئەوانیتر بەهێزتر کردووە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 14 | 15,053 | 4 | 4,301 | ١٨ | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 16 | 17,204 | 6 | 6,451 | 22 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 12 | 12,903 | 13 | 13,979 | 25 | یەکەم |
| لەگەڵیدا نیم | 18 | 19,354 | 4 | 4,301 | 22 | دووەم/د |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 3 | 3,225 | 3 | 3,229 | 6 | چوارەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

ئاماژەکان بۆبڕگەی کاریگەرێتییەکان، ئاستی لایەنداریی (ئیتنیما)منیان بۆ نەتەوە ونیشتمانەکەم زیاتر کردووە، کە ڕێژە و پلەکەی لە یەکەمدا (لەگەڵیدان)ە و ڕێژە و دوا پلەش (لەگەڵیدان)ە، سەلمێنەری ئەوەیەکە کاریگەرێتییەکە لەئاستێکی زۆر بەرزدایە. بڕوانە خشتەی ( ٢٦).

| خشتەی (26): نەرمەگوتارەکان لایەنداریێتیی منیان بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەم زیاتر کردووە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 7 | ٧،٥٢٦ | 4 | 4,301 | 11 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 19 | 20,430 | 10 | 10,753 | 29 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 13 | 13,978 | 6 | 6,453 | 19 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 12 | 12,903 | 7 | 7,526 | 19 | دووەم/د |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 12 | 12,903 | 3 | 3,227 | 15 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,74 | 30 | 32,260 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی(٢٩) | | | | | |

لەبڕگەی کاریگەرێتییەکان، نەیان توانیوە لە رووی سۆزدارییەوە وام لێ بکەن، ئاستی ڕەشبینییەکانم بەرە و گەشبینیی زیاتر ببەم، بەرزترین ڕێژە و لە پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان)ە، وە نزمترین ڕێژە و پلەش(تەواو لەگەڵیدان)ە، ئەو ڕێژە و پلەیەش ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە، کە نەرمەگوتارەکان کاریگەرێتیی لەسەر وەرگر زۆر بەرزبووە. بڕوانە خشتەی (٢٧).

| خشتەی(27): نەرمەگوتارەکان نەیان توانیوە ئاستی ڕەشبینییەکانم بەرەو گەشبینیی ببەن | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 4 | 4,301 | 2 | 2,152 | 6 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | 26 | 27,956 | 8 | 8,604 | 34 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 12 | 12,903 | 12 | 12,904 | 24 | دووەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدا نیم | 14 | 15,053 | 5 | 5,376 | 19 | سێیەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 7 | 7,526 | 3 | 3,225 | 10 | چوارەم |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | بڕوانە خشتەی (29) | | | | | |

نەرمەگوتارەکان، نەیانتوانیوە ئەوەندە کاریگەر بن تا ئاستی لەیەندارێتییم بۆ نیشتمان و نەتەوەکەم بەهێزتر ببێت، لە ئاماژەدان بە ئەنجامی وەڵامەکان ئەبینرێت کە ڕێژەی بەرز و پلەی یەکەم بۆ(دڵنیا نین)و(لەگەڵیدا نین )ە، کە هەردوو بڕگەکە لەیەک ڕێژە و پلەی یەکەمدان و (لەگەڵیدان)ە، ئاماژەکان لەئارادا بوونی کاریگەرێتییەکە ئەسەلمێنن. بڕوانە خشتەی (٢٨).

| خشتەی (٢٨): نەرمەگوتارەکان نەیانتوانیوە ئاستی لابوونم بۆ نەتەوەونیشتمان بەرزکەنەوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | 2 | 2,150 | 14 | 15,055 | 16 | سێیەم |
| لەگەڵیدام | 6 | 6,451 | 9 | 9,678 | 15 | چوارەم |
| دڵنیا نیم | 14 | 15,053 | 4 | 4,302 | 18 | دووەم |
| لەگەڵیدا نیم | 20 | 21,505 | 2 | 2,150 | 22 | یەکەم |
| هیچ لەگەڵیدا نیم | 21 | 22,580 | 1 | 1,076 | 22 | یەکەم/د |
| کۆی گشتیی | 63 | 67,739 | 30 | 32,261 | 93 | 100 |
| بۆچی/ بەڵگە | خشتەی (28) | | | | | |

٨.ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی، زۆرینەی بەرتوێژان متمانەیان بە کاریگەرێتییەکانی ئەو نەرمەگوتارانە هەبووە، کە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان ئاڕاستە وەرگرانی خۆیانکردووە و لە پلەی یەکەمدا هاتووە. دواپلەش بۆ ئەوانەیە کە متمانەیان بەکاریگەرێتیی ئەو گوتارانە نەبووە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو پێچەدەنگەی( feedback ) بەرتوێژەکان بەرانبەر بەگوتارەکان هەیان بووە، هەڕەمەکی نەبووەو هۆکارێکی بابەتیانەی لە پشتەوە بووە. بۆ وردەکاریی زیاتر بڕوانە خشتەی (٢٩).

| خشتەی (29): درووستیی وەڵامەکان یا وەڵامی بۆچییەکان. | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | متمانەبوون | | متمانەنەبوون | | دڵنیانەبوون | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| لەگەڵدابوون | 841 | 45 | - | - | - | - | 841 | 45 | یەکەم |
| دڵنیانەبوون | - | - | - | - | 520 | 28 | 520 | 28 | دووەم |
| لەگەڵیدانەبوون | - | - | 498 | 27 | - | - | 498 | 27 | سێیەم |
| کۆی گشتیی | 841 | 45 | 498 | 27 | 520 | 28 | 1859 | 100 | - |

## لێکەوتەکانی توێژینەوەکە:

١. نەرمەگوتارەکانی راگەیاندنی هەرێم هۆکارێکی باش نەبوون لە فراوانبوونی بیرکردنەوەی وەرگران و گەشەپێدانی ئاستی تێگەیشتنیاندا سەبارەت بە ژینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق.

٢. دید و تێروانین و (لایەندارێتیی/ئینتیما)ی رەنگاورەنگی وەرگران، کاریگەرێتی مکوورانەی هەبووە لەسەر هەڵوێستیان، سەبارەت بە ئەو بەرچاوڕوونییانەی کە نەرمەگوتارەکانی راگەیاندنی هەرێم ئاراستەی کردوون، سەبارەت بە ژینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق.

٣. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەسەندترینی ئامرازەکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردستان بوون لە پانتایی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقدا.

٤.نەرمە گوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم نەیانتوانیوە بابەتییانە بەربژێرەکان بە وەرگرانیان بناسێنن لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقدا.

٥. نەرمە گوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم هاوکاری وەرگرانیان نەبوون لە ناسینی بەرژەوەندییە بابەتیی و چارەنووسازەکانی خۆیاندا، لەپانتای کردەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا.

٦. نەرمەگوتارەکانی راگەیاندنی هەرێم لە روونکردنەوە و تێگەیاندنی رەهەندە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، هاوکاریی وەرگرانیان نەبوون.

٧. لاوازیی و رووکەشبوونی ئەو زانیارییانەی کە نەرمەگوتارەکانی راگەیاندنی هەرێم ئاراستەی وەرگرانیان کردووە، سەبارەت بە چەمکی شایستەبوون و ناشایستەبوونی بەربژێرەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقدا.

٨. لاوازی و رواڵەتیبوونی ناوەرۆکی ئەو نەرمەگوتارانەی کە راگەیاندنەکانی هەرێم ئاراستەی وەرگرانیانی ئەکەن، سەبارەت بە کردەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق.

٩. نەرمە گوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم هاندەرێکی باش و بابەتییانەی وەرگرانیان نەبوون لە بڕیارسازیی بەشداریوونیان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا.

١٠.نەرمەگوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم هۆکاری کارابوونی شێوە و شێوازی رەفتاری وەرگرانیان بوون لە کردەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا.

١١. ناکارابوونی نەرمەگوتارانەی کە راگەیاندنەکانی هەرێم ئاراسنەی وەرگرانیانی ئەکەن، سەبارەت بە گۆڕینی ئاراستەی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقدا.

١٢. بێتوانایی نەرمە گوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم لەگەشەپێدانی ئاستی گەشبینی و متمانەی وەرگرانیاندا، سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق.

١٣. بێتوانایی نەرمە گوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم لە کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی وەرگرانیاندا، سەبارەت بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق.

١٤. بێتوانایی نەرمەگوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم لە بزواندنی هەستی (لایەندارێتیی/ ئینتما)ی وەرگرانیاندا، سەبارەت بە کردەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق.

١٥. جێگیرنەبوونی دید و تێڕوانینەکانی بەرتوێژانی توێژینەوەکە و راڕابوونیان، سەبارەت بە نەرمە گوتاری راگەیاندنەکانی هەرێم، لە وەڵامەکانیاندا.

بەگشتی وەڵامەکان لەبڕگەی بۆچییدا، لە پلەی یەکەمدا، متمانەبوونی زۆرینەی بەرتوێژان بووە، بەو نەرمەگوتارانەی

ئاڕاستەیان کراوە لە راگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کە نەرمەگوتارەکان کاریگەرێتییان لەسەریان داناوە.


## الملخص :

يتناول هذا البحث موضوع متعلقاً بالخطاب الإعلامي الناعم من حيث تأثيره على المتلقي، والذي، أي الخطاب الناعم، يعده البعض من المنشغلين المتخصصين بالشؤون الإعلامية, الأقوى تأثيراً في إقناعه بمحتوى ما يوجه إليه، أي المتلقي، مِن قِبل المؤسسات الإعلامية. من هنا فالبحث يهدف إلى:

التأكد من نوع التأثيرات التي يقعها الخطاب الأعلامي الناعم على المتلقي.

الكشف عن مستوى التأثيرات التي يقعها الخطاب الأعلامي الناعم على المتلقي.

ويعد هذا البحث من البحوث الوصفية التي تكون مناسباً لإدراك تفاصيل متغيراته الأساسية والعلاقات البينية التي تزودنا بما يجري في فضائها المشحونة بشحنات تأثيرية متبادلة، مستخدماً المسح أسلوباً من خلال أداة الإستبيان الإستقصائي، معتمداً على مصوتي المكون الكردى لمحافظة كركوك في إنتخابات المحافضات العراقية (٢٠٢٣)، مجتمعاً للبحث، ومنه، أُختيرت (١٠٠) منهم عمدياً كمبحوثين ومبحوثات، عينة له.

ومن أهم إستنتاجات البحث،هي:

عدم قدرة الخطاب الإعلامي الناعم في الإقليم في تحريك إحساس إنتماء المتلقي أثناء إنتخابات المحافضات العراقية لعام (٢٠٢٣).

كان الإعلام الإجتماعي أوفر حظا لقبول المتلقي في الإقليم من بين جميع اوسائل الإعلامية الموجودة فيه أثناء إنتخابات المحافضات العراقية لعام (٢٠٢٣).


الكلمات الافتتاحية: (الخطاب الناعم، التاثير، المتلقى، الانتخابات).


## Abstract:

This research deals with a topic related to soft media discourse in terms of its impact on the recipient, which, i.e. soft discourse, is considered by some media professionals to have the strongest influence in convincing him of the content of what is directed to him, i.e. the recipient, by media institutions. Hence, the research aims to:

Verify the type of influences that soft media discourse has on the recipient.

Reveal the level of influences that soft media discourse has on the recipient.

This research is considered one of the descriptive researches that are suitable for understanding the details of its basic variables and the interrelationships that provide us with what is happening in its space charged with mutual influential charges, using the survey as a method through the survey questionnaire tool, relying on the voters of the Kurdish component of Kirkuk Governorate in the Iraqi governorate elections (٢٠٢٣), as a research community, and from it, (١٠٠) of them were deliberately chosen as male and female researchers, as a sample for it.

The most important conclusions of the research are:
The inability of the soft media discourse in the region to stir the recipient's sense of belonging during the Iraqi governorate elections for the year (٢٠٢٣).
Social media was more likely to be accepted by the recipient in the region than all the media outlets present in it during the Iraqi governorate elections for the year (٢٠٢٣).
Keywords: (soft discourse, influence, recipient, elections).

## سەرچاوەکان:

## کوردیی :

ڕەحیم سورخی: شیکردنەوەی رەخنەیی گوتاری رۆژنامەنووسیی کوردیی(١٩١٨-١٩٣٢)،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردیی ژ(٢١٤)، چاپخانەی هاشم، هەولێر٢٠١٣.
م.ب.ڕۆدێنکۆ: وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست، و.ئەنوەرقادرمحەمەد، ناوەندی توێژینەوەی جەمیل رۆژبەیانی، سلێمانی ٢٠٢٠.
عەلی وەردی: کەسایەتی تاکی عیراقی، وەگێڕانی مەودوودجەبار، ناوەندی رۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٢٠.

عربی :

ایاد خلف عمر الكعود: استراتيجية القوة الناعمة ودورها في تنفيذ أهداف السياسية الخارجية الامريكية في مناطق العربية، جامعة الشرق الاوسط، مذكرة للحصول على درجة الماجستير فى العلوم السياسية، ٢٠١٥- ٢٠١٦.
صلاح نصر: جنگ روانی، ترجمه محمودحقیقت کاشانی،انتشارات سروش، مرکزمطالعات وسنجش برنامەای صداوسیمای جمهوری اسلامی ایران، تهران١٣٨١.
مركز الحرب الناعمه: مدخل الى الحرب الناعمه، بيروت – لبنان ٢٠١٨.

فارسی:

الیکسیس تن: نظریه هاوپژوهش های ارتباط جمعی، ترجمه نعیم بدیعی، نشر روزنامه، همشهری، تهران ١٣٨٨
جنگ نرم(ویژەجنگ رایانەای):انتشارات موسسةفرهنکی وتحقیقات بین المللی ابرارمعاصرتهران،،چاپ باقری،تهران ١٣٨٣.
دینیس ماك کوایل: مخاطب شناسی، مرکز مطالعات وتحقیقات رسانه، تهران ١٣٨٩.
روشندل اربطانی و مهدی شریفی و سمیەلبافی: مدیریت رسانه، دانشگاه تهران، چاپ سوم، تهران ١٣٩٦.
سید محسن کمالی کلیمانی: عملیات ضدجنگ روانی، مرکز آموزشی پژوهشی شهید صیاد شیرازی، تهران ١٣٨٨
جعفر دمیرچی: راهبردهاو راهکارها درجنگ نرم. معاونت آموزش فرهنگی، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران ١٣٨٣.
حمید ضیایی پرور: جنگ نرم (ویژه جنگ رسانەای)، چاپ باقری،تهران– ایران ١٣٨٣.
محمد رضا محمدی:فرهنگ روزنامەنگار،سازمان چاپ وانتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی،تهران١٣٧٨.
محمودحقیقت کاشانی، نشرنی، تهران ١٣٨٣.
ناهد خوشنویس: مخاطب شناسی، دانشگاه علمی کاربردی، پایان نامه دکترا، (در شتەای مخاطب شناسی ورسانەها)،

تهـران ١٣٩٩- ١٤٠٠.

هادی اسماعیلی: مطالعات تحلیلی سبك زندگی مصرف گرا، نشرنی، تهران ١٣٨٩.

گۆڤارو وەرزنامەکان:

قاسـم دوسـتی: رهیافـت سـطح شـناختی در مطالعـه أهـداف جنـگ نـرم، فصلنامـه راهـبردو فرهنـگ، شـماره شـانزدهم، زمسـتان ١٣٩٠، تهـران.

مهـدی صباغیـان بیدگلـی و مهـدی هوشـیار: خـبرو جنـگ نـرم، مجلـه علمـی پژوهشـی و رسـانه، دانشـکده علـوم اجتماعـی دانشـگاه تهـران، پایـان نامـه فـوق لسـانس، تهـران، ١٣٩١ – ١٣٩٢.

مهـدی ناظمـی اردکانـی و مجیـد نـژاد پـورو مصطفـی محمـدی: انقـلاب اطلاعـات وتأثیـرآن برجنـگ نـرم، فصلنامـه پژوهـش هـای راهـبردی سیاسـت، سـال چهـارم، شـماره ١٦، بهـار ١٣٩٥، تهـران.

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هاوسەرگیریی میسار؛ حوکمی شەرعیی و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی «هەرێمی کوردستان بە نموونە»

م.ی. عدنان أحمد فتاح
ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و
لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی- زانکۆی سلێمانی
adnan.fatah@univsul.edu.iq

م.د.سعدون حسين أحمد
مامۆستا لە بەشی خوێندنی ئیسلامی- ئێواران-
کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان- زانکۆی سلێمانی
saadoon.mustafa@univsul.edu.iq

**پوختە:**

هاوسەرگیریی مسیار بابەتێکی نوێیە، بەم ساڵانەی دوایی هاتووەتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە، وەک باس ئەکرێت هاوسەرگیرییەکی ئاسانە، بەڵام بێ گرفتیش نییە، لەبەرئەوەی هێشتا نوێیە کۆمەڵگەی کوردیی ناتوانێت بە ئاسانیی و ئاشکرا قبوولی بکات، ئەمەش وای کردووە ئەو کەسانەی ئەیکەن، بە نهێنیی بیهێڵنەوە، ئەم نهێنیبوونەش رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی شەرعیی و کۆمەڵایەتییمان ئەکاتەوە، بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردیی کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسوڵمانە و پەیڕەویی لە شەریعەتی ئیسلامیی ئەکات، بە گوێرەی شەریعەتیش هاوسەرگیریی ئەبێت ئاشکرا بێت، لە هەمان کاتدا لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە هاوسەرگیریی نهێنیی پەسەند نییە و بکەرانی رووبەڕووی کێشەی زۆر ئەکاتەوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لەو گرفتە ئایینیی و کۆمەڵایەتییانە ئەکۆڵینەوە کە بەهۆی هاوسەرگیریی مسیار روو ئەدەن.

**کلیلە وشەکان: کێشە، هاوسەرگیریی میسیار، فیقهیی، کۆمەڵایەتیی، هەرێمی کوردستان.**

Recieved: 2/8/2024
Accepted: 12/10/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

سەرەڕای جیاوازیی گرێبەست و ڕێوشوێنەکان، بە درێژایی مێژوو، هاوسەرگیریی بنەمای سەرەکیی درێژەدان بووە بە کۆمەڵگە مرۆییەکان. جۆرەکان و گرێبەستی هاوسەرگیریی بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکان، ئایینە جیاوازەکان، مەزهەب، کەلتوور و کۆمەڵگەکان جیاوازن. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا هاوسەرگیریی باو و دانپێدانراو، بریتییە لە هاوسەرگیریی ئاشکراکراوی نێر و مێیەک. لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، ئایینزا و مەزهەبە جیاوازەکان، هاوسەرگیریی تریش هەبووە کە کۆدەنگییان لەسەر نەبووە. یەکێک لەو جۆرانەش هاوسەرگیریی میسیارە. هاوسەرگیریی میسیار بە گوێرەی کۆمەڵگەکان جیاوازیی هەیە، ئەوەی بڕیار لەم جیاوازییەش ئەدات کەلتوور و یاساکانی ئەو کۆمەڵگەیانەیە.

ماوەی چەند ساڵێکە هاوسەرگیریی میسیار کە سەرەتا لە وڵاتانی کەنداو ئەکرا، لە هەرێمی کوردستانیشدا بڵاوبووەتەوە. سەرەڕای ئەو دژایەتییە زۆرەی بەرامبەر ئەم هاوسەرگیرییە هەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵاوئەبێتەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە تیشک بخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیرییەکە، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و فیقهییەکانی و، پاشان ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستان بە دوای خۆیدا ئەیانهێنێت.

## -پێکهاتەی توێژینەوە

باسی یەکەم؛ ڕەهەندە فیقهییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان.

باسی دووەم؛ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان.

باسی سێیەم؛ گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان.

## - کێشەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکیی بدرێتەوە، لەوانەش؛

لە کاتێکدا ئەم هاوسەرگیرییە سەرەتا لە چەند کۆمەڵگەیەکی کەنداوەوە سەریهەڵداوە، ئەو هۆکارانە چیین ڕێگایان بۆ سەرهەڵدانی ئەم هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستانیش خۆش کرد؟

سەرەڕای ئەو دژایەتییە توندەی بۆ هاوسەرگیرییەکە هەیە و دەیان کێشە بەدوای خۆیدا ئەهێنێت، هۆکاری خێرا بڵاوبوونەوەی چییە لە هەرێمی کوردستان؟

بۆچیی کۆدەنگیی ئایینی دروست نابێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە؟

ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە چیین بەهۆی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان سەرهەڵئەدەن؟

## -گرنگیی توێژینەوەکە

لەگەڵ ئەوەی ئەم هاوسەرگیرییە هیچ پشتئەستورییەکی یاسایی و کۆمەڵایەتیی نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ و زۆر بە خێرایی بڵاوئەبێتەوە، ئەمەش گرنگیی توێژینەوە لە بارەیەوە زیاتر ئەکات.

گرنگییەکی تری توێژینەوەکە ئەوەیە، هاوسەرگیریی میسیار دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی بە دوای خۆیدا هێناوە، کە لە دادگاکانیشدا بە قوورسیی چارەسەر ئەکرێن، هەر بۆیە بابەتەکە بۆ کایەی زانستیی گرنگییەکی زۆر و پێویستی

هەیـە. توێژیینـەوە لەبـارەی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە کـە بـۆ کۆمەڵـگای کوردیـی نوێیـە، دەرگا بـە رووی چارەسـەری کیشـەکانی هاوسـەرگیرییەکەدا ئەکاتـەوە.

## -ئامانجی توێژیینەوەکە

ئامانـج لـەم توێژیینەوەیـە خسـتنەڕووی ئـەو هـۆکار و پاڵنەرانەیـە کـە دەرگایـان بـە رووی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان کـردەوە. هەروەهـا دەرخسـتنی ئـەو کێشـە و گرفتـە کۆمەڵایەتیـی، کەلتووریـی، خێزانیـی، یاسـایی و فیقهییانەیـە، بەهـۆی سـەرهەڵدانی ئـەم هاوسـەرگیرییە و بڵاوبوونـەوەی دروووسـت ئەبـن. هـاوکات بەشـداریی کـردن لـە کەڵەکەکردنـی زانیاریـی و هەوڵـی زانسـتیی لەبـارەی بابەتەکـە.

## -گرفتەکانی توێژیینەوەکە

گرفتـی سـەرەکیی توێژیینەوەکـە بریتییـە لـە قایلکردنـی ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیریی میسـیاریان کـردووە بـۆ چاوپێکەوتـن و وەرگرتنـی زانیاریـی لێیـان. هـۆکاری ئەمـەش نهێنیبوونـی هاوسـەرگیرییەکەیە لـە هەرێمـی کوردسـتان و شـاردنەوەی لەلایـەن ئـەو کەسـانەی ئەیکـەن. گرفتێکـی تـری توێژیینەوەکـە کەمیـی ئەدەبیاتـی زانسـتییە لەسـەر بابەتەکـە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی هاوسـەرگیرییەکە لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـە کۆمەڵگاکانـی کەنـداو نوێیـە.

## -میتۆدی توێژیینەوەکە

لـەم توێژینـەوەدا بـە پلـەی سـەرەکیی، پشـت بـە میتـۆدی وەسـفیی و شـیکاریی بەسـتراوە. هـاوکات بەکارهێنانـی هەریـەک لـە ئامرازەکانـی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ ئـەو مامۆسـتا ئایینیانـەی هاوسـەرگیریی میسـیار بـۆ خەڵـک ئەکـەن، لیژنـەی باڵای فەتـوای هەرێمـی کوردسـتان و لیژنـەی فەتـوای سـلێمانی. هەروەهـا فۆرمـی ڕاپرسـیی بـۆ وەرگرتنـی زانیاریـی لەبـارەی ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیریی میسـیاریان کـردووە.

## -کۆمەڵگای توێژیینەوەکە

لـەم توێژیینەوەیـەدا گفتوگـۆ لەگـەڵ چەنـد مامۆسـتایەکی ئایینیـی شـاری سـلێمانی کـراوە کـە هاوسـەرگیرییەکە بـە ڕەوا ئەزانـن، پشـتیوانیی ئەکـەن و بەشێکیشـیان بـۆ خەڵکیـان کـردووە. هـاوکات ژمارەیـەک پرسـیار لـە فۆرمێکـدا ئاڕاسـتەی ١٦ کـەس (١٤ پیـاو و دوو ژن) کـراوە، کـە هاوسـەرگیریی میسـیاریان کـردووە. دواتریـش شـیکردنەوە بـۆ وەڵامـەکان کـراوە.

تەوەری یەکەم: مێژووی هاوسەرگیریی میسیار و ڕەهەندە فیقهییەکانی لە هەرێمی کوردستان

## یەکەم: چەمکی میسیار

پێـش ئـەوەی بـاس لـە ڕەهەنـدە جیاوازەکانـی هاوسـەرگیریی میسـیار بکەیـن، بـە پێویسـتی ئەزانیـن کورتەیـەک لەبارەی واتـای سـەرەتای چەمکەکـەوە بڵێیـن. بـە گوێـرەی ئـەوەی هاوسـەرگیریی میسیار بابەتێکـی نوێیـە، بۆیـە لـە کتێبـە فیقهییـە کۆنەکانـدا نابینـرێ. فەقیهـە کۆنـەکان گفتوگـۆی زۆریـان لەبـارەی ئـەم بابەتـە نەکـردووە، چونکـە لـەو ڕۆژگارەدا هاوسـەرگیرییەکی لـەو جـۆرە بوونـی نەبـووە، بـەڵام لـە کتێبـە فیقهییـە نوێیەکانـدا ئـەم بابەتـە ئامادەیـی هەیـە و باسـێکی گەرمـی شـارەزایانی فیقهـی ئیسـلامییە لـەم سـەردەمەدا، بۆیـە لـە ڕەهەندەکانـی زمانەوانیـی، فیقهیـی و ئوسـوڵیی فیقهـەوە،

بابەتەکەیان باس کردووە و شرۆڤەیان کردووە، ئێمە هەوڵ ئەدەین لێرەدا بە کورتیی لەبارەی رەگ و واتای زمانەوانی چەمکەکەوە، بۆچوونە جیاوازەکان باس بکەین و شرۆڤەیان بکەین.

- لە کتێبی "لسان العرب" لە برگەی پیتی "سین"دا، بەم شێوەیە باس لە رەگی وشەی میسیار ئەکات و ئەڵێت: ئەسڵی وشەکە لە چاوگی "السير"وە وەرگیراوە کە بە واتای رۆشتنە، واتە پەیوەست نەبوون بە مانەوە لە جێگایەک، هەروەها وشەی "سیّار" و "مسیار" هەردووکیان سیغەی موبالەغەی وشەکەن و واتای زیادەڕەویی ئەگەیەنن، بۆیە "مسیار" واتە پەیوەست نەبوون بە ماڵێکەوە یان بە کەسێکەوە و زوو جیهێشتنی ئەو ماڵە یاخود ئەو کەسە. بە گوێرەی ئەم سەرچاوەیە میسیار بە ئەو کەسە ئەوترێت کە بەردەوام لە هاتن و چووندایە. (ابن منظور، ١٤١٤، ج٤، ص ٣٨٩).

کەواتە وشەی میسیار بۆ وەسف کردنی کەسێک بەکار ئەهێنرێت کەوا بەردەوام سەرپێیە و پەیوەسەت نییە بە شوێنێکەوە، بۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەو ناوەوە ناونراوە، چونکە پیاو بە دوور ئەگرێت لەو ئەرکە خێزانییانەی کەوا ناچاری ئەکات بە مانەوە لە ماڵەوە یاخود پەیوەستی ئەکات بە ژیانی تایبەتیی خێزانییەوە.

بۆچونێکی تر هەیە سەبارەت بە رەگ و ریشەی وشەی میسیار، کەوا ئەم وشەیە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی عەرەبستانی سعوودییە، بە ناوی نەجدەوە بەکار ئەهێنرێت بە واتای سەردانیکردن بە کاتی رۆژ، وەک سەردانی دراوسێ بەو پێیەی لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا پیاو بە کاتی رۆژ سەردانی هاوسەرەکەی ئەکات و بە شەو نامێنێتەوە. ( الأشقر،٢٠٠٠، ص١٦٢)

بۆچوونی سێیەم لەبارەی وشەی میسیارەوە ئەڵێت؛ ئەم وشەیە لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبییدا واتای سەردانێکی سەرپێییە و پێکەوەبوونێکی کوورتی کاتییە، لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا، چێژ و پێکەوە بوونێکی بەردەوامی ژن و مێرد بوونی نییە، بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە.(الأشقر،٢٠٠٠، ص١٦٢)

## دووەم: دەرکەوتنی هاوسەرگیریی میسیار لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا

گومانی تێدا نییە کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ریشەیەکی مێژوویی هەیە لە نێو فیقهیی ئیسلامییدا، هەرچەندە ناوەکەشی جیاواز بێت، بەڵام جۆرێک لە هاوسەرگیریی لەم شێوەیە بوونی هەبووە لە نێو کۆمەڵگەدا. وەک ئیبن قودامە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (المغني)دا چەند نموونەیەک لەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەگێڕێتەوە (الرَّجُل يتزوَّجُ المرأةَ ويَشْتَرِطُ عليها أن يَأْتِيَها في الأيَّامِ: يجوزُ الشَّرْطُ، فإن شاءتْ رَجَعَتْ. وقال في الرجلِ يتزوَّجُ المرأةَ على أن تُنْفِقَ عليه في كل شهرٍ خَمْسَةَ دَرَاهِم، أو عَشْرَةَ دَرَاهِم: النكاحُ جائزٌ، ولها أن تَرْجِعَ في هذا الشَّرْطِ).( ابن قدامة، ١٩٩٧، ج٤، ص٤٧٨) لێرەدا ئیبن قودامە باسی پیاوێک ئەکات ئافرەتێکی مارە کرد بە مەرجی ئەوەی تەنها لە کاتی رۆژدا پێکەوە ئەبن، ئەوە هاوسەرگیرییەکە درووستە، یاخود پیاوێک ئافرەتێک مارە ئەکات بە مەرجی ئەوەی مانگانە ئافرەتەکە بڕێک پارە بدات بە پیاوەکە، بە هەمان شێوە درووستە، بەڵام ئافرەتەکە ئەتوانێت پاشگەز ببێتەوە هەرکات ویستی. ئەم نموونانەی لێرەدا باسکراون بە شێوەیەک نزیکن لە میسیارەوە، بۆیە ئەکرێ بڵێین رێگە خۆشکەرییەک هەبووە بۆ هاوسەرگیریی میسیار لە رووی مێژووییەوە.

ئێمە لێرەدا باس لە رەهەندە مێژووییەکەی هاوسەرگیریی میسیار و سەرهەڵدانی ئەکەین. گوومانی تێدا نییە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ریشەیەکی مێژوویی هەیە لە کەلەپووری کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، کەواتە رێگەخۆشکەرییەکی کۆمەڵایەتیی و فیقهیی لە رووی مێژووییەوە بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هەیە. بە بێ بوونی ئەو پێشەکییە،

زەحمەت بوو ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە جێگای خۆی لە نێو کۆمەڵگەدا بکاتەوە. کەواتە مەزهەبە فیقهییە جیاوازەکان بە شێوەیەک ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە. بە گوێرەی ئەو ئاسانکارییەی کە لە کۆمەڵگەی عەرەبیی و کەنداودا هەیە بۆ هاوسەرگیریی، هاوسەرگیریی میسیار سەرەتا لە کۆمەڵگەکانی کەنداودا سەریهەڵدا. وەک چۆن لە سەرچاوەکاندا هاتووە، هاوسەرگیریی میسیار سەرەتا لە ناوچەی (قەسیم) لە عەرەبستانی سعوودییە دەرکەوتووە. دواتر بڵاوەی کرد بۆ ناوچەکانی تر. شێوازی هاوسەرگیریی میسیار لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. ئەمەش بە گوێرەی جیاوازیی داب و نەریت و مەزهەبە فیقهییە جیاوازەکان، چونکە هەندێک لە کۆمەڵگەکان بە هۆکاری داخران، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بە ئاشکرا قبووڵ ناکرێت و بە ناچاریی بە شێوەی نهێنیی ئەکرێت.

## سێیەم: ڕەهەندە فیقهییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

هاوسەرگیریی میسیار لە وڵاتانی تر، بە شێوەیەکی گشتیی ژن دەستبەرداری مافی خۆی ئەبێت لە نەفەقە، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە دۆخی ئابوورییان باشە، هەر ئەمەش بووە بە تایبەتمەندیی سەرەکیی هاوسەرگیریی میسیار و یەکێکە لەو رووخسارانەی هاوسەرگیرییەکەی پێ ئەناسرێتەوە. (رؤوف،٢٠٢٠، ١٥٢) لە رووی نەفەقە و شوێنی مانەوەوە، هاوسەرگیریی میسیار نوێ نییە. لە رۆمای کۆندا دوو جۆر هاوسەرگیریی هەبووە، (cum manu) لەگەڵ (sine manu)، جۆری دووەم نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ هاوسەرگیریی میسیار هەیە، چونکە لەو جۆرەدا و لە سەردەمی رۆمای کۆن، ژن لە دوای ئەوەی هاوسەرگیریی ئەکرد، لەگەڵ باوک و دایکی، لە ژێر کۆنترۆڵی باوکی و لە نێو موڵکی تایبەت بە خۆی ئەمایەوە. (Bakan, ٢٠٢٢, ٧٤) لە هاوسەرگیریی میسیاردا لە هەرێمی کوردستان بابەتی نەفەقە لە وڵات و کۆمەڵگەکانی تر جیاوازە. لەم چەند ساڵەی دواییدا، کۆمەڵگەی کوردیی ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پەیدا کردووە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز کە دواتر بە درێژیی باسیان ئەکەین، بەڵام لێرەدا ئێمە زیاتر قسە لەسەر لایەنە فیقهیی و شەرعییەکەی ئەکەین. بۆ ئەم مەبەستەش چەند دیدار و چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ کەسانی شارەزا لە فیقهی ئیسلامیی و ئاگادار لەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستان کردووە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی روون و دڵنیاکەرەوە سەبارەت بە فەتوایەکی یەکلاکەرەوە لەبارەی درووستیی و نادرووستیی میسیار، بەڵام هەوڵەکانمان لەم بارەیەوە بێ ئەنجام بوو، چونکە تاوەکو ئێستا فەتوایەکی روون و یەکلاکەرەوە لەم بارەیەوە لە هەرێمی کوردستان نییە. لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کە بارەگاکەی ئەکەوێتە شاری هەولێر، لە رۆژی ٣١ی ئابی ٢٠٢٢، لە روونکردنەوەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە، "لەم چەند رۆژەی دواییدا پرسی هاوسەرگیریی میسیار لە چەند کەناڵێکی راگەیاندن و سۆشیال میدیاوە بووە مژاری رۆژ و هاووڵاتییانی بەو بابەتەوە سەرقاڵ کرد. ئێمە لە ئەنجوومەنی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایان، سەرنجی موسوڵمانان و هاووڵاتییان بۆ ئەو راستییە رائەکێشین، کە ئەو هاوسەرگیرییە پێچەوانەی عورفی کۆمەڵگەی کوردییە و بۆ کۆمەڵگەی ئێمە گونجاو نییە و بە پەسەندی نازانیین، بە هۆی نەگونجانی لەگەڵ مەقاصیدەکانی هاوسەرگیریی لە ئیسلامدا. بۆیە داوا ئەکەین لە زانایانی ئایینی بەرێز خۆیان لە کردنی گرێبەستی ئەو هاوسەرگیرییە دوور بخەنەوە." هەرچەندە روونکردنەوەکەی لیژنەی باڵای فەتوا بە ئاشکرا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ کۆمەڵگەی کوردییە بە نەشیاو لە قەڵەم ئەدات و داوا لە خەڵک ئەکات خۆیانی لێ بە دوور بگرن، بەڵام خۆی لەوە بە دوور گرتووە بە روونیی فەتوای "حەرامبوونی" ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەربکات. ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکی زانستیی و بابەتیی کە لە کاتی

چاوپێکەوتنەکاندا بە روونیی لەسەری راوەستاون. بۆیە لێرەدا بە پێویستی ئەزانیین بۆچوونەکانی لیژنەکە بخەینە روو. بە بۆچوونی ئەندامانی لیژنەی فەتوا، هەندێک هۆکاری کۆمەڵایەتیی و کەسیی وا ئەکەن ئەم هاوسەرگیرییە بۆ کەسانێکی دیاریکراو پێویست بێت، بەم شێوازەی کە لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو ئەکرێت. لە هەمان کاتدا هۆکارگەلێکی دیکە هەن کە وا ئەکەن هاوسەرگیرییەکە نەگونجاو بێت بۆ کەسانێکی دیاریکراو. هۆکارەکانیش لەم بارەیەوە جیاوازن کە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، ئایینی و کەلتوورین. ناشبێت لەوەش بێئاگابین کە هەندێک جار خەڵکانێک بە ناوی هاوسەرگیریی میسیارەوە پەیوەندیی سۆزداریی و سێکسیی ئەبەستن، بە بێ ئەوەی بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی تێدا پەیڕەو بکرێت. بێگومان ئەم جۆرە "بە ناو هاوسەرگیرییە" بەتاڵ و ناشەرعییە.

وەک دکتۆر حەسەن موفتی، سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێ ئەکات، "ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە کەلەپووری فیقهی ئیسلامییدا باسی لێوە نەکراوە. هەرچەندە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، بنەماکانی هاوسەرگیریی شەرعییش لەخۆبگرێت، بەڵام هەر کارێکی نامۆ و بێزراوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هەروەها مەبەستەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی بەجێ ناهێنێت کە ئیسلام بانگەشەی بۆ ئەکات". (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا، رێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٤)

لە شەریعەتی ئیسلامییدا هاوسەرگیریی ئەبێت لەسەر بنەمای خۆشەویستیی، دڵئارامیی و پێکەوەبوونی بەردەوام پێک بهێندرێت، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی خواستی نزیکایەتیی و پێکەوە بوونی هەیە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر، ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاسودەیی دەروون. وەک لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێکراوە: (وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْواجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْها وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذلِكَ لَآياتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)، ئیمام فەخرەددینی رازی لە راڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت مەبەست لە رستەی " لِتَسْكُنُوا إِلَيْها " لایەنی مەعنەویی و ئارامیی دڵ و دەروونە.( الرازي،١٤٢٠، ج٢٥، ص٩١) کەواتە یەکێک لە ئامانجەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی، دەستەبەرکردنی ئارامیی دەروونە بۆ ژن و مێرد .

بە گوێرەی بۆچوونی سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان، هاوسەرگیریی میسیار بەو شێوەیەی لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو ئەکرێت، دڵنیایی و سەقامگیریی دەروونیی دەستەبەر ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەکەن لە پیاوان و ژنان، لە دۆخێکی ناجێگیریی دەروونییدا ژیان بەسەر ئەبەن. ئەمەش بە هۆی نهێنیبوونی کارەکەیان و ترسیان لە ئاشکرابوون لای کەسانی نزیکی خۆیان و کۆمەڵگا. "

دکتۆر حەسەن موفتی بەردەوام بوو لە باسکردنی کێشەکانی هاوسەرگیریی میسیار و گوتی، "ئامانجی ئەم هاوسەرگیرییە لە بەجێهێنانی خواستی سێکسیی دوولایەنەدا کوورت کراوەتەوە، بە بێ ئەوەی گرنگیی بدەن بە مەبەستە باڵاکانی هاوسەرگیریی کەوا شەریعەتی ئیسلام دیاری کردوون." (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا، رێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٤)

بە گوێرەی بەدوواداچوونەکانی ئێمەش بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم، خواستی سێکسیی هۆکاری ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەیە. لە کاتێکدا گومانی تێدا نییە خواستی سێکسیی لایەنێکی گرنگیی بابەتی هاوسەرگیرییە، هەروەها شەریعەتی ئیسلامییش رەچاوی ئەم لایەنەی کردووە، کاتێک یاسا و رێسای بۆ هاوسەرگیریی داناوە، بەڵام تاکە هۆکار و بنەمای هاوسەرگیریی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بابەتی تر هەیە لە ژیانی هاوسەرگیرییدا پەیوەستە بە کۆمەڵگە و خێزانەوە، ئەمە لە کاتێکدا بەها باڵاکانی خێزان لە هاوسەرگیریی میسیاردا فەرامۆش ئەکرێن.

بەدەر لە لایەنە فیقهییەکان، کەلتووری کۆمەڵگەش یەکێکە لەو بنەمایانەی کەوا لیژنەی فەتوا لە فەتواکانیدا پشتی پێ ئەبەستێت و ڕەچاوی ئەکات، لە ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە. وەک دکتۆر حەسەن پشدەری، بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەکات، «هاوسەرگیریی میسیار بە کۆمەڵگەی کوردیی نامۆیە، لەبەرئەوەشە بە شێوازێکی تەواو نهێنیی ئەکرێت، لە کاتی ئاشکرابوونییدا، بکەرانی ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورە ئەبنەوە.» (چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥)

ئەو ئەندامەی لیژنەی باڵای فەتوا چەند نموونەیەکی خستە ڕوو کە کێشەی کۆمەڵایەتییان لێ کەوتووەتەوە، تا ئاستی هەڕەشەی کوشتن، بۆیە داوا ئەکات خەڵک پەنا بۆ ئەم هاوسەرگیرییە نەبەن و خۆیانی لێ بە دوور بگرن. تا وەکو تووشی کێشەی کۆمەڵایەتیی نەبن.»

سەبارەت بەوەی تا وەکو چەند میسیار مەبەستە شەرعییەکانی هاوسەرگیریی تێدایە، بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا ئەڵێت، «ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، مەبەستە شەرعییەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی تێدا نییە و بەجێیان ناهێنێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە هاوسەرگیرییەکە حەرام بێت، چونکە گرێبەستی هاوسەرگیریی میسیار درووستە و مەرج و بنەماکانی گرێبەستی هاوسەرگیریی شەرعیی تێدایە.» (چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥)

د. حەسەن پشدەری ئاماژەی بەوەش کرد، «بەجێ نەهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت لە هاوسەرگیریی میسیار، نابێتە بەڵگەی حەرامبوونی هاوسەرگیرییەکە، چونکە مەبەستەکانی شەریعەت، بابەتگەلێکی بەدەر و جودان لە بنەماکانی گرێبەستی هاوسەرگیریی. بۆیە ئەکرێت گرێبەستەکە درووستبێت، ئەگەر مەبەستەکانیش بەجێ نەهێندرابن. لەبەرئەوە، دەرکردنی فەتوا و بڕیارێک بۆ حەرامکردنی هاوسەرگیریی میسیار پێویستە پشتئەستوور بێت بە دەقێکی شەرعیی، لێرەشدا دەقێکی لەو جۆرەمان نییە کە پاڵپشت بێت بۆ دەرکردنی فەتوای حەرامکردنی هاوسەرگیریی میسیار». (چاوپێکەوتن لەگەڵ بڕیاردەری لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٥) هەرچەندە لەبەر ئەم هۆکارانە، داوا ئەکات خەڵک خۆیان بە دوور بگرن لەم جۆرە هاوسەرگیرییە، بەڵام دڵنیایی نەدا لە حەرامبوونی هاوسەرگیرییەکە.

سەبارەت بە حەرامبوونی هاوسەرگیریی میسیار، د، حەسەن موفتی ئەڵێت: «هاوسەرگیرییەکە حەرامە، بەڵام بەهۆکارێکی دەرەکیی، نەک خودیی، ئەویش بە پشتبەستن بەم یاسا فیقهییەی کە ئەڵێت، (ما يؤدي إلى الحرام حرام سدا للذريعة). (الغزي، ٥، ٣٠) واتە: «هەر کارێک سەربکێشێت بۆ حەرامێک، حەرامە.» کەواتە، بە هۆکاری ئەوەی هاوسەرگیریی میسیار سەرئەکێشێت بۆ حەرام، ئەکرێت وەک حەرام ناوی بهێندرێت». (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا، ڕێککەوتی ٢٠٢٤\٧\٤) بۆیە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ ئەوەی تووشی حەرام نەبن، خۆیان لەم هاوسەرگیرییە بە دوور بگرن. لە هەمان کاتدا، بە هۆکاری بوونی بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی، ناکرێت بڵێین خودی هاوسەرگیرییەکە حەرامە، چونکە دەرکردنی فەتوایەکی لەو جۆرە پەیوەستە بە سرووشتی کردنی هاوسەرگیرییەکە. هەندێک جار یەکێک لە دوو لایەنەکەی هاوسەرگیرییەکە لایەنی بەرامبەر بەکارئەهێنێت بۆ مەبەستێکی تر و تایبەت. بۆیە بۆچوونی ئەوان پێش بڕیاردان لەسەر هاوسەرگیرییەکە، پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد و فرەلایەن لەبارەی کۆی پرۆسەکە بکرێت. ئەمەش لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر جیاوازە. لە هەندێک نموونەی هاوسەرگیریی میسیاردا هۆکاری حەرامکردن هەیە، بەڵام لە هەندێک نموونەی تردا ئەکرێت ئەو هۆکارانە نەبن. وەک زانایانی ئوسووڵی فیقهی باسیان کردووە، دەرکردنی حوکمی شەرعیی پەیوەستە بە هۆکارەوە. ئەگەر هۆکاری

حەرامبوون هەبوو لە هاوسەرگیرییەکەدا ئەوا حەرامە و ئەگەر نەشبوو، ئەوا حەرام نییە.

چوارەم: هاوسەرگیریی میسیار یاخود هاوسەرگیری موتعە

ئەو رەخنە و تێبینییانەی لەبارەی هاوسەرگیریی میسیار هەن لە هەرێمی کوردستان، فرەڕەهەند و جیاوازن، یەکێک لەوانەش پەیوەستە بە ماوەی هاوسەرگیرییەکە. بۆ نموونە ئەگووترێت: میسیار هاوسەرگیرییەکی کاتییە، بە مەبەستی تێرکردنی ئارەزووی سێکسیی. هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا، میسیار بەوە وەسف بکات کە جۆرێکە لە هاوسەرگیریی «موتعە». ئەوەی زیاتر لە لایەن شیعەی ئیمامییەوە ئەنجام ئەدرێت. ئەویش جۆرێکە لە هاوسەرگیریی کە بە گرێبەستێکی کاتیی و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. هاوسەرگیریی موتعە لە کتێبە فیقهییەکاندا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (معنى نكاحِ المُتْعةِ أن يتَزَوَّجَ المرأةَ مُدّةً، مثل أن يقولَ: زَوَّجْتُكَ ابْنَتِي شَهْرًا، أو سَنَةً، أو إلى انْقِضاءِ المَوْسِمِ، أو قُدُومِ الحاجِّ. وشِبْهِهِ، سواءٌ كانت المُدَّةُ معلومةً أو مجهولةً. فهذا نِكاحٌ باطلٌ). (ابن قدامة،١٩٩٧، ج١٠، ص٤٦) تایبەتمەندیی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەوەیە کە لە کاتی گرێبەستەکەدا ماوەی هاوسەرگیرییەکە دیاری ئەکرێت، ئیتر ماوەکە کەم بێت یاخود زۆر جیاوازیی نییە. بێگومان هیچ هاوسەرگیرییەکی کاتییش لە فیقهی ئیسلامییدا قبووڵکراو نییە.

بۆیە دکتۆر محەمەد عەبدوڵا سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە سلێمانی ئەڵێت: «هەندێک کات ئەوترێت؛ هاوسەرگیریی میسیار، هاوسەرگیرییەکی کاتییە بە مەبەستی تێرکردنی ئارەزووی سێکسیی، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکاری حەرامبوونی هاوسەرگیرییەکە، چونکە گرێبەستی هاوسەرگیریی بە مەبەستی جیابوونەوە درووستە، بە مەرجێک کەسەکە لە کاتی گرێبەستەکەدا مەبەستەکەی دەرنەبڕێت، لەم کاتەدا کەسەکە تاوانبار ئەبێت لەسەر ئەوەی مەبەستەکەی (نییەتەکەی) شاردووەتەوە لە کاتی گرێبەستەکەدا».(چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی، رێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٧)

ئەگەر لە کاتی گرێبەستەکەدا بە ئاشکرا ماوە بۆ گرێبەستەکە دیاری کرا، ئەوە بە هەموو شێوەیەک ئەو هاوسەرگیرییە بەتاڵە. وەک ئیمامی شافیعی ئەفەرموێت:( كل نكاح إلى وقت معلوم أو مجهول فالنكاح مفسوخ، لا ميراث بين الزوجين، وليس بين الزوجين شيء من أحكام الأزواج، طلاق ولا ظهار، ولا إيلاء، ولا لعان، إلا بولد، وإن كان لم يصبها فلا مهر لها، وإن كان أصابها فلها مهر مثلها، لا ما سمي لها، وعليها العدة، ولا نفقة لها في العدة وإن كانت حاملا). (الشافعي، الأم، ٥، ٨٦)

سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە سلێمانی بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن لەبارەی هاوسەرگیریی بە نیازی جیابوونەوە و گوتی، «هەر هاوسەرگیرییەک بە شێوەی کاتیی کرا، ئەوا گرێبەستەکە هەڵئەوەشێندرێتەوە و دوو هاوسەرەکە جیا ئەکرێنەوە. پێویستە لەسەر ژنەکە عیددەی جیابوونەوە تێ بپەڕێنێت و لەم جۆرە حاڵەتەدا ئەگەر پیاوەکە مرد، ژنەکە میراتی لێ ئەبات. هەروەها ئەگەر هاتوو پیاوەکە نیازی خۆی گۆڕی، بە ئاڕاستەی بەردەوام بوونی لە هاوسەرگیرییەکە، ئەوا درووستە. بە هەمان شێوە لە هاوسەرگیریی میسیاریشدا ئەم جۆرە حوکمانە پەیڕەو کراون. ئەگەر هاوسەرگیرییەکە بۆ کاتێکی دیاریکراویش بێت، مادام لە کاتی بەستنی گرێبەستەکەدا باسی ماوە نەکرابێت.» (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی، رێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٧)

د. محەمد عەبدوڵا بۆچوونی وایە، ئەم حوکمە فیقهییانە پەیڕەو ناکرێن لە هاوسەرگیریی موتعەدا. بۆیە جیاوازییەکە روونە لە نێوان میسیار و موتعەدا. یەکەمیان هیچ کێشەیەکی فیقهیی نییە و لە بازنەی حەڵاڵدا جێگای ئەبێتەوە، بەڵام دووەمیان ئەچێتە خانەی حەرامەوە، چونکە جۆرێکە لە بە کرێدانی جەستە، وەک بە کرێدانی خانوو و شتی

ماددی. سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە سلێمانی باسی لەوە کرد، «هەفتانە چەندین کەس بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی، جیابوونەوە، میرات، منداڵ و نەفەقە روومان تێ ئەکەن. هەندێک لەو کێشانەش پەیوەستن بە هاوسەرگیریی میسیار. بۆ نموونە هەندێک جار بەهۆی میسیارەوە، منداڵ لە دایک ئەبێت، کە کێشە بۆ دایک و باوکەکە و خوودی منداڵەکەش درووست ئەکات، چونکە ئەم منداڵە بێ بەش ئەبێت لە ناسنامە، پاسپۆرت، میرات و نەفەقە. وەک چۆن هەندێک جار، پیاوەکە رووبەڕووی کێشە ئەبێتەوە، چونکە ژنەکە گرنگیی پێ نادات و بە دەم پیاوەکەوە ناچێت. لە هەندێک دۆخیشدا ژنەکە ئەبێتە قوربانیی و بەکار ئەهێندرێت.» (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی، رێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٧)

کۆی ئەو هۆکارانە سەرۆکی لیژنەی فەتوا لە سلێمانی ناچار ئەکات، میسیار بە هاوسەرگیرییەکی سەرپێیی و بێ ناسنامە ناو ببات و پێی وا بێت تەنها کەسانێکی دیاریکراو کەوا بە باشی پەیوەستیی ئایینداریی نین پەنای بۆ ئەبەن. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە مەبەستەکانی هاوسەرگیریی شەرعیی ناهێنێتە جێ، هەرچەندە مەرجەکانی هاوسەرگیریی ئاساییشی تێدا بێت. دکتۆر محمد داوا ئەکات تەنیا لە کاتی زۆر ناچارییدا نەبێت، باشترە پەنا بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نەبرێت.

بە گوێرەی بەدواداچوونەکانی ئێمە، سنووردارکردنی فرەژنیی، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وای لە بەشێک لە خەڵک کردووە پەنا بۆ میسیار ببەن. پەیوەستە بەم باسەوە، د. محەمەد عەبدوڵا ئەڵێت: «ئێمە وەک لیژنەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان، داوایەکمان پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار لە حوکومەت کردووە، بۆ ئەوەی لە نێو دادگاکاندا بەشێکی تایبەت بە تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیریی میسیار بکرێتەوە، هەتا کۆمەڵگەکەمان بە دەور بگرین لە کێشە و لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی میسیار، کە رەهەندی یاساییان نییە، چونکە لە لایەن دادگەوە دانی پێدا نانرێت و تۆمار ناکرێت. لە کاتێکدا هاوسەرگیریی میسیار، بووەتە ئەمری واقیع و ناتوانین خۆمانی لێ لادەین. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەکەمانی بۆ ئامادە بکەین لە رووی یاسایی، ئایینی و کەلتوورییەوە». (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی، رێککەوتی ٢٠٢٤\٧\١٧) چوونکە ئێمە ئەبێت بۆ هەموو پێشهاتێک دەرچەیەکی یاساییمان هەبێت ئەگەر ئەو پێشهاتە ناپەسەندیش بێت، ناچارین بە یاسا لەگەڵیدا هەڵکەین.

لە کۆتاییدا سەرۆکی لیژنەی فەتوای سلێمانی داوا ئەکات، رێوشوێنەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیریی ئاسایی و باو ئاسان بکرێن، بۆ ئەوەی بە دوور بیین لەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی لە ئەنجامی کۆت و بەندی کۆمەڵگە و دادگاکانەوە لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریی دانراون.

لە ئەنجامی ئەم بۆچوونانە دەرئەکەوێت کەوا لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان و لیژنەی پارێزگاکان، وەک پرسێکی تایبەت و کەسیی مامەڵە لەگەڵ هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن و فەتوایەکی گشتێندراویان نییە، واتە بابەتەکە وەک پرسێکی کۆمەڵایەتیی گشتیی تەماشا ناکرێت. بۆیە تەنها لە چوارچێوەی حاڵەتە کەسییەکان و ئەو کێشانە مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن، کە بە هۆی ئەنجامدانی هاوسەرگیریی میسیار سەرهەڵ ئەدەن.

تەوەری دووەم: رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کورستان کە زۆرینەی شوێنکەوتەی مەزهەبی شافعین، هاوسەرگیریی ئاسایی باوە کە بریتییە لەو هاوسەرگیرییەی بوونی دوو شاهید، ئامادەبوونی وەلی ئەمر و ئاشکرا ئەنجامدانی مارەبڕین بنەما سەرەکییەکانییەتی. لەم جۆرە هاوسەرگیرییەشدا هەندێک لە پیاوان زیاتر لە هاوسەرێکیان هەیە و پێی ئەگوترێت فرەژنیی، کە لە

ماوەی دوو دەیەی رابردوودا، هەمیشە جێگای ناکۆکیی و مشتومڕی زۆری نێو کۆمەڵگەی کوردیی و تەنانەت کایەی سیاسیی بووە.

ناکۆکییەکان لە نێوان لایەنگرانی یەکهاوسەریی و فرەهاوسەریی بەردەوامبوو، تا وەکو ئەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان یاسای باری کەسێتیی هەموار کردەوە کە یاسای ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩یە لە یاسای باری کەسێتیی عێراقیی.

بە گوێرەی ماددەی ١٨ لە یاسای ژمارە ١٥ی هەمووارکراوی ٢٠٠٨، چەند مەرج و کۆت و بەندێک بۆ هاوسەرگیریی دووەم و زیاتر دانران، لەوانەش؛ نابێت هاوسەرگیریی ژنێك زیاتر بێت مەگەر بە رێگەپێدانی دادوەر نەبێت و دەبێت رێگەپێدانیشی ئەم مەرجانەی تێدابێت وەك: لە بەردەم دادگا رەزامەندیی ژنی یەکەم وەربگیرێت لەسەر هێنانی ژنی دووەم. تووشبوونی ژنەکە بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێندراو کە رێگا لە کاری سەرجێی بگرێت و ئومێدی چاکبوونەوەی نەبێت، یاخود توانای منداڵبوونی نەبێت. ئەو پیاوەی لە ژنێك زیاتر ئەهێنێت، ئەبێت توانای دارایی وای هەبێت کە بەشی بەڕێوەبردنی هەردوو هاوسەرەکەی بکات، ئەبێت بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنێت و نابێت ژنی یەکەم لە کاتی گرێبەستی هاوسەرگیریی مەرجی دانابێت کە هەوێی بەسەر نەهێنێت. هەر پیاوێك گرێبەستی هاوسەرگیریی بۆ زیاتر لە ژنێك بە پێچەوانەی هەریەك لە مەرجەکانی ماددەی دووەمی یاساکە کرد، بۆ ماوەیەك زیندانیی ئەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت و سزاش دەدرێت بە بڕی ١٠ ملیۆن دینار. ئەم مەرجانەش لە یاسای ژمارە ١٨٨ی باری کەسێتیی ساڵی ١٩٥٩دا نییە، کە لە عێراق کاری پێ ئەکرێت. (رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان،٢٠٠٨، ژمارە ٩٥)

## یەکەم: پاش قەدەغەکردنی فرەژنیی

لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانییەکان، بە تایبەتی چاوەڕوانییەکانی رێکخراوەکانی ژنان و بەرگریکارانی هەمووارەکە ئەوە بوو فرەژنیی و هێنانی ژنی دووەم لە هەرێمی کوردستان کۆتایی بێت، یان زۆر کەم ببێتەوە، بەڵام بەو جۆرە دەرنەچوو. بە گوێرەی ئاماری بڵاوکراوە لە لایەن ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٨دا، رێگا بە ٨٩ پیاو، لە ٢٠٢١دا رێگا بە ١٠١ پیاو، لە ساڵی ٢٠٢٢دا رێگا بە ٨١ پیاو، لە ساڵی ٢٠٢٣دا رێگا بە ٨٣ پیاو دراوە هاوسەرگیریی دووەم بکەن. (ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لەبارەی مامەڵە ئەنجامدراوەکانی دادگەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢١-٢٠٢٣)

سەرەڕای ئەمە، ئەو پیاوانەی لە هەرێمی کوردستان ویستوویانە ژنی دووەم بهێنن و نەبەسترێنەوە بە مەرجەکانەوە، بۆ بەڵێننامەی هاوسەرگیرییەکەیان روویان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردووە، تاوەکو بە یاسای باری کەسێتیی عێراقی هاوسەرگیریی دووەم، سێیەم و چوارەمیان بکەن.

بەشێک لە پیاوان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی نەبەسترێنەوە بە یاسای هەرێمی کوردستان و عێراقیش، پەنایان بۆ هاوسەرگیریی میسیار بردووە. ( https://newjin.net/details.aspx?kodtech=٢٠٦٩٩)

## دووەم: بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

بڵاوبوونـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان کـە بەشـێکە لـە کۆمەڵـگـە ئیسـلامییەکان، گۆڕانکارییەکـی گەورەیـە لـە ژیانـی کۆمەڵایەتیـی، پەیمانـی کۆمەڵایەتیـی، جـۆری هاوسـەرگیریی، ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـی و خێزانییـەکان.

مـاوەی چەنـد سـاڵێکە ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـە شـێوەیەکی فـراوان بڵاوبووەتـەوە. لەبەرئەوەی هاوسـەرگیرییەکە بـە شـێوەی نهێنیـی و لـە دەرەوەی دادگـەکان ئەکرێـن، هیـچ ئامارێـک نییـە ژمـارەی ڕاستیی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە بخاتـەڕوو.

ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا بـە پلـەی یەکـەم پشـتمان بـە گوتـەی بەشـێک لـەو مامۆسـتا ئایینییانـە بەسـتووە، کـە بڕوایـان بـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە هەیـە و بەشێکیشـیان بـۆ خەڵکـی دەکـەن. لەگـەڵ ڕاپرسـییەک کـە لـە نێـو ژمارەیـەک لـەو کەسـانەی هاوسـەرگیرییەکەیان کـردووە کردوومانـە.

## سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

لـە دوای قەدەغەکردنـی فرەژنیـی، جگـە لـە هاوسـەرگیریی لـە دەرەوەی دادگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەن هاوڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە، هاوسـەرگیریی میسـیاریش ڕووی لـە هەڵکشـان کـرد، واتـە یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی زیادبوونـی پرۆسـەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان، قەدەغەکـردن و سـنووردارکردنی فرەژنیـی بـووە.

قورسبوونی هاوسـەرگیریی ئاسایی و قەیرانـی دارایـی کـە توانـای گەنجان و ئـەو پیاوانەشـی لاواز کرد بە نیازی هاوسـەرگیریی دووەم بـوون، هۆکارێکـی دیکـە بـوو بـۆ ئـەوەی پەنـا بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ببـەن، چونکـە بـەراورد بە هاوسـەرگیریی ئاسـایی، لـەم هاوسـەرگیرییەدا پابەندییەکـی کەمـتری دارایـی هەیـە. ئەمـە جگـە لـەوەی لـە ڕووی یاساییەوە کێشـەیان بـۆ درووسـت نابێـت، چونکـە ژنـی یەکـەم ناتوانێـت بیسـەلمێنێت کـە هاوسـەرەکەی هاوسـەرگیریی دووەمـی کـردووە. ئەمـەش وا ئـەکات پیـاوان لەبـری هاوسەرگیریی لـە دەرەوەی دادگەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ڕوو لـە هاوسـەرگیریی میسـیار بکـەن.

## چوارەم: میسیاری کوردیی

پرۆسـەی هاوسـەرگیریی لـە کۆمەڵـگـە ئیسـلامییەکاندا بـە گوێـرەی دۆخـی کۆمەڵایەتیـی، داب و نەریـت، کەلتـور و مەزهەبـی پەیڕەوکـراو جیـاوازە. واتـە هەمـان جـۆری هاوسـەرگیریی بـە گوێـرەی کۆمەڵـگـەکان تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە. وەک چـۆن ڕێوڕەسـمەکانی هاوسـەرگیریی ئاسـایی لـە کۆمەڵـگـە ئیسـلامییەکاندا بـە گوێـرەی مەزهـەب و کەلتـورەکان جیـاوازن، هاوسـەرگیریی میسـیاریش بـە هەمـان شـێوە جیـاوازە، واتـە تایبەتمەندییەکانـی میسـیار لـە کوردسـتان، جیـاوازە لـە تایبەتمەندییەکانـی میسـیار لـە وڵاتانـی کەنـداو و وڵاتـە ئیسـلامییەکانی تـر.

لـە وڵاتانـی ئیسـلامیی و کەنـداو، میسـیار زیاتـر وا ناسـراوە کـە ژنـان دەسـت لـە نەفەقـە و مافەکانـی خۆیـان هەڵئەگـرن و لێـی خۆشـئەبن، بـە شـێوەیەکی گشـتییش شـوێنی مانـەوەی خۆیـان هەیـە، واتـە پیـاو هیـچ بەرپرسـیارییەتییەکی ئابووریـی هەڵناگرێـت.

لـە کوردسـتان دۆخەکـە جیاوازتـرە، بەشـێک لـەو پیاوانـەی هاوسـەرگیریی میسـیار ئەکـەن، بەرپرسـیارییەتی دارایـی و ئابووریـی ماڵیـش وەرئەگرن. تەنانـەت ئەگـەر ژنیـش خـاوەن ماڵـی خـۆی بێـت، هـەر سـوورە لەسـەر ئـەوەی خەرجیـی ژنەکـە لـە ئەسـتۆ بگرێـت.

## تەوەری سێیەم: دەرهاویشتە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان

### یەکەم: مەترسیی لەسەر خێزان

خێـزان نـاوک یـان یەکەیەکـی کۆمەڵگەیـە، هیـچ کۆمەڵگەیەکـی مرۆیـی بەبـێ خێـزان بوونـی نییـە، چونکـە ئەندامـی نـوێ ئەخاتـە نێـو کۆمەڵگـەوە و کەلەپـوورە کەلتوریـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـە لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی تـر ئەگوازێتـەوە، یارمەتـی کۆمەڵـگاش ئـەدات لـە جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکانـی وەک ئایینـی، پەروەردەیـی، هزریـی و کۆمەڵایەتیی.(خەلیـل، ٢٠٠٧، ١٤)

لـە هەمـوو کۆمەڵـگا رۆژهەڵاتییـەکان، درووسـتکردنی خێـزان، وەک ئەرکێکـی پیـرۆزی کۆمەڵگـە و هەمـوو تاکێکیـش تەماشا ئەکرێت، هەربۆیـە گرنگییەکـی زۆر بـە هاوسـەرگیریی ئەدرێـت، کـە بنەڕەتـی دروسـتبوونی خێزانە. ئاشـکرا کردنـی هاوسـەرگیرییش بـۆ پیشـاندانی ئـەو خێزانـە نوێیەیـە لـە داهاتـوودا دروسـت ئەبێـت، تاوەکـو هەمـووان قبووڵـی بکـەن و پێشـوازیی لـێ بکـەن.

بـە هـۆی ئـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە شـێوەی نهێنیـی دەکرێـت و ژن و پیاوەکـەش زۆر بـە نهێنیـی یەکـتر ئەبینـن، بـە هیـچ جۆرێـک هـۆکار و بنەماکانـی دروسـتبوونی خێزانـی تێـدا درووسـت نابێـت. واتـە هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان نابێتـە هـۆی دروسـتبوونی هیـچ کام لـە جۆرەکانـی خێـزان، بـەم جـۆرەش چەنـد ژمـارەی میسـیار زیاتـر بێـت، هێنـدە کاریگەریـی لەسـەر کەمبوونـەوەی ژمـارەی خێزانـەکان ئەبێـت.

هاوسـەرێتیی بریتییـە لـە پەیوەندیـی پیاوێـک لەگـەڵ ژنێـک یـان زیاتـر، بـە گوێـرەی گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی، کـە تەنهـا ژن و مێـرد لەخۆئەگرێـت، بـەڵام خێـزان بـە چەمکـی کۆمەڵایەتیـی، ئەبێـت ژن و مێـرد منداڵیـان هەبێـت. بـە واتایەکـی تـر خێـزان یەکەیەکـە پێکهاتـووە لـە ژن و مێـرد کـە تێرکردنـی پێداویسـتی سێکسـیی و هاوکاریـی ئابووریـی، زاوزێ و منـداڵ بەخێوکردنیـان لەخۆگرتـووە. بوونـی منـداڵ کۆڵەکەیەکـی سـەرەکییە بـۆ بوونـی خێـزان. ئەمانـەش ئـەو بنەمایانـەن کـە لـە هاوسـەرگیریی میسـیاردا نییـن. (القصیر و احمـد، ٢٠٠٢، ٨٦)

سۆسـیۆلۆژیای خێـزان، ملیحـة عـوني القصیـر و صبیـح عبدالمنعیـم احمـد، و؛ صابـر بکـر بۆکانـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی دانـاز، سـەنتەری توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵایەتیـی تـاوان، ٢٠٠٢،لا ٨٦

ئـەم مەترسییە کاتێـک زۆرتـر و گەورەتـر ئەبێـت، گەنجـان بـە ژمارەیەکـی زیاتـر لـە ئێسـتا روو لـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە بکـەن، بـە تایبـەت ئـەو گەنجانـەی نایانەوێـت خێـزان درووسـت بکـەن.

مەترسیی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە لـە کاتێکدایـە، رۆژ بـە رۆژ، بـە هـۆی بەرزیـی رێـژەی جیابوونـەوە، ژمـارەی خێزانـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان کەمتر ئەبنـەوە.

دروسـتبوونی خێـزان پێویسـتی بـە دوو کەسـی رەگـەز جیـاواز هەیـە کـە چەنـد پەیوەندییەکـی هەمەجـۆر پێکیانـەوە ئەبەسـتێتەوە و منداڵـی لێئەکەوێتـەوە کـە نـاوی خێزانەکەیـان هەڵئەگـرن. خێزانەکە منداڵەکان لەسـەر ئاکاری ئـەو کۆمەڵگایە پـەروەردە دەکات کـە تێیدا ئەژیـن، ئـەوەش لەپێنـاو پارێزگاریکـردن لـە مانـەوەی رەسـەنێتیی سیسـتمی کۆمەڵایەتیـی. ئـەو

کاتە ئەتوانین هاوسەرگیریی ناوبنێین خێزان. هاوسەرگیریی میسیار تەواو پێچەوانەی ئەم پێناسە باوەی خێزانیشە. (خەلیل، ٢٠٠٧، ١٥)

دامەزراوەی سەرەکیی و یەکەم لە کۆمەڵگادا خێزانە، کە بەشێوەیەکی گشتیی و باو لە دایک و باوک و منداڵ پێکدێت. ئەرکی سەرەکیی خێزان و چاوەڕوانی کۆمەڵگەش، خستنەوەی منداڵ و درێژەدانە بە رەگەزی مرۆڤ. لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا کە ئاشکرا نییە، خێزانێکی ئاشکرا درووست ناکرێت، واتە وەک چۆن ئەنجامی هاوسەرگیریی ئاشکرا دروستبوونی خێزانێکی نوێیە، بەڵام لەم هاوسەرگیرییەدا خێزانێکی نوێ درووست نابێت کە، خاوەن پێگەی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی بن.

کچ و کوڕ لە هاوسەرگیریی ئاساییدا پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان گۆڕانکاریی بە سەردا دێت و ئەبنە خاوەن خێزان و پێگەی ژن و پیاو و دواتریش دایک و باوک وەرئەگرن، بەڵام لەم هاوسەرگیرییەدا پێگەی دوو کەسەکە گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت، بە تایبەت کە یەکەم هاوسەرگیرییان بێت.

بەم جۆرە، ئەم هاوسەرگیرییە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیرییناپێکێت و ناشچێتە ژێر باری هیچ ئەرک و پابەندییەکی کۆمەڵایەتیی، هاوکات نابێتە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتییە کۆمەڵایەتییەکان، کە دیارترینیان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە.

## دووەم: جیابوونەوە

مرۆڤ جگە لە دانانی کۆمەڵێک پێوەر بۆ هاوسەرگیریی و کۆنترۆڵکردنی، سیفەتێکی بەهاداری بەو بنەمایانە دا کە هاوسەرگیریان لەسەر بونیاد ئەنرا. ئەوەش لە رێگای گرێبەستێک کە ملکەچی ئەو رێورەسمە ئاینییەیە کە رێک ئەخرێت بۆ ئەوەی سیفەتێکی راگەیەندراو و ئاشکرا بە پرۆسەکە بدرێت بۆ خەڵک، ئەمەش لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو. واتە ملکەچ پێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیرییە بۆ دوو دیسپلین؛ یەکەم کۆمەڵایەتیی (عورفی)؛ بۆ ئەوەی مرۆڤ بە ئاسانیی لێی لانەدات، دووەمیش؛ (ئاینییە) واتە پرۆسەیەکی پیرۆزە.(خەلیل، ٢٠٠٧، ٣١) یەکێک لە دەرهاویشتە مەترسیدارەکان و ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی بە هۆی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەوە دروست ئەبێت، جیابوونەوەیە.

میسیار لە هەرێمی کوردستان کە بە نهێنیی ئەکرێت، لە ئەگەری ئاشکرابووونیدا کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورەی لێ ئەکەوێتەوە، کە یەکێک لەوانە ئەگەری جیابوونەوەی پیاوەکەیە لەگەڵ هاوسەری یەکەمی، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردییدا ژن و خێزانی ژنیش بە ئاسانیی قبوڵی ناکەن پیاو بە نهێنیی و ئاشکراش ژنی دووەم بهێنێت، لە حاڵەتی ئاشکرابوونیشی زۆر جار بە جیابوونەوەی ژن و مێردەکە و کۆتاییهێنان بەو خێزانە کۆتاییدێت. هەر بۆیە ئەو کەسانەی هاوسەرگیرییەکە ئەکەن بە نهێنییەکی زۆرەوە ئەیکەن و هەندێک جاریش دوور لەو شوێنەی تێیدا ئەژین ئەیکەن.

## سێیەم: نەخستنەوەی منداڵ

هاوسەرگیریی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە پابەندە بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییە باوەکان، لە پێناو درووستکردنی خێزانێکی دانپێدانراو و پەسەندکراو لە لایەن کۆمەڵگەوە کە مۆڵەتی خستنەوەی منداڵ دەستەبەر ئەکات. هەر

ئەم هاوسەرگیرییەیە دەرفەت بۆ مرۆڤ ئەڕەخسێنێت لە ڕێگەی منداڵەکانییەوە درێژە بە ناو و ڕەگەزەکەی بدات. (Sakarya, ٢٠١٨, ٩)

پاراستنی ڕەگەز و بەردەوامیی پێدانی بە شێوەیەکی تەندرووست، لە نێو خێزاندا ئەبێت کە تایبەتمەندییەکی پیرۆزی وەرگرتووە. ((Harman, ٢٠١٥, ٤٣

درووستنەبوونی خێزان واتە درووستنەبوونی باوک و دایک، کوڕ و کچ و خوشک و برا، کە "ئەمانە تەنیا نازناو نیین بۆ ڕێزلێگرتن، بەڵکو ئەرکێکی ئاڵوگۆڕکراوی تەواو دیاریکراو و ڕاست و درووستی لە دوو توێدایە کە، بە گشتی بەشێک لە کرۆکی سیستمی کۆمەڵایەتیی گەلان پێکئەهێنن".(ئەنگڵس، ٢٠٠٤، ٢٧)

ئاشکرا نەکردنی هاوسەرگیریی میسیار، بە نهێنیی هێشتنەوەی پرۆسەکە، ئەو کێشە کۆمەڵایەتیی و یاساییانەی سەرهەڵئەدەن، وا ئەکەن کە لەم هاوسەرگیرییەدا منداڵ نەخرێتەوە.

واتە لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکیی هاوسەرگیریی ئاسایی خستنەوەی منداڵ و درێژەدان بە نەوەی مرۆڤە، مەرجی سەرەکیی ئەم هاوسەرگیرییە نەخستنەوەی منداڵە.

نەخستنەوەی منداڵ لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا جگە لەوەی دژ بە هەوڵی هەموو کۆمەڵگا و حکومەتێکە بۆ زۆربوونی دانیشتوان و زیادبوونی توانا مرۆییەکان، مەترسییەکی گەورەشە بۆ سەر ئایندەی هاوسەرگیرییەکە، چونکە نەخستنەوەی منداڵ پەیوەستی ژن و پیاوەکە بۆ ئاستی چێژوەرگرتن کەم ئەکاتەوە و هۆکارێکی بەهێز نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوامیی بە هاوسەرگیرییەکە بدەن.

نەخستنەوەی منداڵ وەک چۆن مەترسییە بۆ سەر بەردەوامیی هاوسەرگیرییەکە، متمانەی هەردوولاش بە یەکتر لاواز ئەکات و پردێکی بەهێزی وەک منداڵ نییە لە ڕووی ڕۆحیی، خێزانیی و کۆمەڵایەتییەوە پێکەوەیان ببەستێتەوە. کە ئەمەش وەها ئەکات هاوسەرگیرییەکە تەنیا لە نێوان ژن و پیاوێکدا بمێنێتەوە، کە، بێگومان وەها ئەکات هیچ تۆڕێکی خزمایەتییش سەرهەڵنەدات کە منداڵخستنەوە بنەماکەیەتی.

ئەو هاوسەرگیرییەی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئەکرێت، بریتییە لە هاوسەرگیریی نێر و مێیەک کە ١٨ساڵیان تێپەڕاندبێت، بە ڕەزامەندیی خۆیان، بە شێوەیەکی فەرمیی و بڕیاری دادوەر ئەکرێت. لە دەرەوەی ئەم جۆرە، هیچ هاوسەرگیرییەکی تر قبووڵ ناکرێت و مامەڵەی یاسایی بۆ ناکرێت.

مامەڵەی هاوسەرگیریی میسیار لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بوونی نییە و هیچ دەقێکیش نییە ئاماژە بەم جۆرە هاوسەرگیرییە بکات. هەر بۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی نییە و لە دادگاکاندا دانی پێ دا نانرێت. مامەڵەی یاسایی نییە و دادگا و دامەزراوەکانی حوکومەت هیچ مامەڵەیەکی لەگەڵ ناکەن. ئەمەش وا ئەکات ئەو دوو کەسە بە شێوەیەکی یاسایی وەک دوو هاوسەر قبووڵ نەکرێن، هەر بۆیە خستنەوەی منداڵ لەم دوو کەسە ڕووبەڕووی کێشەی یاسایی گەورەیان ئەکاتەوە، چونکە دادگا، ڕەگەزنامە و هیچ دامەزراوەیەکی حوکومەتی هەرێمی کوردستان وەک منداڵی ئەو دوو هاوسەرە پەسەندیان ناکەن و مامەڵەیان بۆ ناکەن. لەم حاڵەتەدا چەند ڕێگایەک لە بەردەم ئەو دوو هاوسەرەدایە؛ منداڵ نەخستنەوە، لەباربردنی پێش لەدایکبوون لە حاڵەتی دووگیانبوون، فڕێدانی کۆرپە یان، تۆمارکردنی منداڵەکە لە دادگاکانی عێراق لە ڕێگای دۆزینەوەی دەرچەی یاسایی و نایاسایی، بە تایبەت کە فرە هاوسەریی لە دادگاکانی عێراق یاسایی و ڕێگا پێ دراوە.

## چوارەم: گرفتەکان بۆ ژنەکە

لە هاوسەرگیریی میسیاردا هیچ بەڵێننامە و پەیمانێکی یاسایی نییە، تەنها بە زارەکیی لای مامۆستایەکی ئایینی مارەبڕین کراوە، بەڵێننامەیەکی نووسراو یان، زارەکی هەیە لە نێوان ژن و پیاوەکە بە شاهیدیی مامۆستای ئایینی و شاهیدێک کە هیچ پاڵپشتیی و ڕەهەندێکی یاسایی نییە. هەر بۆیە هیچ پابەندییەکی یاسایی ئەم دوو کەسە بە یەکەوە نابەستێتەوە.

لە حاڵەتی جێهێشتنی ژنەکە لە لایەن پیاوەکە و پابەند نەبوونی پیاوەکە بە پەیمانەکەی نێوانیان، ژنەکە ناتوانێت هیچ مافێکی وەربگرێتەوە. لەبەرئەوەی هاوسەرگیرییەکە نایاساییە، ژنەکە ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، چونکە، هیچ دەقێکی یاسایی نییە هاوسەرگیرییەکەیان پشتڕاست بکاتەوە، تا وەکو بە یاسا مافی خۆی وەربگرێتەوە. هەر بۆیە ژنەکە ناچارە بێدەنگیی هەڵبژێرێت و تەنانەت هەوڵی شاردنەوەی بدات، بە تایبەت ئەگەر بە نهێنیی هاوسەرگیرییەکەی ئەنجامدابێت و هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی ئاگادار نەبووبێت.

گەورەترین هەڕەشە ڕووبەڕووی ژن ئەبێتەوە لە هاوسەرگیریی میسیار، دووگیان بوونە. بە تایبەت ئەگەر هیچ ئەندامێکی خێزانەکەی ئاگاداری هاوسەرگیرییەکە نەبووبن. لەم دۆخەدا تاکە ڕێگا لە بەردەم ژنەکەدا لەباربردنی سکەکەیەتی.

وەک ئاماژەی بۆ کرا، لەبەرئەوەی هاوسەرگیریی میسیار لە دادگەکانی هەرێمی کوردستان دانی پێدا نانرێت، لە حاڵەتی جیابوونەوە و پێنەدانی ئەو مارەییەی لەسەری ڕێککەوتوون، ژنەکە ناچارە بێدەنگیی هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی هاوسەرگیریی و جیابوونەوەکەی ئاشکرا نەبێت.

بەم جۆرە پیاو ئەتوانێت پابەند نەبێت بە هیچ پەیمانێکەوە، کەی ویستی جیا ببێتەوە، مارەییەکەی نەدات و مافەکانی ژنەکە پێشێل بکات. لە هەموو ئەم دۆخانەدا ژنەکە هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی شک نابات، لەگەڵ ئەوەی ئەزانێت ئەگەر سکاڵا بکات، ڕەنگە دامەزراوەکان هەندێک پاڵپشتیی بۆ دابین بکەن، بەڵام بێدەنگیی هەڵئەبژێرێت.

## تەوەری چوارەم؛ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پرۆسەی هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندییەکانی. هەوڵدراوە پرسیار لە زۆرترین کەس بکرێت کە ئەم هاوسەرگیرییەیان ئەنجامداوە، بەڵام وەک ئاماژەمان پێ کرد، بە هۆی ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی زۆر نهێنیی ئەکرێت، دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کردوویانە قورسە، بەشێکی ئەو کەسانەشی دۆزراونەتەوە و قسەیان لەگەڵ کراوە، ئامادەنین دانی پێدا بنێن و وردەکارییەکەی باس بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە پرسیارنامەیەک ئاڕاستەی ١٤ کەس بکرێت کە هاوسەرگیریی میسیاریان کردووە.

یەکەم؛ تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە

زانیاریی گشتیی نموونەی توێژینەوەکە

چارتی (١)؛




زۆربەی ئەو پیاوانەی هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن، بە نهێنیی ئەیکەن و تەنانەت بە زەحمەت هاوسەرگیرییەکە بۆ توێژەرانیش ئاشکرا ئەکەن. ئەم دۆخە بۆ ژنان زۆر قورس و سەختترە. واتە زۆر بە دەگمەن ژنێک ئامادەیە دان بەوەدا بنێت هاوسەرگیرییەکەی کردووە و لەوەش قورستر، باسکردنی وردەکارییەکەیەتی بۆ توێژەرێک، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زۆرینەی رەهای ئەو کەسانەی میسیاریان کردووە و وەڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیان داوەتەوە، پیاوان و تەنیا دوو کەسیان ژنن.

چارتی (٢)؛




زۆربەی ئەو کەسانەی هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەن کە تەمەنیان لە سەرووی ٤٠ ساڵەوەیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاوسەرگیرییەکە زیاتر لە نێو ئەو کەسانەدا بڵاوە کە گەنجێتییان تێپەڕاندووە و کەسانی پێگەیشتوون، تەنانەت ئەو کەسانەن کە تەمەنیان ٥٠ ساڵی تێپەڕاندووە. واتە سەرەڕای ئەوەی وا چاوەڕوان ئەکرێت لە داهاتوودا گەنجانیش رووی تێبکەن، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەم لە گەنج و کەسانی خوار تەمەن ٣٠ ساڵ ئەم هاوسەرگیرییە ئەکەن.

چارتی (٣)؛




هاوسەرگیریی میسیار کە بە نهێنیی ئەکرت، هەوڵ ئەدرێت کەمترین کەس پێی بزانێت، بۆیە باشترین ژینگە بۆ ئەم هاوسەرگیرییە شار و شارە گەورەکانن، چونکە ئەگەری ئاشکرابوونی کەمترە بەراورد بە شوێنە بچووکەکان، بە تایبەت بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزە کۆمەڵایەتییەی هێشتا لە نێو کۆمەڵگەی کوردییدا هەیە. بۆ ژن و پیاوێک کە هاوسەرگیریی میسیاریان کردووە، دانانی ژووان، مانەوەیان بۆ ماوەیەک، گفتوگۆ و کات بەسەربردنیان لە شاردا ئاسانترە. دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کە (هەندێک لەو پیاوانەی میسیار ئەکەن شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ژنەکەش دابین ئەکەن) لە شاردا ئاسانترە. بوونی شوقە لە شارەکان وا ئەکات ژن ئاسانتر شوێنی تایبەتیی خۆی هەبێت و بە تەنها بمێنێتەوە. ئەمەش وەها ئەکات ژنانی شاریش زۆرتر پەنا بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ببەن.

چارتی (٤)؛




بەهۆی زاڵیی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەم کەس هەیە ئاگاداری بوونی هاوسەرگیریی میسیار نەبێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام کەم کەس ئاگاداری وردەکارییەکەی و ئەو ڕێژە زۆرەی هاوسەرگیریی میسیارە. ئەوەی زیاتر

ئاگادارە خوێندەوار، مامۆستایانی ئایینی، توێژەر و رۆژنامەوانانن، هەر بۆیەش هاوسەرگیرییەکە لە نێو ئەو کەسانەی خوێندەواریی و بڕوانامەیان هەیە بەرزترە. بەشێکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کەسانە زیاتر و ئاسانتر ئەتوانن هاوسەرگیرییەکە بکەن و دەستیان بەو مامۆستا ئایینیانە بگات کە هاوسەرگیرییەکە ئەکەن، بە تایبەت کە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی هاوسەرگیرییەکە ئەکەن، لە چاو ئەوانەی نایکەن، زۆر کەمن.

چارتی (٥)؛




وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە هاوسەرگیریی ئاسایی نزیکی ئەکاتەوە و لە هاوسەرگیریی میسیاری وڵاتانی دیکە و بەتایبەت کەنداو دووری ئەخاتەوە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەش مارەیی، پێدانی نەفەقە و هەندێک جاریش بە کرێگرتنی خانووە بۆ ژنەکە.

لەبەر ئەم هۆکارەشە بەشی زۆری ئەو کەسانەی هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن، دۆخی داراییان باش و زۆر باشە. واتە زۆربەی ئەو کەسانەی روو لەم هاوسەرگیرییە ئەکەن، تواناییان باشە.

چارتی (٦)؛




وەک ئاماژەمان پێ کرد، زۆربەی رەهای ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان هاوسەرگیریی میسیار ئەکەن، بریتیین لەو پیاوانەی کە هاوسەری تریان هەیە لە یەک تاوەکو سێ، ئەم کەسانە لە بری ژنهێنانی دووەم کە ئەبێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە دادگاکانی عێراق بیکەن، پەنا بۆ هاوسەرگیریی میسیار ئەبەن، بە تایبەت ئەوانەی

ئامانجیـان لـە هاوسـەرگیریی دووەم منـداڵ خسـتنەوە نییـە. جگـە لـەو کەسـانەی هاوسـەرگیریان کـردووە، رۆژ بـە رۆژ گەنجانیـش زیاتـر روو لـەم هاوسـەرگیرییە ئەکـەن. لـەوەش سەرنجراکێشـتر ئەوەیـە جگـە لـە گەنجانـی کـورِ، هەندێـک کـچ کـە هەرگیـز هاوسـەرگیرییان نەکـردووە، پەنـا بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئەبـەن، ئـەم کچانـە هاوسـەرگیرییەکەیان زۆر نهێنییـترە و ئامـادە نییـن نـە ئاشـکرای بکـەن و نـە گفتوگـۆی لەسـەر بکـەن بـۆ مەبەسـتی زانسـتییش.

ئـەوەی یارمەتـی بڵاوبوونـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە نێـو ئـەو کچانـە ئـەدات کـە هاوسـەرگیریان نەکـردووە پێشـتر، بوونـی شـوێنی نیشـتەجێبوونی تایبـەت بـە خۆیـان، جیابوونـەوەی دایـک و باوکیـان و بـە تەنهـا ژیـان، بەدەسـتهێنانی داهاتـی سـەربەخۆ و چوونـە شـار و وڵاتێکـی دیکەیـە بـە مەبەسـتی خوێنـدن.

چارتی (٧)؛




زۆرینـەی رەهـای ئـەو پیاوانـەی  هاوسـەرگیریی میسـیار ئەکـەن لـە هەرێمـی کوردسـتان، لانـی کـەم هاوسـەرێکی تریـان هەیـە. هەمـوو ئـەو پیاوانەشـی وەڵامـی پرسـیارەکانی ئـەم توێژینەوەیـان داوەتـەوە، هاوسـەرێکی تریـان هەیـە. ئەمـەش دەری ئەخـات ئـەم پیاوانـە بـە دوای دەرفەتێکـدا گـەڕاون بـۆ هاوسـەرگیریی زیاتـر و بەهـۆی قەدەغەکردنـی فرەژنییـەوە پەنایـان بـۆ ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە بـردووە.

چارتی (٨)؛



زۆربەی ئەو کەسانەی بەشداربیان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان کردووە، جارێک هاوسەرگیری میسیاریان کردووە، بەشێکیشیان دوو جار و سێ جار. هاوسەرگیری میسیار زیاتر لە جارێک چەند هۆکارێکی هەیە، سەرەکیترینیان ئاسانیی پرۆسەکە، تێچوونی کەمتر لە هاوسەرگیری ئاسایی، زووتر کۆتاییهێنان بە هاوسەرگیرییەکە بەراورد بە هاوسەرگیری ئاسایی و نەبوونی پەیماننامەی یاسایی و پابەندکەر، کە وا ئەکات پیاوان بە تایبەت ئاسانتر دەستبەرداری ببن و میسیارێکی تر بکەن. واتە بە هۆی نەبوونی پابەندیی یاساییەوە، پیاوان زۆر ئاسان ئەتوانن دەستبەردار بن، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرگیری میسیار لە هەرێمی کوردستان زۆرتر لەوە ئەخایەنێت کە چاوەڕوان ئەکرێت و لە وڵاتانی دیکە هەیە.

چارتی (١٠)؛




وەک لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان، کەسانی یاسایی و ئەو مامۆستا ئایینیانەش کە هاوسەرگیری میسیاربۆ خەڵک ئەکەن ئاماژەی پێ ئەکەن خستنەوەی منداڵ یەکێکە لە کێشە و مەترسییە هەرە گەورەکانی هاوسەرگیرییەکە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەردوولا هەوڵی تەواو ئەدەن کە منداڵخستنەوە روونەدات، ئەوەش بەهۆی ئەو ئەنجامە مەترسیدارانەی لەو منداڵ خستنەوەوە پەیدا ئەبن، بە تایبەت لەوانەی کە بە نهێنیی کردوویانە.

خستنەوەی منداڵ جگە لەوەی ژیانی ژنەکە ئەخاتە بەر مەترسی تا کوشتن، چارەنووسی منداڵەکەش تاریک ئەکات و لە هیچ دامەزراوەیەکدا تۆمار ناکرێت.

تەنانەت ئەو ژن و پیاوانەشی کە هاوسەرگیری میسیاریان کردووە و بە ویستی خۆیان منداڵ ئەخەنەوە، منداڵەکەیان بێ ناسنامە ئەبێت و بە ناوی هیچ دایک و باوکێکەوە تۆمار ناکرێت. هەر بۆیە لە هەموو دۆخێکدا خستنەوەی منداڵ گەورەترین کێشەی هاوسەرگیری میسیارە لە هەرێمی کوردستان کە راستەوخۆ پرۆسەکە بۆ دەورووبەر ئاشکرا ئەکات. لەو کەسانەی وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، تەنیا یەک پیاویان لە هاوسەرگیری میسیار منداڵی هەیە، ئەوەش کەسێکە کە بە ئاشکرا هاوسەرگیرییەکەی کردووە، واتە خستنەوەی منداڵ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی کەمترە بۆ پیاوێک بە ئاشکرا ئەم هاوسەرگیرییە بکات، بەڵام کێشەی یاسایی بەرۆکی منداڵەکەی ئەگرێت.

چارتی (١١)؛




وەک لە پێشتر ئاماژەی پێکرا، خستنەوەی منداڵ کێشەی گەورەی هاوسەرگیرییەکەیە، بۆیە زۆربەی ئەوانەی هاوسەرگیرییەکە ئەکەن بەڵێن بە یەکتر ئەدەن منداڵ نەخەنەوە، بەڵێنیش بە یەک نەدەن هەوڵی تەواو ئەدەن منداڵ نەخرێتەوە، تاوەکو تووشی کێشەی گەورە نەبن، هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ منداڵەکەش.

چارتی (١٢)؛




لە هەرێمی کوردستان هاوسەرگیریی میسیار تا وەکو ئەم ساتە، بە شێوەیەکی زۆر نهێنیی ئەکرێت، جگە لەو حاڵەتە دەگمەنانەی کە پیاو بە ئاگاداریی ژنی یەکەم دەیهێنێت و زۆر جاریش کەسوکاری ژنەکەش کە هاوسەرگیریی میسیاری لەگەڵ ئەکات ئاگادارن. ئەمەش وەک ئاماژەی پێکرا تا وەکو ئاستێکی زۆر پەیوەندیی بە تازەیی هاوسەرگیرییەکە، قبووڵنەکردنی لە لایەن کۆمەڵگە، نەبوونی پابەندیی و پشتگیریی یاسایی و چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتیی دیکەوە هەیە کە ئاماژەیان پێکراوە. هەر بۆیە وەک خراوەتە روو، لەو ١٦ کەسەی هاوسەرگیری میسیاریان کردووە، تەنها یەک کەسیان بە ئاشکرا کردوویەتی.

چارتی (١٣)؛




زۆرینـەی ئـەو کەسـانەی لـە هەرێمـی کوردسـتان هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن، هـەوڵ ئـەدەن بازنـەی ئـەو کەسـانەی ئـاگاداری هاوسـەرگیرییەکەن بچوکـتر ببێتـەوە. سـەرەتا بەشـی زۆریـان هـەوڵ ئـەدەن تەنیـا مامۆسـتای ئایینـی و شـاهیدێک ئـاگادار بێـت کـە زۆر جـار هاوڕێـی زۆر متمانەپێکـراوی پیاوەکەیـە (مامۆسـتای ئایینـی و شـاهیدەکە ئەبنـە دوو شـاهید). بێگومـان ئـەو ژنانـەی هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن هـەوڵ ئـەدەن هاوسـەرگیرییەکە لـە مامۆسـتای ئایینـی و شـاهیدەکە دەرنەچێـت، مەگـەر ئـەو کـچ و ژنانـەی کـە ژمارەیـان زۆر کەمـە و ئاشـکرای ئەکـەن و بـە ئاگاداریـی کەسـوکاریان ئەیکـەن.

چارتی (١٤)؛




بەهـۆی تازەیـی هاوسـەرگیرییەکە لـە هەرێمـی کوردسـتان، زۆربـەی خەڵـک گوومانیـان لـە شـەرعیبوونی هاوسـەرگیرییەکە هەیـە، بـەڵام ئـەو کەسـانەی بڕیـاری هاوسـەرگیرییەکە ئـەدەن یەقیـن پەیـدا ئەکـەن کـە هاوسـەرگیرییەکە ڕەوایەتیـی هەیـە و حەڵاڵـە.

چارتی (١٥)؛




زۆرینـەی ئەوانـەی ئـەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە ئەکـەن پەشـیمان نیین، ئەمـەش بـە هـۆی نەبوونـی پابەندیـی زۆر، کەمیـی خەرجیـی دارایـی، نهێنیبـوون و چەنـد لایەنێکـی تـر کـە لـە هاوسـەرگیریی ئاساییدا هـەن.

چارتی (١٦)؛




سـەرەڕای ئـەوەی هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـە هەندێـک لـە وڵاتانـی تـر پابەندییەکانـی زۆرتـر و قورسـترە، هێشـتا بـۆ پیاوانـی هەرێمـی کوردسـتان زۆر ئاسـانە، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ قورسـیی هاوسـەرگیریی ئاسـایی لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەگەڕێتـەوە. بێگومـان نهێنیبـوون، قەدەغەکردنـی فرەژنیـی و خەرجییـە کەمەکەشـی لـە هۆکارەکانـی تـرن کـە پیـاوان بـۆ ئـەم هاوسـەرگیرییە هـان ئـەدەن.

چارتی (١٧)؛




بەهـۆی ئـەوەی هاوسـەرگیرییەکە لـە دادگاکان ناکرێـت، هیـچ بەڵێننامەیەکـی یاسـایی نـووسراو لـە نێوانیانـدا نییـە. تەنیـا بەڵێننامەیـەک هەیـە کـە بـە ئاگاداریـی و زۆرجـار لای ماموسـتای ئایینیـی ئەنووسرێـت و پابەندییەکانـی هـەردوو لای تێـدا نووسراوەتـەوە، بـەڵام زۆربـەی ئـەو کەسـانەی هاوسـەرگیرییەکە ئەکـەن ئـەو بەڵێننامەیەشـیان نییـە. هەندێـک جاریـش بەڵێننامەکەیـان تەنیـا زارەکییـە. لـە حاڵەتـی بوونـی بەڵێنامـەش هەردووکیـان یـان یەکێکیـان ئەتوانـن پابەنـد نەبـن پێـوەی، چونکە بەڵێننامەکـە رەهەنـد و پابەندیـی یاسـایی نییـە. واتـە لـە حاڵەتـی پابەنـد نەبـوون بـە بەڵێنامەکـە، هیچیـان ناتوانـن سـکاڵا تۆماربکـەن، چونکـە خـودی پرۆسـەکە پشـتیوانیی یاسـایی نییـە.

چارتی (١٩)؛




تایبەتمەندیـی هـەرە دیـاری هاوسـەرگیریی میسـیار لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەوەیـە کـە، مارەیـی هەیـە و دیاریکراویشـە، بـەڵام برەکـەی بـەراورد بـە هاوسـەرگیریی ئاسـایی زۆر کەمـە و مایـەی بەراوردکـردن نییـە، جگـە لـە حاڵەتـی کـەم کـە مارەیـی زۆریـان تێدایـە. ماموسـتایانی ئایینییـش ئەڵێـن، بەبـێ مارەیـی ئامادە نیـن هاوسـەرگیریی میسـیار بـۆ هیـچ کەسـێک بکـەن.

## ئەنجام

لە ماوەی لێكۆڵینەوە و نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا چەندین دیدار و بەدوواداچوونمان كردووە بۆ بابەتی هاوسەرگیریی میسیار و لێكەوتەكانی، بۆیە ئەتوانین بڵێین گەشتووینەتە چەند ئەنجام و راستییەك كە لەم خاڵانەی خوارەوەدا كورتیان ئەكەینەوە.

١- سەرەڕای قبووڵنەكردنی لە رووی كۆمەڵایەتیی و یاساییەوە، لەگەڵ تێپەڕینی كات، هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی كوردستان زیاتر بڵاو ئەبێتەوە و خەڵكێكی زۆرتر پەنای بۆ ئەبەن.

٢- هاوسەرگیریی میسیار لە هەرێمی كوردستان، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، كە جیای ئەكاتەوە لە هاوسەرگیریی میسیار لە وڵاتانی دیكە.

٣- پابەندیی زۆر و قورسیی هاوسەرگیریی باو، وەك خەرجیی و تێچووی زۆریی قۆناغەكانی پرۆسەكە، هەروەها، سنووردراكردنی فرەژنیی، لە هۆكارە سەرەكییەكانی سەرهەڵدانی هاوسەرگیریی میسیارن.

٤- نهێنیبوون و نەبوونی بەرپرسیارێتیی خێزانیی، هەروەها نەبوونی پابەندیی یاسایی و گرێبەستی یاسایی، لە هۆكارە سەرەكییەكانی بڵاوبوونەوەی هاوسەرگیریی میسیارن لە هەرێمی كوردستان.

